# هەژاری مرۆڤ

# و

# دەوروبـــــەری

یا کارەساتی کۆمیدیاییەك

نووسینی : شێرکۆ هەژار

بەرگی یەکەم

٢٠٠٨/٢٦٢٠

« تكايه وريا به »

ئەم كتێبە زۆر باس بەتەواوی وەكوخۆیان تۆماردەكا،

كـە زۆر وشـەی یـەكجار زۆر پیسـیان تێدایـە .

نووسەر

ناوەرۆك


پێشەکی ١٠-٧

بەشی یەکەم :

چەند وێنەی دیمەنێکی گشتی و باسێکی جینەکان ١١-١١٦

١- شاعیرو شاعیرپەروەر.............................. ١٣-٢٤

٢- ئەها بابە ئەو کەوشە ................................ ٢٥-٢٨

٣- مامری سنەو خەمەکانی شاعیری تەرەغە ..... ٢٩-٣٤

٤- ئاری پارە- وارا پارە ................................ ٣٥-٣٨

٥- کراسی دەبابە ........................................ ٣٩-٤١

٦- کەرەناچی ............................................ ٤٢-٤٧

٧- دوو برادەر ............................................ ٤٨-٤٩

٨- گەورەپیاوانی سەرسەری ........................ ٥٠-٥٩

٩- سەگی هەژار ......................................... ٦٠-٦٥

١٠- بژی استالین و شادبێ لینین .................. ٦٦-٧٢

١١- خۆشەویستی هەژار ................................ ٧٣-٨١

١٢- مخزن آوارە ........................................ ٨٢-٨٦

١٣- پێشەوا- هەژار .................................... ٨٧-٩١

١٤- خەییام .............................................. ٩٢-٩٥

١٥- جینەکان ............................................ ٩٦-١١١

١٦- هەژارێك و دوو دێو ............................... ١١٢-١١٦

بەشی دووەم :


کـۆمـیـدیـا کـۆمـیـدیـا ٢١٠-١١٧

١٧- بۆب هۆپ چبکەم کوردم ........................ ١٢١-١١٩

١٨- فەقێیەتی .............................................. ١٢٤-١٢٢

١٩- باباشەمەل... کش! و... ئاخ ...................... ١٢٧-١٢٥

٢٠- ئەوەش بەختی بیداربەخت ........................ ١٣٠-١٢٨

٢١- بەرەو سلێمانی ......................................... ١٣٢-١٣١

٢٢- شانۆی کۆمیدیای شێخ لەتیف ................... ١٣٨-١٣٣

٢٣- فایق بێکەس و باشترین شیعری ................. ١٤٢-١٣٩

٢٤- بە پەلە پەل بۆ بەغدا ................................ ١٤٤-١٤٣

٢٥- بەغدا... بەغدا ......................................... ١٤٧-١٤٥

٢٦- کۆمیدیای حەمەسمێڵی بێ سمێڵ.................. ١٥١-١٤٨

٢٧- وەستاترە ................................................. ١٥٣-١٥٢

٢٨- دزیکردن لە سەماحەتی شێخ قالقالی؟ ....... ١٥٦-١٥٤

٢٩- چۆن من بووم بە قەسابێکی عەرەبی حەڵەبی ! ١٦٠-١٥٧

٣٠- بەشەرەف - بەشەرەف، هەها، چاو- چاو ...... ١٦٤-١٦١

٣١- هەژار لە رستورانی ئەحمەدخواجا چیی ندی ؟ ١٦٨-١٦٥

٣٢- چۆن هەژار نەبوو بە پیاوی شێخێکی عارەب ١٧٢-١٦٩

٣٣- خواردوویە یا نەیخواردووە، ئەوە نیە مەسەلە ١٧٥-١٧٣

٣٤- نیعمەتی بانێکەو دوو هەوا ...................... ١٧٦-١٧٩

٣٥- هەوای قانیعی دەزگێڕی کۆڵانگەڕ ........... ١٨٠-١٨٣

٣٦- هەوای هەژاری دەزگێڕی کۆڵانگەڕ ......... ١٨٤-١٨٥

٣٧- کۆمیدیای کارەساتی مەلا شکور ............. ١٨٦-١٩٢

٣٨- کۆمیدیای بجەننەس ................................ ١٩٣-١٩٨

٣٩- تاهیرتەوفیق و رەسووڵ گەردی ............... ١٩٩-٢٠٣

٤٠- ئیسماعیل یاسین .................................. ٢٠٤-٢١١

پێڕستی بەشێك لە ناوانی ئەم بەرگی یەکەمە .

دۆزینەوەی رێی دەریایی بازرگانیی پۆرتوغالیەکان بۆهیندستان لە ١٤٩٧دا، بووە هۆی دالەنگانێکی زۆر گرنگ (کۆتایی دەوری بازرگانیی رێگای بە" رێگای‌کرمی‌ئاوریشم" ناسراو) دە چارەنووسی چەندین قەومدا، کە کوردیش یەکێك بوو لەوانە . بە رادەیەك کە من بە رەوای دەبینم بڵێم ئەوگۆڕانە وەك شەقێك بوو کە مێژوو دە ئەو قەومانەی هەڵدا و تووری دانە دەرەوەی جەغزی خۆیەوە . لەکاتێکدا کە رۆژئاوای دە مەرکەزی جەغزی خۆیدا دە باوەش گرت و، بەشێك لە یەکەم بەردەکانی بناغەی پێگەیشتنی چینی ناوەندی تێدا دە زەوی رۆنی، کە ئەوە بوو لە دواییدا دەسەڵاتی سیاسیی گرتە دەست و رۆژئاوای ئاوا کرد بە حاکمی ئەستێرەی زەوی ، کە کوردستان تێدا تەنانەت نەیتوانی ببێ بە یەك پارچە موستەعمەرەیەکیشی .

مەرگی رێگای‌کرمی‌ئاوریشم بۆکوردستان، واتای مەرگی هەموو رێگاکانی پەرەسەندن و ژیاری بوو: زانستی ئەندازیاریی رێگاو بان و پرد ، پەرەپێ دانی هۆیەکانی هاتوچۆ ( کە لە رۆژئاوا بووە هۆی پەرەسەندنی عەرابە بۆ داهێنانی ئۆتۆمبیل و قەتار و... ئیدی )، زانستی ژمارەوپێوان و ئیدارە و قانوونی بازرگانی ، نەزمی باج، سیستەمی ئاسایش و پێوەندی بە دەرەوەی مەڵبەند ، خوێندنەوەی جۆرەها ئەسناد بە جۆرەها زمان،ئاگاداربوونی فەرهەنگی تر و دەنگوباسی پەرەسەندنی قەومانی تر و، شارەزایی دەربارەی رووداوانی جیهان و، هەموو دامودەزگایانی پێویست بۆ وەدەست هێنانی کادیر بۆ ئەوانە، جۆرەها خوێندن و نووسین و ئیدارەی کە دەبوو بناغەی پێگەیشتنی چینی ناوەندی دابنێن، لە فەرهەنگی کوردستاندا چەتیان تێ‌کەوت .

ئەمارەتانی کوردستانیش ، لە جەوهەردا بە هەمان هۆی کە ئێستا پارتی و یەکێتی لە هەرێمی باشووری کوردستان نابنە یەك، نەبوونە یەك و، لە سەدەی نۆزدەوە بە هۆی گۆڕانانێك دە رژیمی ئیمپراتۆرییانی داگیرکەرانی کوردستاندا، کەوتنە هەڵوەشان .

قۆناغی رابەریی‌تەریقەتەکانیش لە کوردایەتیدا، لەدواییدا هەر دەسەڵاتی شێخانی‌گوندی بارزانی لێ مایەوە ؛ کە عەشیرەتی خۆیان پێکهێنا و، سەرۆك مستەفابارزانی،کوڕی شێخ محەممەدی‌کە ئیجازەی ئیرشادی تەریقەتی لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە هەرێمی باکووری کوردستان وەرگرتبوو، تاقە کەسێك بوو لەو قۆناغەدا کە توانی لەوەدا بناغەی دەسەڵاتێکی درێژخایەنی وەها دابنێ کە ئەولادی لەدووی خۆی درێژەی پێ بدەن .

چینی ناوەندیی نەتەوایەتیی‌کورد، لەرووی سیاسیەوە دروست نەبووە . هێشتا هیچ ئاسۆیەکی فەرهەنگیی دیار نیە . فەرهەنگێکی" دیوەخانان " - بە زۆر ناو و دروشمی جیاواز- بەتاڵایی نەبوونی هیچ دەورێکی چینی

ناوەندی لە ناو نەتەوەیکورد چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەیدا پڕکردۆتەوە . کوردایەتی لە سەدەی بیستدا، بە بێ رابەریی چینی ناوەندی ، نەیتوانی بەردێکی بناغەی فکری و ڕێکخراوەیی هیچ نەزمێك ( سیستمێك ) دە زەوی رۆنێ ، چ جای بە نەخشەی بەرین و هەنگاونانی بەجێ هێنانی قۆناغەکانی نەخشە دەگا .

فکر و فەلسەفە، دیارە هیچ شوێنێکی دە کۆمەڵگای وەهادا نیە . فەرهەنگی کۆمەڵایەتی، هەمان کارەساتی سەدەکانی ناوەندییە، بەڵام بە جۆرەها ناو و زاراوەسازیی ترەوە، لە جەوهەردا لە دنیای شارستانیەت و فەرهەنگی دوای سەردەمی میران و شێخان پتر نەڕۆیشتووە . نووسینی کورد ، زۆرتر لە ئەو سەرچاوانە دەکا کە بۆ نووسینی" دۆنکیشۆت " (دۆن کیخۆتە) زۆر بەکەڵك بوون و ،هیچ فڕی بە سەر چارەکردنی هیچ کێشە-یەکی نەتەوایەتیی کوردەوە، یا دەردێکی کۆمەڵایەتی ، یا واقیعی ئینسانیی ژیانی تاکەوە نیە، تەنانەت باس‌کردنی ئەو واقیعیەتە بە عەیب وعاری گەورە دادەندرێ، مەوزووعیەت بە لادان لە شەرافەت دادەندرێ . بەتایبەتی کەمترین تۆژینی ڕەفتاری میرانیکوردو ئەندامانی دیوەخانانیان بە " خیانەتیگەورەی نەتەوایەتی " دادەندرێ . فەرهەنگی کۆمەڵگای کورد ، زۆر- زۆر لەوەی سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی نزیکترە تاوەکو نووسینەکانی ڕۆشنبیرانی چەندین سەدەی رابردووی کە ڕێیان بۆ رمانی دەرەبەگی و دەسەڵات پەیداکردنی چینی ناوەندی لە ئەورووپا خۆش کرد . کورد ،- ئەوەندەی من بزانم - تاقە میللەتێکە لە جیهانی ئابووریی سێیەم و چوارەمدا ، کە خوێندەوارەکانی لە ڕۆژئاوا لەخوێندەوارانی ناو وڵاتەکە خۆی کەمتر پێ بەندی ئەو فەرهەنگەی سەدەکانی ناوەندی نین . تاقە یەك لاپەڕەی هیچ گۆڤارێك و بڵاوکراوەیەکی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە ڕۆژئاوا نەبووە کە ڕێی هەناسەدانی باسێکی واقیعی لە گۆشەیەکیدا درابێ ، سا یا بەکەمێك قسەی گشتیی بێکەڵك یا بە زۆر نووسینی پڕۆپاگەندەیی بڕاوەتەوە و لەو دوو بڕگەیە دەرنەچووە .

** **

هەژاری موکریانی(١٩٢١/٤/١٥-١٩٩١/٢/٢١)، بە ڕەمزی فەرهەنگیو رووحیی دیوەخانیگەورەترین رابەری کورد لە بەشی هەرەزۆری سەدەی بیستەمدا سەرۆك مستەفا بارزانی ناسراوە . شەخسیەتی هەژار خستنە ژێر نەشتەری یەکالاکردنەوە، بۆ دەرسی تێگەیشتنی زۆرلایەنی قۆناغێکیگرنگی پڕ لە ڕووداوی مێژووی کورد ، زۆر گرنگە . دیارە،ئەوە ئەوەندەش حستەم و دژی ڕێوشوێنی ئەخلاقیی ئەم قۆناغەی فەرهەنگیکوردە کە هێشتا لە هەر تروسکەیەکی فەرهەنگی ژیاریی چینی ناوەندی زۆر دوورە . من، کە بۆ ئەنجام دانی وەزیفەی ڕۆشنبیریی خۆم، دیارە بەهیچ جۆرێك بەوە ورەم ناشکێ، بەپێچەوانەوە، ئەوە دەریدەخا کە ئەوکارەی من چەندە-

چەندە پێویستە، بەڵام ئەوەی زۆرم ناڕەحەت دەکات ئەوەیە کە ڕێکەوتی باسی ئەم شەخسیەتەی جێ باس و دەوروبەری، ناچارم دەکا جۆرەها چەپەڵکاری بخەمە سەرکاغەز . هەژار، وەك کە ئەم کتێبە هەوڵ دەدا روونی بکاتەوە، پێش هەمموو شتێك هونەرمەندێکی هەڵکەوتووی کۆمیدیا بوو، کە زۆر وشەی زۆر جڵف و زۆر پیس گرنگترین عونسوری ئەوهونەرەی بوون. خۆ ئەگەر بێتو چیرۆکەکانی بە هەمان ئەو وشانەی خۆیانەوە لە دنیای کۆمیدیای ئەو کۆمیدیاییە گەورەیە باس نەکەم، وا باشترە هەر هیچی لەسەر نەنووسم، چونکە ئیتر گرنگترین هونەری هونەرمەند لێرەدا زۆر کەمی پێوە دەمێنێ، وەکو ئەوەی لێ دێت کە بەسەر یەکەم وەرگێڕانی فەرەنسیی "هەزارو یەك شەو" هاتووە ( لە هەر شوێنێکدا باسی شتێکی تێدا هاتبێ کە پێوەندیەکی بە دنیای جنسییەوە هەبێت،کە تێدا ئەوەندە زۆرە، سانسۆر لایبردووەو لە جیاتی ئەوە بە نموونە نووسیویە" ئیتر شەوێکی شادیان بردەسەر!"، ئیتر لەجیاتی وەرگێڕان هەرکردوویە بە گاڵتەجاڕو مەسخەرە) .

من، ئەگەر بژیشك بوومایە و، هێڵنجم بەو هەمووە پیسایی و کێم و جەراحەتەی نەخۆشان نەهاتایە، بە زەحمەتیی زۆرکەمتر ئەم وەزیفەیەم بۆ بە ئەنجام دەدرا، بەڵام بەم میزاجە یەکجار زێدە ڕۆمانتیکەوە ( هەژار دەیگوت " پڕتەقاڵی" ! )، خۆم ناچار ببینم ئاوەها لە ئەو دنیایەی ئەو هەڵبچم، بۆ من بەڕاستی کارەساتێکی گەورەیە، سەد هەزار خۆزیا کەسێکی تر دەبوو ئەوەی پێدەکرا و لە کۆڵی منی دەکردەوە، بەڵام دەزانم نیەو، ڕێکەوتی مێژوویی وەهایە ئەوە کەوتووەتە ئەستۆی منەوە، وەك ئەوەندە بەس نەبێ کە ڕۆشنبیر بە پێمەڕەی قەڵەمی ئەو هەمووە پیسایی و کێم و جەراحەتە مەعنەویەی دەوروبەری هەڵدەداتەوە و لووتی خوێنەری پێ دەوروژێنێ تا گیانی شەرمێکی لە ئاست کارەسات بزوێنێ، ئەوە بەس نەبێ، - بەحەرفی- خودی" ئاودەست" لە ڕێگای هونەریکۆمیدیاوە بێتە سەر ئەوهەمووە بارەی کارەساتی ژیانی واقیعی مرۆڤ و دەوروبەریەوە. زۆر بەداخەوە، دیسان و دیسان و دیسان و، دیسان و دیسان زۆر بەداخەوە، کە ڕێکەوتی ژیانی منی بەدبەختی ڕۆمانتیك وابوو کە ئەم هەمووە پیساییەم بەربکەوێ .

** **

لە لیستی بەرهەمەکانی هەژاری کە دە لاپەرە٥٧٩ی" چێشتی مجێور"(چیرۆکی ژیانی هەژار بە قەڵەمیخۆی)ی چاپکراودا هەیە ، من ئەمانەم بەدەستەوە هەن : کۆپیەکی" ئاڵەکۆك "، " مەم و زینی خانی هەژار کردویە بە موکریانی"ی چاپی تاران، چوار نووسراوەکەی دوکتورشەریعەتی،" شەرەفنامە"ی چاپیتاران، شەرحی دیوانی جزیری، هەنبانە بۆرینە، چوارینەکانی خەیام بە کوردی،" بۆ کوردستان" ی چاپی ١٩٦٦و دوای نووسینی

بەشی یەکەمی ئەمکتێبە لە ماڵپەڕێکدا چاپەکەی ئاراسم دیت . زۆر بە داخەوە،کەهیچ دەستخەتێکی بەرهەمی هەژاری دوای١٩٧٥م نەدیتووە. بەتایبەتی داخی زۆرگرانم کە دەستخەتی"چێشتی مجێور"م نەدیتووە،بەڵام دەزانم ئەوەی بە ناوی" چێشتی مجێور"چاپ کراوە،دەقی ئەسڵەکە نیە و دەستی سانسۆر(بە ناوی" خانی شەرەفکەندی ئامادەی کردوە"!) زۆری لێ هەڵپاچیوە،( کە من ئەمیشم بە زەحمەتیەکی زۆر وەدەست هێنا، دوای کۆششێکی زۆری ناکام لە ئەوروپا برایەکم لە ئێرانەوە نوسخەیەکی بۆ ناردم، ئەینا لەوانەبوو تائێستاش دەستم نەکەوتایە).
ئەم هەڵپاچینە، بە تایبەتی بۆ تۆژینی زانستی کارەساتە ،کە تۆژەر مەگەر هەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ناتەواوە بە بناغە دابنێ بۆ حوکمی تەواو لەسەر کتێبەکە ، لەکاتێکدا کە دەکرێ بەشێکی هەڵپاچراو تەواوی ئەو حوکمە هەڵوەشێنێتەوە( بەقسەی ئاینیەکان، وەك ئەوە دەبێ کە حوکم هەر لەسەر" لا إلٰه " بدرێ بە بێ ڕەچاوگرتنی ئەوە کە" إلا الله"ی بەدووودا دێ) . کەمترین ڕوونکردنەوەیەکیش لە چاپەکەدا نیە، کە فکرەیەکمان دەربارەی بەشیهەڵپاچراو بداتێ . ئەمە وەك ئەوەیە کە بڵێ ئەوە هەمووکتێبەکەیە،لە کاتێکدا کە وانیە . نازانم بەتەواوی چەندەی لێ هەڵپاچراوە، ئەگەر ئەوەی من بیستوومە ڕاست بێت، دەبێ دەوری ٣٥٪ ی بەر ئەو هەڵپاچینەی " خانی شەرەفکەندی ئامادەی کردوە" یە کەوتبێ . بۆ ئەوە دەبێ لەپێشدا گلەیی زۆر لە نەخۆشیە ڕەوانیە زۆر سەختەکانی هەژارخۆی بکەین بۆ ئەو" وێرانە"یە ؛ دوای ئەوە، کرداری ئەو خیانەت کردن بە ئەمانەتە، ئەویش ئەمانەتی مردوویەکی کە ناتوانێ لەسەرکتێبیخۆی بکاتەوە، لەلایەن چاپکارەوە، دەبێ زۆر بەتوندی شەرمەزار بکەین، ئەوە کارێکی بێ ئەخلاقییە بەرامبەر بە نووسەرو خوێنەرو تۆژەرو کتێبخانەی کوردی و ڕۆشنبیری .
کەواتە لە هەر شوێنێکی ئەم کتێبەدا کە من ئاماژە بە" چێشتی مجێور" یان " چێشتی..." دەکەم، مەبەستم لەو نوسخە چاپکراوەیە کە لەسەر بەرگی ناوەوەی نووسراوە :" هەژار، چێشتی مجێور،خانی شەرەفکەندی ئامادەی کردوەو سەرپەرشتی چاپیکردوە، چاپی یەکەم، پاریس- ١٩٩٧". لە سەرچاوەو بەرهەمی خەڵکی تریش زۆر کەمم دەربارەی مەبەست هەن کە لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەیان پێ دەکرێ .
لێرەدا تکا دەکەم هەرکەسێك هەر بەرهەمێکی دەستخەتی هەژاری وەدەست بێت، وێنەیەکیم لێ بداتێ/ بە پارە-یەکی کە لەدەستم بێت پێم بفرۆشێ ، تاکو دەست بەجێ وێنەی تەواوی هەمان ئەسڵە دەستخەتەکە بڵاوبکەمەوەو دوای ئەوە بە ڕێنووسێکی کە خۆم بەکاری دەهێنم تایپی بکەم و بە چاپی بدەم، یا هەرکەسێك هەر بەرهەمێکی چاپکراوی هەژاری لەوانە هەبێت کە من نیمن وە فریام بخات تاکو بۆ بەرگەکانی داهاتووی ئەم کتێبەم کەڵکی لێ وەربگرم و بەهەمان شێوە ( بە پارەیەکی کە بۆم هەڵبسووڕێ) و هەر لە ئێستاوە یەك دنیا سوپاسی دەکەم .
شێرکۆ هەژار

بەشی یەکەم

# چەند وێنەی دیمەنێکی گشتی

# و

# باسێکی جینەکان

ئــەگــەر هەموو کتێبەکانی" حسەن فەهمی جاف " ئێستا لای هۆشەنگی کوڕی مابن، یەکێك لەوانە : " مەم و زینی خانی هەژار کردویە بە موکریانی" یە، کە هـەژار بە دیاری پێشکەشی حسەن بەگی کردووە . کە دەڵێن هەمووکتێبێك چیرۆکی خۆی هەیە، ئەم نوسخەی مەم و زینە پێشکەشیەکەشی بێ چیرۆك نیە :

هــەژار، رۆژێکی ساڵانی شێست لە بەغدا، لەگەڵ " عەلادین سەجادی "دا میوانی حسەن بەگ بوون، لەوسەرەوە بە نوسخەیەکی بەرهەمەکەی حسەن بەگەوە هاتەوە(بەشی کوردستانی" ئاناباسیس"ی کسینۆفۆون کە حسەن بەگ لە فارسیەوە کردبوویە کوردی، وا ئەزانم ناوی" گەشتێکی کوردستان " بوو) . دوای کەمێك، چوو نوسخەیەکی مـەم و زینە موکریانیەکەی لـە ژووری کتێبەکانی هێنا و لە سەر سووچێکی یـەکەم پەڕەی شتێکی نووسی و لەسەرمێزەکەی دانا. بەرگی کتێبەکە وا شکابۆوە کە ئەو شتە نووسراوەی سەریەکەم پەڕەکە دیاربوو، نووسرابوو :

" بە ئەدیب و ئەدیب پەروەرو شاعیرو شاعیر پەروەرو نەجیب و نەجیب پەروەر مامۆستاحسەن فەهمی جاف پێشکەشە ".

من دەمزانی کە حسەن بەگ ئەهلی ئەدەبیات بوو، بەڵام ئاگام لەوە نەبوو قەت شیعری گوتبێ، لەبەرئەوە لە هەژارم پرسی :

" ئەوە حسەن بەگ شاعیریشە ؟ "

-کوڕە نەوەڵلا ، نە شاعیر و نە ئەدیب و نە ماعیر و نە تڕەماش ! ... حویارایەکە لەو دەشتە ! .

- ئەدی ئەوە بۆت نووسیوە...

- کوڕە بەڵێ !، ئەویش یەکێکە لە تەیرەکانی ئەبابیل !، پێی خۆشە وای پێ هەڵبڵێی ... زاناو زاناپەروەرو دانا و داناپەروەر و تڕەماش و تڕەماش پەروەر و ...

« گورج چووم چی پەرداخ و پیاڵە و شتی لەوبابەتەی لەبەردەم ولێی نزیك بووئم دوورخستنەوە، چونکە لە حاڵەتی وادا کە دەکەوتە گەرمەی قسەوە دەست ولاقی زۆر رادەوەشاندن ولەوانەبوو شتێك برژێنێ ،بشکێنێ ...ئیدی ، و ئەو لە سەر باسی خۆی رۆیشت : »

... بەڕاستی ئینسانی بەختیار هەیە، ئینسانێك بە یەك - دوو درۆ شاد ببێ، حەقە پیاو تەفسیری لێ نەکا، هێندەی بە درۆیان شادبکا هەتا سەری دەخاتە قەبری بابی !، بۆ من هیچی تێناچێ و، ئەگەر دە فلسی تێ چووبایە شتێکی دی دەبوو .

زۆر باشم لەیادە، پێکەنینی سەردەمێکی ماڵێ لەسەر ئەو ئەدیب وئەدیب پەروەرو شاعیرو شاعیر پەروەرو نەجیب و نەجیب پەروەرە بوو. لەوساوە،چەندجار وابووە لەخەڵکم بیستووە لە مەجلیسدا باسی نامەی هەژاریان کردووە : " مامۆستا هەژار پیاو مەحجووب دەکا، نامەی وا دەنووسێ پیاو نازانێ بڵێ چی ...،دەنووسێ : مامۆستای چیو چیو...، بابە ئێمە لەچاو مامۆستاهەژار ئاخر چی دەزانین...، ئیتر مامۆستا هەر وایە.. لوتفی هەیە!" . کە شتی وام بیستووە، دوای ئەوە لە دڵی خۆمدا بیرم لێ کردۆتەوە کە دەبێ چی نووسیبێ : برای رۆژنامەنووس و رۆژنامەنووس پەروەر، زاناو زاناپەروەرو بەشەرەف وشەرەفپەروەرو چیو چییتری چیوچیی تر پەروەر، ئەوجا کە بیرم لێکردۆتەوە دەبێ مەبەستی چی بووبێ ... لێرەدا - دوای کەمێ سەربادان - بەخۆم نەبووە دەستم کردووە بە پێکەنین .

دیارە حەسەن بەگی جاف تاقە کەسێك نەبووە کە هەژار کتێبی پێشکەش کردووە ، رەنگە محەمەدی مەلا کەریمیش کتێبی پێشکەشیی هەژاری لاهەبێ ، بەڵام من بەتەواوی لەوە دڵنیام کە هەرچی بۆ محەمەدی مەلا کەریمی نووسیبێ لە قووڵاییدڵیەوە بۆی نووسیوە،چونکە هەژار-ی کە وەکو زۆربەی شاعیرانی دنیا بەدەگمەن دەیتوانی کەسی غەیری خۆی خۆش بوێ - ئەو دەمانە محەمەدی مەلا کەریمی زۆر خۆش دەویست و تێریان بە یەکتر هەڵدەگوت . ئێستا ئەگەرکەسێك رۆژێك هەڵبکەوێ بیەوێ، بۆ نووسینیگوتارێك،کارنامەیەك ...ئیدی، لە ژیانی شاعیرانی کورد، - لێرەدا- هەژار، بکۆڵێتەوە و، دوای خوێندنەوەی هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانی، بچێ هەموو ئەو نوسخەکتێبانەش پەیدابکاتەوە کە پێشکەشیخەڵکیکردوون و، بیەوێ نەتیجەگیری لەوە بکا، ناتوانێ بە هاسانی وشەکانی پێشکەشیی محەمەدی مەلا کەریم راستەوخۆ وەربگرێ و، لەوانەی حەسەن بەگدا ئەودیو ببینێ . رەنگە لێکجیاکردنەوەی مانای پێ هەڵگوتنی بارزانی و نامەکانی بۆ رابەرانی تری سیاسەت ( خەباتکارو خەباتکارپەروەرو جێگرەوەی قازی و قازی پەروەرو... ئیدی و ئیدی پەروەر) لەوەی شاعیرو شاعیر پەروەریش وە زەحمەتتر بکەوێ و،زۆر گلۆڵە هەبن کە هەڵکردنەوەیان یەکجار زۆرئاڵۆزبێ . دیسا ، هەڵکردنەوەی ئەوگلۆڵە ئاڵۆزانە پێویستیەکی ژیانی رۆشنبیرییە و دەبێ هەوڵی بۆ بدرێ . هێمن دەڵێ : « کە شیعری

شاعیرێك یا نووسراوی نووسەرێك دەخوێنمەوە " چ زیندوو چ مردوو" پێم خۆشە خۆشی بناسم، بزانم کێیە، خەڵکی کام وڵاتە،کاری چیە، چۆن دەژی و ئەگەر مردووە چۆن مردووە، لەکوێ نێژراوە » . " دیزراییللی" ی بلیمەتی ئیستیعماری ئینگلیس، خاوەنی عیبارەتی بەناوبانگی : " دوونەتەوە : دەوڵەمەندوهەژار"( کە لێنین کردوویەتە سەردێری نووسینێکی)،دەڵێ : " مێژوو مەخوێنەوە،چیرۆکی ژیانی خەڵك بخوێنەوە... ئەمەیە مێژوو بە بێ تیۆری" . تۆژەرانی ئەدەبی/ کۆمەڵناسی/ مێژوویی/ سیاسی ؛ زانایانی پرۆپاگەندە ؛ پسپۆڕانی سایکۆ-لۆجی/ جنسی؛ئەهلی سەروسەودای فکرو فەلسەفەو...ئیدی و...ئیدی، دەکرێ هەرکەسەو بۆ وەڵامی پرسیارانی خۆی، شەخسیەت و ژیانی شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان و وێنەی ژیانی واقیعی زۆرکەسانی تری زۆر سەردەمان بدۆزێ .

نازانم ئەگەر کەسێك هەبێ کە ، شیعر و نووسینی ئەدەبی بە هونەر دابنێ ، بێ و بڵێ :

" ئەوە زمانی دنیای هونەرەوکە ئەویش بەڕاستی هاسان نیە . بڵێین،کە سەیری بەرهەمێکی پیکاسۆ دەکەین، دەکرێ زمانی لە زمانی ئێمەوە نزیك بێ : کۆتر، بزن ... نازانم چی، بەڵام دەشکرێ بە زما-نێکی تر بێت : کەسێکی چوارچاو، چاولە ملەوە دەرچوو ، چەناگەی ژنێك بووە بە ئالەتی جنسیی پیاوێك پێیەوە و...ئیدی . دەکرێ هێندێك بەرهەم لـەگەڵ خەوندا بەراورد بکرێن ، دەکرێ هێندێك قەت لەخۆوە نەیەنە خەونیشەوە ( مەگەر ئەوە دوای دیتنیان یا بیستن/خوێندنەوە دەربارەیان ) . " چاو لە ملەوە دەرچوو "ی زمانی تابلۆ و " شاعیروشاعیرپەروەر"ی زمانی شاعیر تەلیسمی رەمزی هونەرین ، مەبەست لەوانە نە "چاو" و نە "مل" و نە " چاو لە ملەوە دەرچوو" و نـە " شاعیر" و نـە " شاعیر پەروەر"ە،کێ دەزانێ مەبەست لە " کۆتر" و لە "بزن"یش چیە؟(چونکە کە "چاو" چاو نەبێ، "کۆتر" بۆچی کۆترە و " بزن " بۆچی بزنە ؟ ) . بەو پێوانەیە، وشەی پێشکەشیی کتێبی هەژاری کە بۆ محەممەدی مەلا کەریمیش نووسراون،یا مەبەستی شیعری پێهەڵگوتنی بارزانیشی نابێ وەك هەن راستەوخۆو بە مانای قامووسیی زمان مانا لێ بدرێنەوە" .

بەهەرحاڵ، من ئەو بەراوردە بە قسەیەکی بێ مانا دەزانم . هونەری رەمزی و پێهەڵگوتنی بەدرۆ دوو مەسەلەی زۆر لێك جیاوازن، هـەریەکە پێوانەی جیاوازی خۆی هەیە، لەکاتێکدا ئەو بەراوردە هیچ پێوانەیەك لە ئارادا ناهێڵێ . پیکاسۆ و هەژار و هەزاران خەڵکی تری ئەم سەرزەویە، هەریەکە لە کارێکدا وەستان : یەکێ تابلۆ دروست دەکا ، یەکێ شیعردەنووسێ، یەکێ قاڵی دەچنێ، یەکێ چاو عەمەل دەکا ،یەکێ تووتن بەرهەم دێنێ و...

ئیدی، هەندێ کەم ناسراون و هەندێك زۆر ناسراون ، بەڵام ئەو وەستاکاریە هەر لایە نێکی شەخسیەتی ئەو مرۆڤانەیە . پیکاسۆ هەرقەڵەم و فرچە و رەنگ و نەشتەری پەیکەرسازی نیە، شاعیریش هەر وشەوکێش‌وقافیە نیە ،"نێرۆن"ی رۆماش هەرقەیسەر نەبووە ،"خرۆشۆف"یش هەر رابەری سیاسی نەبوو و...، مرۆڤی ناودار هەرئەوە نیە کە پێی ناودار بووە، تەنانەت شەرت نیە ئەولایەنەی کە زۆرتری پێ‌ناسراوە بۆهەمووکەسێ لایەنی هەرە جێ‌سەرنجی شەخسیەتی بێ . من کارێکم بە پیکاسۆی مرۆڤ نەداوە، هەر هەندێ تابلۆیم پێ جوانن و هەندێکیانم پێ دزێون و تەواو، لەوە بترازێ بیرم پێیەوەخەریك نابێ ."گۆران"ی شاعیریش و شیعری هەروەتر. خرۆشۆف،رەوشتی لەخۆنەگۆرانی بە وەزیفەکەی بۆمن هەرە جێ‌سەرنجە : لەسەر چوارپەل دەرۆیشت و،نەوەکەی دەخستە سەرپشتی لێی‌بخورێ: هەچە!،بە پێڵاوەکەی لە مێزی دەزگای‌نەتەوەیەکگرتووەکانی دەدا ،تەعلیقەکانی ... ئیدی . بەڵام من لە هەژار- هێمن و بێکەس وقانیعدا بەتایبەتی ژیانی‌خێزانی وپێوەندیی کۆمەڵایەتییانم مەبەستە . دەکرێ هەر هونەرمەندێك، شاعیرێك، رابەرێکی سیاسی، پینەچیەك، موسیقارێك ، حەمامچیەك ... ئیدی هەرمرۆڤێك،بەحوکمی مرۆڤ بوونی، چەندین سیفەتی- بەپێوانەی ئەخلاقیی‌فەرهەنگ - باش و یا خراپی هەبن . وا دەبێ سیفەتێك ئەوی تر دەشارێتەوە و، واش دەبێ نـایشارێتەوەو هەریەکە بە پێوانەی خۆی بۆی دەپێورێ : "گـۆران"ی شاعیر وێنەی یەکەمیان و ئۆسکار وایلد وێنەی دووەمیانە،گۆران لە سەر دزی گیرا و بوونە ئەندامی‌حیزبێکی سیاسی ئەوەی بۆ شاردەوە، ئۆسکار وایلد لە سەر نێوانی جنسیی لەگەڵ هاوجنسیدا گیرا و لە رووی ئەدەبیشەوە بە بلیمەت دانرا و هیچ لا ئەوی تری نەشاردەوە . کۆڵینەوە لە"ژیان"ی مرۆڤێك،با شاعیریش بێت، هەر بەسەرنجدانی وشەی نووسراوی( چاپکراو وچاپـنەکراوی) پێك نایەت( ئەوە هەر بەشێکە لەو مرۆڤە، هەمووی نیە) . پەیداکردنی چیرۆکی تەواوی ژیانی مرۆڤ بۆ ئەوە پێویستە ، تاکو تەنانەت ئەگەر بیرەوەریی نووسراوی ئەوکەسەش بەدەستەوە بێت ، پێ هەڵبسـەنگێندرێ و یەکالا بکرێتەوە : لەچیدا چەندە راستیی‌گوتووە، لەکوێدا درۆی‌کردووە، چەندە راستیی چۆن هێناوەتە پێشەوە و لە چەندەی تر بێ‌دەنگ بووە، بۆچی وای کردووە؟. دیارە هەمووکەسێك زۆرنهێنی لەگەڵ خۆیدا دەباتە دنیای‌خامۆشان، زۆر لەحزەی‌گرنگی دڵداری، جنس، هەڤاڵتی، دۆشدامان، زەعیفی، باسی پارە، سیحری هەندێ دروشم ( ی کە وادەبێ دوایی دەگۆرێ)، زۆر و زۆر شتی ژیانی هەر مرۆڤە لەگەڵیدا کۆچدەکا. ئاگاداریی زۆرترین کەسی نزیکی ژیانی ئەو مرۆڤە لێرەدا زۆرگرنگە ، بەراوردی بەرهەمی هونەری ئەو مرۆڤەو نووسین و چیرۆکی ژیانی بە قەڵەمی خۆی، بەو باسانەی زۆرترین‌کەسی ئاگاداری نزیکی دەربارەی، وێرای زانیاریی دەربارەی هەلومەرجی دەوروبەری و،

ئاستێکی پێویستی تێگەیشتنی ژیان بۆ کێشانی وێنەی شەخسیەتی پێویستن. حەسەن بەگ، کە کتێبخانە -کەی پیشانی هەژار دەدا، چەند دەستخەتێکی" مەولەویی تاوەگۆزی " یشی دە کتێبخانەکەیدا دەبێ کە بە خەتی شکەستەی فارسی بوون و خۆی بەزەحمەت بۆی خوێندراونەوە،کە خوێندنەوەیان وادیارە بۆ عەلادینیش هاسان نەبووە، هەژار زۆر بەهاسـانی دەیانخوێنێتەوە . دوای ئەوە، من کـە لـە مەجلیسێکدا بۆ یەکەم جار و دواجار حەسەن بەگم دیت و یەکێك پێیگوت ئەمە کوڕی مامۆستا هەژارە، سەیرێکیکردم و گوتی : " وەڵڵاهی باوکی تۆ خەتی شکەستەی فارسی باش ئـەخوێنێتەوە " ، ئەوجا ڕوویکردە خزمێکی کـە لای دانیشتبوو و بەوی گوت : " باوەڕ بکە تۆ ئێستا چۆن بە هاسانی ئەتوانیت غـەزەتە ( ڕۆژنامە) بخوێنیتەوە، باوکی ئەم کوڕە ئە ئاواهی ئەو خەتە موعەققەدەی خوێندەوە ". ئیتر مەجلیس هەموو کەوتە پێ هەڵگوتنی هەژار و کە بەڕاستی ئینکار ناکرێ کە چ زانایەکە و... لەو قسانە، بەڵام حەسەن بەگ خۆی لەوەندە پتری نـەگوت . هەر- چەندە حەسەن بەگ زۆر لەژێر تەئسیری توانایی ئەو خەت خوێندنەوەیەی هەژاریشدا بوو، بەڵام - لەیادم بێت - کتێبەکەی خۆی کە بە دیاری دابوو بە هەژار ،هیچی لەسەرنەنووسیبوو. ئیتر من ئەوسا بۆم نەدەچۆوە سەریەك ، هەژار بۆچی ئەو شاعیرو شاعیرپەروەرو چیو چی پەروەرەی بۆحەسەن بەگ نووسیبوو. سەردەمێکی پێچوو تا " بە ئاستێکی پێویستی تێگەیشتنی ژیان " ی وا گەیشتم کە ئەوجۆرە پێ هەڵگوتنانە بەرمەوە سەریەك . شتێکی کە لەو سەردەمەدا بۆ ئەوە زۆر یارمەتیی دام، ناسینی مەلاشکورمستەفا بوو . لەگەڵ مەلا شکوردا، لە بەغدا، ماوەیەك هاوکاری ئیدارە بووین . ئـەو وەزیفەیەکی باشی هەبوو و ماوەیەك سەرۆکی من بوو لە ئیدارەدا، من کارمەندێکی خوارووترین پلە بووم، وەزیرەکەمان لەلایەن" سەرۆك بارزانی"یەوە بەرپرسی کاری زمان و خوێندن و فەرهەنگی کوردی کرابوو و نـــە دەیتوانی نامەیەکی کوردی بنووسێ و نـــەکتێبێکی کوردی بخوێنێتەوەو... نە هیچ لەو بوارەدا! . مەلا شکور ،لەو سەروبەندەدا، سەرگەرمی وەرگێڕانی چیرۆکە کورتەکانی عەزیزنەسین بوو لە تورکیەوە( کە سەعید ناکام پێیان دەڵێ : " هەندێ شتی کەم بایەخ !") . کە لە وەرگێڕانی چیرۆکێك دەبۆوە دەیگوت وەرە گوێ بگرە،دەیخوێندەوە . ڕاستی، خوێندنەوەکەی تەنانەت لە وەرگێڕانەکەشی نایابتر و خۆشتر بوو . ڕۆژێکیان ، کە چووم سەیرم کرد بە شتێکی ترەوە خەریك بوو

ـ کاك مەلاشکور ئەوە چیە ؟

ـ وەڵڵا بڵێم چی کاکە ، ئەوە ئەوەیە و مەجمەعی عیلمیی کوردی و ئەم وڵاخە !

ـ وڵاخی چی ؟

- پرۆفیسۆر تەڕەماش !

- ئێ‌ێ‌ێ‌ێ ؟!

- وەڵڵا بەسەری تۆ ، ها سەیری بکە و جا تێی‌بگە ... ها « کاغەزێکی دایە دەستم، سەیرم‌کرد ،کۆڵێك قسەی هەلەق-مەلەق‌و بێ سەروپا ، هیچی بەسەر هیچیەوە نەبوو . بە پێکەنینەوە لەسەر مێزەکەم دانایەوە »

- بەڕاستی ئەوە چیە ؟

- چۆن چیە ؟ پرۆفیسۆر تەڕەماشە !

- نا ، بەڕاست ، ئەوە چیە ؟

- کوڕە چووزانم چیە، پرۆفیسۆر قەناتی‌کوردۆ بە ناخێری گیانی مەقالەی بەکوردیی سۆرانیی نووسیوە ، ئاخر بڵێ هەی گاجووت ! ئەگەر تۆ سۆرانی نازانی ئەم گوو خواردنەت لەچیە ؟، بەو زمانەی کە دەیزانی... ئەگەر هیچ زمانێك دەزانی ! « یەك قاقای پێکەنینی زۆر بەرز کە لە بەشێکی زۆری هەموو ئیدارەدا دەنگ بداتەوە »... بە زمانی خۆت بینووسە و بڵێ بۆم بکەن بە سۆرانی‌و بیرێتەوە . ئێستا من دەبێ ئەم قسە حیزانەی بکەم بە مەقالەیەکی ڕێکوپێکی سۆرانی .

- ئێ باشە بۆی بنێرنەوە پێی‌بڵێین ئەوە بەکەڵك نایە و با بە کوردیەکەی خۆی بینووسێ .

- تۆ زاتی خودا ئەوە تۆ بە ڕاستیتە ؟ مەجمەعی عیلمی مەقالەی قەناتی کوردۆ بنێرێتەوە بڵێ بە کەڵکی بڵاوکردنەوە نایە ؟ بۆچی تۆ پێت وایە ئەو گاجووتە بۆخۆی نازانێ کە ئەوە سۆرانی نیە ؟ بەڵێ! ...جەناب ! ... لە من و تۆ زۆر چاکتر دەزانێ کە ئەوەی نووسیویە هەمووی قسەی حیزە !

- ئێ‌ێ‌ێ‌ێ ؟!

- بەڵێ- بەڵێ ، ئەو کە لە سۆرانی‌نووسیندا گاجووتە، مەعنای ئەوە نیە کە عەقڵی نیە، نەخێر، زۆر لەوە عاقڵترە کە تۆ تەسەووری دەکەی ، عاقڵ ؟ عاقڵ لە چاو ئەو چ تەڕەماشێکە ؟!

« یەك قاقای پێکەنینی بەرزی تر »

- ئێ‌ێ‌ێ‌ێ ؟!

- بەڵێ- بەڵێ،ئەو خۆی زۆر چاك دەزانێ کە ئەوە سۆرانی نیە،مەجمەعی عیلمیش دەزانێ ئەوەی ئەم نووسیویە قسەی حیزە، جا هەمووکەس مەمنوونە !، مەلا شکورێك بۆی دەنووسێتەوە و بڵاودەکرێتەوە، نە قەناتی

تەڕەماش! شەرمی پێ دێ، نە مەجمەعی عیلمی پێی‌وایە کارێکی ناتەبیعیی کردووە، هیچ ، ئیتر ئەوە چیرۆکێکی عەزیز نەسینە و هەرکەسە دەوری خۆی لەو چیرۆکەدا لەبەرە! .

ئێستا کە ئەو باسەم وە بیردێتەوە دەڵێم، ئای دەستی شکاوم، من بۆچی وێنەیەکم لەو سۆرانییەی پرۆفیسۆر هەڵنەگرتەوە تا رۆژێك بۆ تێگەیشتنی قەناتی کوردۆ، کۆڕی زانیاری و، مەلا شکوریش کەڵکێکی هەبوایە. بەڵام بەهەرحاڵ، ئیتر تێگەیشتم کە" ئەدیب و ئەدیب پەروەر وشاعیرو شاعیرپەروەرو نەجیب و نەجیب پەروەر" دەکرا وەرگێڕاوی قسەیەکی تری هەژاری وەك ئەمە بوایە :

" ئەی عەلائەددینی سەججادی نەسەب ... خاوەنی مێژووی ئەدەب ، پێشنوێژی
پێخواسی عەرەب ، کە تۆ منت بردە لای ئەو دۆستەت ، منیش تەقسیرم نەکرد و،
هەرچەندە - ئۆباڵت بە ئەستۆم - پێشم حوبارا بوو،بەڵام بۆ خاتری تۆ ئەوەندەم پێ-
هەڵگوتووە،ئەگەر جارێکی دی بچیمەوە لای،نەك هەر لەوە پەشیمان نەبیمەوە کە منت
لەگەڵ خۆتدا بردۆتە لای ، بگرە مەمنوونیشم بی کە دۆستەکەم چۆن هەڵناوی ".

مرۆڤ ، با شاعیریش بێت ، بولبول نیە . کوا ئەو باڵندە بچووکە کە بخوێنێ، مەبەستی ئا لە ئەو هەمووە چیرۆکە بێت،" ئا ئەم تۆزقالە دڵە بەکوڵە" چ ئاگای لە دنیای وەها هەیە ؟ . شاعیر لێرەدا مرۆڤە و بیری لای سەرنجی مرۆڤە . مرۆڤ حەزدەکا پێی‌هەڵبڵێن، پێی ناخۆشە باسی نەزانییەکەی بکرێ، پێی خۆشە قسەی لێ قەبووڵ بکرێ و بە بەڵگە لێی پووچ نەکرێتەوە . کە تۆ بتەوێ خۆشەویستی مرۆڤ بیت ، دەبێ قسەی خۆشی بەدڵی خۆی لەگەڵدا بکەی . هەژار لێرەدا، لە پێشکەشیەکەیدا، بە ئەدیب و ئەدیب پەروەرو یەك - دوو شتی تر و ئەو یەك - دوو شتی‌تر پەروەرە هەموو لایەنانی مەوزووعی شادکردووە : هەم لوتفێکی نووسراوی خستۆتە کتێبخانەی حەسەن بەگەوە،هەم چاکەی لەگەڵ دۆستێکی خۆی (سەجادی) دا کردووە،هەم هەوڵی داوە دۆستایەتیی نێوان سەجادی و حەسەن بەگ گەرم بکا، هەم ماڵ و منداڵیشی وەپێکەنین خستووە، هەم خۆشی هێندێك مەسخەرەی ئەم دنیایەی کردووە، هەم هەمووکارەکان جێ‌بەجێ بوون و هەم خۆشیش جێ‌بەجێ بوون، هەموو رێك بەگوێرەی پێداویست، هەر پارچەیەی لەجێی خۆیدا و وێکرا کاردەکا، وەکو سەعاتی سویسری . بەڵام فەلسەفە،کە عەودالی دۆزینەوەی تێکڕای حەقیقەتە، دیارە ئەو نەزمەی نەك هەر بە سەعاتی سویسری قەبووڵ نیە، تەنانەت بە خانووە رەمڵینەشی نازانێ . درۆ نەزمێك نیە جێی هیچ حەقیقەتێك بگرێت، وەك هەر

میزڵدانێکی پڕ لە هەوا ،نووکی دەرزیەکی حەقیقەتێك هەرهەمووڵایەنەکانی هەڵدەگێڕێتەوە دیوە حەقیقیەکا-نیان و، هەر هەمووی خۆی لە خۆیداو خۆی لە بەرامبەر دەرەوەیدا ریسوا دەکا .

نەقڵێك هەیە ، لە باسی یۆنانی سەردەمی ئیسکەندەری گەورەی مەکەدۆنیدا بەناوبانگە :

" ئیسکەندەر ،لەسەر رێی چوونە گرتنی دنیادا ،تووشی زەلامێکی سەیر دەبێ : " دیۆگێنێیس"-ناوێك، کە ماڵەکەی بریتی دەبێ لە کووپەیەکی دار(بەرمیلێك ،بۆشکەیەك). دیارە زەلامێکی کە دەکووپەدا بژی ناوماڵیشی زۆر نیە، لە دارایی دنیا هەیبووە و نەیبووە تاقە یەك کوولەکە بووە کە ئاوی پێخواردۆتەوە، ئیسکەندەر لەگەڵیدا دەدوێ، کە خۆشی سەروسەودای لەگەڵ فەلسەفەدا هەبووە( شاگرد و دۆستی ئەریستۆ بووە) مەنتیقی فەیلەسووفانەی ئەوکەسە زۆر سەرنجی رادەکێشێ ، دەڵێ :

ـ دیۆگێنێیس ، حەزدەکەم خواستێکت هەبێت و لەدەست من بێت بۆت جێبەجێ بکەم ، بڵێ بزانم ئایا دەتوانم هیچت بۆ بکەم .

ـ بەڵێ ئەرێ وەڵڵا ئەگەر بتەوێ زۆر چاك دەتوانی کارێکم بۆ بکەی .

ـ ئادەی ... بڵێ .

ـ بچۆ ئەولاوە ، پێشی هەتاوەکەم لێ مەگرە ! " .

دەڵێن ئیسکەندەرگوتوویە : " ئەگەر من ئیسکەندەر نەبوومایە ، حەزم دەکرد دیۆگێنێیس بوومایە ". ئەگەر دیۆگێنێیس بۆ لەحزەیەك زمانی مەلا جەمیل بەندیی رۆژبەیانیی هەبوایە، حەتمەن لە وەڵامی ئەوەدا بە ئیسکەندەری دەگوت :" کوڕە برۆ، ترکەن!،تۆ کەی پیاوی ئەوەیت ؟ ئەم هەمووە لەشکرو تیرو شیرو فەرتەنەیە بەدواوە، ئای- ئای ئەم هەتیوە حیزە شێت بووە !، وەك بەگژ دێودا بچێ ،کوڕە دنیا مێشوولەش نیە مردووت نەمرێ، خۆت رووت کەوە و گونی خۆت لەبەرئەم هەتاوە خۆشە هەڵخە! " .

دیارە نە هەموو" شاعیریگەل"ێك هەژارە و نە هەموو" فەیلەسووف" ێکیش دیۆگێنێیسە،" شاعیرانیگەل"یش و " فەیلەسووفان"یش، جۆرەها جۆریان هەن . بەڵام شاعیری پەتییگەل و فەیلەسووفی پەتی، دوو قوتبی دژی پەتییەکترن . شاعیریگەل دە کووپەیەکی تەختەدا جێی نابێتەوە، لەکاتێکدا کە لای دیۆگێنێیس نەزمی هەمووکۆمەڵگا لەچاو ژیانی ناوئەوکووپەیەی ئەو هیچ نەبوو، ئەو دەیویست لەوکووپەیەوە نەزمێکی نوێی ژیان بدۆزێتەوە،نە دیوانی چاپکراو،نە چەپڵەی لێدراو و نە وێنەی کێشراو،نە خۆشەویستیی بەربڵاو...هیچ،هەر یەك

کوولەکەی ئاو، دوایی ئەویش فڕێ دەداو تەواو! (ئاوخواردنەوەی سەگێك سەرنج دەدا، دەڵێ ئەگەر ئەو سەگە بتوانێ ئاوا بەبێ دەفر ئاو بخواتەوە من بۆچی ناتوانم ؟!)، ئیتر خەڵکی تر حیلکە- حیلك پێی‌پێ‌دەکەن، دەڵێن چی یا ناڵێن چی،کارێکی بەو نەداوە، ئەو جەرگەی نیوەڕۆ بە چرا بە بازاڕدا دەگەڕێ بەڵکو لە ناو ئەو هەموو خەڵکەدا" مرۆڤێك " پەیدا کا و... نیە!، ئیتر نە منەتی بەو خەڵکە هەیە پێی‌بڵێن چۆن ئێمە بە"مرۆڤ" نازانی، نە بە کەس پێی بڵێ بۆچی بە دۆستەکەم هەڵناڵێی ( مرۆڤ و مرۆڤ پەروەر! )، نە . ئەوە شاعیری گەلە کە دڵی گەلی دەوێ، دەیەوێ لەگەڵ جەماوەریدا بژی، چەکی‌کەواکەی بە دەمەوە بگرێ و هەم ! لەگەڵیدا رابکا و لێی دوا نەکەوێ .

رۆژێك،باسی زەلامێکی بەناوبانگ کرا -کە ناوەکەیم لەیاد نیە-، هەژار- کە دیار بوو باسەکەی بەردڵ نەکەوت- گوتی : جا ئەگەر حوبارای وا بەنێوبانگ نەبێ، کێ بەنێوبانگ دەبێ ؟، کابرای خاوەن باس گوتی : مامۆستا چۆن ؟، هەژار بە دەموچاوێکی زۆر تووڕەوە( کە دەکرا لەو لەحزەیەدا بە رووی تووڕەی"عیدی ئەمین" بەراورد بکرایە) و راوەشاندنی هەردوو دەستی هاواری بەسەردا کرد: "چۆن"یەعنی چی ؟، کابرا-کە وادیاربوو شارەزای هەژار نەبوو- بەوە پەشۆکا( بەتایبەتی کە زۆر لە هەژارەوە نزیك بوو و هەندێ تف و لیکی هەژار دەموچاوی گرتەوە)، بەڵام کە سەیری رووی خەڵکەکەی‌کرد وادیاربوو تێگەیشت کە ئەوە شتێکی تایبەتی دژی ئەو نەبوو و هەر شێوەیەکی قسەکردنی هەژار بوو لەکاتی وادا( دەموچاو هەڵمسان ، چاو زەق‌کردنەوە، هەردوو دەست و هەردوو لاق راوەشاندن بە هەموولایەکدا ، دەموچاوی دەوروبەر بە تف و لیك ئاوپرژێن‌کردن...) . هەژار درێژەی بە قسەی خۆی دا : "چاك ! " ( و ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە ) :

« دەڵێن : دوو کوڕی لە منداڵیەوە رەفیق ، پێکەوە دەخوێنن، یەکیان زۆر زیرەك و دانی مار!، ئەوی دیکەش حۆل و خۆل و حوبارایەك لەو دەشتە !، زیرەکەکە هەرچۆنێك دەبێ دەگەڵی خەر-یك دەبێ ، دەوری دەگەڵ دەکاتەوە ، یاریدەی دەدا، بە هەر حاڵی کیری سەگێك دەبێ ! دەگەڵ خۆیدا رایدەکێشێ تا دەگەنە خوێندنی دکتۆری . لەوێش عەینی بەزم، دیسان کوڕە زیرەکەکە بەیارمەتی‌دان وهەر شەڕەشەقێك دەبێ! کارێك‌دەکا رەفیقەکەشی شەهادەکەی وەربگرێ . دوای ئەوە ، لێك دووردەکەونەوە ، هەریەکە دەچێتە شارێك و، زەمانێك ئاگایان لەیەکتر دەبڕێ .

دکتۆری زیرەك، بازاڕی زۆر کەساد دەبێ، ئەگەر رۆژێ دوو نەخۆش بچنە لای یانەچن ،کەچی دەبیسێتەوە کە رەفیقە تەمبەڵەکەی، نەخێر، یەکجار زۆر بەنێوبانگ بووە ، ئێ‌ێ‌ێ‌ێ!...، نەخێر ...دەبێ بە گرێ بە سەر دڵیەوە، شەو و رۆژ بیری لێ‌دەکاتەوە و تێی‌ناگا ئەوە یەعنی چی . رۆژێك دەڵێ وەڵڵاهی با بچم، خۆ من هەر کارم نیەو، ئەو دوو نەخۆشە ترەماشەش! لازم نەبوو. خولاسە، دەچێتە ئەوشارەی کە رەفیقەکەی لێیە ، سەیردەکا نەخێر، مەسەلە زۆر لەوەش زیاتربوو کە ئەو بیستبووی ، بە سەدان کەس ! لە حەوشی عیادەیدا چاوەڕێ دەکەن . بەڵێ ، دەچێتە لای سکرتێرێکی کابرا و نێوی خۆی دەدا و... خولاسە ، پاش کەمێك ، کۆنە رەفیق دێتە دەرێ و باوەشی پێدا دەکا و زۆر حورمەتی دەگرێ و...، هێشتا لە گەرمەی چاك و چۆنیدا ، لێی دەپرسێ :

- ئەرێ فلانە کەس، ئەتۆش پێت وانیە کە منیش ئەوەندەی تۆ دکتۆری دەزانم ؟

- یەعنی چی ؟ ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ جا کوا ئەمن ئەوەندەی تۆ دەزانم...ئەگەر بەزۆری تۆ نەبوایە، هەر ئەو شەهادەیەم چۆن پێ وەردەگیرا ؟

- جا ئێستا کە تۆ خۆت ئەوە دەڵێی ، پێم ناڵێی ئەو هەمووە حەشاماتە بۆچی دێتە لای تۆ لە وەختێکدا کە ئەمن بێ‌کار و بێ‌بار لێی‌کەوتووم ؟

- ئەوە زۆر هاسانە .

- چۆن ؟

- تۆ سەیرێکی ئەو حەشاماتە بکە، بە عەقڵی تۆ لەسەدا چەندی عاقڵە ؟

- عاقڵ ؟ ...چووزانم ، جا کێ عاقڵە ؟

- نا، تۆ هەر شتێك بڵێ .

- با بڵێین لەسەدا دوو .

- دە رەحمەت لە بابت، ئەو لە سەدا دووە دێتە کن تۆ! و لە سەدا نەوەدوهەشتەکەشی دێتە کن من!».

شاعیری گەل، کە بچێتە هۆڵێکەوە سەدکەسی تێدا بێ و، هەڵبژاردن لە نێوان سەرنج راکێشانی ٩٨ یان باس کردنەوە لەگەڵ ٢دا پێویست بێ، چ "حۆل و خۆل"! و چ "ددانی مار"! و چ هەر چۆنێك بن، بە تەبیعەتی حاڵ

دیارە کە " ٩٨" ـەکەی مەبەستە، ئەو خودی دۆخی سەرنج ڕاکێشانەکەی مەبەستە . دوور نیە کەسێك ڕۆژێك، بۆ ڕازاندنەوەی باسێك، بنووسێ : ئەوەتا مامۆستا هەژار لە شوێنێ ئیشارەتی بە قسەیەکی سوقرات کردووە، یا ئەوەتا چیرۆکی بە چرا لە مەردێ گەڕانی" فەیلەسووفێ هەبوو لە یۆنانا" ی بە چوارینەیت شیعر هۆنیوەتەوە، ئیتر ئەوە بـە بەڵگەی حەزی مامۆستا هەژار لە فەلسەفە بزانێ، بەڵام حـەقمن لەوەدا یەکجار زۆر هـەڵـە دەکا. وادەبێ هەرکەسێك لە لەحزەیەکدا لە دەوروبەر تووڕە دەبێ و پێی وادەبێ کە ئیتر مەرد لە دنیادا نەماوە ( شێخ رەزا دەڵێ : ساغ لە دنیادا نەماوە...ئیدی) و،یا کە چیرۆکێکی وا یا قسەیەکی سوقراتی لە شوێنێ بەرگوێ یا بەرچاو دەکەوێ ،هەر بۆ ئەوە کە نووسینێکی پێ بڕازێنێتەوە ئیشارەتی پێ دەکا ،هەروەك کە بە دەستخەتی خۆی پێشکەشیەکی کۆمەڵایەتی دەڕازێنێتەوە( شاعیروشاعیرپەروەر و...ئیدی،کە دیارە بە قانوونی دادگا دەستخەت لە چاپکراویش پتر بە سەنەد دادەنرێ ... جـا ئەوجا قسەیەکی هیچ و پووچە ) . ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هـەژار، لەوگەرداوی" ڕق وکینە" یەی کە دە دەروونیدا شڵپ وهوڕی بوو ،بە تایبەتی ڕقی یەکجار زۆر لە دوو شت بوو:

١. فەلسەفە .

٢. زانستی ڕەوانناسی(سایکۆلۆجی) کە لە عیراق و هەرێمی باشووری کوردستان پێی دەڵێن :" عیلمی نەفس" و بە مەسایلی ڕەوانی : مەسایلی نەفسی .

هەژار " فەلسەفە" و " فڵتەفڵت"! ی هەر بە یەك دادەنان ، نەك هەر ئەوە کە دەیگوت وشەی " فڵتەفڵت " لە " فەلسەفە" وە هاتووە، نەخێر، ئەو فـەلسەفەی بە چەنەبازیی بێکارانێکی تەمبەڵ وتەوەزەل دەزانی کە ناتوانن کاروکەسابەت بکەن و پارە پەیداکەن ، لەبەر ئەوە دەکەونە سەرفڵتەفڵت بە خەڵك فرۆشتن . زۆر جار دەیگوت : " زۆرهیوادارم لاوانی کورد خۆ بەگووکاریی فەلسەفە پیس نەکەن؛ لە جیاتی فڵتەفڵت، فێری کاروکەسابەت و پارە پەیداکردن بن تا هـەم خزمەتی خۆیان و کەس وکاریان و هەم خزمەتی خەڵك و وڵاتی خۆیانی پێبکەن ".
بە عیلمی نەفسیشی دەگوت : " عیلمی نەتڕی" ! . زۆر جار وا ڕێككەوتووە کەسانێك لە مەجلیسدا باسی شتی ڕەوانییان کردووە، - بڵێین - یەکێك گوتوویە : " بەڵێ... بەڵام لایەنی نەفسی..."، هەژار گورج هەڵیداوە-تێ : " بەڵێ ... بەڵام لایەنی نەتڕی ... بەڵێ - بەڵێ ، ئەوەیان زۆر موهیممە " ! . ئەو جۆرە قسـانـەی هـەژار لە مەجلیسدا بەشێك بوون لە گرنگترین شێوەکانی زاڵ بوونی تـەواوی بە سەر موحیتی مەجلیسدا، سیمایەکی ئەساسیی شەخسیەتی بوو .

هەژار نە بولبول و نە ئەو تەیرە بوو کە دنیای سیاسەت ئێستا دەیەوێ بە مێژووی بفرۆشێ، مرۆڤ بوو،( بە هەر پێوانەیەکی باش و خراپ) لە هەندێ مرۆڤی تر باشتر و لە هەندێك خراپتر بوو ، بەرزی و نزمیی مرۆڤی بە خەستی تێدا کۆبووبوونەوە . زۆر رقی لە فکر و فەلسەفە و فەیلەسووفان و خەباتی سیاسی ( نەتەوایەتی و چینایەتی و هەمووی... ) بوو . زۆر مەیلی لە پارە پەیداکردن و دەوڵەمەندبوون بوو،کە سیاسەت زۆر جار داوی ئەومەیلەی لێ دەپساند تا لە دواییدا بۆی گرێ دایەوە و نزیکی کردەوە . -خۆی گوتەنی - شەقی رۆژگار کردی بە " شاعیری گەل " ، ئیتر ئەویش - وەك بێکەس و قانیع و جگەرخوێن و...ئیدی - بوو بە شاعیرێکی خۆشەویستی سەدەی بیستی گەلی کوردی چەوساوە و دواکەوتوو .

کەسێك بڕیاری هەڵوێستی لە کەسێکی دی بە نووسین بەوە بشکێنێتەوە :" ئایا دە فلسی تێدەچێ یان نا" ( ئـەگەر دە فلسی تێچووبایە شتێکی دی دەبوو ) ، دەبێ بەڕاستی هەژار بێت . لێرەوە پرسیاری ناوی هەژار دێتە پێش، بۆچی ناوی هەژار ؟ . کەسانی وەکو محەمەدی مەلا کەریم و فەرۆخ نیعمەتپوور، قسەی" خۆش " لەو رووەوە دەکەن ، بەڵام ئیتر ئەوە قسەی خۆشی خۆیانە و کارێکی بە ناوی خاوەنناوەوە نەداوە .

بەگوێرەی قسەی کە هەژار لە زمانی باوکیخۆی دەگێڕێتەوە، دەبێ ناوی"هەژار" تەنانەت پێش دروست بوونی خاوەنی ناوەکە دروست بووبێ . لەپێشدا ناوەکەی بۆ دروست بووە، دوای ئەوە خۆی دروست بووەو چووەتە ناو ناوەکەیەوە . ناوی" هەژار" کەوڵێکی رووحیی بووە لە باوکەوە بۆی ئامادە کراوە و، هەر کە لە دایك بووە تێوە پێچراوە . باوك بەم ئاوازە گوێی ئاوداوە کە " لە باوەشی دایکی بێوەژن و نەداردا بەخێو بووە " و ، بۆی گێڕاوەتەوە کە : رۆڵە...

" لەودەمەدا کە دایکم دەیگوت بڕۆ ببە بە فەقێ، من چیلکەیەکم دە عەرز دەوەژاندو کزو مات بوم . پرسی : چیت لە دڵدایە ؟ . گوتم : دایە خۆزگە دەرپێیەکی تازەم ببوایە ، ئـەمەم دڕاوە . گوتی: کوڕم بەخودا نەك دو قڕانی کە قیمەتی دەرپێیە، تەنانەت چوارتاق شاییش شك نابەم . بڕۆ بۆ خۆت ببە پیاو . پەیدا بکە..." (چێشتی مجێور ل ١١- بە راست کردنەوەی هەڵەیەکی چاپ).

ئەو وشانە قەت هەژاریان بەرنەدا، مۆتەکەی سەرسینگی سەرتاسەری ژینی بوون . چەندمانگێك هەژارییەکی زۆر لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا و، دوو ساڵێکی نەخۆشیی لەش بەدوودا، قوڕەکەیان ئەوەندەی دی شێلا و، پێی رۆیشتنی مۆتەکەیان لە سەرسینگی بەتەواوی شکاندو، ئیتر قەت نەیتوانی چاوی خەوێکی ئارام بشکێنێ .

من بۆ دوا جار هاوینی ساڵی ١٩٧٩ هەژارم دیتەوە . لەو دیتنەوەدا ، ئەم دیمەنە لە ماڵی هەژار :

خانوویەکی گـەورە لە بەرزایی گەڕەکێکی دەوڵەمەندان لە کەرەج ، - بە وشـەی ئـەورووپایی - " ڤیللایەکی لوکس "، شـۆفاژ ( گـەرمکەری ئـاو و هەوا )ی خۆی و، حەمام و دەست شۆریی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی، ناوماڵ و رازاندنەوەی گران و نوێ، بـاغ و باغچە و بێستانی خۆش : داری میوە و گوڵ وگوڵزارو سەوزی و... ئیدی . لە پشت دیوارێکی ماڵەکەیەوە، بـەربێڵاییەك هەبوو، پارچە زەویەك کە هێشتا بینا نـەکرابوو ، - هەرچۆنێك ببوو- هەندێ زبڵ و کۆنە شتی تێدا فڕێ درابوون ( کە لەومەڵبەندە لەگەڕەکی وەهاشدا دیمەنی وەها دەبوون) . هەژارو ژنی و

خانی و من لە باغچەکەی بووین. خانی چوو بەسەر لایەکی دیوارێکی نزمی باغچەکەدا، کە دەشیتوانی بە سەریدا بازبدات و بچێتە ئەو بەرپێلاییە، روانی و گوتی: " ئەها بابە ئەو کەوشە "! ، بازی دا و جووتێك کەوشی کۆنەی، کە بە هیچ جۆرێك کەڵکی دەپێ کردنیان نەمابوو، هێنا:

- ئەها بابە ئەو کەوشە!

- بێنە، خانی گیان، بێنە، رۆڵە ... هەر تۆ دەمن دەگەی ... ئەگەر دایکت بزانێ پارە چەند بە زەحمەت پەیدا دەکرێ ...

« ژنی هەژار هەڵیدایە: " کوڕە دە لێی‌گەڕێ، ئەتۆ ئەو منداڵە فەقیرە بۆ وا لێ- دەکەی ... ئاخر ئەو کەوشە چیی پێوە ماوە؟ کێ دەپێی‌دەکا؟ ئەتۆ ئەو هەمووە زبڵە دەومالەدا بۆ کەڵەکە دەکەی؟ »

- ئەهـ خانی گیان، خۆ ئاگات لێیە، بەگوێی خۆت گوێت لێیە چۆن دایکت بەزەی بە پارەی مندا نایەتەوە...

- خۆ زۆر باشە بابە ... ئەها بابە ئەو کەوشە!

ئیدی، خانی، رێك وەك بەرخۆلەیەکی کە بیەوێ خۆی بەرەو بەرزایی گوانی دایکی هەڵبدا و، سەر و کلك و هەرچوار پەلی لە کەیفان بکەونە جۆشی جۆرێك " تویست "ی ئەفریقا- ئەوروپایی، یان وەکو بازیچەیەکی ژاپۆنی کە بە پاتری دابگیرسێ: دەموچاو و تەنانەت لووت وگوێ ودەست و لاقیشی لە خۆشیی بیستنی ئەو پەسندکردنەی باوکی دادەگیرسان و پەیتا- پەیتا قەوانەکەی لەسەر ئەوە شکابۆوە: " خۆ زۆر باشە بابە ... ئەها بابە ئەو کەوشە! ".

هەژار لەو سەردەمەدا کەوشی باش و گرانی دەپێ‌دەکرد، و رایدەسپارد لە لەندەنەوە بۆیان دەهێنا ( کە ئەویش چیرۆکی خۆی هەیە، لە شوێنی خۆیدا دێ)، ئەو کەوشە کۆنە فرێدراوەش نە بەکەڵکی هەژار دەهات و نە بە کەڵکی کەس، بەڵام ئەوە ئیدی" گرێ "ی رەوانی بوو، بە دەست خۆی نەبوو. راهێنانی خانی بەو پەروەردەیە و، سازدانی ئەو گفتوگۆیە لەگەڵ ژنیدا و، - بەتایبەتی - هەڵی گوتنەوە و" بیستنەوە "ی پرتە و بۆڵەکەی خۆی، جۆرێك هەتوان (مەرهەم)، یان - بڵێین - " تلیاك "بوون بۆ هێندێك دامرکاندنی ئازاری شکەنجەدانی ئەو گرێیە، کە وەکو دێوێك دەستی دە بینەقاقای گیرکردبوو و، - دیسان - قەت و قەت دەستی لێ بەرنەدا.

ئەو دیمەنە روویەکی پێوەندیی هەژار و " خانی " یش روون دەکاتەوە . هەژار، دوای ئەزموونی لەگەڵ سێ کوڕیدا، توانی خانی بە " بەتالاّیی موتڵەق " بۆخۆی بهێڵێتەوە،کە خۆی هەمووی پڕ بکاتەوە ؛ ئیتر ئەوەبوو دیواری کۆشکیهەژار خانیی لە جیهان جیادەکردەوە، دیوارێکی زۆر ئەستوورو بڵند ،کە نەیدەهێشت ئارامیی ژینی تێدا بە شڵپوهوڕی پڕ لە ڕووداوانی دەرەوەی بشێوێ : خەباتی رزگاریی نەتەوایەتی، چینایەتی، شەڕو شۆڕش و سەرەڕۆیی، فکر و باوەڕو جۆرەها دروشم و رێکخراو و،گیران و کارەسات ، شکست و سەرکەوتنی سەردەمی لاویی مەست بە گڕی ئەڤینی گۆڕینی جیهان، بە هەڵخستنەوەی گەردوونێکی رەنگاورەنگ و رەواتر و، زۆر ئەندیشە و خەمی بەهاری ژینی بێ گەردیدەسەڵات و ماددەپەرستی، لە سەرتاسەری جیهاندا، لە هەر گۆشەو کەنارێکی ئەمریکای لاتین و ئەفریقاوە تا شار بە شارو دێ بە دێی کوردستان و تەنانەت هەمان شەقام و رێك پشتی ئەو دیوارە دەگات . خانی لە خزمەت "بابەجان"دا هەتوان و تلیاك بۆ ناسۆری گرێیەکانی، سەری بابەجان دەشوا( بە گەڵای دارێك ، بەگوێرەی" القانون فی الطب "ی ئیبن سینا ، تا مووی سەری نەوەرێ)، باغچە لەگەڵ بابەجان دا ئاودەدا ،کەوشەکۆنی بۆ دەهێنێتەوە،چا بۆ میوانانی دێنێ، کە دێنە دیوەخانی قسەی خۆشی بابەجان ( وەك چیرۆکی : راسەك بە قونگم ! ، و بلیمەتانەتریش لە کۆمیدیادا بە هەڵگێڕانەوەی ئەوە : قونگم بە راسەك! ) .

وشەی " ئیعدام " ی عارەبی( کردنە " عەدەم " ) - بە بیری من - زۆر پتر ئەوکردارەی هەژار بەرامبەرخانی دەگرێتەوە تاکو ئەو ئیعدامەی کە - بە نموونە - دوژمنانی کورد بەرامبەر بە زۆر کوردیان کردووە و دەیکەن . ئەوەی ئەوان سەلماندنی نەك هەر هەبوون ( " وجوود ") ی ئەو کوردەیە کە حوکمیئیعدامی دەدەن، بەڵکو سەلماندنی دەوریگرنگی ئەوکوردەشە کە بە خەتەرێك یان کۆسپێکی دادەنێن، گڕی ژینێك دەکوژێننەوە کە داگیرساوە و لەئاییسانی دەترسن ؛ لەکاتێکدا کە خانی لەم نموونەیەدا - بە بیری من - " با "ش نیە، چونکە " با" وجوودی هەیە،گڕی لاوێنیی لەپێش هەڵبوونیدا فووی لێ‌کراوە،یاهەر رێیگەیشتنی ئەوەندە ئۆکسیجینی نەدراوە کە بتوانێ هەر بۆ یەك لەحزەش هەڵ بێ .

هەموو قارەمانانی مێژوو سەردەمێك مێردمنداڵانێکی لای باوك و دایکی خۆیان بوون، لە رووی مەنتیقیەوە دەبوو مێردمنداڵێکی وەکو خانییش - وەکو هەموو مێردمنداڵانی تری دنیا - هەلی ئەو قارەمان بوونەی لەپێش بوایە، بەڵام هەلی ئەوە لای ئەو هەر لەسەرەتاوە بە کەوشەکۆنی باوکی پڵیشاوەتەوە . مەگەر قەت دەکرێ تەئسیری رەوشتی شەخسیی مرۆڤ هەرتەنیا خۆی بگرێتەوە ؟

کوردێکی کە دەکرا - وەکو زۆر کوردی تر - بڵێ "بەرخی نێر بۆ سەربڕینە" لە مەیدانی خوێنڕێژی بۆ ئازادیدا، و کوڕێکی کە دەکرا - وەکو هەر کوڕو کچانێکی هاوچەرخی لەم جیهانەدا - ڕێگای قارەمانیی لەپێش بوایە، ئاوا هەر لە نەمامییەوە مشاری نەخۆشیی وەهمی هەژاربوونی فەقێ ڕەحمانی کوڕی مەلاحەمەبۆری شەرەفکەند توانیویە بیبڕێتەوە، مرۆڤایەتی بەوە کەسێکی - کە دەکرا خزمەتی بکا- لێ ئیعدام کراوە.

حەسرەتا سەد ئاخ و داخ، بۆ فرمێسکی دڵ و خوێنی جگەرم، من ئێستا لەبەرچاومە کە خانی شەرەفکەندی رۆژێك دەچێتەوە سەرگۆڕی هەژار، بە لووزەوی فرمێسکی گەرم و باوەشی هەناسەی ساردەوە، لە مەنشووری ڕووناکیی فرمێسکیدا "بابەجان"ی دەبینێتەوە کە پێی دەڵێ:

ـ بێنە خانی گیان بێنە، ڕۆڵە ... هەر تۆ دەمن دەگەی ...

و خانیش خۆی دەبینێتەوە کە لەبەرخۆیەوە پێی دەڵێ:

ـ خۆ زۆر باشە بابە ... ئەها بابە ئەو کەوشە!

لەولاشەوە دەبینم محەممەدی مەلا کەریم و فەڕوخ نیعمەتپوور جەماوەر روون دەکەنەوە چۆن ئەو گەورە پیاوە بە بلیمەتیی چ فەلسەفەیەك ناوی خۆی ناوە "هەژار"!.

هێشتا ساڵێك بە سەر رووداوەکەی " ئەها بابە ئەوکەوشە" دا تێنەپەرِیبوو، کە ئیتر من هاتبوومەوە ئەورووپا، رۆژێك، نامەیەکی کۆنە هەڤاڵێکی حیزبیم لە سنەوە بەدەست گەیشت . نامە بە تاریخی١٩٨٠/٥/٤نووسرابوو، دە بەشێکیدا دەڵێ :

" ئێستا لەژێر ناڵەی تۆپ و تەقەی تفەنگ و گرمەی تەیارەوە ئەم نامەیەت بۆ ئەنووسم ...
باوەڕ بکە ئەم بێفەرانە کارێکیان بەم میللەتە کردووە سەدان جار رووی ( هـ ) و ( ص )
میان سپی کردووە . تا ئیمرۆ پتر لە ١٧٠٠ خەڵکی بێگوناه لە ماوەی ٢ هەفتەدا بەس
لە سنە شەهید بووە . سەقز بەیەکجاری وێران بووە . ورەی خەڵکی تا بڵێی بەرزە بە
ئەندازەیەك کە من خۆم شانازی ئەکەم کە لە سنە ئەژیم.. ئیتر بزانە خەڵکی سلێمانی وا
بڵێت!! . وا بزانم لەو چەند دێرەدا وەزعی ئێرەت تارادەیەك بۆ ئاشکرا بوویێت . "

بەڵام داخەکەم، نامەکە لەو سیمفۆنیەی کارەساتی خوێنینەوە، لە بەرەو کۆتاییدا هاتبووە سەر شتێك کە بە خوێندنەوەی وەکو لە بانەوە بخەنە خوارەوە :

" ماڵی باوکت گشت لایەکیان باشە و دوو هەفتە لەمەوبەر ٢٥٠٠ تومانم بۆ ناردن هەقی کتێبەکانی سەقز . "

تومان ؟ هەق ؟ لە کوێوە بۆ کوێ ؟

زۆر بەسەر ئەو نامەیە نەچووبوو، لاوێکی کورد لە ئەمستردام،ئیحسان، مرۆڤێکی هەتا بڵێی ناسك، بەو زمانە شیرینەی گوتی :

" ئاوەڵڵا ماموستا هژار دیوانەکەی چاپ کردۆتۆ و لە ئاخریەکەیا ئێژێ : هەقەکەی ئەوەنە تومان یا کیلۆیەك گۆشت یا دوو مامر " .

ئا لەوئاگربارانەدا ،کە گۆشتی مرۆڤی‌کوردی ئاوا تێدا دەبرژێندرا ،لەسەر بەرگی دیوانی شیعری باسی خوێن و شەڕو شۆڕش : " کیلۆیەك گۆشت یان دوو مامر" ؟ . هەژار لە کۆتایی چاپی دووەمی شەرەفنامەشدا، هەر دە ئەودەورانەی قەسابخانەی کوردی سنە و موکریاندا، نووسیویە :

" نرخی ١٥٠تمەن یان دو مامرە . دەودوی بۆ فرۆشیارە . ئەوی لە صەد پتر بکرێ سەنگ و سوکی دەگەڵ دەکرێ . چاپ کردنەوەی هەر پاوانی خاوەنیەتی . "

لە لاپەڕەی پێش ئەوەدا، بەشێکی لیستەی ناوی بەرهەمەکانی نووسیوە، کـە " روابط فرهنگی مصر و ایران " وەرگێڕان لە عارەبی بۆ فارسی، " قانون در طب " پاژی یەکەم‌ودوهەم- وەرگێڕان لە عارەبی بۆ فارسی" یشی تێدان . لە کۆتایی لیستەکەدا نووسیویە : " ئەگەر خوا یاریکارم بێ و تەمەن چیتر مەودا بدا ؟ لە خزمەت بە زمانەکەی خۆم دریغ‌ناکەم، هەرئەوەندەشم لەدەست دێت " . لە"چێشتی مجێور" ی چاپکراویشدا بەرهەمی پتر ناودەبا: لە کتێبی" آثار البلاد و أخبار العباد" (...) کردوومەتە فارسی ( ل ٥٧٨) .

هەژار، لە قسەدا،خزمەت‌کردنی کتێبخانەی فارس وعارەب وتورکی لەلایەن کوردەوە بەتوندی تاوانبارەکرد . بەهەرحاڵ ئەگەر بیگوتبا" زمانەکەی خۆشم"(نەك هەر" خۆم") باشتر دەبوو،وەرگێڕان بۆ زمانی فارسی بۆچی منەت بێ بەسەر نەتەوایەتیی کوردەوە ؟

" هەر ئەوەندەشم لە دەست دێت" ـەکەشی راست نیە :

لە کاتێکدا کە سنەو سەقز بەر تانك و تۆپ دەدرێن،قەسابخانەوکولانە مریشکیش لەو قەسابخانەیەدا کە دوژمن بۆ مرۆڤی‌کوردی ناوەتەوە لەناودەچن، زۆر لە خەڵکەکەیان نـە پارەی کتێبیان هەیە نـە گۆشت و نـە مامر؛ زۆر لەوانەی لە قەسابخانەی دوژمن دەخەلەسن، دابین کردنی نانەوشکەکەشیان بە هاسانی بۆ پێك‌نایە . هەژار لەدەستی دێت بایی چەندهەزارتمەنێك (- بڵێین- معاشی یەك حەفتەی کە لە حکومەتی ئێرانی وەردەگرێ) مامرو گۆشت بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەوحکومەتە بنێرێ، یان بایی یەك هەزار تمەن ئاردیان بۆ بنێرێ هەر بۆ نان، نانی تورسی ( بە بێ پێخۆر) . پارە بۆ مەبەستی وەها سەرف ناکا ؟ با هێندێك لەو کتێبانەی خۆی کە لە بازاڕ ماونەوەو نەفرۆشراون (چونکە هێندێك هەر دەمێننەوەو نافرۆشرێن) بە دیاری بنێرێ و چاو لە پارەکەیان بپۆشێ (هەرلەوە باشترە کە مشك بیانخوا). حکومەتی ئێران کتێبی شەرحی‌دیوانی مەلای جزیری بە خۆڕایی (بێ هەقی چاپ) بۆ هەژار چاپ کردووە؛ لە سەرووی رەسمێکی جزیری( بەرهەمی بەدیع باباجان) تێدا، دێڕێك لە شیعری جزیری نووسراوە :

مینەت ژ خودایێ کو بعەبدێ خۆ مەلایێ

ئیکسیری غەمی عیشق نە دینارو درەم دا

هەژار ئەوەندەی لە دەست دێت بەشێك لەوە(کە پێنج هەزار دانە چاپ کراوە) بە مایەکەی خۆی! بە کوردی هەژار بفرۆشێتەوەو، چاو لە بەشێك لە"دینارو درەم" ی هەژارانی بێ دینارو درەمی کورد بپۆشێ، بەتایبەتی کە خۆی دەیگوت ئەزموونی دەردی نەبوونی پارەی کڕینی‌کتێبی چێشتبوو و دەیزانی چیە . کەهەژار جەژنانە سەرفترەی

دەدا ،لێرەدا ئەوەندەی لەدەست دێت سەد دانەیەك لەو پێنج هەزارەی ئەوکتێبەی کە بەخۆڕایی بۆی چاپکراوە، بکا بە"سەرفترە"ی جێژنی رەمەزانێك بۆ چاککردنەوەی سەری خانی،کە لە بەڵای سەنگەرو شەڕو کوردایەتی و چی و چیی سنەو سەقز وکوێ و کوێی کوردستان ( کوێی نا ؟ ) دوور بووە و، لەماڵەوە خزمەتی " بابەجان "ی کردووەوکەوشەنی شادیی بۆ دڵ ودەروونی کردۆتەوە . لە دەورانی خەلیفەکانی ئیسلامدا،نامسوڵمان نەدەبرانە سەربازی، لەجیاتی ئەوە باجێکیان دەدا( جزیە )، باهەژاریش ئەو سەد دانە کتێبەی بە "جزیە"ی خانی دابنایە لەجیاتی پێشمەرگایەتی وخەباتی سیاسی و رەگەڵکەوتنی کاروانی خوێنینی نەتەوەکەی . تەنانەت کوردی تریش و لە کاتی تریشدا، کە خۆیان بتوانن کتێبی هەژار چاپ بکەنەوەو بۆ خۆیانی بفرۆشن، هەژار ئەوەشی لە دەست دێت کە ئا لەوهەلومەرجەی کوردی تێدایە، ئەوکارەیان بە هۆکارێکی هەان دانی خوێندەواریی کوردی دابنێ، مادام کە حکومەتی ئێران معاش و ژیانی ماددیی لە دەرەوەی پارەی ئەوکتێبانەی زۆر بە باشی بۆ دابینکردووە . هەژار ئەوەندەی لە دەست دێت داوا لە خەڵك نەکا کە ئەوانە دارکاری بکرێن ( شەرەفنامە ل ٨٣٨ ) . هەژار ئەوەشی لە دەست دێت قسەی پیاوانی عیرفانی بۆ مەحکوومکردن و کافرکردنی ئەوانە نەشکێنێتەوە ( لە سێ لاپەڕەی پێشەکیی چوارینەکانی خەیام ، چاپی سروش ، دوو لاپەڕەی تەواوی فەتوا ) .

هەژار دەڵێ : " پووڵی کتێبانم زۆر دەسکەوتوە کە مەمنونی هیچ کڕیارێك نەبوم" (چێشتی... ل ٣ ) . ئەگەر ئەوەش بخەینە سەرگۆشت و مامر و ... ئیدی، دەبێ بڵێین چ فرۆشیارێکی سەودا ناخۆشە . بەڵام کە بەرگی " مەم و زین "ی چاپی تاران دەبینین ، دەبێ شتی ترمان بەدڵدابێت :

« برا و خوشکە کوردەکانم

وەك ئەیزانن شاعیرو نوسەر چینی هەرە هەژار و هیمنی بی ئازاری کومەلن ، سالان و مانگان رەنج ئەدەن ، شەونخونی دەکیشن تا بەرهەمیك پیك دینن . چون خوابەردارە کە لاپرسەنیك لە مهاباد یان سنە یان هەر شوینیکی تر بە بی پرسی خاوەنەکەی چاپی کاتە- وە و بیفروشی !! تکایە ئیوەی روشنبیر ریگەمەدەن هەقی راستەقانی نوسەرانی زەحمەت- کیش بچیتە گیرفانی ئەو سیرمە خورە خوشەویستانەوە تا ئیمەش بتوانین بە دڵگەرمی کار بکەین . ئیتر خوشیتان :

هەژار - خاکەلیوە : ١٣٥٨ » (مارت - نیسانی ١٩٨٠ )

ئەوکۆمەڵگایەی کە کەسێك تێدا بوێرێ شتی وا بنووسێ و چاپ و بڵاوبکاتەوە دەبێ چ کۆمەڵگایەك بێت ؟ پیاوئەوقسانەی لە شاعیرونووسەرێکی وڵاتێکی سەربەخۆی سەرمایەداری بیبیستایە،باسی پارەیچاپکرانەوەی کتێبی تێدەگەیشت، بەڵام نەتەوەیەکی ژێردەستەی لە کاتی شەڕی رزگاریدا، وەك چۆن کە ئەوکەسەی چەك - هەڵگرتنی لە دەست دێت چەك هەڵدەگرێ و ئەوەی مامۆستایەتیی لەدەست دێت دەرس دەڵێتەوەو ئەوەی هەر دەورێکی بۆ خوێندەواری و کتێب - لە وڵاتی لە هەردوو رووەوە وا نەدار- لە دەست دێت، خەباتی خۆی بە بڵاو- کردنەوەی خوێندەواری وکتێب دەبێ بکا. ئەینا ئەگەرهەمووکارێك هەقێکی بە پارەی بۆ پارێزرابێ، پێشمەرگە- یەك دەبێ بەگوێرەی مافی معاشی هەشت سەعات کار و" ئۆڤەرتایم"!ی ئـەوهەمووە سەعاتەی سەنگەر چەند لە گەلی داوابکا ؟. بەڕاست،لیتری خوێن بە قانوونی بازرگانی بەچەندە ؟ ئەی بۆ نرخی ژیانی مرۆڤ دەبێ بۆ هەرتاکە مرۆڤەی کە دەکوژرێ چەندە لەگەل بستێندرێ؟ ئەی ئەوەی لە شکەنجەی بەعسیي عارەب یاعەسکەری تورك یا پاسداری ئێران گورچیلەی پەکیکەوتووە یان چاوێکیان دەرهێناوە چەندە داوابکا ؟ گورچیلەو چاو بەچەندن ؟ ئەی دەست و لاقی پەڕیو چەندیان دەکەوێ ؟ ئەی ئەو کچەی لە دەزگای ئەمن و موخابەرات دەست - درێژیی لێکراوە، هەموو ئەوانە و زۆرو زۆری تر، ئەرکیان بەچەند بقەبڵێ ؟ ئەگەر ئەوانە هەموو ساغ بوونەوە، ئەوسا تۆش وەرە رەنجی خـەباتی وەرگێڕانی" چوارینەکانی خەیام"- مان بۆ بقەبڵێنە و، ئەوە کە کتێبی کە بێ پارەی تۆ بۆت چاپ کراوە بە پارە بە کوردی بەرتانك وتۆپی سـنەی دەفرۆشی ئەوسا لەسەر ئەوە پێت ناڵێین جەردە، چونکە ئێستا من جگە لە جەردەیی ناوێکی ترم بۆ ئەوە نیە . خەڵکێکی کە خوێنی بە قوربانی گەلی دەکا ، ژمارەی لیترەکانی خوێنی بەپارە نەقەبڵێنێ، تۆیەکی چوارینەکانی خەیامی بۆ دەکەیە کوردی یا شەرحی دیوانێکی کە بەبێ پارەی تۆ چاپکراوە بە چ مەنتیقێك مافی پارەوەرگرتنیت هەیە ؟

راستی، خەڵکێك هەبوون رەختەیان لەو هەڵوێستەی هەژار دەگرت، بەڵام دیسان بێینەوە سەر پرسیاری یەکەم دێڕی ئەم لاپەڕەیە، کە چۆن هەژار دەیوێرا ئاوا لەگەڵ کوردی سنەی بەر تانك و تۆپ بدوێ ؟

وەڵامەکەی بەم جۆرەیە :

هەژار ئەزموونی زۆری پێهەڵگوتنی هەبوو ،لە جەرگەی فەرهەنگیسیاسیی قۆناغیخۆی گەیشتبوو ،لە قۆناغی دیوەخاندا بە ئاغا هەڵبڵێ و رازیی بکە و بۆخۆت تێکەوە بەکەیفێ خۆت پەتپەتی بە گەل بکە ! .

هـەژار رازی بوونی قـاسملوی دابین کردبوو ( دواتر بە دووروودرێژی لێدەدوێم ) و ئیتر لە بۆخۆی تێدەکەوت

به کەیفی خۆی ئاوا پەت پەتیی بە گەلی کوردی بەر تۆپ و تانکی سنە دەکرد. رابەری سیاسی( لێرەدا قاسملو)، لەجیاتی ئەوە کە ئەو هەڵوێستەی جەردەیی هەژار بەتوندی مەحکووم بکا ( و ئەگەر من بوومایە حەقمن دەمدایە دادگای شۆرش)، بۆ مەبەستی سیاسی(هەمان ئەوەی دیوەخانانی ئاغاوەتی لەمێژینە : پێ‌هەڵگوتنی شایەرێکی قافیە ژەن ) لەگەڵیدا دەکەوێتە بە یەکتر هەڵگوتن .

" وەك ئەیزانن شاعیرو نوسەر چینی هەرە هەژارو هیمنی بی ئازاری کومەلن " ؟! ، ئێ ێ ێ ێ ؟ یانی چی ؟ ئەیزانن ؟ کێ ئەیزانن ؟، رووی قسەت لەکێیە ؟ بەراستی ئەم سواڵکردنە نەنگە شووڵ لێ هەڵکێشانێکی زۆر سـەیرە لە ئینکارکردنی حەقیقەتێکی زۆرسادە لە مێژووی مرۆڤدا . شاعیرو نووسەریش، وەکو خەڵکی تر،لە یەك توێژ و یەك چین و یەك مەعدەن نین . هـەن کە سەد هەزار خۆزیا ئـەو قەڵەمەی بە دەست ئـەوانە لێیان بسێندرایە و بدرایەتە دەست" مشك " ،کە هەم بۆ مرۆڤایەتی و هەم - لێرەدا - بۆ جەمە خۆراکێکی ئەو حـەیوانە زۆر باشـتر دەبوو . بـەڵام ئـەوەندەی لە مێژووی مرۆڤ زانراوە، هـەر وەرچـەرخـانێکی گـەورە، شـۆڕشـێکی مەزن، بورکانێکی بیروباوەڕ و گـۆڕیـەگـۆڕکـردنی تێکڕای چینی فـەرمانڕەوا و، - بـە حەرفی - ژێرپێ‌خستنی پەیکەری خـودایان بە نرخی خوێنی هەزاران مرۆڤ ... ، شیعرو نووسین چـەخماخەکەی بوون . ئێستـاش کە ئێستایە، سیاسەتی رۆژ دەبێ حیسـاب بۆ تۆماری گرمەی بورکانی دەمی شاعیران و نووسەرانی مێژوو بکا، هـەر لە تەفسیری شیعری عیبرانیی پەڕینەوەی مووسا لە نیل لای جوو لە بەرامبەر ئـایـەتـی " سبحان الذی أسری بعبده لیلاً من المسجدالحرام إلی المسجدالأقصی الذی بارکناحوله" تا بە رۆسۆو ڤۆلتێر دەگا. هەر لە شاعیران و نووسەرانی ئاتێنا و رۆماوە تا بە مارکس و دەم و قەڵەمی شاگردانی لە سەدەی بیست دەگا، کە بە وێنەی هـەژدیـهـای ئـەفسانەیی ئـاگریان بـە هەموو گۆشە و کەناری دنیادا پرژاندووە . بـەرخ "هەرە هەژارو هێمنی بێ ئازاری کۆمەڵ "ـە بەڵێ، بـەڵام ئـەوانە ؟ نـەخێر، هـەژدیهای بریندار لە چاو ئەوانە " هەرە هەژار و هێمنی بێ ئازاری کۆمەڵ " بووە .

ئەوجا ئایا هەژار لەکاتی نووسینی ئەو چەند دێڕەدا لە چینی هەرە هەژاری کۆمەڵ بووە ؟

"هەرە هەژار" واتا "هەژارترین"، واتا " لەوهەژارتر نیە" ، ئێ دە ئەوە بە لای کەم لەگەڵ " پوولی کتێبانم زۆر دەسکەوتوە "(چێشتی...ل٣)دا ناگونجێ . یا کە بەعسی دەستیان بە سەر ماڵیدا گرتووە،خۆی هەر ناوی ئەوەندە

دەبا :

" هەشت هەزارو شەش‌سەد دیناری عیراقی" ( ساڵی١٩٧٤ کە یەکەم معاشی مانگانەی خاوەن دیپلۆمی بەکالۆریۆس‌لای دەوڵەتی‌عیراق چل دینار بوو)،" چوارسەد مسقاڵ زێرو خشڵی ژن ، پڕی شەش وەتاغ مافوورەی ئێرانی ، کتێبەکانم (..) دوسەدو بیست وهەشت جڵد هەر شەرەفنامەی دەست لێنەدراوم هەبو " ( ژماردوویەتی و دوای ئەوەندە ساڵە دەقی ژمارەکەی بە ڕێکی لە یادە ! ) ، "خولاسە بایی نزیکەی دوازدە هەزار دینار و خانوێکی ئیسکان " ( لەڕێی بارزانی‌یەوە وەریگرتبوو) " کە تەنیا قیستی پێنج ساڵی مابو، تەلەفیزیۆن و چەند رادیۆ، فەرگازی ئیتالی (!) و جل‌شۆر وهەمو کەل و پەلی ماڵی تەیار و سازی شارستانی ! مۆبلی هەرە چاك ..." ( چێشتی...ل ٥٥١) .

هەرچەندە دەوری کەمتر لە ساڵ ونیوێك دوای لەدەست چوونی ئەو ماڵ وحاڵەی ، لەڕێی سەرۆك بارزانی‌یەوە خانوو و ناوماڵی زۆردەوڵەمەندانەترو دارایی پتری لە ئێران وەدەست کەوت، بەڵام ئەوە خەمی لەدەستچوونی دارایی بەغدای لە دڵ دەرنەکردو هەر پێی دەتلایەوە . " خەمەکانی شاعیر" ی تەرەغە لە گەشتی ژینی دنیای شارستانیدا ئەوەندە زۆرن، بە سەفین و هەندرین هەڵناگیرێن . دەروونی پڕلەکەیلی دێتە بەرگوێم :

بۆ فەرگازی ئیتالیانم　　مافوورەی سونعی کاشانم　　ئەی خانووەکەم هی ئیسکانم ؟

فاعِلاتُنْ　فاعِلاتُن

بۆ جل‌شۆری شارستانم　　خشڵی زێڕو زیوەکانم　　ئەی تەلەفیزیۆن و رادیۆکانم ؟

فاعِلاتُن　فاعِلات

ئەسکیننااس و وردەکانم　کتێبەکەم، نا، کتێبەکانم　　ئەی مۆبلی‌نەرم　بۆ قوونانم ؟

فاعِلاتُنْ　فاعِلاتُنْ　فاعِلاتُنْ　فاعِلاتُن

هێمنی و بە بێ ئازاریەکەش،کە باسی زۆر لەمەی ئێرە ( کە کورد لەسەر چاپ کردنەوەی"چوارینەکانی خەیام بە کوردی" دارکاری بکرێن ) پتر هەڵدەگرێ و لە شوێنانی خۆیاندا دێن .

خانی شەرەفکەندی گێڕایەوە :

" کۆنگرەیەك لە پاریس دەگیرا ، نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنانی دیکەش تێدا بەشداردەبوون و ،تەبیعی ئاشکرا بوو کە دەچوون تێدا هێرش بەرنە سەر رژیمی ئیسلا- میی ئێران و، باسی هێرشی سەرکوردستان و کوشتنی کورد بکەن . کاربەدەستانی ئێران دەیانویست هێرشێکی تەبلیغاتی بەرامبەر بکەن . چاپی پەرەکانی " هەنبانەبۆرینە " لـە چاپخانە تەواو ببوو بەڵام دە بەرگ نەگیرابوو. بابە ، ئەوەی بە فرسەت زانی ، بە بەهانەی تەبلیغات بۆ ئەوە کە کورد مافی فەرهەنگیی لە ئێران هەیە، ئەو پەڕە چاپکراوانە بە کاربەدە- ستانی ئێران دەرکاو بیگەیەنێتە پاریس، سەری گرت . کاربەدەستانی ئێران بە پەلەپرووزێ پەرەکانیان بۆ خستە تەیارەوەو بلیتیان بۆ بڕی و ناردیان . لە فرودگای پاریس،ئەنستیتوی کورد( کەندالْ) هەمووی بۆ لە کێشەی کۆنترۆلیگومرك پەڕاندەوە . ئیدی ئەنستیتو خۆی دە بەرگی گرت و خستیە بازاڕەوە . "

هەژار پارەی هەموو هەنبانەبۆرینەکەی پێشەکی ( پێش ئەوە کە ئەنستیتو بیانفرۆشێ) بە فرانکی فەرەنسی لە ئەنستیتو وەرگرتووە، چەند نوسخەیەکیشی کە بۆخۆی لێ ویستووە، ئەوانەشی - دوای فرۆشتن بە ئەنستیتو - بەخۆڕایی لە (" بەختیار ئەمین" ی ) ئەنستیتو سەندووەتەوە .

ئاغای" شەرەفی "، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان دە ئەو کۆبوونەوەیەی پاریسدا ، رۆژێك لە پاریس، لەبەرچاوی من و خانی شەرەفکەندی زۆر بە حەماس‌وشەوقەوە بە دەنگی بەرز بۆ "رەسووڵی قادری"ی دەگێڕا - یەوە، و چاوێکیشی لە من بوو کە دیار بوو مەبەستی ئەوەبوو من گوێم لێ بێ :

« دەزانی رەسووڵ،کاك هەژار کوتی چی؟ لە سەفەری دووەمیدا ئەمن لێم پرسی: کاك هەژار کە ئەتۆ هاتوچۆی پاریس دەکەی و ئەمن دەبینی و، پێکەوە دە کۆبوونەوەدا دەبین و، ئەمن قسە بە رژیمی ئێرانێ دەڵێم ، باشە ... کە دەچیەوە ، کاربەدەستانی رژیم پرسیاری ئەمنت لێ ناکەن ؟ . کاك هەژار کوتی :

" چۆن پرسیارم لێ ناکەن، تـەبیعی ، کـە دەچمەوە بانگم دەکـەن و، دوورودرێژ لەگـەڵیان

دادەنیشم و جۆرەها پرسیارم لێ دەکەن ، پرسیاری تۆشیان لێ کردم ، ئـەمن کوتم :
نـازانم !، بـەڵام هەر ئەوەندە دەزانم که ئاغای شەرەفی نوتقی دا( وتاری خوێندەوە)،
نـازانم چیی کوت ! ، بـەڵام یەك شت دەزانم : زۆریان چەپڵە بۆ لێدا " » .
ئاغای شەرەفی ، عیبارەتی " زۆریان چەپڵە بۆ لێدا"ی بە تەقینەوەی یەك لافاوی پێکەنینەوە دەگێڕایەوە .

هەرکەسێك کەمێك ئیدریس بـارزانی و کەندالْ ی ناسیبێ ، بە سەیری دەزانێ کەسێك لەسەر رووی ئەم زەویە هەبێت کە بۆ پارە پەیداکردنی خۆی بیرلەوە بکاتەوە کە یەکێك لەو دووانە پارە بدا بەوەکەی تر ،کـەچی فەرمووی :

" بەرلەوە بڕۆم بۆ پاریس،مەمۆزینە عەسلیەکەی خانیم بە مانالێدانەوە لە تایپ دا . نوسخەیەکم نیشانی ئیدریس بارزانی دا، خوێندبویەوە. قەراری دا لە ئوروپا چاپ بکرێ . نامەیەکی بۆ مامۆستا پیرۆت لە (ڤیەن) ناردو کتێبەکەشی بۆ نارد کە بە زوترین‌کات بە هەر نرخێك بێ بە چاپی بگەیەنێ . پاش ١٧ رۆژ تـەئخیر توانیم تەلەفۆنی پیرۆت وەرگرم . قەرار درا پێکەوە حەولی لەچاپدانی بدەین . بە هۆی کاك کەندالْ کەوتمە پرس و را، گوتیان زۆر جوان چاپ بکرێ ، دوسەدوچل هەزار فرانکی تێ‌دەچێ،کە لێکمدایەوە بە پوڵی ئێران دەیکردە سێ ملیۆن و ئەوەندە تمەن . دەمزانی ئەو پوڵە بۆ ئیدریس هەڵناسوڕێ . کەندالْ گوتی ئێمە ماشێنێکی چاپی کامپیوتر دەکڕین بە حەوت هەزار دۆلار ، مەشغولی دەبین بەڵام جارێ پول نیە . وەختی هاتمەوە کەرەج بە ئیدریسم گوت با ئەو حەوت هەزار دۆلارە تەرتیب کەین . گوتی شەرتە ئەگەر حیزبیش موافەقە نەکا من خۆم تەرتیبی دەکەم . بەڵام دو رۆژ دوای ئەم وتووێژە ئیدریس بە سەکتەی قەلبی مرد و ریسەکەم بۆوە بە خوری " .
( چێشتی ... ل ٥٨٠ - ٥٨١ ) .

دیارە کە ئیدریس و پیرۆت و کەندالْ ، لە گەرمەی بازاڕی سیاسەتیشدا ،کاتی گاڵتە وگەپیان هەبووە ، ئەینا خۆ چاپی کتێبێك ئەوەندە هەڵناگرێ . هەر باشە پێیان نەگوتووە : " مامۆستا با جارێ نامەیەك بۆ دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بنووسین بەڵکو بۆ کتێبەکەی تۆ چاپخانەیەکی شایانمان بداتێ ! .

بێ لە باسی کتێبیش : " هەرچەندە ئیدریس سپاردبووی کە پیرۆت لە خەرجیدا یاریدەم بدا ،
بەڵام ئەوی راستی بێ ئەگەر دوکتورعەزیزی فەیزنەژاد لە ئەڵمانەوە
یارمەتی نەدابام ،لام وایە رەزیل دەبووم . خوا جەزای بەخێری بداتەوە".
( چێشتی...ل ٥٨١)

دوور نیە پیرۆت گوتبێتی : " ئەگەر پارەت نیە، چۆن و بۆچی سەفەر دەکەی ؟، ئەگەر هەتە ئێمە بۆ بتدەینێ ؟ بە وڵاتاندا دەگەڕێیت و چوویە هەرکوێیەك دەبێ خەڵك پارەت بداتێ ؟ ".

دکتور هاشمی شیرازی ( ددانساز ) ، ساڵانێکی دوورودرێژ عونسورێکی گرنگی ساواك بووە ، لە ١٩٧٥ەوە لەگەڵ هەژاردا وەك ئاشقە و باشقە لێك هەڵنەدەبڕان . شیرازی، ماڵی لە کەرەج بوو و زۆرهاتوچۆی تورکیای دەکرد . خانی شەرەفکەندی دەیگوت : " خەریکی پارەگۆڕینەوەی قاچاغ بوو (؟) و پێوەندیی بە باندی گەورە-گەورەوە هەبوو" . هەژار لەکاتێکدا هەر هێنایە ناو ماڵی خۆی، ژوورێکی لە ڤیللاکەی خۆیدا دایێ و ئیدی کردی بە هاوبەشی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی . رۆژێك، پاسدار رژابوونە ماڵی هەژارەوەو شیرازی‌یان بردبوو، ئیدی شیرازی سەردەمێك بێ سەرو شوێن ببوو، دوای ماوەیەك (چەند ساڵێك؟) پەیدابیۆوە و لە جاران سازترو بەکەیفتر ! . هەژاری کە هەتا بۆی بلوایە قاچاغچێتی دەکرد ( لە بەغداوە لیرەی زێڕی دە پاژنەی پێڵاودا دەشاردەوە و دەینارد بۆ دکتۆرمستەفا سەڵماسی‌ی قاچاغچی لە یەکێتی سۆڤیەت ( کە دواتر کاربەدەستانی سۆڤیەتی پێیان زانی و گرتیان)، فەرشی ئێرانیی بە وەفدی شۆڕشی‌کورددا دەپەڕاندەوە بۆ ماڵی‌خۆی لە بەغدا ...) ،هیچ سەیرنیە لەگەڵ شیرازی‌دا کەین و بەینێکی پارەی هەبووبێت، ئەگەر نەیبووبێت سەیرە . بەڵام ئەوە بۆ من بە هەرحاڵ، هەر بیرێکی "هەلومەرجی"یە و بەڵگەیەکی ترم بۆ ئەوە لا نیە .

وادەبێ، شتێك بەناوی " دوا قسەی گەورە پیاوان " دەخوێنینەوە، ئەو قسانە وادەبێ زۆرهەست بزوێن و پڕمانا دەبن، واش دەبێ شتێکی وەها دەبێ : " ئەرێ ئەو پەنجەرەیە ناکەنەوە ؟ "، یا تەنانەت : " میاو" ! ( دوا وشەی ژیانی مامۆستا مەلا محەممەدی قزڵجی لە بەغدا، لە کاتی گاڵتەی لەگەڵ منداڵێکی بچکۆلەدا ) . هەندێك ئەمریکایی لە ١١ی سیپتامبردا، لە فڕۆکەی رفێندرواودا دەیانزانی کە لە سەداسەد مەرگیان لە پێشە، بە تەلیفۆن دوا وشەیان بە خۆشەویستانێکیان گەیاندووە : ئای لەڤ یوو ( تۆم/ ئێوەم خۆش دەوێ) . منیش کە هەژاری باوکم حەقمە بە یەکێك لە گەورە پیاوانی کۆمەڵگای خۆی دانراوە، جێی خۆیەتی دوا وشەی

ژیانی بۆ کوڕیگەورەی کە من بووم، لە کتێبی مێژوودا بۆ تۆمار بکەم، کە ئەویش هەر لە ڕێی تەلیفۆنەوە بوو، بریتی بوو لە دوو وشە : "پـێـنـج سـەد دۆلار" !.

نازانم دوا وشەکانی پێش مردنی چەند دۆلار بوون، بەڵام ئەوانە دوا وشەی بوون لەگەڵ مندا کە چەند ساڵێک پێش مردنی بوو و لە شوێنی خۆیدا باسی دێ .

هەژار دەڵێ :   " جارێك لە تۆیزاوای کۆیە بارزانی گوتی : " عومەر دەبابە دەڵێ هەژار جاران هیچی نەدەویست، ئێستا داوای قەڵەم و کراسم لێدەکا، ئەوە چیە؟ "؛ گوتم :" کاکە،لای هەمو کەس دەیگوت ئەگەر هەژار قبوڵ بکا دەیکەم بە شەریکەماڵی خۆم، چونکە دەیزانی هیچم ناوێ ، ئێستا کە زۆر سازم ، ئەوانە تەجرەبە دەکەمەوە . نە کراسم لازمە نە قەڵەم ، پێم خۆشە وەدرۆکەوێتەوە . " ( چێشتی... ل ٤-٥)

تەجرەبە یانی چی؟ کە نە کراست لازمە نە قەڵەم، بۆچی پێت خۆشە وەدرۆکەوێتەوە؟ ئەم خەڵك تاقی‌کردنەوەیە چیە؟ خەڵك شتی خۆی بۆخۆی دەکڕێ و تۆش شتی خۆت بۆخۆت دەکڕی، ئیتر خەریك بوون بە تاقی‌کردنەوەی ئەوە کێ چیت دەداتێ و کێ نایدا چیە ؟

نێوانی هەژارو عومەر دەبابە ( عومەرمستەفا ی پارێزەر، ساڵانێك ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی) شازدە ساڵێکی خایاند (١٩٤٨-١٩٦٤) . دەست پێ‌کردنەکەی بەوە بوو کە عومەر دەبابە بە ناوی پارتی دەچوو یارمەتیەکی هەژاری دەدا :

" ڕۆژانە دەیبردمە لای دکتۆر نەجیب مەحمود ناوێك (..)

" بردیانمە ئوتێلێك ، ڕایانکێشام و بەکۆڵ دەیانبردمە سەرحەکیم ." چێشتی ...ل ١٥٠) .

هەژار لە شوێنێکی تری "چێشتی مجێور" (ل ٢١٤) دا دەڵێ :

" کاتی عومەردەبابە لە بەغدا دەڕۆی (١٩٥٠؟)، دو تەختی نوستنی هەرزان بایی دابومێ" .

هەرچەندە هەژار ئەوسا هەر تەنیا بووە، بەڵام دیسان، لە جیاتی تەختێك، دوو تەختی نوستنی لە عومەر دەبابە وەرگرتوون، تەختێکی زێدە - مادام کە بە خۆڕاییە - زیانی نیە . ڕاستیەکەی، هەژار، دوای ئەوە کە ماڵ و حاڵێکی باشیشی هەبوو، ئەو دوو تەختەی تاسەر هەر هێشتبوونەوە . من تا لە بەغدا لە ماڵی هەژار بووم، لە سەر یەکێك لەو دووتەختە نوستووم و ئیتر هەرمانەوە تا بەعسی هاوینی ١٩٧٤ لەگەڵ هەموو ماڵی هەژاردا دەستیان بە سەردا گرتن . زەلامێك کە سەرۆك بارزانی لە ڕووی ماددییەوە هیچ درێغی لێ‌ناکا و بە قسەی خۆی " زۆر سازە " ، چ پێویستی بەوە هەیە لە پەنا شەخسی سەرۆك بارزانی‌دا سواڵی قەڵەم و کراس لە ڕەقیبانی سەرۆك بارزانی بکا ؟ دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە هەم بۆ عومەر دەبابە و هەم بۆ سەرۆك بارزانی‌یش مەتەڵێکی سەیر بووبێت . ڕەنگە هەژار لە کاتی ئەو سواڵەدا چاوەڕوانیی ئەوەی نەبووبێ کە دەبابە باسی بکا و

بگاتەوە سەرۆك بارزانی . دەبابە لەرووی سیاسیەوە هەرچی بوو( لایەنگری برایمئەحمەدو تاڵەبانی بوو لە دژی سەرۆك بارزانی) ، بەڵام موحیتی ماڵی هی میر و پادشایانی ئەویەڕی دڵاوا بوو و ماددە تێدا قەت لەبەرچاو نــەبوو . هەژار وابووە منی ناردووەتە ماڵی عومەردەبابە(١٩٦٠یان ١٩٦١) لە کەرکووك، چەندحەفتە لە ماڵی ماوەمەوەو ئەو حەقیقەتەم بە چاوی خۆم دیتووە . هەژار دەڵێ کە عومەر دەبابەو عەبدوڵڵا کانیمارانی بەڵێنیان داوەتێ (١٩٥٦) کە ١٢دینار مانگانەی حیزب بە ماڵی بگەیەنن و بەڵێنەکە نـەبراوەتە سەر . هـەژار قســەی ژنەکەی گوایا بە بەڵگە بۆ ئەو بەڵێن نەبردنەسەرە دەهێنێتەوە ( چێشتی... ل٢٢٩) . ئەو قسەیەی هەژار راست نیە و، هەرچی لەو رووەوە بۆ سەلماندنی قسەکەی دەیڵێ لای من بێ بایەخە، چونکە من بە چاوی خۆم عومەر دەبابەم دیتووە کە لەو ماوەیەدا هاتووەو پارەی داوە بە ژنیهەژار . محەممەدی ئیمامی و ژنی، بەڵێ وەك باوك و دایکێکی دڵسۆز دەستیان پێوە گرتبووین و، دڵنیام ئەگەر پارەمان لێ داوا بکردنایە حەقمن درێغیان نەدەکرد (مانگانەی ئیمامی- وادەزانم- ١٨دینار بوو)، بەڵام جگە لە خۆشەویستی و دڵسۆزیی رووحییکە نرخی بە هیچ پارەیەك تەواو نابێ، یارمەتیی ماڵیی ئەوان بریتی بوو لەوە کە کرێی ژوور و پارەی کارەبا(بەرق) و ئاویان لێ وەرنەدەگرتین و تەواو . ئیمامی لەسەرەتادا کە ئێمەی وەخۆگرت ( هاوینی ١٩٥٦) خانوویەکی سێ ژووریی بە کرێ گرتبوو کە خۆی و ژن وکوڕێکی ژنەکەی ( کەریم ) تێدا دەژیان ( کوڕەکەی تری ژنەکەی (عبدالخالق) لە ماڵی پووری لە گەڕەکێکی تری بەغدا دەژیا) . ئەوە بوو ژوورێکی دا بە ئێمە ( ژنی هەژارو من و ئاگری ) . لە پاییزی ئەو ساڵەدا، ئیمامی لە کرێکاریی بانزینخانە خانەنشین بوو و مانگانەکەی زۆر داشـکا، ناچار ماڵی ( لە گەڕەکی "شیخ معروف") گواستەوە شوێنێکی تری هــەرزانتر ( لە گەڕەکی " رحمانیە" ، نێوان "شیخ معروف" و "جعیفر" ) ، ئێمەشــی لەگەڵ خۆیدا برد، لەوێ دوو ژووری بەکرێ گرتن، یەك ژوور بۆ ماڵی خۆی ، یەکیش بۆ ئێمە و بە هەمان شێوەی جاران ( کرێی ژوور و پارەی کارەباوئاومان نەدەدا و ئــەو بۆی - دەدان ) . جگە لەوە، هیچ پێوەندیەکی تری ئابووری لە نێواندا نــەبوو . جەلال تاڵەبانیش لە گوتارێکیدا کە بە تایبەتی دەربارەی هەژاری نووسیبوو، لە ژمارەیەکی رۆژنامەی "خەبات" دا( بە زمانی عارەبی، هاوینی ١٩٥٩ یان ١٩٦٠) ئیشارەت بەوە دەکا کە پارتی یارمەتیی (ماڵی) هەژاری داوە،کە دیاربوو زۆرترئیشارەت بوو بەو یارمەتیەی جێباس . تاڵەبانی بە دەستی خۆی دانەیەکی لەو ژمارەیە بۆ هــەژار هێنا و پیشانی دا و لێی داواکرد دەست بەجێ بیخوێنێتەوە و بیروڕای خۆی دەربارەی پێ بڵێ، هــەژار خوێندیەوە و نــەك هەر ئیعتیرازی نەبوو، بگرە زۆر بەگەرمی سوپاسی کرد . محەممەدی ئیمامی، یەکێکە لە چەند کەسێکی زۆر کەم

ده ژیانی هەژاردا، که هەژار تا سەر چاکەیانی ئینکارنـەکردووە، ئەو" ئیمامی"یەی کە هەژار باسی " خۆ هەڵکێشانێکی بێتام و درۆی زل " ی دەکا (چێشتی ...ل ١٤٦) برای بچووکی محەممەدی ئیمامی بوو، نـەك خۆی (کە چێشتی مجێور جیایان نـاکاتەوە و ئەوەیە کە " هاشم سەلیمی" ی تێدا بە سـەهو بردووە - ئـاوێنە ژ ٣٩و٤٠ساڵی ١٣٧٧ ل ١٦) .

هـەڵوێستی هەژار لە عومەردەبابە نموونەی رەوشتی ئـاسـایی هەژار بوو و، ئەوەی لە محەممەدی ئیمامی بە وێنەیەکی نـاغوونەیی رەوشتی شکایەوە . ئەوەش- بەبیری من- فڕی بە سەر لایەنی وەفادارایی ئەخلاقییەوە نەبوو ( بڕوانە فەسڵی دوای ئەمە : ٦- کەرەناچی ) .

ئیمامی زۆر قسەی زۆرخۆشی هەبوون . بیرەوەریەکانی یەکجار زۆر لە هەر واقیع و مەعقوولێکی سـاردو سڕ خۆشتربوون، خەیاڵی رەنگاورەنگ بوون : چۆن شەڕی چ جندۆکەیەکی کردووە، وەسفی زۆر وردی جندۆکەکە ( رەنگی چاو، درێژیی تووك، پانیی گوێ...) بە شێوەیەك ئەگەر بتدایە بە پۆلیسێکی زۆرتەپۆش،لە ناو هەزار جندۆکەی تردا دەیدۆزیەوە ؛ چۆن " جەعفەر پاشای عەسکەری " بە پەیام ناردوویەتە لای " شێخ مشعل"، کە دیوەخانێکی چەند کیلۆمیتر درێژی هەبووە و- لە جیاتی مێشوولە- پڕ بووە لە دووپشکی باڵدار کە پێیانگوتووە " عقرب طیّار" ... و زۆری تری لەوبابەتە . بەڵام ئەو قسە خۆشانەی بۆهەژاری کۆمیدیایی کە حەزی لە قسەی خۆش دەکرد بەهیچ جۆرێك ئەو پێوەندیە روون ناکاتەوە،خۆکەرەناچی لە ئیمامی قسەخۆشتر بوو و هەژار خۆی لێ دوورخستەوە ( فەسلی دوای ئەمە) .

هەژار دەیزانی پێویستی بە بەکارهێنانی ماڵی ئیمامی دەبێ و، تا دوا رۆژی کە ژن و منداڵی لە بەغدابوون هەر ئەوەی مەبەست بووە، تەنانەت هاوینی ١٩٧٤ ویستوویە هەر بیانخاتە ماڵەکەی خۆیەوە لە بەغداو بە هیوای پاراستنی سەروسامانی خۆی سەری ئیمامی و ژن و کوڕی بە فەتەرات بدا ( چێشتی مجێور ل ٥٥٠) .

" محەممەدی ئیمامی "، بە ئەو هەمووە رەوشتە بەرزەیەوە، ئەویش پێی دە ئەو دنیایەی هەژاری مرۆڤ و دەورو- بەری هەڵنەگوتبوو،هەمیشە هەژار ئەوی بۆخۆی بەکارهێناوەو ئەو هیچ خێرێکی لە هەژار نەدیتووە . هەژار زۆر بە هاسانی دەیتوانی- بەنموونە- هەقی کرێی کە لە رابردوودا لە ژن و منداڵیهەژاری نەستاندبوو،بیداتێ، دوای ئەوەی کەهەژار باری ماڵی زۆر باش ببوو لەکاتێکدا کە ئیمامی بە پارەی خانەنشینی( لە کرێکاری)یەکی نەمر - نەژی دەیبردەسەر. یادت بەخێرو ئەگەر کۆچی دواییت کردووە گۆڕت پڕ لە رووناکی ئیمامیی رەوشت بەرز و، خەجاڵەت هەژاری مرۆڤ و دەروبەری .

هەژار دەکەوێتە بەغدا، عارەبی‌نەزان و بێ‌کار و برسی بە بازاڕدا دەگەڕێ، لێرەدا دەڵێ:

« رۆژێك کابرایەك بەکوردی لێی پرسیم: "کوڕە تۆ چ کارەی ؟". کوتم: "کوردم و غەریبم و زمان نازانم، کارم دەست ناکەوێ". کوتی: "کوردی سابڵاغیت ؟". کوتم: "بەڵێ". کوتی: "منیش سابڵاغیم و جوولەکەم و ناوم یێرمیایە، من کارت بۆ پەیدا دەکەم" (..)

کوتی: "بچۆ تەکیەی غەوسی گەیلانی لە دیوەخانی نەقیب کابرایێکی لێیە ناوی حوسێن کەرەنا- چییە، سابڵاغییە. بڵێ: من یێرمیا ناردوومی بۆ لات، کارم بۆ پەیدا کە". چووم کاحوسێنم دیتەوە. پیاوێکی پیری کەچەڵی قسەخۆش لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، قەلیاناوی دەکێشێ. منیش کەسیف و پیس وچڵکن چووم، کوتم: "یێرمیا ناردوومی". کوتی: "سابڵاغیت ؟" کوتم: "بەڵێ". کوتی" چایێکی بۆ بێنن". هەردانیشتم و هەردانیشتم،کابرا چی نەگوت. پاشان کوتم: "مامە ئەگەر کارم بۆ پەیدا ناکەی، پێم بڵێ". کوتی:" رۆڵە،کار پەیدابووە، تۆش وەك من چەرکرد بیکە و چەم خوارد بیخۆ و خەلاس". لەو رۆژەوە مام حوسێن و ئامینەی ژنی کە هەرتك پیر و فەقیر بوون، بوونە باوك و دایکم لە غوربەت". » ( مامۆستای کورد ژ ١١- ١٢، ل ٧٣-٧٤ )

کاحوسێن و باجی ئامین ( وامان پێ دەگوتن )، بۆ هەژار بوونە دایك و باوك لە غوربەت، بەڵام دایك و باوکی چاك و پڕ لە خۆشەویستی و ئامادەی قوربانی بۆ کوڕیان. تەنانەت کاحوسێن بەهۆی هەژارەوە، جنێوی بە سەرچاوەی بژێوی خۆی، بە نەقیبی‌غەوس داوە: "بەڕاستی نەقیبێکی نامەردی" ( چێشتی...ل ١٢٠). هەژار بە ئەوپەڕی ئازادی‌وەرگرتنەوە، زۆر جار بە ماوەی کەم یا زۆر، بە مەیلی خۆی، لە ماڵی ئەو دایك و باوکە دڵسۆزەی خۆیدا ژیاوە، ئا لە ئەو تەمەنەدا و لەو هەلومەرجەی ئەو غەریبییەدا، ئاوا دوو فریشتە بە دایك و باوك فریای کەوتوون. کاحوسێن هەژاری کردووە بە هاوکاری خۆی و لە برسێتیی رزگارکردووە، نانی هەڤاڵیشی( قزڵجی) بۆ دابین کردووە. کاتێك قزڵجی "منزل السرور" ( "خان"ی مانەوەی لەگەڵ هەژاردا) جێ دێڵێ و دەچێتەوە کوردستان، هەژاردەڵێ:

"وردە کەل و پەلم هێنا ماڵی مام حوسێن "( چێشتی...ل١١٩)،

لەکاتێکدا کەهەمووی مانگێك نەبووە کە کاحوسێنی ناسیوە. کاتێك خاوەن کار(نەقیب) نەیویستووە مانگانە بدا، لە جیاتی ئەوە هەر پارەیەکی کەم( چارەگە دینارێك )ی داوە( هەژار دەڵێ "جێژنانە"، جێژنی چی ؟ هەژار

یەکەم جار ١٩٤٧/٤/٢٣ لە سەرئەوکارە دامەزراوە، یەکەم رۆژی جێژنی رەمەزانی ١٩٤٧ رێکەوتی سێ شەم ١٩٤٧/٧/١٩بووە) کاحوسێن پارەکەی تووڕ هەڵداوە و گوتوویە لەلات نابێ . هەرچەندە هەژار بە نانە زگ رازی بووە، بەڵام کاحوسێن گوتوویە :

" نا، مەترسە ،کارت هەر بۆ پەیدا دەکەم،کاری ئەو خوێڕیە مەکە " ( چێشتی...ل١٢٢) .

کە هەژار دوو مانگێك لە رستورانێك کار دەکا( کە پارتی بۆی دۆزیوەتەوە)،دەڵێ :

" ماڵی مام حوسێن لە رستورانەوە چارەگە سەعاتێك رێ بو، نیوەڕۆیان ناچار دەچومەوە ئەوێ ئاوم بەخۆدا دەکرد و برێك رادەکشام" ( چێشتی...ل ١٢٩) .

کە لە کاری رستوران وازدەهێنێ دیسان کاحوسێن دایدەمەزرێنێ، دەبێتە نۆکەری نەقیبی نوێ (چێشتی... ل١٣١) . هەژار واز لە کاری لای ئەم نەقیبەش دەهێنێ ( هۆی ئەوە شتێك دەڵێ - چێشتی... ل١٣٤ - کە من بەزەحمەت دەتوانم بروای پێ بکەم، من بیرم بۆ شتی تر دەچێ کە دواتر دێمەوە سەر باسی ) . ئەمجا، کاحوسێن کارێکی لای پارێزەرێك بۆ دەدۆزێتەوە . کاتێك هەژار لای وادەبێ کە پارێزەر چیی تر نایەوێ، وازی لێ -دەهێنێ و دەڵێ :

" خۆ هاتمەوە ماڵی مام حوسێن" ( چێشتی...ل١٣٧) .

هەژار جاری تر کە بێ شوێن بووە،دەڵێ :

" ناچارسیپالم بردەوە ماڵی مام حوسێن " (چێشتی...ل١٤٢).

هەژار تەنانەت کە دەبێتە خاوەن دووکانێکی بچووکیش ، دەڵێ :

" جێ خەویشم هەر لای مام حوسێن و دیوەخانی نەقیب بو " ( چێشتی...ل١٤٦).

هەژارکە لە نەخۆشخانەی بحەنەسی لوبنان دەگەڕێتەوە بەغدا، بۆ کوێ دەچێ ؟ ، دەڵێ :

" جێگەی مێردان قون تەندورە"، چومەوە ماڵی مام حوسێن ( چێشتی...ل١٧٢) و بەهۆی دۆستێکی کاحوسێنەوە کارێکی وێنەگریی دەست دەکەوێ ( چێشتی...ل١٧٣) .

جاری تر، لە بێ ماڵیدا دیسان :

"هەر هێندەم بۆ کرا(..) بەوتەنگی نوێژی شێوانە خۆم بە ماڵە مام حوسێن دا کەمەوە"( چێشتی...ل١٧٣) .

ساڵی ١٩٥٣ ( مانگی ٧ ) کە ویستوویە بچێتە سەفەری رۆمانیا و ویستوویە کتێبەکانی لە شوێنێك بەجێ-بهێڵێ ، دەڵێ : " لە بەغدا بە ماڵە مام حوسێنم ئەسپارد" ( چێشتی...ل١٨٨) .

كە لە رۆمانیاش دێتەوە (مانگی ٩ی ١٩٥٣) ، دەڵێ :

" هاتمەوە بەغدا ، وەك پشیلەی پاشا ، راست چوومەوە ماڵی مام حوسێن " (چێشتی...ل٢٠٨-٢٠٩) .

ئەوە كە هەژار جێ مەترسیی نەخۆشی (ی سیل ) وگرتن و راونانی پۆلیس بووە ، تۆزقاڵێك لە داڵدەدان و حاواندنەوەی ئەو دایك و باوكە دڵسۆزەی ( باجی ئامین و كاحوسێن ) ی كەم نەكردووە . هەژار لە " چێشتی مجێور"یدا هەر ئەوەندە باس دەكا ، و لە دوای ئەو " پشیلەی پاشا"یە ( ی مانگی ٩ی ١٩٥٣یە)، ئیتر ناوی حوسێنی كەرەناچی لە " چێشتی مجێور"دا نایەت .

من كە ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ ژنی هەژاردا برامە لای هەژار لە بەغدا ، هەژارگوتی : " بۆ فێربوونی عەرەبی بچۆ ماوەیەك لە دووكانی كاحوسێن بە " . كاحوسێن ئەوسا وازی لەكاری ماڵی نەقیب هێنابوو . ماڵی نەقیب خانوویەكی بچووكی كۆنی پەرپووتیان دابوویە و شوێنی دووكانێكی بچووكتر و پەرپووتتریش كەمێك لەولاتر ،هەرتك بەرامبەر مەرقەدی غەوس بوون لەوبەر شەقامی مەلیك فەیسەڵی دووەم ( كە دواتر لە ١٩٥٨دا ناوی بوو بە شارع الكفاح) . كاحوسێن، دووكانی هی دوو شت بوو: رەسم دە شووشە گرتن و، فرۆشتنی نوقڵی منداڵان ؛ زۆری لێ پەیدا نەدەبوو ،داهاتی لەوەی دووكانی وێنەگریی هەژار كەمتر بوو و پتر نەبوو ،بەڵام خۆی و ژنی زۆر شوكور بوون و هەروهەر پێدەكەنین، كونە پێكەنین بوون . هەمیشە چەندین قامكی هەردوو دەستی، بەڵام زۆرتر دەستی راستی، لە كاتی برینی شووشەدا برینداربوون و بە پەرۆی هەریەكەی لە رەنگێك بەسترا-بوون، كوڕی باجیئامین ژنی هێنابوو وكچێكی هاوتەمەنی منی هەبوو ، ئەوانیش هەر دە ئەو ماڵە بچووكەدا دەژیان و زۆر نازیان دەكێشرا . ماڵیكاحوسێن كەم وادەبوو بێ میوان بێ،نزیكەی هەمیشە غەریب ودەروێش و قەلەندەر ئا دە ئەوماڵە بچووكەدا میوان بوون، ئیدی ماڵ وەكو قوتوویەكی ماسیی ساردین!، بەڵام هەمیشە بە پێكەنین قورمیش كرابێ . مردووش بهاتایەتە ئەو ماڵە لافاوی پێكەنین رایدەماڵی . ئەو هەمووە بێخەمی و ئەوەندە حەوسەلەیە دەگەڵ كوڕو بووك و نەوەو هەژارو من و ئەوهەمووە میوانە سەیرەدا. كاحوسێن بە ساڵان و بە پیری هەمان ئەوكارەی لە غەوس كردبووكە هەژار٤- ٥حەفتەیەك لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا كردوویە(و ئەوفیلمە هیندییەی لێ سازداوە )، كەچی لە قسە و رەفتاریدا هەستی ئەوەی دەدایتێ وەك لە هەموو ژینیدا جگە لە كەیف و شادی و پێكەنین شتێكی دیكەی نەدیتبێ . لەهەرقسەیەكیدا ، چ كوردی چ عارەبی ، زۆرتر وابوو رستەكەی بە"وەدەعت وەلەدی ئل مەییت" (بە عارەبیی بەغدایی واتا : بە سەری كوڕی مردووم) دەست پێدەكرد

(وەکو" وەنەکێ بابەلێ "ی ل١٢٣ ی چێشتی مجێور) و، جاری واش دەبوو پتری لەسەر دەڕۆیشت : " کە بە دەستی خۆم کفن و دەفنم کردووە و ئیدی ..."، ئیتر لێرەدا وادەبوو تکایان لێ دەکرد کە سوێندی وا نـەخوا ؛ دیار بوو هەر تەنیا چەند کەسێکی کەمی زۆر لێ نزیکی دەیانزانی مەبەستی چی بوو، کە منیش زۆر دواتر لە هەژارم بیست (مەبەستی لە کیری بە پیری مردوو بوو) . یەکێك لەو قەلەندەرانەی کە میوانی دەبوون، دەروێشێکی گۆرانیبێژی موکریان بوو کە پێیاندەگوت : دەروێش سمایلی سەرمابردوو( هەژار دە شیعرێکیدا ناوی دەهێنێ :" سەرمابردوو بەدەفەوە هەڵدەخولێ بەسەر سفەوە ") . سەرمابردوو، هەتا لە موکریانەوە بۆ زیارەتی غـەوس بهاتایە، میوانی کاحوسێن دەبوو . لـە یادمە جارێکیان، هـەژاریش لەوێ بوو، ئەو دەروێش سمایلە بە کاحوسێنی گوت : " بە خولای عوسێن ئیدی نایەمە ماڵت، بابم، ئەتۆ منداڵت ئەوەندە نازدارکردووە (مەبەستی کچی کوڕی باجی ئامین بوو)، ئیدی ناوێرم بێم ". کاحوسێن بەو پێکەنینە شیرینەیەوە کە هەزار بار هەنگوین بوو گوتی : " وەدەعت وەلەدی ئل مەییت ئەتۆش سەیری، ئاخر ئەمن منداڵ نازداردەکەم یان ناکەم چ کاری بە تۆداوە ؟ "

- ئەوە ئەتۆ دەڵێی چی عوسێن ؟ بابم، چلۆن چ کاری بەمن داوە، بابم ئەو منداڵە منداڵ نیە، یان دەست بۆ دەفەکەم دەبا یان بۆ قونگم، کەس دە ماڵی ئێوەدا بە منداڵ ناڵێ وا مەکە، بە ژنت دەڵێم ئەومنداڵە دەست بۆ قونگم دەبا، ژنت قا- قا پێم پێدەکەنێ " .

- وەدەعت وەلەدی ئل مەییت ئەوە پێیوابووە قونگی منە، دەنا کێ بێزی دێ دەست بۆ قونگی تۆ بەرێ ؟ .

ئیدی ئەوە حاڵی ئەو دووکانەو ئەو ماڵەی کاحوسێن بوو . من قـەت نـەمدیت جارێك بچنە ماڵیکەس و، هەر خەڵکم دەدیتن دەهاتنە ماڵی ئەوان؛ دڵنیام کە هەژارو ژنی بۆ تاقە یەك جاریش ئەوانیان دەعوەت نەکرد، هەر خۆیان زۆر وادەبوو دەچوونە ماڵیکاحوسێن و هەمیشە بە ئەوپەڕی دڵاوایی سفرە رادەخراو ئەرکیان دەکێشرا .

من لە دەوری سەعات هەشتی بەیانیەوە دەچوومە دووکانیکاحوسێن . باجیئامین نیوەڕوانە بە"سەفەرتاسی" چێشتی بۆ" کـەچەڵ " ! ( وای بە مێردەکەی دەگوت و ئەویش هەر پێی دەگوت " ئامین" ) و بۆ من دەهێنایە دووکان، واش دەبوو باجیئامین دەیبردمە ماڵەوە دەگەڵ نەوەکەیدا یاری بکەم و، ئیتر هەمیشـە لە ماڵەوە شتی خۆشتر هەبوو ( شیربرنج و شەربەت و... ) . نزیکەی ئێوارە، کاحوسێن رۆژانەیەکی دەدامێ و دەیگوت بڕۆوە، لە رێگا ئاگات لەخۆت بێ ( جۆرەها ئامۆژگاری) . من لەو رۆژەوە کە مامە عەبدوڵڵام لە مهاباد جێهێشتبوو، بۆ جاری یەکەم دیسان تامیخۆشەویستیم دەچێشتەوە و هەستم بە موحیبەتی خێزان دەکرد . چوونە کوردستانی

ژێردەستی سووریا(١٩٥٧) ئەو پێوەندیەی بڕی . کە ماڵی هەژار دوای ساڵێك و شتێك هاتەوە بەغدا ، دیسان چوومەوە باوەشی خۆشەویستیی‌کاحوسێن و باجی ئامین ؛ بەڵام ئەمجارەیان هەمیشە هەرخۆم بە تەنیا، چونکە هەژارو ژنی بەتەواوی و بەیەکجاری پێیان لێ بڕین و ئیدی ببڕای - ببڕای تاقە یەك جاریش پرسیارێکیان بکەن یان سڵاوێکیان بۆ بنێرن . من بە رێکوپێکی دەچوومە لای کاحوسێن و وادەبوو تەواوی رۆژ لە ماڵەوە لای باجی ئامین لەگەڵ نەوەکەیدا یاریم دەکردو، دیارە هەمووجارێکیش کە دەچووم ئیزنم لە هەژارو ژنی وەردەگرت و، کە دەهاتمەوە کاحوسێن و باجی ئامین سڵاوی‌گەرمیان پێدا دەناردم و منیش دەمگەیاند ؛ هەژارو ژنی وەکو هەر نەیانبیستبێ، هیچ قسە و کاردانەوەیەکیان نەبوو . تەنانەت کە باجی ئامین زۆر نەخۆش کەوت، ئەوساش نە هەژارو نە ژنی، نە سڵاو و نە پرسیاریان نەنارد . باجی ئامین کۆچی دوایی کرد ،گۆڕی پڕ لە رووناکی، من زۆر گریام، بەڕاستی بۆ من کۆست کەوتن بوو ، هەژارو ژنی نە بۆ پرسەی چوون و نە بە منیشدا سەرەخۆ-شیەکیان بۆ کاحوسێن نارد. بە مردنی باجی ئامین،کاحوسێن پەکی‌کەوت، پێکەنین نەما ، وەدەعەت وەلەدی لەبیرچۆوە و، هێزی کاریشی نەما ، دووکانی گاڵە دا و، لە ماڵ لێی‌کەوت، بەزوویی کوڕو بووك و منداڵیش رۆیشتن وازیان لێ هێنا. ئەوسا رۆژێك (پایزی ١٩٥٨) هەژار گوتی بڕۆ لای کاحوسێن جانتایەکی پڕ لە کاغەز و دەفتەرم لای هەن بیانهێنەوە . چووم، کاحوسێن لە جێگا هاتە دەرو بە زەحمەتیەکی زۆر گەیشتە دووکان و دەرگای دووکانی کردەوە و دوای هێندێك خرتە خرت، جانتای شاردراوەی دۆزیەوەو دایە دەستم و، ئیتر دووکانی گاڵە دایەوە و، بە ماندوویییەکی زۆر گەڕایەوە ماڵ . جانتاکە وەك ئەوانە بوو کە خوێندکار بۆ خوێندگەی دەبەن ، نەمزانی ئەو جانتایە لەکەیەوە لەوێ بوو و بۆچی تا ئەوسا هەر لەوێ مابۆوە . رۆژێکیان، کە چوومە سەردانی کاحوسێن ، کاحوسێن لە ماڵ نەبوو، ماڵ داخرابوو و ئیتر کاحوسێن نەما . جارێکی تر پرسیاری هاوسێکانیشم کرد ، ئەوانیش گوتیان کە لێی بێ ئاگابوون، منیش عەقڵی ئەوەم نەبوو بچم لە خەستە-خانەکان یان لە مەرقەدی غەوس پرسیاری بکەم، ئیتر ئاگام لێ بڕا، تا رۆژێکی ناوەندی ساڵانی شێستەکان وریای کانی‌مارانی جارێك هاتە ماڵی هەژارو دەنگوباسی کاحوسێنی داینێ ، گوتی : " ماوەیەکی زۆر لە خەستەخانەو زۆر پەرێشان بووە و، زۆریش خەمی نەدیتنی ئێوەی خواردووە" . هەموو کاردانەوەیەکی هەژار ئەوەبوو کە - بە سەر خوراندنەوە - گوتی : " وایە ئیدی ، پیاو کە پیر بێ دەشمرێ " .

هەژار،لە ١٩٥٨ەوە،وا دیاربووکە ئیتر پێی وانەبوو چیتر کاری بە کەرەناچی دەبێ،ئەمجارەیان - بە پێچەوانەوە - مەگەر کەرەناچی کاری بە هەژار هەبوایە، ئەوە نەك هەر کات بە فیڕۆدان بوو، بگرە دەکرا پارەشی تێ بچوایەو،

مرۆڤێك كە بیەوێ بە پەیژەی كۆمەڵایەتیدا هەڵگەڕێ، بۆی ناكرێ ئەوەندە سەیری پلەی پێشتر بكات . كاتی بۆ هەمووكەس و بۆ شتی عاتیفی نامێنێ . هەژارێكی كە بە مناسەبە و بێ مناسەبە تا دێڕێك شتێكی دەرەوەی گاڵتەو گەپ و جنێو و فشقیات باس دەكا پازدە دێڕ لەوانە ریز دەكا، تەنانەت بۆ ئەوانەش بەلای شتی وەك " وەدەعت وەلەدی ئل مەییت" و قونگ و دەفەی سمایلی سەرمابردوودا نەچووە ؛ لە شوێنێكی زەماندا، كاحوسێنی لە زیهنی بە بڕین بڕیوە، لە تۆماری كۆمپیوتەری مێشكی سڕیوەتەوە .

رۆژێك لە ساڵی ١٩٦٢دا ، بروسكە( تەلگراف )یەك بە ناوی پێشتری ناسنامەی هەژار( عەزیزقادر) بۆ حكومەتی قاسم لە دژی بارزانی لە رۆژنامەیەكی بەغدادا بڵاوكرایەوە . هەژار ئەو رۆژە بە سەفەر چووبووە كەركووك لای زەبیحی، زەبیحی ئەوساكە پیاوی برایم ئەحمەدو بەرپرسیاری حیزبیی كەركووك بوو . هەژار لەسەرەتادا لای زۆركەس گوتبووی كە ئەو تەلگرافە دەستی برایم ئەحمەدی تێدابووە ( من خۆم ئەوەم لە خۆی و لە " رەشاد باڵەتە" و لە" حافزمستەفاقازی"یش بیست )، كەچی دوایی - وەك لە چێشتی مجێوریدا نووسیویە - دەیگوت كە محەمەدتەوفیق وردی ئیعتیرافی لا كردووە كە ئەو ئەوكارەی كردووە، ویستوویە بەوە سووكی بكاو ئابرووی بەرێ . ئێ وەڵامی هەژار لە ئاست ئەوەدا چیبووە؟، هیچ،" لێی خۆش بوم و بوینەوە برادەری جاران " ( چێشتی...ل٣٥٩) . برادەر؟ یانی چی ؟ .

جاری تر :

" رۆژێك سەعات یەكی پاش نیوەڕۆ ، وردی دەگەڵ لاوێكی كۆیی هاتنە ماڵ، بەسەر ناندا كەوتن، ماسی و برینجمان هەبو . لای زۆركەس گوتبوی : هەژار جاسوسی ئەمریكایە ، دەنا چۆن وا بورژوایانە دەژی هەمو رۆژ ماسی و برینج بخوا ؟!!! " ؛

كاتێك هەژار پرسیاری لە وردی كردووە ، وردی نكوڵی لێ نەكردووە و گوتوویە :

" بە خوا كاكە زۆرم خۆش دەوێی،گوتم ئەگەر بڵێم جاسوسە خەبەری لێ نادەن و نایگرن"!( هەمان سەرچاوە)، چەندی بە چەندی ؟ .

هەژار ئەوكردارانەی وردیی دەربارەی خۆی زۆر لە ناو خەڵكدا باس دەكردو، دەیگوت :

" شەرەفەكانی وردیی ماكەر هەمووی دوو تەقەن، هەمیشە دە قسەكردندا دەڵێ : " بە شەرەف - بە شەڕەف"، یەكەم بە " ر "ی لاواز و دووەم بە " ڕ " ی قەڵەو،جا یەعنی : " تڕ"!، بەڵام دیسان ئێمە هەر برادەرین" .

هەژار دەڵێ مەلا عەلی كولتەپەیی" جاسوس " بووە و ویستوویە ئەو و زەبیحی بەگرت بدا ، ئێ وەڵامی هەژار چی بووە ؟ ، هیچ ، و مەلاعەلی

" لۆر لۆر بە زمانی لوس خۆی كردەوە برادەرمان " ( چێشتی...ل٢٨٢) .

برادەر ؟ یانی چی ؟ .

هەژار،کە کاری بە کەرەناچی نەما ئیتر پێوەندیی لێبڕی، ئەوە پیاو بۆی دەچێتەوە سەریەك، بەڵام ئەی بەرژەوەندی لای جاسووسی کە ویستوویە بەگرتی بداو،لای کەسێکی نانی دەخوا و لە نێو خەڵکدا جنێوی پێ دەدا و بەنێوی ئەوەوە لە رۆژنامەدا جنێو بە بارزانی یش دەدا، چیە ؟

من کە دەڕوانمە پرەنسیپە ئەخلاقیەکانی کە هەژار بە ئامۆژگاری بۆ خانی شەرەفکەندیی تۆمارکردوون(چێشتی مجێور، بە تایبەتی پێشەکیەکەی)، وەڵامی ئەو پرسیارەمی تێدا نابینمەوە :

> "هەر کەسی دیتت وا بزانە دوژمنتە (..) دۆستێکی رواڵەتیش- با بشزانی بەدڵ دەگەڵت نیە - بە تورەبون لە خۆتی مەرەنجێنە، لەوانەیە زیانت لێ بدا ، بەڵام کەم - کەم خۆی لێ بدزەوە و کارێك مەکە بیێتە دوژمنت . هەزار دۆست کەمە و دوژمنێك زۆرە " (چێشتی...ل٦)،

ئیتر ناڵێ : ئەگەر بە ئاشکرا دوژمنایەتییان کردی و جاسووس بوون و ویستیان خۆت و هەڤاڵت بەگرت بدەن و بە ناوی تۆ بروسکەیان بۆ دوژمن نارد تێدا جنێویان بە شوڕشی کوردو سەرۆکت دا، لەگەڵیان ببەوە بە " برادەری جاران " یا " لۆر لۆر بە زمانی لوس" خۆیان بکەنەوە برادەرت . ئەمە لای من ئەوە دەگەیەنێ کە هەژار لەو ئامۆژگاریانەیدا بە تەواوی پرێسکەی دڵی بۆ خانی نەکردۆتەوە، تەنانەت نیوە یا چارەگیشی نەکردۆتەوە .

ئەوە کە دەربارەی وردی دەڵێ " دەمزانی عەقڵی تۆزێك پارسەنگی دەوێ "، یان " کولتەپەیی لۆر لۆر زمانی لووس بووە" ، من ئەوانەش بە هیچ بردنەوە سەر یەکێکی مەنتیقیی ئەو رەفتارەی نابینم .

بردنەوە سەر یەکی ئەوە، بەبیری من ئەوەیە کە لە فەسڵی ١٦( هەژارو دوو دێو) دا روونی دەکەمەوە .

ئێوارەیەکی هاوینی بەغدا، لەگەڵ هەژاردا لە عیادەی دکتۆر نوورەدین فەتووحی‌یەوە دەهاتینەوە، بەو شەقامەی رەشیدی بەغدادا، کە ئێوارەی هاوین ئەوەندە پڕی خەڵکە دەرزیی تێدا هەڵاوێی وەزەوی ناکەوێ، پیاو زۆر بە زەحمەت رێی خۆی تێدا دەکاتەوە. سەیرم کرد پیاوێکی پیرو زورهانی قیافە بچووك و زۆر کەم پێوە ماو، ئەوەندەی پارووی پشیلەیەك، بە شکڵی جیکڵ وبیکڵ لەوسەرەوە دەهات؛ هەژار" مەرحەبا ئوستاد"-ێکی پێ‌گوت و، ئیتر هیچ کامیان یەك سانیەش نەوەستان و، هەرکەسە رۆیشتنی ئاسایی خۆی درێژە پێ‌دا وەك هیچ نەبووبێ؛ بەڵام جیکڵ وبیکڵ، لە جیاتی وەڵامی مەرحەبایەکەی هەژار، هەروەك رادیۆ بێ و بەو مەرحەبایە کرابێتەوە، بەدەم رۆیشتنەوە لەو رێیە پڕ لە خەڵکەدا کرایەوە: " ملّا جميل بندي الروزبياني ... الخرياني ... الخصياني..." و ئیتر تا بە هۆی دوورکەوتنەوەوە دەنگی دە ئاسۆدا ئاوا بووە هەر دەنگی جنێوی هاتووە کە بە مەلا جەمیلی داوە: " الطيزياني...العيرياني..." و... چی و چیانی. من بەتەواوی لەم دیمەنە سەرم سووڕما. هەژار گوتی: " ئەوە زۆر دۆستی مەلا جەمیلە! ،ئەوە مێژوونووسی بەنێوبانگی‌عیراق "عەبدوررەززاق حەسەنی"ی دانەری " تاريخ الوزارات العراقية" " یە، فرسەتیەتی مەلا جەمیل لێرە نیە ... ئیدی بەدڵی خۆی جنێوی پێ‌دەدا، دەنا بە مەلا جەمیلی سەرسەری ناوێرێ، مەلا جەمیل حەشرێکی پێ‌دەکا نەبێتەوە ". ئەوجا هەژار باسی یەکەم دیداری ئەو دوو..." مێژوونووسە "ی گێڕایەوە، گوتی:

« رۆژێك لە دووکانی بەشیرمشیر دانیشتبووین ،کوردێك لەبەردەم دووکانی بەشیر پەیدابوو، زۆر پەشۆکابوو ،دیاربوو گرفتییەکی هەبوو و لە یەکێك دەگەڕا بەڵکو یارمەتیەکی بدا ،ویەکێك دووکانی بەشیری پیشان دابوو. مەلا جەمیل لێی پرسی: " ها ، چیە ؟ " ، کابرا گوتی: " وەڵڵا کارێکم کەوتۆتە لای عەبدوررەززاق حەسەنی لە ئیدارەی مەدەنیی وەزارەتی دیفاع (ئیدارەیەکی وا هەبوو)، و واسیتەیەکم دەست ناکەوێ ئەم کاغەزەم بۆ بەرێ بۆ ئیمزا بکا . مەلا جەمیل هەر کوردێکی وای لە بەغدا بدیایە ، بیناسیبا یا نەیناسیبا ،هەوڵی دەدا یارمەتیی بدا، گوتی:" من بە شەخسی نایناسم ، بەڵام ئەوە مەسەلەیەك نیە ، وەرە لەگەڵم ،کارەکەت هەر بۆ پێ جێ بەجێ دەکەم ". مەلا جەمیل ( بە جوببە و عەمامەوە ) کابرای دووی خۆی خست و چوونە ئیدارەکەی حەسەنی، ئیدارەکە ژوورێکی زۆرگەورە بووە ، حەسەنی خۆی لە سەرووەوە لە پشت مێزێکی گەورە، دوو- سێ تەلیفۆن لەبەردەم ، لەولاشەوە چەند کارمەندێك هەریەکە لە پشت مێزێکەوە

خەریکی کاری خۆیەتی . مەلا جەمیل کە دەزانێ ئەوە حەسەنی‌یە، هەر لەبەر دەرگاوە بەدەم رۆ-یشتنەوە، بەو دەنگە نێر و زەبەلاحەی کە دەڵێی حەجاجە و خوتبە بۆ خەڵکی عیراق دەدا، هاوار لە حەسەنی دەکا( دیارە بە عارەبیی بەغدایی) :" کوڕە حیز !، ئەو رۆژە کە کوڕەکەت لە ژێر دار-خورماکەدا گا و پارەت نەبوو بیدەیەی، یەخەی گرتبووی و نەتدەزانی چ بکەی،من پارەم بە قەرز دایتێی کە بیدەیتێ و رزگارم کردی، بۆچی قەرزت نادەیتەوە ها ؟، بۆچی قوونی منداڵان هەروا بە خۆڕاییە ؟ " . کارمەندەکان هەموو بە یەکجار دەستیان لە کار دەکەوێ و چاو دەبڕنە سەرو قیافەی مەلا جەمیلەوە، بەو جوببە و عەمامەوە و،باسێکی بەو تەرزە لەگەڵ حەسەنی‌دا، حەسەنی لە سەرەتادا سەرو دەست و لاقی دەکەونە لەرز و هێندێکی پێ دەچێ تا دەتەقێتەوە :

ـ ئاخر هەی سەرسەری، سەگی سەگباب، گەوواد، دەتناسم ؟ ، دەمناسی ؟

ـ چۆن ؟ مەگەر تۆ نووسەرو مێژوونووسی سەرسەری و بێ‌ناموسی عارەب" عبدالرزاق الحسنی" نیت ؟ منیش نووسەر و مێژوونووسی سەرسەری و بێ‌ناموسی کورد " ملّا جميل بندی الروزبیانی "، ها ئەمە ئیمزا کە حیز ! ، چایەکیشم بۆ بانگکە تا قەرزەکەت دەدەیتەوە ! » .

کەچی مەلا شکور- رۆژێکیان کە باسی نێوانی ئەو دووانەی دەکرد- دەیگوت : " نا ، حەسەنی زۆرچاك تۆڵەی خۆی لێ کردۆتەوە " ، و ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە :

« جارێك، مەلا جەمیل و حەسەنی هەرتك لە وەفدێکدا دەچنە بەرلینی رۆژهەڵات ،کاربەدەستانی ئەڵمانی رۆژهەڵات هەموو رۆژێ وەفدەکەیان بە شەقام ومەیدانەکانیاندا دەگێڕن : ئەمە شەقامی مارکس، ئەمە پەیکەری فڵانە شاعیر ، ئەمە مەیدانی فڵانە موسیقار ، ئەوە تابلۆی فڵانە هونەر-مەند ، ئەمە مەیدانی چی و ئەوە پەیکەری کێ و ئەوە شەقامی کێ... . ئەندامانی وەفد ،کە هەموو بە خەیاڵی لووسکەی سوورو سپیی ئەوروپایی و قەحبەبازی رەگەڵ کەوتوون،لە داخانا رووحیان دێتە سەر لووتیان ، دەکەونە پرتەوبۆڵە ، ( بە عارەبیی بەغدایی) لەبەرخۆوە جنێو دەدەن : " دەی ئەمە پەیکەری چ گەووادێکە؟ ئەوە شەقامی چ پوشتێکە؟و...ئەمە مەیدانی چ کوڕی مەیدانێکە؟" ( "مەیدان" لە بەغدا ناوی شوێنێکە کە ساڵانێکی زۆر قەحبەخانەی لێ بووە ) و ... لەو بابەتە .

مەلا جەمیل بەیانیەك لە جێگا نایەتە دەرەوە، دەڵێ :" وەڵڵا زۆر نەخۆشم و سەرم دێشێ و ناتوانم

ئەمڕۆ لەگەڵتاندا بێم ، بۆخۆتان بڕۆن " . کە ئەوان دەڕۆن ، لە جێگا دێتە دەرەوە و دەچێتە لای ئەسانسۆرەکە و، دەیەوێ کرێکاری ئەسانسۆرەکە تێبگەیەنێ کە لەگەڵیدا بچێتە ژوورەکەی ، و کرێکار لە مەبەستی ناگا،هەروا لە هەوڵی خۆیدا دەبێ کە دەبینێ وا یەکێك لەدواوە (بە عارەبی) هاواری لێ دەکا : " ها ولەك هتلی سەوویّتەهە ؟ " ( هـا هـەتیوە نـاپەسندە ئەو کەتنەشت دا ؟ )، سەیر دەکا:عەبدورڕەززاق حەسەنی .( تۆمەز حەسەنی لێی تێگەیشتووە کە بە نیازێك بە درۆ خۆی نەخۆش کردووە،ئیتر دەمێنێتەوە و لە سووچێکەوە خۆی لێ‌دەگرێ بزانێ مەلاجەمیل چی بەدەستە-وەیە ) . مەلا جەمیل شێت و هار دەبێ، دادەبەزێتە سەر حەسەنی بە جنێوان :" قەحبەباب،گەوواد، حیز، بۆچی ناچیە سەیری پەیکەری باوکت ؟ شەقامی دایکت ؟ مەیدانی دایکی دایکت ؟ چیت لە من داوە ؟ " » .

دەبێ هەر دوای ئەو یەکەم دیدارە مێژووییەی ئەو دوو" نووسەرو مێژوونووسی سەرسەری و بێ ناموس"ـە-ی کە باس کرا- بووبێت، ئیتر ئەڤینی دنیای شەڕەجنێوی خوێندەواران حەسەنی‌یشی کێشـابێتە کۆڕی دووکانی بەشیرمشیرەوە، کە مەکۆی خوێندەوارانی ناوداری کورد بوو لە بەغداو،بەشێك لەوانە ئەهلی شەڕە جنێوی زۆر خست بوون . کاتێك کە لە نووسینێکی حەسەنی‌دا، کە دەربارەی یـەزیـدیەکان بوو، ئەوەم بەرچاوکەوت کە گوایا نوێژێکی یەزیدیەکان دە کتێبی پیرۆزی ئاینیاندا دەڵێ " خودایا کـوردستان بپارێزە و رووی تۆپەکان بکە عارەبستان و وێرانی کە ! "، گوتم تۆ بڵێی ئەوە بەرهەمی دووکانی وەستابەشیر نەبێت ؟.

تێگەیشتنی زەمینەی ژیان و پێوەندیی نێوان مرۆڤان،دەکرێ بۆ راوەستان لەسەر (نـا)مەوزووعیەتی بەرهەمی ئەو مرۆڤانە گرنگ بێت . ئەوە دەبێ تەنانەت لە کۆمەڵگای زۆر پەرەسـەندووشدا رەچاوبگیرێ چ جای لە بەرهەمی نووسینی‌کۆمەڵگایەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە نووسینی مەوزووعی تێدا زۆر بەدەگمەن وادەبێ لەگەڵ پێوانەی" ناموس و شەرافەت" دا بگونجێ، زۆر دەکرێ بە" خیانەتی نیشتمانی/ نەتەوایەتی،یا خزمەت بە ئیمپریالیزم، و لە وڵاتانی عارەبدا خزمەت بە زایۆنیزم " دابنرێ . تەنانەت لە موحیتی نووسینی وڵاتی وەکو- بڵێین- میسر یا لوبنان دا،کە هەنگاوی زۆر لەوەی کوردستانی پتر ناوە، وەهایە، هێشتا لەو رۆژە نزیك نەبۆتەوە کە نووسەرێك بە شێوەی " رۆسۆ" یەکی سەدەی هەژدە ئیعتیرافاتی خۆی بنووسێتەوەو بڵاوبێتەوە .

شەڕەجنێوی گـەورەپیاوانی کورد ، زۆر شێوەی هەبووە . هەندێ جار لە سنووری هەر بە خۆشەویستی جنێودان

دەرچووەو،حەقەن وا بووە ئەوە دە نووسیندا رەنگی داوەتەوە . نەك هەر دە نووسینی سیاسیدا کە پڕە لە درۆی شاخدارو جنێوی باڵدار، بەڵام لە نووسینی تریشدا. چونکە کە مەوزووعیەت دە فەرهەنگدا لە رووی ئەخلاقیـ-یەوە قەبووڵ نەبوو،دیارە- چاری ناچار- شتی تر نووسین پردەکاتەوە . زۆرشت لە فەرهەنگی پێکەنینی کۆڕی دووکانی بەشیردا رووی دەدا(کە هەر دامەزرانیکۆڕەکە - خۆی لە خۆیدا- بەرهەمی گاڵتە و پێکەنین و فشقیات بوو بە دەوری شەخسیەتی مەسـخەرەی بەشیرەوە ) ، بە نموونە لەکۆڕدا بە درۆ بە مەلا جەمیلیان دەگوت : " ها هەر ئێستا وردی لێرە بوو دەیگوت کە ئەو تۆی گاوە " ؛ مـەلاجەمیـل : " کوا ئەو حیزە بۆکوێ چوو ؟ بەشەرەفم هەر ئـەم بەیانیە گاومە " ؛ وەڵڵا ئەوەتا هەر ئێستا چووە ئەم ئوتێلەی پەنامان ؛ مەلاجەمیل بـە پەلە پەل هەڵدەستا و بۆ ئوتێل : "کوا ئەو حیزە ؟ " ، دەچوو لە" ئەو حیزە ! " بگەڕێ تا هەمەوو بزانن کێیە کێی گاوە ؛ کۆڕ دە فڵقوهۆڕی پێکەنیندا دەنگی بە ئەوبەری شەقام دەگا، نـە وردی شتی وای گوتووە و نـە لە ئوتێلە و نـە هیچ ، ئیتر هەر بۆ رابواردن و زاخـاوی مێشکی گـەورەپیاوان و هیچی تر. تا بەوە کە هـەژار زۆر بە گەرمی بە چاوداگرتن و برۆ هەڵتەکاندن و دەست بۆ کیری خۆ بردن ( لەبەر چاوی ئەو گەورەپیاوانەی تر) رووی لە عیزەدین مستەفا رەسووڵ دەکردو ئاگری دەروونی گەڵی خۆی بۆ دەردەبڕی .

لە فەرهەنگی عـەیب بوونی مەوزووعیـەتدا ، دەکرێ شەڕە جنێو لە کۆڕێکی وەکو ئەوەی دووکانی بەشیرەوە راگوێزرێتە ناو پەڕی رۆژنامەوگۆڤارەوە (وەك بەکارهێنانی شیعری شێخ رەزا بۆ ئەو مەبەستە)، یا راگوێزرێتە ناو پەڕی کتێبەوە،کە حەقەن نموونەش بۆ ئەوە لەبەرچاو هەن :

دکتۆرعیزەدین مستەفا رەسووڵ کتێبی" ئوستاد" ێکی نووسیوە، کە گوایا چیرۆکەکانی بەشیری تێدا تۆمار-کردوون، یەکەم چیرۆکی کەکتێبەکەی پێ دەست پێکردووە بریتیە لە جنێودان بە هەژار ،گوایا بەشیر بە هەژاری گوتووە : " ورگ زلی گاگو (..) ئێ.ئێ. قوزڵقورت . ئەوە بەسە بچۆ بیکە بە شیعرێ بە موناسەبەتی نەخۆشیی هەردووکمانە و بۆ هەردووکمان". (کە هەژار شیعرەکەی بۆ نووسیوە)، " گۆران-ی مەزن دەربارەیان دەیووت : ئەرێ بۆخۆی بۆچی شیعری وا نانووسێ" (ل ١٠-١١) . دە لەکاتێکدا کە بەشیر جنێوی بە دەستەیەك لە خەڵك دەدا ،بە ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستی دەستەیەکی تری دەدواند. لە دەستەی یەکەم کە جنێوی پێ دەدان : مارف خەزنەدار، عیزەدین مستەفا رەسووڵ ، جگەرخوێن ،گیوی موکریانی، حەبیب میرانی ؛ لە دەستەی دووەم کە جێی ئەوپەڕی رێز و خۆشەویستیی بەشیر بوون : جەمال نەبەز، کامیل ژیر، رەفیق حیلمی، هەژارو زەبیحی .

ژمارەکانی دە ساڵی گۆڤاری گەلاوێژ،لە دە بەرگدا، تەنیا بەرگی یەکێ لەوساڵانە سێ ژمارەیەکی تێدا کەم بوو،

ئەوانیتر تەواو بوون، هەموو ژمارەکانی هەرساڵە دە بەرگێکدا، کە هەژار هەیبوون، دیاریی بەشیرمشیر بوون، هەژار دەیگوت ئەویش بەناوی سوپاسکردن پارەیەکی کەمی داوەتێ. من ئاگادار نیم قەت وەستا بەشیر هیچ کتێبێکی دابێ بە کەس، ئەوەندەی من بزانم هەرخەڵك بوون کە دەبوو کتێب بدەن بەو و چیرۆکیش لەو رووەوە هەن ( کە کتێبی خەڵکی بۆخۆی فرۆشتووەو لەجیاتی پارە جنێوی بە خاوەن کتێب گەیاندووە)؛ " زەبیحی"یشی جارێك بە" عولەما" ناو بردبوو ( لە وەڵامی هەژاردا ،کە هەژار جارێك زەبیحیی بە " کەر" ناوبردبوو، وەستا بەشیر هەڵیدابوویە:" نـە ئەمە تۆ ئەوە ناناسی، ئەوە عولەمایە حەوت زمان ئەزانێ " ، ئیتر لەوساوە " عولەما" بوو بە یەکێك لە ناوەکانی زەبیحی و زۆر کەس هەر بەو ناوەیان دەناسی : مامۆستا " عولەما" . مـەلا جەمیل هاوینی ١٩٦٥ کە زەبیحیی لە ماڵی یەکێك لە ساواکیەکان (سەرداری داود بەگی جاف لە کرماشان ) دیتبوو پێی گوتبوو " ها عولەمێ " !) .

ئەوجنێوانەی لە سەرەتای ئوستاددا بە هەژار دراون هیءعیزەدین خۆین و فریان بە بەشیرەوە نیە،کە لەسەر بەرگی " ئوستاد" ئەم عیبارەتە دەخوێنینەوە:" لەسەرئەرکی دۆستی خۆشەویستی مامۆستابەشیر مام جەلال چاپکراوە"، جنێودانی بە هەژار پتر روون دەبێتەوە . دەڵێن کە مەلاجەمیل لە بەغدا لە وەڵامی ئەو " ئوستاد"ەدا شتێکی نووسـیوەو بڵاوکردۆتەوە، تێدا هەژار جنێوی بە " عیزەدینی حیز! " داوە . دەبینی کە شەڕە جنێوی دووکانی بەشیر درێژەی هەیە و جۆرەها لق وپۆپی دەرکردووە . ئێ خۆ عیزەدین "رۆسۆ" نیە،ئەزموونی خۆی لەگەڵ چەند نێربـازی وەکو مەلاجەمیل و هەژارو زەبیحیدا بڵاوبکاتەوە،نـە، بە جۆرەها شێوە داخی خۆی دەردەبڕێ، چونکە پـێـوەندیی جـنسـیی نێوان پیاوو پیاو لەو قۆناغەی فەرهەنگی ئەو مەڵبەندەدا دیارە زۆر لەوەی هـاوفەردانی ئـەوروپاییان ئاڵۆزتر دەکا ( من دواتر لەشوێنی تردا دەگەڕێمەوە سـەر ئەم باسـە) . من هەرچەندە بەڵگەیەکی دادگاییم نیە، بـەڵام زۆر بەسەیری دەزانم هەژار عیزەدینی نـەکردبێ، من دواتر بە فەسـڵێکی سەربەخۆ باسی نێوانی هەژارو عیزەدین دەکەم .

" چێشتی مجێور"ی هەژاریش بۆ درۆ ودەلەسەو بوختان هەڵبەستن بەهەمان شێوەی" ئوستاد"،لە " ئوستاد"ی کەمتر نـەکردووە . ئەمە فەرهەنگی نووسینی ئەم قۆناغەی کوردە، مەوزووعیەت تێدا لە رووی ئەخلاقییەوە قەبووڵ نیە ( دژی پێوانەی نامووس و شەرافەتە،خیانەتە)، لەبەرئەوە نووسەر- چاری ناچار- ئەم جۆرە رێگایانە دەگرنە بەر. من دواتر هەوڵ دەدەم ئەوە لە" چێشتی مجێور" و نووسینەکانی تری هەژاردا دەستنیشان بکەم .

ئەبونواسی شاعیری مەزن ، هەموو ئەزموونی مێرمنداڵیی خۆی لەگەڵ شاعیرانی نێربازی " بێنامووس و

سەرسەری"ی وەك" خلف الاحمر"و"والبعبن الحباب"و"الحسین بن الضحاك"دا بە تاقە نیو بەیتشیعر بڕیوەتەوە: "و خضتُ بحوراً من المنكر ". " المنكر " ( سەدان و سەدان چالاكیی جنسی دەگرێتەوە ، بەچەندین و چەندین شێوەی دوویی و دەستەجەمعی و چۆن و چۆن ) ،كە ئەمڕۆ یا لە داهاتوو ئیتر بۆتۆژینی جۆرەها لۆجی ( سایكۆ/ سێكسۆ/ سۆسیۆ...لۆجی)و داڕشتنی بەشی جنسی دە ڕۆمانی مێژوویپیدا و دنیای فیلم و تابلۆو شیكردنەوەی ئەدەبیپیش بۆ زۆر كەس دەكرێ زۆر مەبەست بن . " المنكر" لای نووسەری كورد تەنانەت بە تاقە نیوبەیتیش ئاماژەی پێ نــاكرێ، چونكە نـووسـەر ئیلتیزامی بە فەرهەنگینەتەوایەتیی خۆیهەیە . لەجیاتی باسكردنی مەوزووعیی- بلێین- كێشە جنسیەكانی خۆی و یا خێزانی... ئیدی ، یان هەر دەمیخۆگرتن و خۆ لێ نەناسكرد- نیان، دەچێ جۆرەها چیرۆك هەڵدەبەستێ و هەمووشی دە قالبی -گوایا- ریز پیشـانداندا :

" كاكە( خانی)ی كوڕی مامۆستا هەژاری نەمر!!" ( دوا لاپەڕەی ئوستاد یا یەكەم لاپەڕەی؟ - من فۆتۆكۆپیەكیم هەیە كە ڕەنگە زنجیرەی لاپەڕەكانی هێندێك شێوابن و ئەو لاپەڕەیە ژمارەی لەسەر نیە) و لە چوارچێوەی هێنانی " مام جەلال " بۆ ناو دنیای " كارێكی ئەدەبی" دا، ئەمانە هیچیان لە فـەرهەنگی ئـەمڕۆی نووسینی كورددا عەیب نیـن ، لـە كاتێكدا باسكردنی ئـەزموونی جنسی، ئـەوحـەقیقەتە گرنگەی ژیانی مرۆڤ، عەیبە (١٨٠ دەرەجە بە پێچەوانەی فەرهەنگی ڕۆژئاوا( بەتایبەتی لەدوای دەسەڵاتداریی چینیناوەندیەوە) ،كە حەسساسترین ئەزموونیشەخسی تێدا ،گرنگترینكەرەستەی تۆژینی باسی مرۆڤ و تێگەیشتنی دەروونی تاك وكۆمەڵگاو زۆرو زۆر باسیگرنگ پێكدەهێنێ)، هیچ ئەزموونگە( ئازمایشگا ،لابراتوار)ێك نیـە كە وەكو ژیانی جنسیی مرۆڤ پێكهاتنی ڕەوانیی مرۆڤ ڕوون بكاتەوە؛ لێك هـەڵاواردنـی : نـیفاق و حـەقیقەت، ئـەعسابی قـایم و لاواز، میسـالیەت و خۆپەرستـی، چـاكەكاری و خراپـەكاری ( بە هەر پێوانەیەك )، سـاغی و جۆرەها نـەخۆشی، و... لیسـتـەی زۆر دوورو درێژی بەراوردان لە ئەو ئەزموونگەیەدا ساغدەبێتەوە .

كاتێك لە دەنگوباسی ڕادیۆیەكەم بیست كە "مامۆستا مەلاجەمیلی ڕۆژبەیانی لە بەغدا لە لایەن كاربەدەستانی ڕژیمەوە شەهیدكراوە"، زۆر پێكەنیم . هەرچەندە كوژرانیكەسێك دەبێ هەستیتر بجوڵێنێ نەك پێكەنین،بەڵام ئیتر مەلاجەمیل"كەسێك" نیە . پێكەنینەكەم بەهۆی وەبیرهاتنەوەی هێندێك لە دنیای جنێوی مەلاجەمیل بوو، كە گوتم دوور نیە هەر ئەوە سەری خواردبێ :

" مەلا جەمیل، سەردەمێك لە تاران ، بە هەموو كەسێكی دەگوت :" تركمن " ( یا روو بە روو یا پاش- ملە،بە گوێرەی وەزع )، خۆ ئەگەر بانگی لەكەسێك بكردایە بەبێ ئەوە ناوی بزانیایە حەقەن دەیگوت : " هێی تركمن". جارێك لە تاران بەوجۆرە بانگ لە زەلامێكی فارس دەكا(هێی تركمن)، زەلامی فارس بە توورەییەوە وەڵامی دەداتەوە :" آقا،من ترك نیستم " ( وا ئەزانێ پێی ئەڵێ : هێی توركە) . ئەگەر كەسێكیش ئیعتیرازی بكرتایە (: مامۆستا شەرم بكە، من خاتری تەمەنت ئەگرم،تۆلای خۆت پیاوێكی موحتەرەم و فازڵیت...ئیدی)،دەستبەجێ وەڵامی دەدایەوە:" بۆچی رۆڵە ئینسان هەیە قوونی نەبێت؟ كە قوونیشی هەبوو ئەترێ ،هەرچەندە وەكو من عالم و فازڵ و موحتەرەمیش بێت هەر ئەترێ ، منیش ترپیوم ، باوكیشم ترپیوە ، تۆش ترپیویت و باوكیشت ترپیوە و لە داهاتووشدا هەر ئەترێ ،بۆچی، چونكە قوونی هەیە ( و ئیتر لیستەی ئیزافەی رێزمانی كوردیی پێشكەش دەكرد:) قوونم هەیە/ قوونت هەیە / قوونی هەیە/ قوونمان هەیە/ قوونتان هەیە/ قوونیان هەیە ؛ ئەوجا گەردانی بە" دەبێ " : قوونم دەبێ / قوونت... ئیدی) .

ئیتر كە دەنگوباسی" شەهیدبوون" یم بیست گورج بەبیرمداهات كە : تۆ بڵێی لە بەغدا بە كێی‌گوتبێ تركمن ؟، بە كاربەدەستێكی بەعسی ؟، یا تەنانەت لە ناوهێنانی خودی سەرۆكی رژێم لە مەجلیسێكدا گوتبێتی" كوڕە ئەوە ناوی چیە... ئەوتركمنە... ئا... سەددام حوسێن"، بەوە كە ئەوموحیتەی مەلاجەمیل قەت جێی متمانە نەبوو (زۆر نموونە : من خۆم لە كۆڕێكدا لە ماڵێ مامم لە مهاباد لە دەمی"هێمن"م بیست كە گوتی :"دكتور عیزەدین- ی حیز لە بەغدا خەبەری لە ساڵح یوسفی داوە كە بە نهێنی تەشكیلاتی حیزبیی سازداوەو، ئاوا ئەوحیزە بووە هۆی كوژرانی ساڵح یوسفی" ؛ یا كە برای عیزەدین ( فاروق) لەكاتێكدا كە لەكوردستان رابەری باڵێكی حیزبی شیووعیی عیراق بوو(و بەو سیفەتەی جارێكیان من بە نوێنەریی رێكخراوێكی نەتەوەیی دیتم )، دوایی لە هەرەسی١٩٧٥ی شۆڕشدا دەركەوت كە بە نهێنی جاشی رژێمی بەعسی بوو، ئەوەبوو گوتیان كە لە پاداشدا كردوویانە بە" مدیرعام" ی ئیدارەیەك لە بەغدا ؛ تەنانەت خودی مەلاجەمیل‌یش، عیسا پەژمانی ساواك لە بیرەوەریەكانیدا دەڵێ كە مەلاجەمیل لە تاران چووەتە لای ئەو راپۆرتی لەهەژار داوە -" كردها وكردستان، جلد چهارم،پاریس١٩٩٢ ،ل١٣٧-١٤١))؛ ئیتركەسێكی مەجلیسەكەی،" تركمن"ـەكەی گەیاندۆتەوە رژێم و سەری بە خواردن داوە . یان ئیحتیمالی تری لەم بابەتە :

مەلاجەمیل - ١٨٠دەرەجە بە پێچەوانەی هەژار- نەك هەر باكی بە خۆ خۆشەویست كردن و پێ‌هەڵگوتنی خەڵك

نـەبوو، بگرە وەك ئەوە بوو كە هەر رۆژێكی بە بێ كردنیكەسێك بە دوژمنی خۆی بە رۆژێكی لەدەست چووی ژیانی دانابێ ،كە دەیبیستەوە فلانە كارمەندی گەورەی ئیدارە زەلامێكی بەفیزو خۆ بە زل زانە، ئیتر بەبێ هیچ مناسەبەیەك و یەكترناسینێكی شەخسی و شتێك، لەوشەقامی رەشیدی پڕ لە خەڵكەداو لەبەرچاوی خەڵكێكی زۆر، كە لەو كاتەدا چ لەگەڵ خۆی و چ لەگەڵ ئەو زەلامەدا دەبوون، هـاواری لێ دەكرد : " هەتیو، حـیز، تۆ شەرمێك حەیایەك نامووسێك شتێكت نیە ؟ بۆچی بە درۆ وەعد دەدەی ها ؟ هەتیوە تۆ نەتگوت مەلاجەمیل لە ئوتێل چاوەڕێ كە، هەتیوێكت بۆ دەنێرم ؟ ئەی بۆچی منت ئاوا لە ئوتێل بەستەوە و نەتنارد؟ ". كە خەڵك دەكەوتنە نێوانەوە، مەلا جەمیل بە دەنگ و رەنگ و رووی ئەوپەڕی جیددییەوە هاواری دەكرد : " نـا، من هەر ئەمەوێ بزانم بۆچی ئەم گەووادە وەعدی درۆم پێ ئەدا، من تا ئێستا هیچ گەووادێك نەیتوانیوە درۆم لەگەڵ بكا "، لە كاتێكدا كە زەلامی بەدبەخت ئاگای لەهیچ نیە و ئەسڵەن هەر مەلاجەمیل ناناسێ. ئیتر ئەوەبوو كە بە بیستنی" شـەهیدبوون" ی ئەو ئیحتیمالەشم بە بیردا هات كە كاربەدەستێكی بەفیزی بەو دەردە بردبێ و ئەویش وای بۆ تێچاندبێ كە بەو دەردەی ببەن. یان ئیحتیمالی تر،بەبۆنەی مردنیكەسێكی ناودارەوە جنێوی دابێ :

مامە عەبدوڵڵام لە مهاباد گێڕایەوە كە جارێك بەبۆنەی مردنی " حەسەن زیرەك"ی گۆرانیبێژەوە (یان بەبۆنەی چلەیەوە) كۆڕێك گیراوە ( وادەزانم گوتی لە ئیدارەی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی كرماشان بووە)، یەكێك لەوانەی كە دەعوەتی كۆڕەكە كراون مەلاجەمیل بووە ، مەلاجەمیل دەچێ و هیچ نالێ تاكو وەختی قسەكردنی لەسەر شانۆ دێ ، هەردەمی دەكاتەوە بەجنێو دەست پێ دەكا : " ئەوە كەسێكی بێ ئەخلاق ، بێ نامووس ، بێ شەرافەت ، بێ حەیسیەت ، و بێ چی و چی بوو ".

بە هەرحاڵ، رەنگە هۆی كوشتنی مەلاجەمیل هیچ كام لەو ئیحتیمالانە نەبووبێ، بەڵام پێكەنینەكەی من بە بیستنی" شەهیدبوون"ی بەهۆی وەبیرهاتنەوەی ئەو رووداوانە بوو .

هەژار گێڕایەوە ، گوتی :

« مەلا جەمیل رۆژێك لە بەغدا گوتی : " هەژار، دەزانی گیوی موكریانی گیراوە ؟ ، گیو زۆر ناسـاغ و پیر و پەككەوتەیە ، هی ئەوە نیە بەرگەی حەپس و شتی وا بگرێ ، بۆ نایەی بۆی بچینە لای ئەو " عـونی یوسف" ـە سەگبابە ( كە ئەوسا وەزیر بوو ) بەڵكو بەریدا ". گوتم : " زۆر باشە ،

با بڕۆین". هەستاین چووینە ئیدارەکەی عەونی ، سکرتێرێك ناوی نووسین و ، دوای کەمێك هاتەوە گوتی : " فەرموون بتانبەمە لای جەنابی وەزیر". ژووری زۆرگەورەی وەزیر خەڵکێکی زۆری لێ دانیشتبوو ، ئێمەش چووین دانیشتین و ، عەونی بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین و ، - هەر ئەوەندە بڵێی یەك و دوو- سەرو چایەکمان لەبەردەم دانرا . مەلا جەمیل بەو دەنگە بەرزەی کەوتە دەمەتەقە لەگەڵ عەونی‌دا :

- کاك عەونی، بە کارێك هاتووینە لات ، ئەگەر بۆمان نەکەی چایەکەت ناخۆینەوە .

- مەلا جەمیل بڵێ، هەر کارێکتان هەیە بەسەرچاو، بەس بە یەك شەرت : کاری ئەو گیوە سەگبابە نەبێ !

- سەگباب نیە ، بابم... بۆ سەگبابە ؟

- بۆچی گیراوە ؟

- چونکە کوردە گیراوە .

- چۆن چونکە کوردە ، ئەی ئەوەتا من کوردم و وەزیریشم .

- نا... ئیدی دزی مەکە ! ، ئەوە قسەی خۆت نیە ، لە تەوفیق وەهبی‌ت دزیوە ، وەختێك کە کورد پێیانگوتبوو بچێ بۆ رزگارکردنی مستەفاخۆشناو و هەڤاڵانی لە ئیعدام هەوڵێك بدا ،گوتبووی: " حکومەت دژی کورد نیە ، ئەوەتا من کوردم و وەزیریشم ". کورد دەڵێ : " دزی و حیزی " ، پێکەوەیان دەڵێ ! ، دزی مەکە ها !

- باشە مەلا جەمیل تۆ شەرەفت من تۆم لە حەپس بەرنەدا و تۆش بەرقیەی سوپاست بۆ لێ نەدام ؟

- نەوەڵڵا تۆ بەرت نەدام (..) بەس منت بەکەر زانی، وات خۆ پیشان دام وەك کە تۆ منت بەردابێ، منیش تۆم بە کەر زانی و بەرقیەم بۆلێدای ! ... هەستە هەژار با بڕۆین، من خۆم ئەو هەتیوە حیزانەم گاون... ئێستا ... بڕۆ .

من زۆر ترسام و زۆر خۆم لە مەلا جەمیل تووڕە کرد : " کوڕە مەلا جەمیل دەمت بگرە ، هەتیو ، بۆچی ئێمە هاتووینە ئێرە ئاوا یارمەتیی گیو بدەین ؟ یا دەتەوێ ئێمەش سەرمان تێدا بچێ ؟ ".

کەچی مەلا جەمیل لە رۆیشتندا بەو دەنگە هەراشەی خۆی هاواری دەکرد : " ئێ چی بکەم ؟ سیاسەتی دەوڵەتە ، ئەوەی من نەیگێم نایکا بە وەزیر ! " . »

رەوشتی شەڕە جنێوی هەژارو مەلا جەمیل تەنانەت دە دیوەخانی سەرۆك بارزانی‌یشدا خۆی دەربڕیوە،وەك

هەژار لە" چێشتی مجێور"( ل ٣١٥) دا باسی دەکا : « لە پاش گەڕانەوەم بۆ بەغدا، لە ماڵی مـەلا مسـتـەفـا، مامۆستا مەلا جەمیل رۆژبەیانیم دیت . گوتی : " چویە مزگەوتی لینینگراد ؟ مەلاعەبدول باریت دیت ؟ چۆنە ؟ " . گوتم : " مامۆستا باسی ئەو بێ ناموسە مەکە، دەیگوت مامۆ مەلا جەمیلم گاوە!! ". گوتی : هەتیو تۆ بۆ لێرە قسەی وا دەکەی ؟ مەگەر من ئەوم گابێ !!" . بارزانی زۆر پێکەنی ». بەڵام دیارە نێوانی بارزانی و هەژار باسی زۆری دەوێ ، کە من لە شوێنی تردا هەوڵی شیکردنەوەی دەدەم .

دەڵێن شاعیر بووی، چۆن بوویە قەساب ؟
لە تانەی نەزان جەرگم کون - کونە
جاران من چاوم لە دەستی سەگ بوو
ئێستا سەگ چاویان لە دەستی منە.

شیعری" عبدالعظیم" ناوێکی قەسابی کۆنە شاعیری عارەب ، کە هەژار کردوویەتە کوردی .

مەگەرشاعیر چاوی لەدەستی سەگە ؟ یان لەدەستی کەر؟ یان لەدەستی...لە کەر کەرتر ؟ :

" سەد شاعیر هەریەك چەندشەو خۆی جیڕەبابە داوە ، قەسیدەی پڕ لە درۆی گەورەی بە قەدو باڵای نافەسالی خەلیفە یان پادشا هەڵگوتوە،پرسیویانە : ـ ئەمڕۆ خەلیفە یان شا روی خۆشە؟ تورە نیە؟ ئیجازە هەیە بچینە خزمەتی؟؛ ـ بەڵێ فەرمون ...دەی شیعر بخوێننەوە! . شاوخەلیفە لە کەر کەرتر، لەو ناوەدا شیعری یەکێکیانی پەسندکردوە، خەڵات بەو دراوەو ئەوانی تر دەم لە پوش دەرکراون . نیزامی،کە خودای شیعرە (!)، بە حاکمی وەخت دەڵێ : من سەگێکی دەرکی تۆم، چاوم لە ئێسکێکە بۆم باوێژی . فیردەوسی،خاوەنی شانامە وەها خۆی لەبەرانبەرمەحمودغەزنەویدا بە سواڵکەر نیشان دەدا ،پیاو بەزەی پێدا دێت" (چێشتی...ل٢-٣ ،ئیشارەتی(!) لە منەوە) .

هەژاریش کە تازە دەستی بە شیعرگوتن کردبوو ، دەڵێ :

" لام وابو منیش دەبێ تاریفی پیاوێکی گەورە بکەم و جایزە وەرگرم " ( چێشتی...ل٣ ) .

ئێ، هەژار لە سنفبەندییەکەیدا بەکێی هەڵگوت ؟ بە "پیاوی گەورەی سەگ" ؟ بە " پیاوی گەورەی کەر" ؟ یان بە" پیاوی گەورەی لە کەر کەرتر" ؟ . ئەگەر نیزامی،کە هەژار بە خودای شیعری ناودەبا سەگێك بێ و چاوی لە ئێسکێك بێ کە حاکم بۆی باوێژێ؛ دەبێ هەژاری،کە نە خودایە و نە هیچ ، بە تەمابێ بەکێ هەڵبڵێ ؟ حەقەن دەبێ بە کەسێکی لە حاکمکەمتر و، چاوەڕوانیەکەشی لە ئێسکێك کەمتر بێ : بەراوردی مەنتیقی لە ئەو دنیایەی بیری هەژاردا مەگەر هەر وابێت . هەر واش بووە :

" چەند شیعرێکم لە مەدحی ئەحمەداغای حاجی بایزاغادا گوت " (هەمان سەرچاوە) کە لە حاکم کەمتر بووە، ئەی جایزەکەی چی بووە ؟، " جایزەکەم ئەوەبوو دەیگوت : ئەوکەرە باش باشی گوتوون! " (هەمان سەرچاوە) .

لێرەدا، مەدح کراو - بە بیری من - نە سەگ و نە کەرو نە لە کەر کەمتر بووە، بگرە زۆریش عاقڵ بووە، هەم کاتێ کە شیعرەکەی پێ باش- باش بووە هەڵسەنگاندنی خۆی گوتووە و، هەم کە هاتۆتە سەر بەخشش نەچووە " ماددە "ی خۆی بدا بە "با" (قەسیدەی پڕ لە درۆی گەورەی بە قەدوباڵای نافسالّی)،و زۆر بەڕوونی دە ئەو کەسەی گەیاندووە کە" ئەگەر بە تەمای سەودای ئەوە بووی کە من ماددەی خۆم بدەم بە بای تۆ، ئەوا کەرئەتۆی نـەك ئەمن ...مَفَاعِيلُنْ مَفَاعِيلُ ". هەژار دەڵێ :

" ئەم قسە "(جایزەکەی کوڕی حاجی بایزاغا) " بۆ من بو بە دەرسێکی گەورە . ئیتر وازم لەوە هێنا بۆ جایزە شیعر بڵێم " (! هەمان سەرچاوە )،

کەواتە هەرئەگەر جایزەی - بڵێین - دوو بزن یا کەرێك...ئیدی بدرایە،وازی نەدەهێنا ، بەڵام ئیتر نەدرا و،کەواتە وازی لەوە هێنا بۆ جایزە شیعر بڵێ !!! . من کە بۆ جاری یەکەم ئەمەم خوێندەوە، پێکەنینێکی زۆر گرتمی، ئێستاش کە ئەمە دەنووسم بە هەمان شێوە . ئاخر هەژار، هەی ئەدیب و ئەدیب پەروەرو شاعیرو شاعیرپەروەرو نەجیب و نەجیب پەروەر، گۆڕت پڕ لە ئازیـزانت دۆڵارو فرانك و تـمەن، بۆ - هێمن گوتەنی- ئەوقسە قۆڕانەت، کە نەك هەرکۆڕی وەك ئەوەی ئاهەنگی ژن هێنانی" هێمن"ی پێ وە پێکەنین دەخەی، بگرە کۆڕی تۆژەرانی نـەسلانی بەدوای نـەسلانی مێژووی‌کوردی پێ لە پێکەنینان بە خۆدا دەمیزێنی . من کە جاری یـەکەم ئەمەم خوێندەوە، دەستبەجێ شیعرێکی"جگەرخوێن"م بە بیردا هات کە بە شێوازی سۆرانی(یەکی خۆی) بۆ " عەلی کەمال بەگ"ی نووسیوە، بە بۆنەی ئەوەوە کە ئەو عەلی‌یە مانگێ سی دیناری کردووە بە خێر بۆ هەژاران :

" وەزیفەی خۆم

(..)

قوربانی دەستی " عەلی کەمال "م

ئەساسی مەردیی بۆ کورد داناوە

مانگێ سیە دینار بۆ هەژاران دا

بۆ " گەلاوێژ "مان هێژ بێتر داوە

بۆ دەولەمەندمان ئەم خوەش‌میسالە

غیرەت بەکێشن فرسەت نەماوە

وەزیفەی خۆم هەر تەبلیغی کوردە
لە مردوو هـەرچی دەمینی نـاوە "

( ئەوجا کۆتاییەکەی : )

" جەگەرخوین گەرچی سەیدایێ کوردە
تا ئێستا پەسنی کـەسێك نـەداوە "
( دیوانا یەکەم، چاپ ١، ل١٣)

دواتر، یەکێك لە قسەکانی دەریای گاڵتە وگەپی هەژارم وەبیرهاتەوە :

" ئاغایەك بە نۆکەرەکەی گوت :

ـ بێتامترین و قۆڕترین قسەیەکم بۆ بکە ، یەك دەست رانك وچۆغەی تازەت بۆ دەکرم .

ـ ئاغا ، تۆ ئەستەمبووڵت دیوە ؟

ـ نە ، نەمدیوە .

ـ ئەمنیش نەمدیوە .

ـ ئێ ؟

ـ ئێ ئێ ، تەواو . تۆ ئەستەمبووڵت نەدیوە، ئەمنیش نەمدیوە ! . "

هەژار، دوای ئەزموونی لەگەڵ " ئاغا "دا، لە جیاتی- وەك خۆی دەڵێ- وازهێنان، ئەمجا چووە هەوڵی" خان "ی داوە : " زۆر بە ئاوات بوم تفەنگی برنۆم هەبێ، بەڵام دەست نەدەرۆیی بیکرم . شیعرێکم بۆ حەمەرەشیدخان نوسی، گوتم جایزە تفەنگم دەداتێ، بەڵام کەس هەر نەیخوێندەوە" (چێشتی...ل٦٧) . تەنانەت خان ئاوڕی لە شیعری گاڵتەو قسەی خۆشیش نەداوەتەوە ( کە روتبەکەشی تێدا لە" خان "ـەوە کراوە بە " پاشا " )، کاتێ هەژار لەسەر دەرگای نووسیوە :

" کەردزینی سەقزیەکان بە مەسال
هەربینا دیت ببێتە ئیستیقلال
بێنە شکوا ، لێیان بکەن حاشا
زو موەفەق دەبێ رەشید پاشا " (هەمان سەرچاوە)

نـازانم ماوەی چەند لەنێوان نووسینی لاپەڕە ٣ی چێشتی مجێورو لاپەڕە٦١یدا هەبووە،کە هەژار ئاوا لە بیری چۆتەوە کە لە ل ٣ دا دەڵێ کە جایزەکەی ئەحمەداغا ( بەخشینی لەقەبی " ئەوکـەرە" بە هەژار) ی بۆ بووە بە دەرسێك،کەچی لە ل٦١دا دەڵێ کە - دوای بوونە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف‌یش- بە شیعر جێژنە پیرۆزەی بۆ بەخشیاری ئەو لەقەبەی نووسیوە . ئەمە یانی چی ؟. جاری یەکەم کە نەتیجەگیریت کرد کە ئەحمەداغا بە"با"ی تۆ نە هیزە رۆن دەدا ، نە مانگایەك، نە دوو بزن و نە تەنانەت تاقە یەك چوارپێ لەوانەی کە ناوەکەی کردووە بە لەقەبت،ئێ دە دەستی لێ بەردەو ،هەوڵی فرۆشتنی"با" بە ئاغایەکی تر بدە. تۆ کە لای خۆتەوە روتبەی"پاشا"ت دا بە " خان" و دیتت کە بێ فایدەیە و ئیتر رووی شیعرت لە خانیش وەرگێرا ، تازە تازە و سەرلە نوێ گەڕانەوە بـۆ " من جرّب المجرَّب "- ـی کە لە فەقێیەتیدا خوێندووتە- یانی چی ؟ . بەڵێ ئەگەر ئەو پەیمانەی نێوان ئاغا و نۆکەریش-کە باس کرا- دە کاردا بوایە دەکرا بەتەمای رانك وچۆغەی تازە بوویتایە،چونکە بەڕاستی‌ئیتر قسەی لەوە بێ تامترو قۆڕترنابێ،کە دوای ئەزموونی وەرگرتنی لەقەبی پێشوو(ئەوکەرە) دیسان هەر بەتەمای ئەوە بیت ئەحمەداغا هیزە رۆن و بزن و نازانم چی بدا بە "با"ی تۆ . هەژار کەین وبەینی تری مەنتیقیی لەگەڵ ماڵی حاجی بایزاغادا هەبووە(کە دواتر دێمە سەر باسکردنی)، بەڵام ئەوە کە هەژار دوای ئەزموونیشی هەردرێژەی بە شیعر نووسین بۆ ئەحمەداغا داوە، ئەوە شتێکە کە مەنتیقی‌عەقڵ(هۆشیاری) نایگرێتەوە. بۆ ئەوە دەبێ بیرمان مەگەر هەر بۆ لایەنی رەوانیی بچێ .

هەژار لە شاریش شێت و شەیدای شیعری" با "( پێ هەڵگوتنی بە درۆ و دەلەسە بۆ سواڵ) ی مەلامارف ناوێك بووە :

" وەك دابی عەرەبی پێشو من ببومە راویەی مەلا مارف"(چێشتی...ل٤٧) .

مەلامارف کێ بوو؟، کەسێك بوو کە

" قەسیدەیەکی سەد بەیتی بۆ تاجرێك دەنوسی دەیگەیاندە تەشقی عاسمان،

نیو کیلۆ گۆشتی دو تمەن بایی بۆ دەنارد" (چێشتی...ل٣) .

تەنانەت کە باوکی هەژاریش زۆر رقی لە مەلا مارف بووە چونکە

" هەتا مرد سواڵنامەی بۆ هەرە پیاوی خوێڕیش دەنوسی و ئی وا هەبو پارەی

دە نانی بۆ نەدەنارد" (چێشتی...ل٤٥)،

هەژار هەر وازی لە وەدووکەوتنی مەلامارف نەهێناوە . لای باوك وکوڕ ئەو شاعیرە سواڵکەر بووە، باوك زۆر

مەنتیقیانە ئەو سواڵکەریەی کە پارەی دە نانی تێدا نەبووە بە کاروکەسابەتێکی پەڕپووت داناوە، بەڵام ئیتر هەژار دیلی ئەڤینی ئەو شیعری سواڵە بووە .

شیعری سواڵ ، نیسبەتێکی زۆر- زۆر لە تێکڕای سامانی دنیای شیعری زۆر وڵاتان دەگرێتەوە، هەرچەندە لە سەرچاوەکانی خوێندنی ئەدەبیاتی عارەبدا ، بە شێوەیەکی زۆر سەیرو بێ مانا ، هەر نیسبەتێکی زۆرکەمی لەژێر سەردێری " أدب الكديه " ( ئەدەبی سواڵ ) دا ناوبراوە . من لە یادمە کە لە دەرسی " مێژووی ئەدەبی عارەبی"ی چەند ساڵی خوێندگەی ناوەندی( لە بەغدا )، تەنیا ناوی تاقە یەك شاعیری"الكديه" (سواڵ) هەبوو، ئەویش ناوی " بن الهبّاريه" بوو، نموونەی ئەو جۆرە شیعرەش هەر تـەنیا سێ دێڕی بەرهەمی ئـەو بوو کە تێدا باسی نان و پێخۆری خۆی دەکا، لە دێڕی یەکەم و دووەمیدا دەڵێ :

" فيا مولاي هل حُدّثتَ عني بأنّي من ملائكة السماء

و أن وظائف التسبيح قوتي وماأحيا عليه من الدعاء " .

هەزاران وهەزاران بەیتی تری شیعری سواڵ لەژێر سەردێڕی " المديح"،" الوصف "،" الهجاء"وال...نازانم چی‌دا جێکراونەوە، کە هەمووی بۆ سواڵ و حەقمن سواڵی ئەوپەڕی خەستیش گوتراون (وەك ئەو تورەهاتەی کە هەژار بە قەدو باڵای ئەحمەدئاغایدا هەڵڕشتووە - و یەکەم لەقەبی شاعیریی لە ژیانیدا لەسەر دراوەتێ : " ئەو کەرە" - بخرێتە " باب المديح " یان " باب الوصف " ، وەسفی قەد و باڵای " أحمد آغا بن الحاج بایز آغا " و دەربارەی بنووسرێ : " وأطلق عليه هذا لقب آخر الخلفاء الأمويين في الشام)، یان تەنانەت" باب الهجاء "- ئەگەر هەژار تێدا جنێوی بە دوژمنانی قەدو باڵای " أحمد آغا بن الحاج بایز آغا " و حەوت پشتی باب و باپیریان دابێ . هەمان تورەهاتی سەدەی بیست کە ئەو هەمووە شیعرەی " الكديه "ی بە خەڵوارو بە قەنتار تێدا وەبەر عەبای سیاسەت دراوەو جۆرەها سەردێڕی تری بۆ داتاشراوە : پێهەڵگوتنی رابەرانی‌گەل و شەهیدانی دەستی بێگانە یا دەستی دوژمنانی ناوخۆ و جۆرەها هێرش بۆ سەر ئەو دوژمنانە( بەتایبەتی دوژمنانی ناوخۆی لە هەمان گەل) کە زۆرتر هەر کووتاڵی شایەر بوون بۆ سواڵی جۆرەها بەرژەوندی شەخسی .

هەژار دەڵێ :

" جارێکیان بە شیعر جوابی نامەی ئاغایەکم نوسیبو، (..) رۆژێك لە سابڵاغ لەسەر تاتەکانی مزگەوتی شادەروێش لە لای مەلا مارفی‌کۆکی دانیشتبوم و داوای شیعری تازەییم کرد کە لەبەری‌کەم . چونکە هەمو شیعرەکانیم لەبەر بو

(..). به مینگه و سەرخوراندنەوە" ( کە هەژار سەرتاسەری ژینی ئەو رەوشتی سەرخوراندنەی هەرهەبوو ) " گوتم : ـ مـامـۆسـتـا ، من شیعرێکم گوتوه، بۆتی‌دەخوێنمەوە، تکایە لەبەرخاتری من مەفەرمو باشە، ئەگەر پێت باش نەبو پێم بڵێ . پێکەنی،گوتی : شیعریش، ئەو سنعاتە رەزیلە خاترو ماتری دەوێ ؟! دەی بزانم . شیعرە هەرە باشەکەم کە جوابنامەکە بو ،بۆ خوێندەوە. کە لێ‌بومەوە گوتی : رۆڵەم ،ئەمە میعریش نەبو، زۆر منداڵانەیە، هەرئێستا بیدڕێنە وخۆتی لێ نامۆ کە . شیعرم دڕاندو فڕێ دا ، پاش تاوێك گوتی : راستی بڵێ هەموی هی خۆت بون یا لە خەڵکیشت دزی بو ؟ گوتم : هەموی هی‌خۆم بون . گوتی : ئەگەر راست بکەی، دو بەیتیان شاعیرانە و رێکوپێك بون . ئەگەر وەك ئەوانە بڵێی، بە هومێدم وەك خۆم لە برسـان بمری ! . جا ئەگەر خانم ئاوابێ ، دەبێ قەرەواش چۆن سەگێك بن ؟ ئەوە شاکارەکەمە دەبێ بیدڕێنم، گـوکاریەکانم چۆن ؟! بێ سێ ودوکردن دەفتەرەکانی دیوانە جوانەکەم ئاگر تێ بەردان و خۆم لە شیعرو شاعیری تـەرە کردو ببڕای ببڕای ئاوڕم وە سـەر نـەدایەوە " (چێشتی...ل٤٧-٤٨) ( ؟؟ ) .

ئەی چی بوو کە پەیمانی ئەو" ببڕای ببڕای"یەی بە هەژار پێ‌شێل کرد؟ پێ هەڵگوتنی لە" ئاغا"و لە" خان "یش گەورەتر ؟ مەگەر دنیا وەرچەرخا و شاعیرانی" الکدیە " بۆ جایزەی شیعر دەبوو ئیتر چاویان لە دەستی تری غەیری ئەوانەی پێشوو بوایە؟ شانۆی ژیان سەگ و ئێسکی چەندین سەدەی هەڵلووشین و ،سفرەی نوێ راخران؟ ئیتر چێژی نەسلی‌نوێ پارەی هەر بە مۆدێلی نوێ دەدا ؟ سفرەی نوێ کامە ؟ ئێسکی نوێ کامە ؟ ئێسکهاوێژی نوێ کامە؟ ئێسکهەڵگرەوەی نوێ کامە؟ هونەری" شیعری سواڵ " چ گۆڕانێکی گەورەی وەهای بەسەردا هات کە ئەو هەژارەی ئاوا گۆڕی ؟ هەژارێکی کە، وێڕای ئەوگری ئەوینەی بۆ شیعری سواڵ و ئەوخۆشەویستیەی بۆ مەلامارفی‌کۆکی‌یش، هەر دڵی بە دەریادا دابوو و بڕیاری مێژوویی" ببڕای ببڕای "ی ژیانی بە رووی ئەڤین و ئەڤینداریەوە بۆ هەتا- هەتا کێشابوو، وا دیسان دێتەوە مەیدان، بەڵام چ هاتنەوەیەك ؟ کە زۆر مەلا مارف بە شاباشی بدرێن ! .

## ١٠- بژی ایستالین و شاد بێ لینین

| | |
|---|---|
| بوگزەرێنن جیهان بە کەیف و سروور | دێ بە سواری فڕۆکی ئەرتیشی سوور(..) |
| هات بە گرمە فڕۆك لەلای مەسکەو | بۆ عەجەم، وەك شەهێن دەچێ بۆ کەو(..) |
| شا کە شێر بوو لە راوی مەسکێندا | دیم کە مشکە لەژێر ستالین دا(..) |
| چ فڕۆکێك ؟ موجەسسەمەی شادی | کێی تێدا بوو ؟ فریشتەی ئازادی(..) |
| کەس هەیە حورمەتی بە دڵ نەگرێ | یان دەبەر تۆزی کەوشەکەی نەمرێ؟ (..) |
| یانی خوا رووسەکان موەففەق کا | جەرگی هیتلەر بە تیغی وان شەق کا |
| بێتە جێ رووس تەواوی پێویستی | دەورە دا نێوی شوومی فاشیستی (..) |
| ( بالشویکی است خضر راه نجات | بر محمد و آله صلواة ) |

لە یەکەم قەسیدەی یەکەم کۆمەڵە شیعری چاپکراوی هەژار( رێنووسە نوێیەکە لە منەوە)، کە هەژار لە سەردەمی تێکەڵاویی لەگەڵ ئەفسەرانی سوپای سۆڤیەتدا لە تەوریز، لە هەمان ساڵی مردنی مەلا مارفی‌کۆکی دا(١٩٤٥) داویە بە رووسەکان و رووسەکان دەستبەجێ چاپیان کردوون. کۆمەڵە شیعرەکە بە ناوی " ئاڵە کۆك " ( بە رێنووسی ئەسڵ: آلە کوك) یازدە پارچە شیعر دەگرێتەوە ( وێڕای چوار دێرشیعر بە دەوری وێنەیەکی هەژارەوە) . حەوت لەو یازدەیە بە تایبەتی پێهەڵگوتن ( مەدحی ستالین و رووس ) دەگرنەوە .

لە قەسیدەی سێیەمی دیوانەکەدا ، پێهەڵگوتنی : رووس، بەیرەقی ئەحمەر، ستارەی سوور، بەیداغی رەحمەت، سوپای سوور، پەنجەی ستالین، حیزبی کمونیست، ئاڵای سوورو گەش، وتەرجیع بەندەکەشی لە دوای هەر دوو یا سێ دێڕێك :

| | |
|---|---|
| بژی ستالین خۆش بێ چەکوچ و داس | لە ژێر ئیستیبداد کوردی کرد خەلاس |
| وەکو: کوردە پێت خۆشە نەبی رەنجەڕۆ | لە رێی ئازادی توش نەبی کولۆ |
| دەجالت نەوێ بە فێڵە و دەهۆ | کارت پێی نەبێ سان فرانسیسکۆ |

خۆڵێ وەسەرکە لە دەرکی مۆسکۆ

بژی ستالین...

| | |
|---|---|
| کوردە پێت خۆشە بژی سەربەخۆ | پەنابە بۆ رووس ئیتر غەم مەخۆ |
| سەعی و کۆششت ناچێ بە فیڕۆ | هەر بەو ساز دەبێ خۆموختاریی تۆ |

رووس وەك خەڵكی نین بۆت بڵێن درۆ

بژی ستالین...

لە پارچە شیعری چوارەم :

ئەرتیشی سووری شەقایق وەك رووس      هیتلەری بەفری وەدەرنا لە زەمین
عەرزی کرد پڕ لە عەتر بادی سەبا      وەك بەزە و عەدلی رەفیق استالین
بە هەزار وەزنی هەزارشیعری دەگوت      گەیبووە ریزی هەژار و پوشکین(..)
بۆ هەموو کوردی وەڵات پێویستە      کە ببێژێ بە سەدای بەرزو مەتین
بۆ هەژارپەروەری و عەدل و داد      بژی ایستالین و شاد بێ لینین

پارچە شیعری پێنجەم بەم جۆرە کۆتایی دێ :

موەففەق بێ سوپای سوور تا ئەبەد کوردیش لە سایەی ئەو
بێن ئازاد لە ژێر پەنجەی ئەسیریی دێوی ئیستیبداد
هەر ستالین بژی سەرچاوەی داد
هەڵکەنێ زوڵمە لە ریشە و بنیاد

دوا بەیتی قەسیدەی شەشەم :

یا رەب بژی بە فەتح و زەفەر لەشکری قزڵ      هەر چەرخ و خول بە مەیلی ستالین بدا زەمان

دوا دوو بەیتی قەسیدەی نۆیەم :

بپارێنەوە بە سۆز و ناڵین      تا دەور ئەدا چەرخ بژی ستالین
هەر موەففەق بێ لەشکری قزڵ      تا هەژار بگەن بە ئاواتی دڵ

پارچە شیعری دەیەم بەم بەیتە کۆتایی دێ :

هەتا هەن لە دنیایە لەیل و نەهار      ستالین بژی بۆ پەناگای هەژار

ئایا "بن الهبّاريّە" بە قەسیدەی لەم ئاستەی هونەری شیعردا هیچی وەدەست دەهێنا ؟ ئایا دەیانگوت : " إعطوه ألف درهم"،(یا"دەم لەپوش" دەریاندەکردو تەنانەت چەندقسەیەکی رەق و شەقێکیشی بەردەکەوت؟). ئەی مەلا مارف، ئەگەر شتی وای بۆ میرزا رەحمەتی سابڵاغێ بگوتایە، چ نان وپەنیرێکی بۆ دابین دەکرد؟ وەڵامی هەموو ئەوانە بە بیری من بریتیە لە : "نە". من پێم وانیە لەسەردەمی" بن الهبّاريّە"دا کەس جورئەتی

ئەوەی هەبوایە بە مەدحی لەم ئاستەدا روو بکاتە کاربەدەستانیخەلیفە، پارەی پڕۆپاگەندەی"بیت المال" بە شتی وەها نەدەدرا . بەڵام سەردەمی ستالین غەیری سەردەمی ئەدەبیاتی دەورانی عەباسیەکانە . تەنانەت دوای ستالینیش، شتی وەك " من عیراقم من عیراقم عەرەب ئەملاق کورد ئەولاقم " جێی پەسندیی سەردەمی سۆڤیەتیەکان بوو( لە کاتێکدا کە " گۆران " زۆریش سەنعەتکاری شیعر بوو بەڵام چی بکا کە " یەکێتی ئاشتیخوازانی عیراق "(سەر بە سۆڤیەت) حەز لە شتی وەهابکات، قابیلە رژیمیمۆسکۆ پارەی" بیت المال" ی پڕۆلیتاریا بدا بە " چەند بە ئاهەنگ چەند سیحراوی ئەگەڕێ قاز یا مراوی" ؟ ) .

مەلا مارف،هەندێ قەسیدەی نەتەوەیی سەردەمی " سمکۆ " ی بە " شڕ و شڕۆڵ " ناو بردووە :

" شاعیر عوموومی کەوتنە مەقالات و بۆڵە بۆڵ مەدحی وەتەن دەکەن بە قەسیدەی شڕ و شڕۆڵ"

هەژارکە ئیتر قەت نەیتوانیوە لە جەغزی سیحری مەلامارف دەرچێ، وابووە کە وشەی " شڕۆڵ" ی هەرکردووە بە نازناوی شاعیریی خۆی، کە دەبێ ئیعتیرافێکی رووحیی بووبێ لە رەوانی هەژارەوە بۆ رەوانی مامۆستا و ئەڤینداری خۆی : " مامۆستام، شاعیری گەورە، قابیلە نەزانم ئەو مەدحانەی من زۆر لە شڕو شڕۆڵ شڕترو شڕۆڵترن ؟، منێکی کە بە قافیەی " شڕ و شڕۆڵ" و" سەعبابانی قوونتڕۆڵ " و" خاتوونی نەرم و نۆڵ " و " ژێرباری داروکۆڵ " ی تۆ لە هەجوی سمکۆدا کەوتوومەتە جەزبەوە، مەگەر نازانم کە " بژی ایستالین و شاد بێ لینین " و " هەر ستالین بژی سەرچاوەی داد" و" یان دەبەر تۆزی کەوشەکەی نەمرێ " نە شیعرو نە میعرو نە بەعروریشن ؟ " .

کە ئاڵەکۆك چاپکراوە،ئایا مەلا مارف فریای ئەوە کەوتووە لێی ئاگادار بێت ؟ بۆیان خوێندۆتەوەو چیگوتووە؟ یان بێ ئاگا لەوکارەساتەی بەسەر بازاڕی کێش وقافیە هاتووەو دوور لە بێ وەفایی راویەکەی سەری ناوەتەوە؟.

تووڕەیی مەلا مارف لە تاڵان و دەربەیی لە پێ داکەندنی " کیژ و ژن و خانمی وەتەن"ی کە شکاك بە سابڵاغیان کردووە،بە رادەیەك بووە کە دوعایکردووە :" وڵاتی کوردی ببینم بە چۆڵ وهۆڵ"(کە خوڵاش دڵی نەشکاندووە و دوعاکەی بۆ قەبووڵکردووە و هەردووچاوی بۆ کوێرکردووە، تاکو ئیتر وڵاتی کوردی هەر بە چۆڵ وهۆڵ ببینێ )؛ ئایا کاردانەوەی لە ئاست ئەوگۆڕانانە و" لەشکری قزڵ... بە ئاواتی دڵ " چۆن دەبوو ؟، کە بیزانیبا رووس ئەوەندە پارەیان بۆ ئەو نەبەعرورانە داوە بە شڕۆڵی راویەکەی و راویەکەی ئەوسا - بە پۆزی حاجی بایزاغاوقەرەنی ئاغا دوو دەستی خستۆتە کەلەکەیەوەو- نەیویستووە و کردوویەتەوە بە دیاری بۆ عروسیاتی، تا ١٤ساڵ دوای ئەوە بە هەزاران روبلی بەسەردا دابارێن و هەموو پێداویستی پیاویش و بە تەڕیشەوە :

" من کوردم و ئەو رووسـە  من زبرم و ئەو لووسـە
دەمم بۆ دێنێ و دەڵـێ  هەژار بگرە رامووسـە "

ئەوەی بزانیبا دەبوو چ قافیەی هەڵبڕشتایە ؟.

مێژوونووسێکی بەناوبانگی ئینگلیس ( تۆینبی)، مانای " شـۆڕش" بە ئـەزموونێکی دروستکەرانی شـەراب لە وڵاتیدا شیدەکاتەوە ( کە لە " ئینجیل"یشدا باسێکی وەها هەیە، ئینجیلی مەتتەی/ ماتێیوس ٩ : ١٧) :

" کووپەی کۆنی شـەراب بەرگەی شەرابی نوێ نـاگرێ ودەقەڵەشێ، شەرابی نوێ کووپەی نوێی دەوێ " .

هەژاری شاعیری گەل ، بووە شاعیری هەموو کووپەیەکی نوێی سەردەمی خۆی ، هیچ دیزەیەکی گەلی نەبوارد ، هیچ سوێنەیەکی لەبیر نەچوو، هیچ کووپەڵەیەك، هیچ گڵێنەیەك ، هیچ کیتەڵەیەك ،و هیچ لوێچی دەستێکی مامۆستایەکی سەردەمی :

سوێندی بە خودا و پێغەمبەر و پیران و شێخان و" بەو تودەی ناوی کرد لە دنیادا" و بە "هیندوچین"و کۆریا و ڤیت مین و کەریم قاسم و راپەڕینی کانون و تەشرین( لە بەغدا ) و برایەتیی کوردو عارەب و ماوماو لە کینیاو چەندوچەند لە کوێ و لە کوێ ( کە ناوی کتێبی " الملل و النحل" بە بیردا دێنێ ) . دیارە هەندێ جاریش - بە گوێرەی ویستی دنیای سیاسەت - دەبوو مەدحکراوی دوێنێ بەر جنێوی ئەمڕۆ بدرێ و جنێو پێدراوی پێشوو ئێستا مەدح بکرێ، و هەندێ جاریش- وەك هونەرمەندی شەعبەدەی سێرك - چەندین تۆپ دەستاودەست پـێ- کردن بە ئەوپەڕی تەرکیزەوە نەوەکا هەڵەیەك رووبدا؛ یەك چارەگە سەدە بەم حاڵە تا گەڕایەوە دنیای بێ پەردەی کیلۆیـەك گۆشت و دوومامری مەلامارفی ئەڤیندراری،کە بە لەش جێیهێشتبوو و بە رەوان قەت بەری نەدابوو.

بەڵام ئیتر لەو چارەگە سەدەیەدا هەژار بناغەیەکی وەهای بۆخۆی دانابوو کە مەلا مارف هـەر لە خوارو هەژار هـەر لە سەرووی بەرزان مایەوە . کەواتە هومێدەکەی مەلامارف هەر بەشێکی هاتەدی . هەژار، بـەڵێ بوو بە شاعیری گەل (ی سەردەمی خۆی)، بەڵام ئەوەی لە برسان مرد مەلا مارف بوو نەك هەژار . هەژار دەیگوت کە ( وەرگێڕاوی ) هێندێك لە شیعرەکانی خراونە کتێبی خوێندنی رەسمیی منداڵان لە ئـازەربایجانی سۆڤیەتیی سەردەمی ستالین . دوور نیە منداڵانی ئازەری بە تایبەتی شیعری" ئینقیلابی ئۆکتۆبر" ی" ئاڵەکۆك"یان پێ لەبەرکرابێ ، کە بەم جۆرە کۆتایی دێ :

لینین مرد بە مەرگێکی پڕ ئیفتیخار  ستالینی دانا لەسەر کار و بار
بە ساکاری ئەو پارچەکەی کردە کار  ستالین پڕی کرد لە نەقش و نیگار

| | |
|---|---|
| ستالین نەبەردێکە باسك قەوی | سەری سەربڵندان لە رووی وی نەوی |
| ستالینە ریشەی یەکی و ئیتیحاد | ستالینە سەرچاوەیی عەدل و داد |
| ستالین بڕی ریشەیی زوڵم و شەڕ | کە ئاو نۆش دەکەن پێکەوە گورگ و مەڕ |
| ستالینە دەکوتێ سەری زاڵمان | ستالین دەزانێ چیە حاڵمان |
| هەتاعەدلە مەحبووبی سەر رووی زەمین | روحت شاد و جاویدە نێوت لینین |
| هەتا هەن لە دنیایە لەیل و نەهار | ستالین بژی بۆ پەناگای هـەژار |

من چەند کتێبێکی خوێندگەی کوردیی کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتیم دیتوون ، کە بە وێنەی ستالین و -گوایا- شیعر دەستیان پێکردووە : " ستالینێ مەزن تو باڤێ مەی " ، کە پلەیان لە رووی ئەدەبییەوە لە " لەشکری قزڵ... بە ئاواتی دڵ " بەرزتر نیە . هەمووی شتی لەبابەتی " بالروح بالدم نفدیك یا ستالین " کە رژیم و تابیعانی پارەی باشی پێدەدەن و، هەزارشیعری مەلامارف ومەلاعارف ومەلاچی‌ارف! ناتوانن هەر لە حەرەسی دەرگاشیان نزیك ببنەوە . وای بە حاڵی ئەوکەسوکارەی بەبیریدا هاتبێ کە نـەیەوێ منداڵی " بالروح بالدم ... ستالین بژی بۆ... لەشکری قزڵ " فێر ببێ و، وای لە کەیفی‌گیرفانی دانەری ئەو شتانە :

" پووڵ بۆ من دەباری . پتر لە شێست هەزار روبڵ نرخی شیعر و نوسراوی پەخشانم پێگەیشت "( چێشتی... ل٣١٢. سەرنج بدە وشەی" نرخ" ) .

(ئای مەلا مارف ! چاك بەهومێدی تۆ وەکو تۆ لە برسان نەمردم) . هەژار دەڵێ کە( ساڵی ١٩٥٩) لە ئیدارەی رۆژنامەی پراڤدا ی بەنێوبانگ پێیان‌گوتووە کە " تۆ نوسەرێکی باشی" ( چێشتی... ل٣١٢)، و کە گوتارێکی دەربارەی ئاشتی بۆ نووسیون ( کۆڵێك قسەی هەلەق مەلەق) پێیان‌گوتووە کە

" زۆرمان تەلەفۆن و تێلگراف بۆ هاتوە، دەڵێن شەش مانگە لەو مەقالەیە بەهێزتر لەسـەر ئاشـتی چاپ نەکراوە" (هەمان سەرچاوە)،

کەسانێك هەن نـەك هەر بە کارەساتی نەتەوەی خۆیان بە پلەی " گەورەپیاو"ی دەگەن، نـە، لەوەش گرنگتر بە کـارەسـاتی نەتەوەی تر( لێرەدا رووس)، رووسیایەکی بە ئەوهەمووە زانـاو پـسـپۆڕانەو، هـەزاران و هـەزاران شـارەزایان لە هەزاران زانیاریدا، کە ئـاڵایان بە دەوری ئەسـتێرەی زەوییەوە دەسـووڕێنەوە، ئـا ئـەم رژێمە کارەسـاتەیان هەبێت کە لە گرنگترین رۆژنامەیاندا ( گرنگترین رۆژنامەی چـەندین نەتەوەی ئاسیاو ئەورووپای ژێر ئاڵایەك) " شەش مانگە لەو مەقالەیە(ی قسەی قۆڕ و بێ سەروبەر) ی هەژار بەهێزتر" ی تێدا نـــەبینن .

ئەوکەسانەی کە مەلامارف بە دە نان یا نیوکیلۆ گۆشت مەدحی کردوون( هەژار ناویان دەنێ " هـەرە پیاوی خوێریش " ) کێ بوون و شیعرەکان چ بوون . ئەگەر بازرگانێکی ناو بازاڕی سابڵاغ نیوکیلۆگۆشتی دابێ بە " نرخ"ی پێ هەڵگوتنی بە کێش وقافیە و، کێش وقافیەکارێکیش تواناو ویستی بەجێهێنانی ئەوسەودایەی هەبووبێ، لە نەتیجەدا کڕین وفرۆشتنێکی ئـاسایی بازرگانیی نێوان دوو تاك لە بازاڕدا پێكهاتبێ، خەڵکی تر مەگەر بە زەحمەت بتوانن قسەی تێدا بکەن . مرۆڤێکی کە پارەیەکی خۆی دا بە سێ شیش کەباب، مافی ئەوە دەدا بە خۆی کە ئەوەندەی هەقی ئـەوکـەبابە بدا بە شتێکی تریش بۆ زاخاوی مێشکی ( چوونە سەیرکردنی فیلمی پێکەنین لە سینەما،یان هەر پێکەنین بە پێهەڵگوتنی کێش وقافیەکار بە باریکی و شووشیی ... ورگی زلی و جەنگەڵیی زولفیشێواوی سەری تاسی وقسەی حیزی تر). تەنیا لەسنووری هەرتەئسیرێکی کۆمەڵایەتیی دەرەوەی جەغزی ئەو دوو تاکەیە کە خەڵکی تری دەرەوەی ئەو جەغزە دەتوانن بە هاسانی ڕادەربڕینی خۆیان بە مافێکی ڕەوا باس بکەن . پێ هەڵگوتنی ستالین لە ئاڵەکۆك و لە خوێندگەکانی ئازەربایجان دا کردارێکە کە پێوەندیی بە ژیانی غەیری ئەو دوو تاکەی ئەو سەودایەشەوە هەیە ( هەژاری کە شێست هەزار ڕوبڵ و " ئەو لووسە " وەردەگرێ و سـتـالینێ کە ڕژیمەکەی ئەو نرخە دەدا) . لێرەدا، ئەگەر هەژار بە مـەلا مارفی گوتووە کە بە" پیاوی هەرە خوێریش " ی هەڵگوتووە، ڕەنگە مافی قسە تێداکردنی سەودای نێوان مەلا مارف و هەرتاکێکی کۆمەڵگای زۆرکەمتر هەبێ، ئەگەر هەبێ ، لە مافی مەلامارف کە قسە دە بەکارهێنانی سەنعەتی کێش وقافیەتشیی هەژار دە بازاڕی سیاسەتدا بکا .

من - زۆربەداخەوە - نە دیوانی مەلامارفم هەیە و، نە چیرۆکی ژیانی و، نازانم چۆن بووە مەلا مارف لەو بڕسێـتیەیدا نەچووە هێندێك بە " بەزە وعەدلی ڕەفیق ایسمکۆ " هەڵبڵێ و" نرخ "ی پێستە پەنیرێکی ژاژی و سێ پووت ئارد(بڵێین لەوەی تالانی سابڵاغ - ئۆکتۆبری١٩٢١) بۆ خۆی داواکا ،کە ئەوسا ئیـترمافی خۆی دەبوو( بە سیفەتی شاعیری نەتەوەیی کە جایزە لە ڕابەری شۆڕشی کورد وەربگرێ)، لە جیاتی ئەو هەمووە قیرسیچمەییە بۆ باسی تاڵان و دەرپێ داکەندنی مێیینەکانی خۆی و خزم و خوێش وهاوشارانی .

تۆ بڵێی ئـەگـەر مەلامارف سەد ساڵی تریش بژیایە لەو ڕازەی سووڕانی چەرخی گـەردوون بگەیشتایە کە بـۆچی ئەو ناوی بە " شاعیری سواڵکەری هەرە پیاوی خوێڕی " دەبرێ و هەژاری ڕاویەی بە گـەورە پیاو ؟ .

لە هەر ژیاریەکدا و لە هەر شوێنێکی دنیادا، هونەرمەندان و شاعیرانی جیاواز هەبوون . دەڵێن ئەڤیندارێکی چاوی ڕەشی ژنی میرێکی کورد، بێ منەت بە فەرمانی میر، هەر"سـیاچـەمانـە" ی خۆی گوتووە ، تاکو میر

گرتوویە و فەرمانی زیندە بەچاڵکردنی داوە، ئەڤیندار خراوەتە چاڵەوە و قوڕی پێداکراوەو هەر لە سیاچەمانە گوتنی خۆی نەکەوتووە تا ئیتر دوا تۆپەڵە قوڕ کۆتایی پێ‌هێناوە .

شاعیرانێکی یۆنانی، سەردەمانێك، بە خودایانیان هەڵگوتوون . بە کوڕانی ئاترێیدێیس( ئاگامێمنۆن پادشای مێسسێینێی کە ئامادە بوو کچی‌خۆی بکاتە قوربانی بۆ سەلامەتیی هێزی وڵاتی لە هێرشی دەریاییدا ،و برای : مینێلاۆس پادشای سپارتا ) ؛ بە " کـادمۆس" ی دروستکەری نیشتمانی" تهێیبای"( طیبە - ی یۆنان ) ؛ بە هێراکلێیس (هرقل ) ی پاڵەوان ؛ بە زۆر و زۆری تر . بـەڵام ئـەمەش نموونەیەك لە شێوەیەکی شیعری شاعیرێکی یۆنانیی بە رێبازی" ئاناکرێیۆن"ی سەدەی شەشی پ ز ( کە من لە ئەسڵە یۆنانیەکەم وەرگێڕاوە) :

دەمەویست رۆڵەی ئاترێیدێیس ناوبهێنم

دەمەویست بڵێم کادمۆس

بەڵام ژێی بەربەتی من تەنیاهەر

بەستەی دڵداریی دەزانی و بەس

ئاخری ، ژێیەکانم لێ گۆڕی

ویستم پێ هەڵبڵێم

بە رەنجی هێراکلێیس

بەڵام دەنگی ژێیەکان دیسان

هەر بەستەی دڵداریی دەزانی و بەس

کەواتە مەگەر هەر بڵێم : قارەمانان

بڕۆن بەخێرچن ، چی‌بکەم کە

ژێی بەربەتی من تەنیا هـەر

بەستەی دڵداری دەزانێ و بـەس

ناوی دانەری ئەو شیعرە نەزانراوە، دیارە منیش نازانم ناوی چی بووە، بـەڵام بە دڵنیایی دەڵێم کە ناوی " بن الهبّاریە " نـەبووە، حەقەن " مەلامارفی کۆکی"یش نـەبووە و ، حـەتـمـەن - حـەتـمـەن " هـەژار" یش نـەبووە .

ئەگەر پێت وایە کە هەژار قەت لەژیانیدا کەسی تاسەرخۆش نەویستووە، سەهویت . هەژار هەر لە سەرەتاکانی چوونە بەغدایەوە (١٩٤٧-١٩٥٠) تا- بەناچاری -کۆچی یەکجاریی لەوشارە(١٩٧٤)،" حەمەی عەزەکوێری سابڵاغی" ی دەلاڵ (ی بازاڕی قوماشی بەغدا) ی خۆش دەویست، حەمەش بەهەمان شێوە . من قەت نەمدیوە، تاقە یەك لەحزەش لە تەواوی ئەو دەوری چارەگە سەدەیەی هەڤاڵەتیان، گەردێك لە خۆشەویستییان نیشتبێ . من خۆشەویستی و هەڤاڵەتیی وام تەنیا هەر لە رۆمان و لە فیلمدا بەرچاوکەوتووە . نازانم چەندکەسی تری وا لە جیهاندا هەن کە ئاوا هەڤاڵ بن، نابێ زۆرهەبن .

حەمە دەلاڵ، ژنێکی جوانی هەبوو وکۆشێك منداڵ، بەڵام یـەکێك بوو لەو مرۆڤانەی ئەو دەوروبەرەی هەژاری کە ژیانی جنسییان ئەگەر قەت هیچ سنوورێکی هەبووبێ ئەوا دیارنەبوو .

حەمە دەلاڵ، هیچ رۆژێك نەبوو کە چاوەڕێ بکا تا دەچێتەوەماڵەوە، دەبوو لە دەرەوەی ماڵ بەلای کەم یەکێکی بکردایە، دیارە بەبێ ئەوە کە بە هیچ جۆرێك لەسەرحیسابی هەموو شەوێك و هەموو بەری بەیانیەکی ژنەکەی خۆی بوایە . خۆی و ژنی زۆر بە راشکاوی باسی خۆشیی ژیانی جنسیی خۆیان دەکردو، ژنی هەمیشە وەکو گوڵی ئاودراو گەش وشادو بەکەیف ونەشئە بوو. حەمە دەلاڵ دەیگوت هەرلە رۆژانی دەست تەنگیدا ،بۆخاتری پارە، شەوێکم دەبوارد ، ژنەکەم دەستبەجێ بە دایکی دەگوت، ئیدی دایکی شەڕی لەگەڵ دەکردم، کە شـەوی داهاتوو دەمکردو خەسووم گوێی لێ دەبوو! دەمزانی کـە هەر ئەو شەوە دینارێکم بۆ دەخاتە کەوشەکەمەوە .

هـەژار، ساڵی ١٩٥٨، کە ماڵی لە کوردستانی ژێردەستی سووریاوە هێنایەوە بەغدا، چەند رۆژێك بە ماڵ و منداڵەوە میوانی ماڵی" وەستا تڕە" بوو(کە لە شوێنی تردا باسی دێت) و لە خانوویەکی کرێ دەگەڕا ( هەژار کە لە چێشتی...ل ٢٨٢ دا دەڵێ" بوینە میوانی ئیمامی" هەڵەیە) . پیاوێکی کوردی یەك چاوشووشەی ناسیاوی هەژارو حەمە دەلاڵ ، کە ژنەکەی زۆرگەرم بوو و، هەژارو حەمە دەلاڵ و تاهیرتەوفیقی گۆرانیبێژو کێ و کێ و کێی ترو لەشکرێکی خزمانی نێرینەی مێردی فەردەن - فەردەن هەبوون . بۆ خۆش بەختیی هەژارو حەمە دەلاڵ، ئـەوەش لە خانوو دەگەڕا، ئیتر ئەوەبوو پێکەوە خانوویەکیان گرت پێنج ژوور، لە چوار ژووری خوارەوە دوویان بۆ زەلامی چاوشووشە و ژنەگەرمەکەی وکوڕوکچی بچووکی ، دووەکەی تری بۆ هەژار و ژنی و دوو کوڕی . لەوێ بوو کە جارێك سەرۆك بارزانی هاتە ماڵی هەژار . ( ژووری پێنجەم لە نهۆمی دووەم بوو، ئەویش ماوەیەك درا بەکوردێك ) . ئەو ژنەگەرمە جارێکیان مەسخەرەیەکی کردم کە زۆرم لا ناخۆش بوو و زۆری پێ

تلامەوە : لەبەرهەتاو ،لەگەڵ دەستەیەك لە جەیشی حەبەش، لە حەوشە دانیشتبوون، چایان دەخواردەوە، کە منی دیت سەیری کردم و ئەوجا بە میوانەکانی گوت : " أبوه یرکب العربانه من ورا " ( باوکی لە دواوەوە سواری عارەبانە ( درشکە) دەبێ ) . میوان لە قاقای پێکەنینی زۆرسەیریان دا و ئەوجا بەدەم پێکەنینەوە لە منیان دەپرسی : " ئەوە بابت لۆ یرکب العربانه من ورا ؟ ". من هەرچەندە، وەکو ژنی هەژارو هەرکەسێکی تریش کە هێندێك لەو ماڵە بمابایەتەوە، ئاگاداری چالاکیی ژنەگەرمەکە بووم، چونکە حەوشەکە زۆر بچووك بوو و ژووری نوستنی ژنە گەرمەکە لە پەنا مەتبەخەکە( ئاشپەزخانە) بوو و، دەنگی چالاکیی جنسیی لەگەڵ پیاوانیدا زۆر بە روونی دەگەیشتە مەتبەخ ، هیچ نهێنیەك دەکاردا نەبوو، دەمزانی کە هەژاریش ئەو ژنەی دەکرد ، بەڵام ئیتر لە ئەو زاراوەسازییە نەدەگەیشتم، هەر دەمزانی کە دەبوو قسەیەکی خراپ بێت و هیچی دی . زۆرم پێ ناخۆش بوو و نەمدەزانی چۆنیان بێدەنگ بکەم، بە تووڕەییەوە دەمگوت : " ئەی پیاو لەکوێوە سواری عارەبانە دەبێ ؟ قابیلە لە پێشەوە بە ئەسپەکە هەڵگەڕێ ؟ " . ئەوان - ئەمجارە بە ژنە گەرمەکەشەوە - ئەوەندەی تر لە پێکەنیندا دەخنکان . دوایی گوتم : " نازانم ، لە خۆی دەپرسم" .

ـ کوڕە ها... کە بە بابت بڵێی لۆ هەر لە پاشێوە لە عارەبانەی سوار دەبی، - بە سەرێ توو - دەتکووژی!

حەمەدەڵاڵ، هەموو رۆژێکی حەفتە جگە لە هەینی، دەوری نیوەڕۆ، سەرێکی لە دووکان و ماڵی چاوشووشەی ناسیاوی دەدا، لە پێشدا دەچووە لای خۆی لە دووکان و چایەکی لا دەخواردەوە، لەوێوە یا ئەڵڵا راستەوخۆ بۆ لای ژنە گەرمەکەی لە ماڵ ، هێندێك پارەی وردەی دەدا بە دوو منداڵەکەی و ئیتر دەنێردرانە کۆڵان ، ژنە گەرمەکە هەزارهەڕەشەوگوڕەشەی لێ دەکردن : " لە خۆتانەوە نەیەنەوە، چاوەڕێ کەن تا خۆم دێم بانگتان - دەکەمەوە، دەنا سەرتان دەخەمە قوونی بابتان، ئەولادی گەووادی شاخدار! " . لە دوو منداڵەکە، کە کوڕێکی سێ ساڵانە و کچێکی پێنج ساڵانە بوون، کوڕەکە زۆر بێدەنگ و کچەکە عەییارێك بوو،کە لێیان دەپرسی : " کە گەورە بووی، چەند مێرد دەکەی ؟"، دەیگوت :" ئەرباطەعەش" (چاردە) . ئیتر بەو جۆرە سەرنجی بۆخۆی رادەکێشا. حەمەدەڵاڵ هەمیشە کاتی دیار بوو، ژنە گەرمەکە لای خۆیەوە ئەو کاتەی بۆ ئەو دانابوو، بەڵام دیسان وا دەبوو، میوانی بێمەوعید پەیدا دەبوون و رۆتینەکەیان دەشێواند ، چونکە خانم لە میوانداریدا ئەوە نەبوو تاقە جارێکیش بە تاقە میوانێك بڵێ " نا"، وشەی" نا " ی هەر بەتەواوی لە قامووسی خۆی سڕیبۆوە و هەموو " نا"یەکی تێدا کردبوو بە " با- با- با "؛ کە حەمە دەڵاڵ دەهات و ژووری حەرەم ئاوا بە میوانێکی تری ئازیز گیرابوو، دەبوو چاوەڕێ بکا، ئیتر دەهاتە ماڵی هەژار، هەژار خۆی لە ماڵ نەبوو، ئەوەبوو داوای چا

یا قاوەیەکی لە ژنی هەژار دەکرد و خۆی دەخلافاند تا ژنە گەرمەکە دیسان بۆ ئەو چۆڵ دەبوو .

هەژار، لە باسی حەمەدەڵالی خۆشەویستیدا دەیگوت : " ئەو هەتیوە "تن" ی دوای فیعل بە قانوونێکی مەخسووسی خۆی دەڵێ ،کە هیچ کوردێکی دیکە وای نالێ ! " . حەمەدەڵاڵ کە سوێندی دەخوارد دەیگوت : بە قەبرەکەی نینینی چووتێتن! ( بە" لێنین"ی دەگوت نینین،ولای خۆیەوە چوواندبوویە قەبرێکەوە و سوێندی پێ‌دەخوارد)، کە لە کەسانێکی دەبیست ناوی" کوردستان "یان دەهێنا ( کە ئەوسا ئەو شیوعی بوو و شیوعی دژی ئەو ناوە بوون، بە کوردستانیان دەگوت " شیمال ")، تووڕە دەبوو و دەیگوت : " تێی ناتڕن !"، هەژاریش کە لای بوایە هەمیشە بۆی ڕاست دەکردەوە : " تن، هەتیو تن ، تنەکەت لەبیر چوو، بڵێ تێی ناتڕنتن ! " .

حەمەدەڵاڵ لە باسی ژنەگەرمەکەدا دەیگوت : " بە قەبرەکەی نینینی چووتێتن ، قوونی کۆش پڕ دەکاتن " .

حەمەدەڵاڵ، لە کاتی شیوعیەتی ئەهلی بازاڕدا، کە رووسیا مانگێکی دەستکردی هەڵدەدا، ئەم دەچوو دەستە- یەك دووکاندارانی ئەهلی بازاڕی بە کفتەی سابڵاغی دەعوەت دەکرد( کە ئەو هەمووە گۆشتەی تێ‌دەچێ )، ئیدی دووکاندارانی شیوعی، کە هەستی خۆشەویستیی سۆڤیەت و حەزی زگیان دەکەوتنە سەر یەك خەت، خودا- خودایان بوو کە سۆڤیەت مانگێکی نوێ هەڵبدا . حەمەدەڵاڵ زۆر بەکەیفەوە دەیگێڕایەوە کە یەکێك لەو کفتەخۆرانە گوتوویە : " ئەبو جاسم، ئیتیحادی سۆڤیەتی یەك دانە مانگی هەڵداوەتن ... کەچی کفتەزمانی تۆ ( جۆرێك کفتەی گەورەی سابڵاغی) سێ کفتەی تێدایەتن... " .

ڕۆژانی‌هەینی،بازاڕی قوماش نەبوو و چاوشووشەش نەدەچووە کار،ژنەگەرمەکە یەك مریشکی بەیەك پارچەیی سوور دەکردەوەو لەسەر یەك دەوریی گەورەی پڕ لە پڵاوی دادەنا، بۆ مێردەکەی و میوانی هەموو هەینیەکی مێردەکەی ، کە ئەویش کێ بوو ؟ هەمان حەمەدەڵاڵ ! .

منداڵەکان نانیان بەجیا لە ژووری نوستن بۆ دادەنرا، ژنە گەرمەکەش خۆی هەرمریشکی نەدەخوارد و، ئەویش دوایی بەجیا نانی خۆی دەخوارد ، بەڵام بۆ کەیف وگەمە لای مێردو میوانی دادەنیشت . گەمەی ڕۆژی هەینی لەوەی شەش ڕۆژەکەی تری حەفتە جیاواز بوو. هەرکە چاوشووشە دەستی بۆ نان دەبرد، ژنە گەرمەکەی ( کە کوردو لە بەغدا گەورە ببوو،کوردیەکی زۆر خراپی دەزانی و زۆرتر هەر بە عارەبی قسەی دەکرد) بەوە تووڕەی دەکرد کە دەیگوت : " من حەز لە دەنگی شەماڵ سایب دەکەم " . مێرد ئا لەوەندەش غیرەی دەکرد، زۆر تووڕە دەبوو و ئیدی نانەکەی بە گیان نەدەکەوت ، بەوە کە چاوێکی شووشە بوو و هەر بە یەك چاو تووڕە دەبوو ، ئەوەندەی تر ڕەزاقورس دەبوو . دەوری ژنەگەرمەکە بریتی بوو لە هەڵگیرساندنی ئاگری تووڕەییەکە، ئەوی تر

بەشی حەمەدەڵاڵ بوو کە تەواوی بکا و نانەکەی لێ بکا بە ژەهری مار . حەمەدەڵاڵ لێرەدا هەڵیدەدایە :

ـ جا قەیدی چ دەکاتن ؟ خۆ ئەو هەر عەز لە دەنگەکەی دەکاتن ! .

چاوشووشە بەوە ئەوەندەی تر گڕی دەگرت :

ـ هەتیم، ئاخر کوو ژنێ من عەز لە دەنگێ پیاوەکە غەریبە بکاتن ؟ ها؟ ژنێ من ... ژنێ من، هەتیم کوو ؟ ...
دە پێم برێ کوو ؟ ژنێ من ...

" ژنێ من "یش لەولاوە بە پێکەنین لە پێشدا سەرو دەست و ئەوجا هەموولەشی وەکو لەنگەری سەعاتی گەورەی دیوار بەم لا و بەو لادا بادەدا وەك بڵێ : " خودایا بۆ حیکمەتت، تۆ پیاوت لە پەراسووی چ کەرێك دروست کرد ؟ " . کەچی چاوشووشە میواندارییی تاهیر تەوفیقی دەکرد و بە حەفتە لایان دەمایەوە ، شەوانەش مێزی ئارەقی بۆ دەڕازایەوەوگۆرانیی بۆدەگوتن و لەو هیچ غیرەی نەدەکرد ، تۆمەز ئەویش- وەك زۆرانی تر- بە " پیاوەکە غەریبە" دانەدەنرا( وا ئەزانم خزمایەتیەکیان هەبوو) .

کە سەرۆك بارزانی هەژاری ناردە سۆڤیەت، شەڕوهەرا کەوتە نێوانی ژنی هەژارو ژنی چاوشووشەوە . ئیمامی، کە هەمان کەسوکاری دڵسۆزی جارانی ئێمە بوو، قیری لەوەگرت کە " هەرئێستا دەچم بە شەق دەریاندەکەم". ئیمامی مرۆڤێکی چوارشانە، ئەوەندەی بە دڵ پڕ لە مەحەببەت و ئینسانیەت بوو، ئەوەندەش کەللەرەق، پیس تووڕە دەبوو و زۆر خراپ هەڵدەچوو . تەبیعی ئێمە باسی ڕووداوانی دەرەجەی گەرمای ژنە گەرمەکەمان بۆ نەدەکرد، ئەو کوردێکی وەها بە دەمارو تووش و بە تەعەسسوب، شتی وای بیبیستایە و کە ئێمە لە گەڵ کەسانێکی وادا لە خانوویەکدااین، سەیر نەبوو لەپێشدا ئێمەی بدایەتە بەرشەق( وشەقەکانی هەژاری بۆ دوای گەڕانەوەی لە رووسیا هەڵبگرتایە)، ئەوجا بکەوتایەتە گیانی هاوخانووەکەمان :

ـ من ئەمزانی چاوی شووشە نەحسە! وەڵڵاهی ئەبێ ئەو چاوەی دەربهێنم و بیدەمە ئەو منداڵانە لە کۆڵان
هەڵماتێنی پێ بکەن، تا ئەوە ئەو چاوە شووشەیەی هەبێ دنیا ئیسراحەت ناکا! .

دایکت چاك - بابت چاك، بە هەزار ناڵیعەلی ئارامان کردۆتەوە کە یەك حەفتە خۆی بگرێ، ئەگەر بەو حەفتەیە چارەیەکیترمان نەدۆزیەوە، ئەوسا ئەو تیۆریی خۆی دەربارەی" ئیسراحەت کردنی دنیا " پیادەی پراتیك بکا . سەمیرە خانمی ژنی وریای کانیمارانی، نەخشەیەکی زۆر زیرەکانەی بۆداناین و سەریگرت،ماڵی چاوشووشە باری کرد. ماڵی خاوەنی خانووەکە خۆی جێیئەوانی گرتەوە . ماڵێکی عارەبی بێ سنوور چاك، لەهەموو روو- یەکەوە ١٨٠ دەرەجە بە پێچەوانەی ژنەگەرمەکە . هەزار جار یادی زیندوویان بەخێرو گۆڕی مردوویان پڕ

له رووناکی، هەر له رۆژی یەکەمەوە هەستی کەسوکاریی یەکترمان پەیداکرد، وەك هەمیشە هەر یەك ماڵ بووبین، پیرەمێرد (ئەبوجەمال) و پیرێژن وکچێکیان و زاوای وکوڕێکی رەبەنیان(جەمال) ونەوەیەکی هاوتەمەنی من(فاروق) و یەکی تری هاوتەمەنی برام( فاتن)، هەموو لەو سێ ژوورەدا دابەش بوون. بە تایبەتی بۆ من هەر یەکجار زۆر خۆش بوو،ئەوخۆشەویستیەی کە لە هەژارو ژنەکەیم نەدەدیت ( نەیاندەزانی خۆشەویستیی منداڵ یانی چی )، زۆر بە فراوانی ئا لای ئەمکەسوکارە نوێیەم دەدۆزیەوە، بۆ دڵی من له باجی ئامین و کەرەناچی ئەگەر پتر نەبووبن کەمترنەبوون . براکەشم کەوتبووە ناز و نیعمەتەوە، ئەگەر لە یاریکردندا جارێك کێشەیەکی لەگەڵ فاتندا هەبوایە، ئەوا دایکی فاتن هەمیشە ئامۆژگاریی کچەکەی دەکرد کە : نابێ " أخوج " ( برات ) ناڕەحەت بکەیت. کە کێشەیەکی منداڵان لە کۆڵان رووی بدایە، ئەو دەچوو له سەر براکەمی دەکردەوە و، هاواری دەکرد کە : " من خۆم دیفاع لە " إبني" ( کوڕی خۆم ) دەکەم وکەسی تر هەقی بەسەرەوە نیە "، حەقەن هێندێك کەس لە خەڵکی کۆڵان پێیان وابوو کە بەڕاستی کوڕێکی ئەوە و یەکجار زۆر نازداری دایکیەتی.
تەنانەت جارێکیان براکەم ( ئاگری،ناوی دووەمی: مستەفا) لای وابوو کە ئیتر جگە لە دایکی فاتن دایکێکی تری بۆ نامێنێتەوە، هۆیەکەشی ئەوەبوو : لە کاتێکدا کە برایەکی لە دایك دەبوو( زاگرۆس )، ژنی ئیمامی ئاگریی لە ژووری دایکی دوورخستبۆوە و- بە شێوازی خۆی- پێی‌گوتبوو کە " دایکت منالێ بچووک وجوان ئەبێ "، ئاگری وا تێگەیشتبوو کە دایکی بچووك ئەبێتەوە و" ئەبێ ( بە) منالێک بچووک و جوان "! *.

---

* (( هەرچەندە ئاگری دایکی فاتنی یەکجار زۆر خۆش دەویست، بەڵام دیارە ئەو دایکی فاتن بوو نەك هی ئەو، و بەوە کە چیتر دایکی خۆی نەدەما ، دایکی دەبوو بە منالێ بچووک وجوان لە گەڵ منالانی تردا لە کۆڵان یاریی‌لەگەڵدا بکا ، هەستی کارەساتی بەتەواوی لێ دەباری، بە شێوەیەك کە - بۆ من - مەگەر هەر چارلز دیکنز توانیبێتی بە بلیمەتیی خۆی وێنەی وەك ئەوە بکێشێ .
من ئێستاش کە لە شوێنێك وادەبێ باسی بەرهەمێکی دیکنز دێتە پێش(کە من یەکجار زۆرهۆگریم) بەتایبەتی کە باسی یەکێك لەوکتێبانە (Great Expectations)ی بێت، حەقەن یەکەم شتی لەوەدا دەست بەجێ دێتە بەرچاوم، باسی " ترسی منداڵ "ـە کە ئەو مەزنە بلیمەتە لە رێی شەخسیەتی " پیپ Pip"ـەوە پێشکەشی دەکا ،کاتێ پیپ بەڕاستی ترسی ئەوەی لێ پەیدا بووە کە پیاوێك جەرگ و دڵی بخوا ، من هەمان ئەو ترس و وەحشەتەی کە ئەو بلیمەتە لەوێدا لێی دەدوێ لە دەموچاوی ئەو ←

دوای ئەوە، کە هەژار لە رووسیا هاتەوە، دیارە خۆی و حەمەدەلاڵ زۆر بە وەزعی نوێ تووڕە بوون و هەرتکیان زۆر رقیان لە ماڵی ئەوکەسوکارە نوێیەی ئێمە بوو . زۆری پێ نەچوو کە رژێمی قاسم، لە خانوو بەشینەوەیەکدا چل خانووی دا بە سەرۆك بارزانی کە بیدا بە تابیعانی خۆی ( هەژار بە هەڵە نووسیویە : سي ) ، کە دیارە هەژار کەسێك نەبوو هەلی وا لەدەست بدا، ئەوەبوو خانوویەکی بۆ خۆی ئەستاندو گواستمانەوە . هەرچەندە ماڵی ئەبو جەمال هەرخۆیان بە کەسوکار دەزانی و دەهاتنە ماڵی هەژار، بەڵام چونکە هەژار زۆر رقی لێیان بوو، لە ئاخریدا دووری خستنەوە . هەژار هەر دوو رێگای بۆ هەموو ئەندامێکی ماڵەکەی هەبوو: یان رەوشتی بکا بە کۆپیەکی ئەوەی کە دنیای ئەو دەیویست یان زۆر بە درندەیی تێکوپێکی بشکێنێ، و لە پێك‌هێنانی هەر کام لەو دوو مەبەستەیدا زۆر بلیمەت و سەرکەوتوو بوو. ژنەکەی لە سابلاغەوە بە بەرماڵەوە هاتبوو!، تاقە یەك نوێژی نەدەچوو، لە ناچاریدا رۆژانە هەر پێنج جار نوێژی دەکرد، بەو بوایە هەر بە پەنجا نوێژەکەی یەکەم قسەی خودا دەمایەوە و کەم نەدەکرایەوە، بەڵام بەدبەختە چی بکات کە ئیتر ئاوا کەم کرابۆوەو رەمەزانیش هەر بە تاقە یەك مانگ بڕابۆوە . دیارە ئەوسا ئەوە بۆهەژار" حای- حای" و سەد جار" حای- حای" بوو. هەرچەندە هەژار لەو چوارساڵەدا، نوێژو موێژو رۆژوو و باب و باپیری مۆژووی لە مەژیی ژنی تـووڕ دابوو، بەڵام هێشتا رێیەکی" شۆڕشی فەرهەنگی"ی دوورو درێژی لەپێش بوو،و وا - بۆ بەدبەختیی ئەو - ئا لە ئەو کاتە مێژوویيە گرنگ و حەسساسەی ئینقیلابدا دایکی فاتن و" إبنی" و ئەبو پیروپاتاڵ و نازانم کێی تەرەماشـی لێ پەیدا دەبوون . ئەوە شتێك نەبوو کە تەحەممول بکرێ . هەژار- ماشاڵڵا -" براژن"ی زۆری هەبوون و ئەولادی براژنان و تەنانەت باپیری ئەولادی براژنانیش ! ( کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دێ)، ترە-تڕی ئەبوجەمال ودایکی‌جەمال یانی چی؟. من تا چەندساڵێکی دوای ئەوە هەرهاتوچۆم دەکردن، زاواکەیان شیوعی(کۆمونیست) بوو، ساڵی ١٩٦٣ گیرا و لە ژێر شکەنجەدا شێت بوو، پیرەمێرد مرد و ئیترهەموو زۆر شپرزە بوون .

لە ماڵی چاوشووشەو ژنەگەرمەکەی، ماوەیەك بێ خەبەر بووم، دوایی هاتنەوە هەمان کۆڵان(کووچە)ی کە پێشتر لەگەڵ ماڵی هەژاردا خانوویان تێدا گرتبوو . لەوێ ، ئەمجارە هەژارو حەمە دەلاڵ پێکەوە دەچوونە لای ژنـە گەرمەکە، هەژار بە رەسمی ئیجازەی لە چاوشووشە وەرگرتبوو کە نیوەڕوانە بۆ پشوودان و سەعاتێك خەو بچێ لای براژن ! ئیسراحەت بکات، حەمەدەلاڵیش دەچوو لەوێ سەر لە کـاکم ! بدا . من ئەوسا وشەی جنسیی

---

← لەحزەیەی ئاگریدا دەبینمەوە، کە" بچووك بوونەوە "ی دایکی تووشی کردبوو )) .

" ترایۆ" ( سێ قۆڵی ) م نەدەزانی،" سێکس گرووپ"یش هەروەتر، دوو وشەی زۆر گرنگ بۆ باسی ژیانی جنسیی هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری، ئێستا کە دەیانزانم لە شوێنی خۆیدا دەگەڕێمەوە سەریان و شوێنیان لەو ژیانەدا باس دەکەم . دیارە بۆ ژنەگەرمەکە،هەم بۆ کاتی فریاکەوتنی ئەم هەمووە پیاوانە،کە لەجیاتی ریزگرتنی یەك - یەك، بە دوو- دوو و سێ - سێ باشتر فریا دەکەوت و، هەم لێرەدا باشیشی هەڵبژاردبوو ، دوو کەسی خۆشەویستی یەکتر کە خاتری یەکتریان " بە بێ سنوور" دەویست و دابەش کردنیشیان بە دوولادا زۆر هاسان بوو، ئەوەندە هەبوو کە هەژار زۆر ورگن و پان وپۆڕو قورس وناقۆڵا بوو ،لەکاتێکدا کە حەمەدەلاڵ بچکۆلەیەکی لەڕولاوازو چەند کیلۆیی بوو. ژنەگەرمەکەش خڕوپڕێکی بەخەزوبەز بوو ،هەرکەسێك بیدیبا دەیزانی کە سوێندە-کەی حەمەدەلاڵ بە" قەبرەکەی نینین ی چووتێتن " دەربارەی قوونی، هیچ درۆی تێدا نەبوو . هەستی ژنەکەش لەوکارەدا چۆن بووە، ئەوە وادیارە کە هەر بە نەزانراوی دەمێنێتەوە، چونکە کە لە فەرهەنگی " پیاوسالاری" دا ئەگەر پیاوەکە خۆی ئامادە نەبێت ( بە نموونە لە " چێشتی مجێور" دا ) ئیعتیرافاتی خۆی بڵاوبکاتەوە، نابێ چاوەڕوانیمان لە ژنی چاوشووشە یا ژنی هەژار یا ژنی حەمەدەلاڵ هەبێت کە ئیعتیرافاتی خۆیان بڵاوبکەنەوە *.

(( بە پێچەوانەی فەرهەنگی رۆژئاوا کە خانمانیش وەکو پیاوان ئیعتیرافاتی خۆیان دەنووسن و بڵاودەکەنەوە و وا دەبێ دەکرێن بە فیلمی سینەماش . من خۆم دوو فیلمی وەهام لە تەلەڤیزیۆنی هۆڵەنداوە دیتوون، یەکیان چیرۆکی ژیانی خانمێکی هۆڵەندییە (Neel Doff 1858-1942) کە سەردەمێك قەحبە بووە و لە دواییدا بووە بە نووسەر بە زمانی فەرەنسی لە بەلجیکاو ئەوەی ساڵی ١٩٢١نووسیوە؛ ئەوی تریش هی خانمێکی فەرەنسیی نووسەر(Marguerite Duras1914-2006) کە چیرۆکی نێوانی جنسیی لەگەڵ دەولەمەندێکی چینیدا لەڤێتنام ( کە نووسەر خۆی لەوێ لەدایك بووە و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا ئیتر چووەتە فەرەنسا ) تێدا دەگێڕێتەوە . جورئەتی تۆمارکردنی حەقیقەتی ژیانی مرۆڤ هێشتا لە توانای مرۆڤی دنیای سێیەم و چوارەمی ئابووری زۆر دوورە . رۆژهەڵاتی، ئازایەتیی ئەوروپایی نیە . تۆمارکردنی چیرۆکی راستەقینەی ژیانی خۆ و دەوروبەر لای

---

* کە لێرەدا ئیعتیرافاتی ژنی هەژار زۆرگرینگە . ئیعتیرافاتی ژنانی رابەران و پیاوانی دەوروبەریان لەوەی مێردەکانیان کەمترگرنگ نیە . فەرهەنگی قۆناغی دەرەبەگی، بە جۆرەها بەهانەی ئەخلاقی، خۆی لە باسی مێژووی راستەقینە گێل دەکا، کە ژنان لە پشت پەردەوە دەوری ئەوەندە گرنگ و خەتەری تێدا دەبینن .

ئەوروپایی شتێکی زۆر ئاساییە،لەکاتێکدا کە هێشتا رێگایەکی دوور لەپێشە تا فەرهەنگی رۆژهەڵات بەوە دەگا کە ئەوە قەبووڵ بکاو پیشانی بدا کە ئازایەتی هەر ئیحتیکاری مرۆڤی نەژادی پێست سپیی رۆژئاوایی نیە . من تەنیا جارێك لە رۆژنامەیەکی هۆڵەندیدا خوێندمەوە کە جوویەکی بەغدایی - ی لە بە زاراوەی ئیسرائیل -" عـۆلیم" ( جووی کۆچ کردوو بۆ ئیسرائیل) بیرەوەریەکانی ژیانی خۆیی بەغدای نووسیوەتەوە و بە کتێبێك ( بە عیبری ) بڵاوکردووەتەوەو، ئەوە وەرگێردراوەتە سەر چەند زمانی تریش، کە بۆ خوێنەرانی هۆڵەندی وادیارە زۆرتر باسی رووداوانی جنسیی سەربانەکانی بەغدا لە هاویندا زۆر جێ سەرنج بووە ، چونکە ئەوان بەگشتی بەتەواوی وێنەیەکی تری محافەزەکاری وئیسلامی و چی وچیان دەربارەی ئەو مەڵبەندە دە خەیاڵدا بووە کـە زۆر لە باسەکانی ئەو نووسەرە ئیسرائیلیە جیاواز بووە . بەڵام بە هەرحاڵ، ئەو مرۆڤە ئیسرائیلی بووە، کە ئیسرائیل دورگەیەکی فەرهەنگیی رۆژئاوایە لەو مەڵبەندە و ناکرێ بە نموونەیەکی فەرهەنگی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابنرێ )) .

حەمەدەڵاڵ، دوای چەند ساڵێك بەتەواوی هەڵپریوا ؛ کە دەڕۆیشت، لە پێشدا هەموو لەشی هەنگاوێك دەچووە پێشەوە قوونی نەبێت ، هەروەك قوونی سەبەتەیەك بێت و لە بەر قورسیی لەگەڵیدا نەڕوا، ئەوجا تاوی دەدا خۆی و بە یەك تەکـان (ی دووەم) قوونی دەکێشا ئەو شوێنە کە لەشی لێ ببوو، ئیتر ئەوە پرۆسەی هەنگاوی رۆیشتنی بوو . هەژار دەیگوت : "حەمە ناڕوا، بای دەدا ! " . هەمیشە بنێشتی دە دەمدا بوو ( بۆ نەهێشتنی بۆنی ئارەقی زۆری کە دەیخواردەوە) و، بۆ بۆنیتریش زۆری عەتر لە خۆی دەدا ،یەك باوەش بۆن بوو دەڕۆیشت . کاری حەمەدەڵاڵ(لەبەرمیایەکیجووی سابڵاغیی وەرگرتبوو)- بە رادەی یەکەم- ئەوە بووکە قوماشفرۆشانیلای قەڵادزەو رانیە یا زینووی شێخی دەهاتنە بەغدا بۆ قوماش کڕین ، حەمە دەڵاڵ دەیبردنە بەردەمی دووکانێك و دەیگوت" لەوەی بکڕن"، ئیدی نیسبەتێکی دەڵاڵیی لە هەردوولا وەردەگرت . زۆری پەیدادەکردو هەمووی زوو خەرج دەکرد ،هەمیشە میوانی زۆری هەبوون وخواردن و خواردنەوەی ریزدەکرد ،نرخی پارە لای وەکو پووش بوو، کوڕی زۆری هەبوون کـە تاقە یەك وشەی کوردییان نـەدەگوت، دووکچەکەشی بەهەمان شێوە، زمانی ناومالی لەگەڵ منداڵانیدا عارەبی بوو، منداڵ بە هەموو مانای وشە بەغدایی بوون وتەواو، تەنیا دوایی کچە گەورەکەی ( إبتسـام ) مێردی بەکوڕی بازرگانێکی بازاڕی قوماشی هەولێر(کوڕی " هاشم" ناوێکی کە بە ئەسڵ سابڵاغی بوو) کرد ، کەواتە دەبێ ئیتر لەوێ فێری کوردی بووبێ ؛ ئەولادی هەژارو ئەوانەی حەمە دەڵاڵ، قـەت بـە هیـچ

جۆرێك بۆ یەك لەحزەش نێوانێکیان پەیدا نەکردووە . هەژار هەر خۆی مەبەست بوو نەك ئەولادی . بەڵام باسی هەژارو ئەولادی شتێکە، وەك زۆر شتی تر لە ژیانی هەژاردا،- بە حەرفی- بۆگەن بوو ( پێوەندی بە ئاودەستەوە هەبوو) ، کە لەشوێنی خۆیدا باسی دێ .

حەمەدەڵاڵ ، هەڤاڵی رووحی هەژار بوو، لە کاتێکدا حاجی بایزاغا و ستالین و بارزانی وکێ وکێو نەتەوایەتی و کۆمونیزم و چی و چی ، وەکو دەڵاڵیەکەی حەمەدەڵاڵ ،کار و کەسابەتی دنیا بوون .

هەژار، لە هەمان کاتدا کە لە رووی فکرەوە شایەرێکی دێهاتی بوو، و لە رووی رەوانییەوە گرفتاری زۆر گرێی زۆر سەختی مرۆڤی ئەم دنیایە بوو، لەگەڵ حەمەدەڵاڵدا دەچووە ئەستێرەیەکی ترەوە، کە تێدا شەرمی لە فەرهەنگی چەندهەزار ساڵ نەدەکرد. کەهەژاروحەمەدەڵاڵ دەگەیشتنەیەکتر، رووحی هەردوولا لە ئەستێرەیەکی تردا، بە زمانێکی تر و فەرهەنگێکی بەتەواوی جیاواز دەژیان ، ئیتر باکیان بەم دنیایە نەبوو، هەریەکە بە شێوەی خۆی، خۆی لە خەمی جیهان دەپەڕاندەوە، یەکێك لە " لەوەی بکرێن " و یەکێکیش لە رەنجی کێش و قافیەتاشی .

رووحی دوو هەڤاڵ، بۆ ئەو ئەستێرەیە فڕینەوە کە لێیەوە هاتبوون، بەڵام هەر بە لەش کۆچیان کردووە و، تاکو گۆڕانێکی لە رەگوڕیشەوە بە سەر کۆمەڵگای کورددا نەیەت ئەوانە ئاڵایان فڕ- فڕ- فڕ دەشەکێتەوە .

لـە ساڵانـی شـێستەکاندا، هـەژارو حەمەدەڵاڵ دۆستێکی هاوبەشیان پەیدا کردو، ئێوارانە لە دووکانی ئەو کۆ دەبوونەوە . ئەم دۆستەیان ناوی حوسێنی رەعنا بوو، دووکانەکەی ناونابوو " مخزن آواره ".

لە بەیانیەکی زووەوە تا دەوری سەعات دەی شەوکرابۆوە، ئاوێنە و عەترو فانیلە و دەسرە و ... ئیدیی دەفرۆشت .

هەژارلای خۆیەوە حوسێنی رەعنای ناونابوو" ئای لە کاعوسێنی". ئەوەشی لە چیرۆکێکەوە هێنابوو کە زۆرجار دەیگێڕایەوە : " زەلامێکی حوسێن ناو ،لە دێیەك ئارەزووی لە ژنێك دەبێ، نازانێ چۆنی پێ بڵێ، دەترسێ ژنە نەیکاو لێی لە هەڵلا بدا ،بەڵام رۆژێك لە سەیرکردنی ژنەکە لەسەر خەرمان وا تێدەگا کە ژنە تێی‌گەیشتووە و رەنگە بەدڵیی بێت ، کەیفی زۆر سازدەبێ و بە دەوری ژنەکەدا دێ ،بەڵام - بۆ بەدبەختی - ئا لەو وەختەدا یەك تڕی زلی لێ بەردەبێ . ژنەکە دەڵێ : " ئای لە کاعوسێنی ، پیتی خەرمانەکەی برد ! " ".

هەژارکە دەهاتە ژوورەوە لای، لەجیاتی سڵاو هەردەیگوت " ئای لە کاعوسێنی" و،کە دەشرۆیشت هەر بەهەمان شێوە دەیگوت" ئای لەکاعوسێنی"، ئیتر قەت بۆ سڵاو و خواحافیزی شتێکی تری نەدەگوت .

" مخزن آواره " داری تووبای سێ رووح بوو، سێ حـەقیقەتی پـەتیی تێدا کۆ دەبوونەوە، ماسك و رووپۆشی ریاییان فڕێ دەدا و پەردەی نێوان سێ دڵ ودەروون بەگڕی ئەڤینی دڵ هەپروون بە هەپروون دەبوون . جۆرەها بەندو پێوەندی کۆمەڵایەتی ، کە بە چەندین و چەندین سـەدە بە سەر چـەندین و چەندین نەسلی مرۆڤایەتیدا سەپێندرابوون ، لێرەدا نرخی" کا" یەکیان نەبوو،بە با دەدران ، و- لە سەداسەد بە حەرفی- بەر بای دەنگداری قوون دەدران . خەمەکانی بازاڕو بکڕەو بفرۆشە، رێز لە فلان بگرە، ریایی بکە، شایەری بۆ ئەو هەمووە دەستە-جاتەی گەل، ئـەو هەمووە قافیەیە، بۆ پێشەوە ...براژن ...کاکم ... پەروەرمەروەرو کوردستان و پاکستان ( کە بە کونی تفەنگی قوون رێژنەیان پێدا دەبارێندرا ) و... هەرچی پـووش وپەڵاشی شانۆگەریی ژیانیان بوو تووڕ-دەدرا: لەگەڵ ( سڵاوی ) " ئای لە کاعوسێنی" دا، مەراسـیمی مەحفەل دەستی پێ‌دەکرد کە زۆر لەوەی لۆجی ماسۆنیەکان جیاواز بوو :

وێنەیەکی مەراسیمی مەحفەلی مخزن آواره

لە سەرەتادا : سەرو تڕ لێ‌دەدرا ،

ئەوجا: کۆکتێلی ئارەق و بیرەی فەریدە و شەرابی دهۆك تێکەڵ دەکران و هێندێك جاریش ئاوی جەرگ بۆن و بەرامەی کۆکتێلی تەواو دەکرد( کە بریتی بوو لە میزی خاوەنی شوێنی موقەددەسی هەرسێ رووح، کە وەکو

شەرابناسێکی بلیمەت زۆر زووتر تێی‌کردبوو تا دەم بکێشێ ).

کۆکتێلی مەحفەل بە پشووی درێژو قوڕ- قوڕی هەڵقوڕ-هەڵقوڕ نۆش دەکرا، ئەمجا برگەی سێ لە پێڕەوی ناوخۆ ( ئەساسنامە) بەجێ دەهات کە بریتی بوو لە :

تۆپ بارانی سەنگەرەکانی دەوروبەری دنیای دوژمن بە تۆپخانەی بێبەزەی قرقێنە،چاردە-چاردەو شازدە- شازدە و جۆرەها ریزی تـۆپخانەی بێ رەحم . ئەوجا پێوەندی بە زمانێکی کە بۆ خەڵکی تری سەر ئەستێرەی زەوی نـەدەچوو هیچ پێوەندیەکی تێدا هەبێ، بە نموونە :

هەژار : هەتیو کە تۆ بای دەدەی ئەو بنێشتە چیە ؟

حەمەدەڵاڵ : گوویەکەت توندە، دەبێتن بە بوخار .

حوسێن : عەزێی لێ ناکاتن .

هەژار : پشوولەی چی ماکەر ؟

حەمەدەڵاڵ : دەبێتن بە بوخار .

حوسێن : پیتی خەرمانەکەی .

هەژار : دە تێی بترِن...تن .

« دەست بەجێ ڕێژنەی تڕی لە هەموو لایەکەوە، تێکەڵ بە قرقێنە»

حەمەدەڵاڵ : دەبێتن بە بوخار .

حوسێن : قوونێی دەردەچی .

بەوجۆرە، وتووێژێکی کە زۆرتر لە پەرلەی نهێنیی کۆدێتاچیانی دەکرد و حەلکردنی تەواوی لە توانای هیچ پسپۆڕێکدا نەبوو . تەنانەت من خۆشم ، کە لە " هەژارناسی "یدا یەکەم پسپۆڕی جیهانم ، هەر بەشێکم لەوە بۆ دەچێتەوە سەریەك :

جارێك حەمەدەڵاڵ لە ماڵی هەژار بوو ، لوولەیەکی باریك لە ئاودەستەوە گەیشتبووە سەربان، دیاربوو هـەژار نەیدەزانی چیە، لە حەمەدەڵاڵی پرسی :

ـ هەتیو ئەوە دەبێ چی بێ ؟

ـ ئەوە گوویەکەت هێندە توندە دەبێتن بە بوخار و لەو لوولەوە دەردەچێتن .

سەردەمێك کە هەژار لەدووکانی وەستاتڕە شاگرد بووە ( ئەوسا ناوی عەزیز بووە)،حەفتـەی جارێك قەحبەیەکی

کردووە، ئیدی پارەی لە جارێك پتری بۆ هەڵنەسووڕاوە، کاتێك قەحبەکە زۆری لێ پرسیوە کە بۆچی حەفتەی لە جارێك پتری ناکا، ئەویش نەیویستووە هۆیە راستەقینەکەی پێ بڵێ، پێی گوتووە :

ـ دکتۆر لێی مەنع کردووم، دەڵێ ئەگەر حەفتەی لە جارێك پتری بکەم " طیزی یطلع " ( قوونم دەردەچێ ) ،

ئیتر قەحبەکە لە بەغدا چووەتە هەر شوێنێك ئەو نەخۆشیە سەیرەی گێڕاوەتەوە :

ـ خَطیّە عَزیز طیزە یطلع ( بێچارەیە عەزیز قوونی دەردەچێ ) .

ئەوجا بەوە کە قەحبەکە بە بێ هیچ جیاوازی نانەوەیەکی ئاینی و نەژادی و هەرچی ، چووەتە لای هەمە جۆرەی پیاوانی بەغدا، لە عارەب و کورد و کەمایەتیە نەتەوایەتی و ئاینیە جیاوازەکان، خەبەری ئەو قوون دەرچوونە لە ناو خەڵکێکی زۆری بەغدادا بڵاوبووەتەوە، تەنانەت دەبێ لەوانەوە گەیشتبێتە دەرەوەی بەغداش .

"عەزێی لێ ناکاتن" و" پیتی خەرمانەکەی"ش پێوەندیی بە چیرۆکی ئای لەکاعوسێنی یەوە هەیە .

"هەتیوکە تۆ بایدەدەی ئەو بنێشتە چیە ؟" رەنگە حەلکردنی بەم شێوەیە دەرچێ: کە تۆ وا بێحاڵ وهەڵپڕیواوی، ئەم هەمووە کردن و ئارەق نۆشین و ئەم کۆکتێل خواردنەوەیەت لەچی ؟

بەڵام ئەی " پشوولەی چی ماکەر؟" یانی چی ؟ تەنانەت منیش بۆم حەل نابێت .

شاری بەغدا، ژمارەیەکی یەکجار زۆر قەحبە و گەووادی تێدا هەیە، بۆ هەموو چینێك و ئارەزوو و مەیلێك . ئەوە منداڵانێك و مێردمنداڵانێکی زۆریش دەگرێتەوە کە گەووادی تایبەتی خۆیان هەن . وێڕای زۆر مەرکەزی جنسی( قەحبەخانە)، زۆر لە دووکان و شوێنی کار( هەر تەنیا بە نموونە : دووکانی وێنەگری، بەرگدروویی، کارگەی بچووك، ئیدارەی غەیرە حکومەتی وهەندێك جارحکومەتییش) شانۆی بەکارهێنانی ئەهلی ئەوکارەن، کە ئەوانە پێیاندا دەگەڕێن " خَدَمات "ی خۆیان پێشکەش دەکەن . دووکانی ئای لە کاعوسێنیش، شوێنێکی پێواری لەپشتەوە بۆ بەکارهێنانی جنسی هەبوو، لێرەدا - بە پێچەوانەی رۆتینی رۆژانەی شوێنی تر - هیچ " براژن" ێك نەدەگایرا، سێقۆڵییەکە تەنیا منداڵان و مێردمنداڵانیان لێرەدا بەکاردەهێنا. هاتوچۆکەرانی ئەو پشتە منداڵ لەدوای منداڵ و، یەك-یەك و دووەو-دوو و سێ- سێی سێقۆڵیەکە بوون .

جارێك،کە هەژار لە کوردستان بوو، ئەمیری قازی لەوێوە بەسەفەر هاتە بەغدا، هەژار نامەیەکی بۆ حوسێنی رەعناو حەمەدەڵاڵ پێدا ناردبوو،هەر" ئای لە کاعوسێنی" ی لەسەر پاکەتیٖنامەکە نووسیبوو(حوسێن دەیتوانی نامە بخوێنێتەوە، حەمەدەڵاڵ حەرفی نەدەناسی) . لە رێگا، لە کۆنترۆڵی حکومەتیی سنووری شاری هەولێر، بە هۆی رووداوێکەوە ( گرتنی نامەیەك بە ژنێك ) ، هەمووئەوانەی دە ئۆتۆمبیلدا چەندسەعاتێك دەگیرێن، دەبرێنە

ئیدارەی ئەمنیهەولێر . ئەمیر دەیگوت :

" ئەمن لەپێشدا هیچ باکم بەو گرتنە نەبوو، چونکە لە شۆڕشەوە وەرەقەی" عدم تعرّض" م لە حکومەت خۆی بۆ وەرگیرابوو( بە ناوی پێشمەرگەیەك)، هیچ شتێکی قاچاغیشم پێ نەبوو،ئیدی لە چی بترسم ؟ هیچ . بەڵام وەختێك کە بردیانینە ئیدارەی ئەمن زەندەقم چوو، ترسام نامەی حوسێنی رەعنام پێ بکەنەوە و بڵێن بیخوێنەوە و تەرجومەی بکە، ئەمن کە دەمزانی چی تێدایە، خودایا ئێستا چ بخوێنمەوە و چ تەرجومەکەم : " هەتیوینە من لێرە ئاوا بێ گان و ئێوەش کوڕی حەوت ساڵی نەبێ نایدەنە بەر..." " .

کەواتە کوڕی تەمەن حەوت ساڵ دە ئارەزووی فەرهەنگی سێ قوڵیدا هەبوو. هەژار شیعری بۆ تەمەنێك هەیە کە کوڕ تێدا " سمێڵی تازە نیو خەتێکی دابێ " :

سستاوتێ، ئارەقێ، بیرێ، شەرابێ — دمئاوێ، سەوزەیێ، عوودێ، روبابێ
(..)
کچێکی هەژدە ساڵانەی خڕو پڕ — دوو چاومەست و زولف پڕ پێچ وتابێ
(..)
لە ترسی وشکە سۆفی گەر بوێرم — دەڵێم لاوێکی سادەیشت لەلابێ
سمت لەرزۆك و خڕمەچك و بەڵەك پڕ — سمێڵی تازە نیو خەتێکی دابێ
(..)
دەسێك بێنی بەکاکۆڵ یەك بە زولفا — چ ناقەومێ کە بانێك دوو هەوا بێ
دەمی کوڕ بمژی کچ بیگری و پیاکەی — کوڕو کچ من دەڵێم وەك قەندوچا بێ
(..)

هەژار لە داوێنی ئەو شیعرەیدا نووسیویە کە ئەو قسانەی بە راست نەبووەو هەر ویستوویە بەگاڵتە دۆستێکی " تەبیات وشك " توورە بکا، دەبێ هەر وابووبێ، ئەینا ئەگەر بە راستی بوایە حەقمن دەیگوت " دەمی کچ بمژی کوڕ بیگری و پیاکەی"، چونکە ئەوەتا کوڕ بیگری و پیاکەی هەبوایە ئاوڕی لە کچ بیگری و پیاکەی نەدەدایە-وە. بەڵام دیارە من لە شوێنی تردا دێمەوە سەر ئەولایەنە یەکجار زۆر پان و بەرین و پڕ لە شڵپ وهوڕە لە ژیانی هەژاری مرۆڤ و دەوروبەریدا .

ئێستا هەرسێك لە ئەندامانی مەحفەلی" مخزن آوارە " ئەم جیهانەیان جێهێشتووە . بیستمەوە کە شارەوانیی بەغدا دووکانەکەی حوسێن ئاوارەی بۆخۆی هەراج کردووە، چونکە هیچ میراتگری نەبووە . کوڕێکی حەمەدەلاڵ کچی بازرگانێکی لوبنانیی هێناوە و زۆر دەوڵەمەند بووە . هەژاریش کە مردووە و باسکردنی هێشتا یەکجار زۆری بەبەرەوەیە . کە رۆژێك ئازادی و فەرهەنگی چینی ناوەندی بکەوێتە ناوکوردیشەوە، نووسەران و هونەرمەندان چۆن یادی ئەو سێ سوارە دەکەنەوە( کە یەکێکیان هەرلە پاشێوە سواردەبوو). ئایا بەرهەمیان لەبابەتی ئەوەی" ئێدگارئالان پۆ" دەبن، یان سێ سوار بە بەرهەمی وەك ئەوەی" چۆسەر" نەمر دەکرێن ،یان بە شێوەی گەشتەکانی گولیڤەر ی سویفت ، یان دۆن کیشۆتی سێرڤانتێس، یان بە شێوەی " ساد " ؟ . دنیای فیلم، کوردی وەکو " فێللینی" ی دەبێ یان کەسانی وەکو " فازل جاف" و" عباس کیارستمی" و" بهمن قبادی" بە شێوەی تر ئەو سێ سوارە دەکەن بە تەختەی روونکردنەوەی باری ئەخلاقی و سیاسیی ئەم قۆناغەی فەرهەنگ لە مێژووی کورددا ؟ .

فێللینی، چیرۆکەکانی کانتەربەری ی چۆسەر ی کردووە بە فیلم، بەڵام کۆتاییەکەی تەنیا بلیمەتیی خۆیەتی : چاوی کامیرا دەخرێتە سەرکونی قوونی مرۆڤێك، قوون گەورە دەکرێتەوە،گەورەتروگەورەتر دەبێتەوە، زۆرکەس لە سینەمادا بەوە هێڵنجیان دەهات و دەکەوتنە یع ـ یع کردن، نەخێر قوون کرایەوە و فرتاندی و لێی هەڵڕژان : جۆرەهاوجۆرەها گەورەپیاوانی سەدەکانی ناوەندیی‌ئەوروپا ،هەروەکو قالۆنچە بباریێ،بە دەشت ودەر هەڵدەگەڕان و بەکەمتر لە یەك دەقیقە دەشت ودەریان پێ رەش بۆوە، رەشاییان شەپۆلی دەدایەوە . فێللینی بەم جۆرە فەرهەنگی چەندین سەدەی ئەوروپای زۆر بەکورتی لە یەك بەرهەمی کونی یەك قووندا خولاسە کردەوە .

گۆڕت پڕ لە رووناکی وگوڵاو ئەی فێللینی، ئەگەر بتزانیایە نەتەوەی کورد لە سەدەی بیست و یەکدا چەندە بۆ هەڵگرتنەوەی فیلمی " مخزن آوارە" کانی پێویستی بە چاوی کامیرای تۆ هەیە .

ڕۆژێکی هاوینێکی ١٩٧٠-١٩٧٣ ، لە مەجلیسێکدا لە ماڵی هەژار لە ڕۆژئاوای بەغدا، کە گیوی موکریانی‌شی تێدابوو، یەکێك لە گیوی پرسی : " ئەرێ مامۆستا ئەوە چۆنە فەرهەنگەکەت ناوناوە مهاباد ؟ ". گیو لە وەڵامدا کەوتە باسێکی زۆر ڕۆمانتیك :

" بە شەرەف - بە شەرەف، چاو- چاو( و وەك هەمیشە لەگەڵ ئەو چاو- چاو گوتنەدا دە کـەلـەکەی زەلامی دەکوتا، شتێکی کە بەشیرمشیر زۆری پێ تووڕە دەبوو : دە بەسـە، کەلەکەت کون کردم ! )، هە ها بە شەرەف، حکومەتی ئێران شتێکی بیستبۆوە، دەیزانی ئەمن و پێشەوا و چەند کەسێکی وا نێوانمان هەبوو و کوردایەتیمان دەکرد، تێگەیشتی ، بەشەرەف - بەشەرەف ، وا تەنگەیان پێ هـەڵچنیم ، بـە شەرەف - بەشەرەف ها ، ناچار پێشی بەری بەیانیەك کە هێشتا ئەستێرەکان جوان - جوان، بە شەرەف - بەشەرەف زۆر جوان ، بەشەرەف - بەشەرەف یەکجار زۆر جوان ها ! ( و خرپ بە تەواوی لەپی دەستی، بە هەموو هێزی خۆی، بە شلکەی ڕانی کابرای بەدبەختیدا دەکێشا ، کە لە داخی هەڵەی ئەو پرسیارەی کە ئاوا خۆی پێ تووشی ئەو شکەنجەیە کردبوو، هەر پیشی دەخواردەوە ) دەدرەوشـانـەوە، لـە مهابـاد دەرچووم و ئیدی چاو- چاو( و دیسان بە پەنجە دە کەلەکە کوتانی ئەو قوربـەسەرە) ئەو دیمەنەم هەر لە زەیندا مایەوە، ئیدی ئەمنیش "

هەژار لێرەدا - بە هەردووچاو نووقاندن و سەرخوراندن و پێکەنینەوە - قسەکەی پێ بڕی و گوتی :

" وەڵڵا پێم وایە پێشەوا ئەشتەکی دیی دەگوت ! ".

گیو وەکو منداڵێکی بچووك کەوتە قریوە- قریوی پێکەنین :" نا ، بەشەرەف- بەشەرەف، جەنابی پێشەوا درۆی فەرمووە!".

مەجلیس بوو بە پێکەنین . هەژار گوتی : " جا قەیدی چیە، خۆ پێشـەوا خۆشی دەگەڵ ئەو ژنە مەسیحیە ئەمریکاییەیدا دەکرد ، بەڵام ئیدی ئەتۆ شانست نەبوو و لێت ئاشکرا بوو ، خەڵك بەسەردا هاتن، ژنەش کە موبەششیرەی دینیی مەسیحی بوو دەبوو شتێك بکا ، خۆ نـەدەکرا بڵێ کلیسا لە ئەمریکاوە بۆ ئەو بەزمە نـاردوویانە سـابڵاغ، ئیدی بـە سـەر تۆیدا شکاندەوەو... ناچار لە سابڵاغ هەڵاتی" .

گیو بە هەمان قریوەوە پەیتا- پەیتا ( لە کۆڕی فڵقوهۆڕی پێکەنیندا) دەیگوتەوە کە " نـا ،چاو- چاو، بە شەرەف - بە شەرەف، جەنابی پێشەوا درۆی فەرمووە " .

هەژار لە نووسین و لە شیعریشدا زۆرکەم باسی پێشەوا دەکا. هەژار کاتێك ( کە تەمەنی ٦-٧ساڵ بووە؟ )، لە سابڵاغ

لە خوێندگەی مەلاوڕەحمان ناوێکی خوێندووە، پێشەوا( ئەوسا بەناوی میرزا محەممەدیقازی) بە سیفەتی مدیرمعارفی سابڵاغ خوێندگەکانی بەسەرکردوونەوە، چووەتە ئـەو خوێندگەیەی ئەو مەلاوڕەحمانەش ، هـەژار ( ئەوسـا زۆرتر هەر پێی گـوتراوە " کوڕی حاجی مـەلا " )، لە سەر پێشنیاری مەلاوڕەحمانی مامۆسـتای ، لـەلایەن پێشـەواوە لێی داوا کراوە کە شـتێك بخوێنێتەوە ، ئیتر شتێك لە " ئەحمەدی" دەخوێنێتەوە. ئەوە دیداری یەکەمی پێشەوا و هـەژار بووە لە ژیانیاندا(چێشتی...ل ١٦-١٧) . ئەی دیداری دووەەم ؟ یەکەم دیداری دوای بوونە ئەندامی ژێکاف ؟ دوا دیدار؟ هەژار کەی و لە کێ و لە کوێ جاری یەکەم بیستیەوە کە پێشەوا لە سێدارە دراوە و کاردانەوەی چی بوو؟ ئەوانە بێ وەڵام دەمێننەوە . تەنانەت پتر لە حەوت ساڵ دوای رووخانی کۆمارو شەهید بوونی پێشـەوا، ئـەوجا هەژار بۆ جاری یـەکەم دە شیعریدا ( لە دوای ناوی حیزبی تودە) ئـامـاژەیەك بـە شەهیدبوونی پێشەوا دەکا بەڵام بەبێ ناوهێنانی :

بەو تودەی ناوی کرد لەدنیادا بەوانەی کوژران لە مهابادا (١٩٥٤/٥/١ بۆ کوردستان )

لە ١٩٥٧/٤/٢١دا ( کەواتە دە ساڵ و سێ حەفتە دوای شەهیدبوونی پێشەوا ) ئـەوجا بۆ جاری یـەکەم ناوی پێشەوا بـە ئاشکرا دە شیعریدا دەبا :

قازی ، مصطفی بارزانی شێخ قادر و غەوسی سانی ( بۆ کوردستان )

لە شیعرێکی١٩٥٨/١٠/١٠و یەکی ١٩٥٩/٨/١٤دا ناوی پێشەوا دەبا .لە ١٩٦٣شدا ( لە "بەرەوموکوریان" دا) کە ناوی چوارچرا دەبا، لە پەراوێزدا ناوی پێشەوا دێت . ئەوەندەی کە هەژار لە" چێشتی مجێور" دا باسی پێشەوا دەکا، ئەویش زۆرکەمە . ئیتر من ئاگام لێ نیە جگە لەوانە ناوی پێشەوا دە شیعر و نووسینی هەژاردا هاتبێ .

جارێکیان "جەلال نەجیب بێتوشی" لە ئەڵمانیای رۆژهەڵاتەوە ( کە لە ساڵانێکی شێستدا لەوێ بوو)، لە نامەیەکیدا بۆ هەژار لە بەغدا، دەقی نـامەیەك یا نـووسینێکی تری دکتۆر سەیدعەزیزی شەمزینیی - کە بۆ کەسێکی تر بووە - نووسیبۆوە و داوای بیروڕای هـەژاری دەربارەی ئەوە کردبوو، شـەمزینی لەوەدا زۆر هێرشی بردبووە سـەر پێشـەوا ( نووسیبووی کە قـازی بە زیانی کورد لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا سازاوە) . یا ئەو قسەیە کە نێوانی سەرۆك بـارزانی و پێشـەوا گوایا زۆر باش نـەبووبێت ( من خۆم لە" زەبیحی"م بیست کە بـارزانی لە کۆماردا ئەو و هـەژاری لە دژی پێشـەوا هان داوە، بەڵام ئەوقسەیەی کاتێك دەکرد کە لەگەڵ برایم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی‌دا دژی سـەرۆك بـارزانی کاری دەکرد) . هـیـچ باسێکی ئەوانە لە هیچ نووسینێکی هەژاردا نـابینین و، من خۆم قەت هیچم لەو رووانەوە چ بە باش و چ بە خراپ لێ نەبیستووە .

نێوانی شەخسیی پێشەواو هەژار، دوور لە سیاسەت (هەژارحەزی لە سیاسەت و خەبات وئەو شتانە نەدەکردو، پێوەندیی بە پیاوانی سیاسەتەوە هیچ فڕی بەسەرهیچ بیروباوەڕێك وهەڵوێستێکی سیاسیەوە نەبوو) زۆر گەرم بووە، بەڕادەیەك کە - وێڕای جیاوازیی ٢٨ساڵی تەمەنیش- لە باسی شتی زۆر شەخسیدا شەرمکردنیان لە نێواندا نەبووە. هەرتك خاوەن ژن بوون و بە هیچ جۆرێك بە ژنیخۆیانەوە مەحدوود نـەبوون و، سەرەڕۆیی دنیای جنسییان لای یەکتر باس کردووە.
بە قسەی هەژار، خانمە موبەششیرە مەسیحیەکان ( ئەوروپایی، ئەمریکایی)هەمیشـە لای پێشـەوا ماونەوە و، بە زەحمەت یەکێکیان تێدا هەبووبێ کە نێوانی جنسیی دەگەڵ پێشەوادا نەبووبێ. کە پێشەوا چەند رۆژێك لە خەستەخانەی شیرو-خورشیدی مهاباد کەوتووە، لەوێش تێکەڵ بە خانمێك بووە و دڵی لای هەژاری رەفیقی کردۆتەوە؛ هەژار دەیگوت :
"ئەمنیش پێم گوت بەڵێ دەزانم، بەڵام ئەمن لە پێش تۆدا بە خزمەتی گەیشتووم!".

بە گوێرەی"چێشتی مجێور"، دەبێ هەژار لە مانگی ٨ یا ٩ی ١٩٤٦دا لەسەر داوای پێشەوا ماڵی لە بۆکانەوە بۆ مهاباد گواستبێتەوە،بەڵام نێوانی وا گەرمی شەخسی پێش ئەوماڵ گواستنەوەیە هەبووە. هەژار،چوار مانگ پێش ئەوە،کە دەبێ بە باوکی یەکەم کوڕی لە- بەقسەی خۆی- ژنی دووەمی (؟- دواتر لە شوێنی خۆیدا باسی دێ)، ناولێ نانی کوڕی دەدا بە پێشـەوا، پێشەوا دەڵێ "نێوی بکە بە "شاە قەلەندەرماز"! ، یا شتێکی تری سەیری لەوبابەتە. هەژار قەبووڵی ناکا
ـ ئەدی ئەتۆ نەتکوت بە مەیلی خۆت نێوی بنێ؟ ، دە ئەمن وای نێو دەنێم.
ـ بەڵێ کوتم ، بەڵام ئەمن چووزانم ئەتۆ شتی وا دوورو درێژ و ناخۆشم بۆ دەبینیەوە.
ـ چاکە، نێوی بکە بە" شێرکۆ "، بە نێوی مامی سەرداری گەورەیکوردان سەلاحەددینی ئەیووبی .
ـ ئەوەیان بەڵێ ، بەسەرچاوم.

ئیدی بەوجۆرە ناوی نووسەری ئەم دێڕانە بووە بە" شێرکۆ". هەژار- زۆر بەداخەوە - رێزنانی لەو ناونانەی پێشەوا بەزوویی خستە لاوە و ئەو ناوەی بەکار نەدەهێنا(مەگەر لە تووڕەییدا و بە تەوسەوە)،هەر دەیگوت " محەممەد"، ناوێکی کە لە ماڵی مامم، دوای رووخانی کۆمارو راکردنی هەژار، بەکارهاتبوو. پێشەوا، لە خۆشەویستیی شیعرێکی سیف القضات ( بۆ وانە هەرچی جوانە،لە جێ،دێ،لە ژن،لە ماڵ هەر شاخ وداخە بۆمە کوڕی رەش کچی دزێو)، ناوی تاقەکوڕی کردووە بە" کوڕی رەش "( ئێستا عەلیهمام یان هومەن ). پێشـەوا زۆر لەگەڵ ئەولادیدا زبر بووە، خەڵکی سابڵاغ پێشەوایان دیتووە کە بە تێهەڵدان ئەوکوڕەی لە بازاڕ پێش خۆ داوە. بێوەژنی پێشەوا(میناخانم، مردن لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا: ١٧/ ٢/ ١٩٩٨) زۆر بەسەر ئەولادیدا زاڵ بووە، دوو کچی بەزۆر داون بە جاشان (سەرداری داود بەگی جاف و برایەکی).

سەردار زۆر وادەبوو لە بەرچاوی میوانان کچی‌قازی‌ی بەرشەق دەدا،کەکچ دەتۆراو دەچۆوە لای مینا خانم،میناخانمیش ئەوەندەی دی دەیشکاندەوەو بە زۆر دەیناردەوە بکەوێتە سەرکەوشەکانی مێردی جاش ( من دەنگوباسی ئەوانەم لە بەگزادە جافەکان دەبیستەوە،کە لەگەڵ هێندێکیاندا- کە کوردی زۆر پاك و چاك بوون - دۆستایەتیم هەبوو ) .

پێش ئەوانە مەعسوم( کچی دزێو؟) خۆی کوشتبوو . تاقە شانازیی"عه لی"یش لە سەردەمی رژێمی پەهلەوی‌دا بریتی بوو لە پێوەندیی بە ساواك و دەرباری شای ئێران . - بەفوونە - رۆژێکیان لە تاران، دکتۆر حوزنی‌حاجۆ پێی‌گوتم کە " دوێنێ لە رێگا تووشی کوڕی رەش بووم،گوتی کە ساواك رادەسپێرێ ئاگایان لە خەڵکی ماڵی ئێمە(حاجۆ) بێت " ؛ عەلی جارێکیش راپۆرتی لە مەلاجەمیل رۆژبەیانی دابوو بە ساواك، ساواك مەلاجەمیل‌یان بانگ کردبوو و پێیان- گوتبوو کە ئەوەتا ئەو زەلامە وای تاوانبارکردووی ( قسەت بە دەوڵەتی ئێران گوتووە)، مەلاجەمیل‌یش لە سەر رەوشتی خۆی، لەوساوە لای خۆیەوە ناوی" کوڕی رەش"ی گۆڕیبوو بە " کوڕی حیز " . خەڵك هەبوون هەر بۆ وروژاندن و بیستنی جنێوەکانی مەلاجەمیل ئەو مەسەلەیەیان لێ دەپرسی " ئەرێ ئەوە چی بوو لە نێوان تۆ وکوڕی رەش‌دا ؟ ".

بە رووخانی رژێمی پەهلەوی، عەلی لە گەڵ کەسانیکی ساواکیی تردا چووە بەغدا و ماوەیەك جاشی ئەوێ بوو و، تەنانەت چەکیشی بۆ هەڵگرت، فەرماندەیەکی حیزبی دیموکرات ( سەید رەسووڵی بابی‌گەورەی ئێستا گۆڕ بە گۆڕ ) گرتی و ماوەیەك حەپسی‌کرد. کاتێك " دانشجویان مسلمان پیرو خط امام " لە تاران دەستیان بەسەر سەفارەتخانەی ئەمریکادا گرت و،" اسناد لانه جاسوسی" بڵاوکرایەوە، ناوی نهێنیی جاسووسیی " تومیك ١٩ "ی تێدا درابوو بە عەلی ( بە نموونە" سند شماره ١٣ ،کردستان ٢ ، ل٤١ ") . کاتێك کە ئەمریکایی ویستیان دیپلۆماتەکانی سەفارەتی تارانیان بە زۆر رزگار بکەن (هەوڵی سەرنەکەوتوو)، - بە قسەی کە من لە"حەمەرەش رەشۆ"م بیست - دەورێکیان لەوەدا بۆ تومیك١٩کەشیان داناوە . دەربارەی دوو کچی بە زۆر دراو بە جاشان، من لە هەمان "حەمەرەش رەشۆ"م بیست کە لە هەڵێکدا رێیان کەوتۆتە ئەڵمانیا و داوای یارمەتیی ئەویان کردووە بۆ پەنابەریی سیاسی لەوێ، بۆ " رزگاربوون لە مێردی جاشیان "؛ حەمەرەش یارمەتیی نەدابوون ( بەهانەیەکی بۆ ئەوە دەهێنایەوە کە من بە درۆ و قسەی قوڕی دەزانم ، دەیگوت پێم‌گوتن کە" ئەوان ژن و من پیاوم و دەترسم خەڵك لەسەر ئەو یارمەتی دانەیان بوختانی ئەخلاقیمان بۆ هەڵببەستن "! . حەمەرەش رەشۆ خەڵکی هەرێمی باکوور و لە ئەڵمانیا دەژیا ( مردنی لەوێ ٢٠٠٢/١٢/٢٧ )، من ماوەیەك نێوانم لەگەڵدا هەبوو تاکو گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە ئەوەی دەربارەی دەگوترا بێ بناغە نەبوو، ئیتر هەموو نێوانێکم بە تەواوی لەگەڵدا بڕی، کەمێك پێش مردنی کرا بە سەرۆکی " پارتی دیموکراتی کوردستان - باکوور" ) .

هەژار ،نێوانی لەگەڵ عەلیدا زۆرگەرم بوو ،لە بەغدا وێنەیەکی هەبوو کە عەلی(ئەوسا لە ئەڵمانیادەژیا) پێشکەشی کردبوو ( لە سەری نووسیبوو) . دوای هەرەسی مارتی١٩٧٥ی شورش،هەژار لە نەغەدەوە داوای دیتنیعەلیی کرد( کە ئەوسا بە سەفەر هاتبۆوە سابڵاغ ) و، ئەویش چوو دیتی . زۆر دوای ئەوە نەبوو(١٩٧٦) کە هەژار دەیویست یەکێك لە براکانم ( ئاگری) لە ئەورووپا پێوەندیی بەوەوە ( بەعەلییەوە) هەبێت . ئەو برایەم ، مرۆڤێکی زۆر ئارام و بە ئەدەب و لەسەرەخۆ، هەرچەندە زۆریش لە دنیای سیاسەت بێ خەبەرو لەبەرامبەر باوکیدا زۆر زەعیف بوو، بەڵام شەرمی بە خۆ بوو کە ئەو پێوەندییە بکا و، نەیکرد. هەرچەندە باوکی پەیتا- پەیتا بە نامە هاواری لێ دەکرد کە ئەمرەکەی بەجێ بهێنێ ، بەڵام ئاگری لەوەدا هەر هاوبیری من مایەوە لە دژی باوکی و وەڵامی نەدایەوە .

ئەوەی کە هەژار لە چێشتی مجێوردا باسی عەلی دەکا ( ل ٥٥٦- ٥٥٧) ، ئـەگەر تـەواوی قسەکەی درۆو دەلەسـە نـەبێ ئەوا حـەقـەن دەبێ بەشـێکی گرنگی رازانەوەی هەلەق مەلەقی خۆی بێت، من دواتر لە باسی نـەخۆشیە رەوانیەکانی هـەژاردا دەگەرێمەوە سەر ئەو باسە .

بۆ پێویستیی ئاگاداریی نەتەوەی کورد لە ژیانی خێزانیی گەورە پیاوانی، کە پێشەوا حەقەن وابوو و، هەژاریش کە لای بەشێکی گرنگ وا دادەندرێ ، من دواتر دەگەرێمەوە سەرباس .

پێوەندییهەژار بە پێشـەواوە، زۆر بە زوویی دوای نەمانی پێشەوا ، شتێکی ئەوتۆی پێوە نەما . ئەمجارە، پێوەندییەکی تر لە ژیاندا تۆمار دەبوو : هەژار- عەلی هومەن .

دنیا بە پێچ و دەورە و، هەژارلەو کەسانە بوو کە لەگەڵ دەوردا پێچ دەدەن ؛ دنیا دەوری دا، ئەویش پێچی دا!! .

---

عەلی ، بە بۆنەی مردنی مێردی خوشکی و هەڤاڵی دێرینەی لە جاشێتیدا سەرداربەگی داودبەگی جاف ( ٢٠/٧/ ٢٠٠٥) ، گوتاری بڵاوکردەوەو پێیهەڵگوت .

" محسن دزەیی" یش، لە بریتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ناشتنی سەرداربەگدا لە کەلار بەشداربوو و تێدا باسی" تەرمی پیرۆز"!!! ی ئەو هەمیشە جـاشەی کـوڕی هەمیشە جـاشەی کرد . زۆر بەداخەوە، کەسانی فەرهەنگی زمان ( قـامـووس) ی کـوردی هیچ نـاڕەزاییەکیان دەربارەی ئـەو بەکارهێنانەی وشـەی " پیرۆز" دەرنەبڕی،کە لە هیچ شێوازێکی زمانی کوردیدا وشەی" پیرۆز" بە واتای " هەمیشـەجاشیکوڕی هەمیشە جاش" نـیـــە . ئاوا سیاسەتمەداران بە کەوشی پیسەوە وشە جوانەکانی زمانی کوردی پێشێل دەکەن .

خەییام ، هونەرمەندێکی کوردی مهابادی بوو، هەموو( ئەسڵی فارسیی) چوارینەکانی خەییامی لەبەربوو و بە گۆرانی دەیگوتن ، ئیتر ناوی ببوو بە "خەییام". لە ئەسڵدا ناوی چ ببوو ؟ کێ بوو ؟ لە کوێوە هاتبوو ؟ هەژار دەیگوت کەس نەیدەزانی، هەر "خەییام" ێك و تەواو( وەك "فیلیس فۆگ"ی چیرۆکەکەی ژوو ڤێرن، دەوردانی دنیا بە هەشتا رۆژ) . بەڵام مام قادر(سەعیدی حەمە قالە)ی - ئەوسا- باغەوانی کاکەزیاد دەیگوت :

"ئەو خەییامە نەوەی وەفایی شاعیر بوو، بە منداڵی زۆر بزێو بوو . عەجەم( ئازەری) بۆ ماوەیەك فەعلەیی(کرێکاری)کردن دەهاتنە مهاباد و، ئێوارانە(دوای کار) لەگۆشەیەکی بێدەنگدا تریاکیان دەکێشا . ئەو،دەچوو تەقە- تەقی دەنایەوە و نەشئەی تریاکی دەشکاندن و پێیان پێدەکەنی . فەعلەی عەجەم راویان دەنا، بەڵام ئەوان زەلامی ماندوو و مردوو و تریاکی ، تەبیعی، بە منداڵێکی وا چاپك نەدەگەیشتن . عەجەم لە ئاخریدا، کەوتنە سەر ئەوە بە رێیەکی دی لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە : فێری تریاککێشانی بکەن!. ئەوەبوو ئیدی لەجیاتی توورەیی،بە رووی پێدەکەنین ونوقڵیان بۆ دەهاویشت! تا ترسیان شکاندو نزیکیان کردەوە و کردیان بە تریاککێش . ئیدی وای لێهات ، ئەو، بەیانیانەش هەرتریاکی دەکێشا، لەکاتێکدا کە فەعلە لەسەرکار بوون . ئەوجا ئەوان دەهاتن تەنەکەیان بۆ ئەو لێ- دەدا و پێی پێدەکەنین ."

خەییام ئێوارانە لە قاوەخانەیەکی مهاباد هونەری پێشکەش دەکرد . قاوەخانە جمەی دەهات ، زۆرتر دووکاندا- رانی بازاڕ بوون کە ئێوارانە بە پەلەپەل روویان تێدەکرد، تا زووە جێیەکی دانیشتن بۆ خۆ بگرن . قاوەخانە وا پڕ دەبوو، تەنانەت رێی هاتوچۆکەریشی تێدا هاسان نەبوو، هەر خەییام بوو کە تماشاچیان رێی بزووتنەوە و ئەم سەرو ئەوسەرکردنی ئەدای شانۆگەرییان بۆ دەکردەوە . خەییام، شاهنامەی فیردەوسیشی زۆر دەزانی . دوای چوارینەکانی خەییام ، دەهاتە سەر شاهنامە، لەپێشدا ئەسڵی شیعرەکانی بە ئاواز دەخوێندەوە، ئەوجا دەکەوتە هاتوچۆ و، بە ئەدای شانۆگەری، چیرۆکی ئەو شیعرانەی بەکوردی،دیسان بە ئاوازێکی زۆرتایبەتی،پێشکەش دەکرد ،بەڵام چیرۆك بەگۆڕین و داڕشتنەوەی خۆی بوون . خەییام لێرەدا زۆرشەخسیەت و وردەکاریی شاهنامەی بە ئەوانەی ناوبازاڕی سابڵاغ دەگۆڕی .- بڵێین -، لەجیاتی" کە رۆستەم بەخۆی و گورزەکەیەوە رووی لە فلانە پاڵەوان کردو گوتی ...(وا و وا )"، لە چیرۆکە کوردیەکەیدا - بڵێین - دەیگوت " کە حەمەشەلی کەباچی بە خۆی وشیشەکانیەوە لە ژێڵلا بۆ عیمادیی قاوەچی هات،لەبەرچاوی حاجیخدری ماستخرۆش وخولە سیسی

گونهەنبانە، بانگی لێ کرد : دەی سەگباب ! ئەتۆ ئەگەر دەویت باب نی و خۆت بە پیاو دەزانی وەرە مەیدانم ، حاجی خدری سەگباب کە ئەوەی دیت ..." ئیدی لەوبابەتە، زۆر لـە توڕەهاتی ئـەسـڵـەکە خۆشترو مەنتیقیتر . تەبیعی، ئەو شەخسیەتانە زۆرتر وابوو کە لە قاوەخانەکە دانیشتبوون، وا دەبوو یەکێکیان لێی هـەڵدەستا : " هەتێ !، ئەوە ئەتۆ بە کێ دەڵێی سەگباب ؟ هەی سەگباب ". خەییام دەکەوتە کڕووزانەوە و لاڵانەوە : " ئاخر بە قەبری بابم حەقایەتەکە خۆی وایە، ئەمن چ بکەم ؟"؛ خەڵکەکەش هەموو دەستبەجێ و بە یەك جار لەسەریان دەکردەوە : " دە توخوڵا لێیگەڕێ و حەقایەتەکەمان لێ تێك مەدە ... بابە بە ئێمە بڵێ سەگباب، باشە ؟ لەو گەڕێ "، ئیدی کێشە بەسەردەچوو. ڕاستـیەکەی، چونکە " سەگباب" ی وا حەقەن بەر فەرد- فەردی هەموو دووکانداران دەکەوت و کەسی لێ بێ بەش نەدەمایەوە و، لە لایەکی دیکەشەوە ئیتر فەرهەنگەکە وابوو، پیاو دەبوو ناڕەزاییەك پیشان بدا، هیچ تووڕەییەکی ئەوە نەبوو کە بە جیددی وەربگیرێ . هەمووی خەییامی زۆر خۆش دەویست . ئـەو خۆی چەندە هۆگری تریاکەکەی بوو،ئەوانیش ئەوەندە هۆگری ئەو. ئەو خۆ تووڕە پیشان- دانە هەر جۆرە نازێکی ناچاریی خۆشەویستی بوو و هیچی دی . ئەو سەرنج ڕاکێشانە بۆ کابرا بە جنێودانی، ڕەنگە تەنانەت لەلایەن خودی کابراوە بە تاسەوە چاوەنواڕی کرابێ .

لە کاتی کـۆمـاری کـوردسـتـاندا، پێشـەوا تریاکی لە قەڵەمڕەویی کـۆماردا قـەدەغە کرد، ئیتر عەجەمیش لە قەڵەمڕەویی کۆماردا ئەگەر تریاکیان پێ بگیرایە حەپس دەکران و سزا دەدران . دیارە، خەییام بەم قەدەغەکردنە پەرێشان بوو، وادەبوو لەسەر تریاك دەگیرا . هەژار دەیگوت :

« من و زەبیحی لە پێشدا هێندێك تریاکمان بۆ دەکڕی ئەوجا دەچووین لەحەپس بەرمان دەدا و ئێوارە دەمانبردە پەنایەکەوەو... دەی خەییام!، ئێمە تۆمان بەردا و ئێستا نۆرەی تۆیە هونەری خۆت پێشکەش بکەی، ئەو دیاریە- شمان بۆهێناوی، سەیرکە ! ( کەمێکمان تریاك لە یەك پەڕەی تەواوی ڕۆژنامەیەکدا وەك سیغار(جگەرە) پێچا- بۆوە و ، تریاك هەر بەحاڵ لەبنیدا بوو و ئەوی دی بەتاڵ بوو )

ـ سەیرکە، چەندەمان تریاك بۆ هێناوی ، پڕی ئەو سیغارە !

ـ نا ، بە خوڵای نا ، بە قەبری بابم نایکێشم، جەنابی پێشەوا قەدەغەی فەرمووە، نایکێشم .

ـ دەی - دەی ، ئەوجارەش با بۆ خاتری ئێمە بێ .

ـ نا ، بەقەبری بابم نا ، نایکێشم، ئەمن چ ڕێم‌دەکەوێ فەرمانی جەنابی پێشەوا بشکێنم .

ـ با ، بە قەبری بابت با ، دەیکێشی !

ـ بابە ئەمن هەر ئێستا لە زیندانێ دێمەوە، تازە عاقڵ بووم ، نایکێشم کە نایکێشم و ئیدی تەواو.

ـ ئەدی کێ لە زیندانی بەردای ؟ ها؟ هەتا ئێمەت هەبێ ترست لە چیە ؟ پێشەواش لەسەرئێمە، ئێمە پێی دەڵێین، باشە ؟، دەی .

خولاسە، لەکۆڵی نەدەبووینەوە هەتا ملمان پێ دەدا . دەستی دەکێشا تریاك وەرگرێ، لێمان دوور دەخستەوە : " نا ، لە پێشدا دەچینە قاوەخانە و شاهنامەکەت پێشکەش دەکەی، ئەوجا حەقی خۆت وەردەگری " . دوای " نا بە قەبری بابم نا " و " با بە قەبری بابت با"یەکی زۆر، لەویشدا ملمان پێ دەدا . ئیدی دەمانبردە قاوەخانە و وەکارمان دەخست. ژیانی تێدەکەوتەوە، ژیانی دەخستەوە قاوەخانە،بە سەعات دەیگوت و هونەری ئەدا دەکرد ، تا لە دواییدا دیاریەکەمان دەدایێ . »

بۆ تریاككڕینەکە، هەژار دەیگوت " بە زەبیحیم دەگوت لە تەورێز بیکڕێ، زەبیحی هاتوچۆی تەورێزی دەکرد".
زەبیحی- بە گشتی- بە مرۆڤێکی عەبووس و وشك ناسرابوو، - لایەنی جنسیی لێ دەرچێ، کە لە شوێنی خۆیدا باسی دێ- هەتا بڵێی مرۆڤێکی بەدیسپلین بوو، وای بە حاڵی ئەوە کە بە موو لە هەر فەرمانێکی رێکخراوی لا بدایە . بەڵام - ئەویش وەك هێمن - وا دەبوو دەکەوتە ژێر تەئسیری موحیتێکی کە هەژار سازی دەدا، ئەمەشی مەگەر هەر نموونەیەکی ئەوکەوتنە ژێرتەئسیرەی ئەو بووبێت . نموونەیەکی تریش بۆ ئەوە، شەرە جنێوی زەبیحی بوو کە تەنیا لەگەڵ دنیای هەژاردا هەیبوو، یان بەشداربوونی لە ئاهەنگی ترلێدانی دووکانی" وەستا ترە"دا - کە لە شوێنی خۆیدا باسی دێت .

نازانم شانۆی خەییام، لە دوای ئەو رۆژانەی هەژارو زەبیحیی کە باس کرا، چەندە ما، بـەڵام دەنگوباسی بۆ هەژار دەهات . سـەید ئەحمەدێکی سابڵاغی (- یا بە هەر حاڵ - موکریانی ) ی ماخولیا ( کە ژنەکەی خۆیشی شێت کردبوو و هەرجارە کە لە هەولێرەوە بۆ سەردانی ژنەکەی لە شێتخانە دەهاتە بەغدا، بەناوی درێژە پێدانی پێبەندیی بە کۆماری کوردستانەوە سەری لە ماڵی هەژار دەدا) زۆر بە پەرۆشەوە شوێنی دەنگوباسیخەییامی هەڵدەگرت و بۆهەژاری دەهێنا . کە خەڵکیتریش دواتر بەو باسەوە پەیدا دەبوون، ئەوەی دەیانگوت قسەکانی سەید ئەحمەدی دەسەلماند. خەییام ، بۆ دەربڕینی نەفرەتی لە گەڕانەوەی حوکمی بێگانە ، ژنی هەر ئەفسەرێکی ئارتەشی شاهەنشاهیی لە هەر شوێنێکی سـابـڵاغ تووش بووە، بە ئەدای کـەرێکی کە لەسەر دوو پەلی دواوەی بوەستێ رووی کردۆتە ژنـەکە و زەڕیـوە، زەڕینێکی زۆر هونەرمەندانە کە ئەگەر کەسێك نەیدیباو هەر دەنگەکەی بیستبا ، لە زەڕینیکەری جیانەدەکردەوە . دیارە لەسەر ئەوە دەیانگرت، بەڵام سەیدئەحمەد دەیگوت ورهرام

بەری دەدا و دەیپاراست . ( ورهرام سەردەمێك حاكمی عەسكەریی مهاباد بوو، هەوڵی دەدا خۆی لای خەڵكی شارخۆشەویست بكات و وادیار بوو هێندێكیش لەوەدا سەركەوتوو بوو،گوایا خەڵكی بە" گۆڕی قازی محەمەد " سوێند داوە، لە كاتێكدا كە بە ناوی ئاوەدانكردنەوەی شار دەوروبەری گۆڕی پێشەوای وەبەر خیابان داوە) .

سەید ئەحمەد دەیگوت جارێكیان ورهرام گوتوویە " دوو بەختیار لە دنیادا هەن : شاهەنشاهی ئێران و خەییامی سابڵاغ "، بەڵام من ئەوەیانم هەرلەو بیستووە . دوای نەمانی ورهرام لە مهاباد( گواسترایەوە بۆ تاران و كرا بە بەرپرسیاری ئیدارەی " وەلی عەهد " ی كە تازە لە دایك ببوو)، خەییام چ پارێزگاری نەما ، هەرجارە كە دەگیرا زۆر سەخت شكەنجە دەدرا ، ماوەیەك كەڕ ببوو ، بەڵام هەر وازی لە زەڕینی بۆ ژنانی ئەفسەرانی ئارتەشی شاهەنشاهی نەهێنا ، تا ئەفسەران بە شكەنجە كوشتیان . بەو شێوەیە ژینی هونەرمەندێكی زۆرخۆشەویستی مهاباد كۆتایی هات .

من پێم سەیر بوو كە باسی خەییامی مهابادم دە " چێشتی مجێور" دا نەدیت . بەڵام دیسان، بیرم بۆ پتر لە هۆیەكی ئەوە دەچێت، كە لە شوێنی خۆیدا ( فەسڵی ٢٨) دەگەڕێمەوە سەری .

زانستی جینەکان ، کە لەم ساڵانەی دواییدا دەرگای شۆڕشێکی هەراوی لە مێژووی زانستدا کردۆتەوە، تابڵێی، بۆ ئەم باسەی من لێرەدا سەرنج رادەکێشێ . فەرموو :

جینی مەلا حەمەبۆر ( باوکی هەژار ) :

" رۆژێك چەند کەسێك هاتنە سەر رێم،گرتیانم و بردیانمە ئاواییی کە گوندێك بو ئاغای مسوڵمان و رەعیەتەکانی زوربەیان ئەرمەنی بون . ئاغا گوتی : تۆ دەگەڵ کەشەی دێ وتووێژی دینی بکە ، ئەگەر سەرنەکەوتی ئەوا روتکراوی و ئەگەر سەرکەوتی ئازادت دەکەم . « یاخوا کەشە هێندە زانا نەبێ دەگەڵی دەرنەبەم ! » . مەجلیس رازاوە ، کەشە هات، ئەم وتووێژە روی دا :

ــ ئێمە ئەگەر خۆشەویستێکمان بە چەکێك بکوژرێ چاومان بروایی‌نادا ئەو چەکە ببینین،کەچی مەسیحی ئەو دارەی مەسیحی پێ ئیعدام کراوە بە پیرۆز دەزانن و هەر یەکە دە ملیان دایە و بەرەکەتی لێ دەخوازن .

ــ وادیارە پیاوێکی ناتێگەیشتوی! سەلیب لە شکڵی بنیادەمە بۆیە رێزی لێ دەگرین. بروانە: ( کەشە خۆی درێژ کرد و هەر دوك دەستی لێك بڵاو کرد ، بو بە سەلیب).

ــ راست دەکەی مامە کەشە، بەڵام ژنەکانیش هەروەك سەلیب وان، چۆن دەچنە لایان ؟!

حازران بەو قسە قۆڕە ملیان لە پێکەنین نا و رێگەی جوابی کەشەشیان بڕی، ماڵەکەیان دامەوە."

( چێشتی... ل ١٢ ، بە راستکردنەوەی هەڵەیەکی چاپ یا رێنووس)

ئەو جینە، هونەری مەسخەرە کردنی زانست و فەلسەفە و مەنتیق و تیۆری و... ئیدی بە ختووکەدانی جۆرەها گرێی جنسی و رەوانیی موحیتی زۆر دواکەوتوو ( وەك لەو نموونەیەدا )، یان - بەهەرحاڵ- موحیتێکی زۆرتر هۆگری قسەی قۆڕوفشقیات وگاڵتە بێت نەك قسەی زانستی وجیددی، دە هەژاردا ئەوپەری زاڵ بوو ،تەنانەت سەرەکیترین تواناو بەهرەی بوو. نموونە لەژمار نایەن . هیچ زێدەڕۆیی تێدا چاوەڕوان ناکەم ئەگەر بڵێم رەنگە هەژار بە ژمارەی رۆژانی ژیانی خۆی نموونەی ئەو هونەرەی بەرهەم هەبوون . هەژار هیچ کە لەوەدا یەکەم هونەرمەندی کورد بوو، رەنگە تەنانەت یەکەمی جیهانیش بووبێت . بەرهەمی مەسخەرەکردنی زانست و مەنتیق وفەلسەفە و هونەرو نەزم و رۆمانتیکیەت و ئەخلاق و... زۆری دی، لای هەژار ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر کۆبکرێتەوە ئەوا کتێبی گەورەی سەربەخۆ پێکدێنێ .

هەژار، کە قەت نەیتوانی تێ بگا کە "زمانناسی" زانستە و، زانستێکی زۆر بەرین و بە لق وپۆپ ؛ بە نموونە دەیگوت : شوانی نەخوێندەواری کورد کوردی دەزانێ و شارستانی نایزانێ، ئیدی شتێك نیە لەو بەینەدا پێی- بگوترێ زانستی زمان، ئەو خوێندنانەی دەربارەی گوایا زانستی زمان هەن تەنیاوتەنیا دەست بڕینی دەستەیەك سەرسەریی شارستانە،کە ناتوانن بە رێگای بەشەرەف پارە پەیدا بکەن،دەچن - وەکو ئەهلی فڵتە فڵت(فەلسەفە) وعیلمی نەترِی (عیلمی نەفس، رەوانناسی) "گوو" بە خەڵکی سادە دەفرۆشن! ؛ خواو راستان دکتۆرکەریمی ئەییوبی بەرهەمێکی ئەوهونەرە بۆ ئەو جینەی هەژار زۆر هاسان دەکاتەوە :

"کەریم ئەییوبی (..) لێم پرسی : تۆ دوکتوری چی ؟

ــ زمان شوناسی .

ـ روسی و کوردی باش فێر دەبی ؟

ــ نا.

ــ حاڵی نابم، شتێکم بۆ بڵێ .

ــ لە کوردستان وشەی «گ» لە گافی ژێر نیە، لە زمانی روسی دا هەیە .

ــ هەتیو « گی » لە کوردی لای کەرکوك و کفری هەیە ، بە « گو » دەڵێن !

ــ ئاخر تۆ لە سەرانگوێلکی تەرەغە بەخێوکراوی، چۆن لەمن حاڵی دەبی؟! "

هەژار هەر بەخۆیەوە نەوەستاوە، هەڤاڵێکیخۆشەویستی تورکی ئازەریی هەبووە،کە لە تیپی خۆی ئەهلی جنێو و مەسخەرەو فشقیات بووە، ئەویشی لە ئەییوبی راست کردۆتەوە،کە لە ئەییوبیی پرسیوە "نافەرموی زمان - شناسی چیە؟ حەزدەکەم تێبگەم ". ( کە دەبێ هەژار لەوکاتەدا لە قاقای پێکەنینی دابێ) . گوتی : ناسینی هینەکەی دایکتە! تێگەیشتی؟! ــ بەڵێ باش تێگەیشتم!! ". ( چێشتی...ل ٣٠٤ و ٣٠٧-٣٠٨) .

ئێستا ئەگەر بۆ جاری یەکەم ئەو دوو چیرۆکەمان لە شوێنێکدا بخوێندایەتەوە ،کە دەربارەیان نووسرابا ئەوانە یەکیان هی هەژارو ئەوی تریان هی باوکیەتی، بەبێ دیارکردنی کامە هی کامەیانە، من لام وایە ئەو دیارکردنە زەحمەت نەدەکەوت . ئەو جۆرە چەتەییە و کێشەی ئاینیی نێوان مەلای کوردو کەشەی ئەرمەنی لە هەرێمی باکوور دەبێ هی نەسلی پێش هەژار بوو بێت، لەکاتێکدا کە باسی دکتۆریی زمانناسی و مۆسکۆ و لینینگراد زۆر مەنتیقیترە کە هی سەردەمی هەژار بێت . بە هەمان شێوە، دیارکردنی خاوەنی ئەم وەسیەتەش نابێ بە هیچ شێوەیەك هیچ گومانی تێدا هەبێت کە هی باوکی هەژارە و وەسیەت بۆ هەژاری کوڕی دەکا :

" ئەگەر ڕێکبکەوێ کیژێکی لادێیی بێنی و خۆشی بوێی زۆر چاکترە لەکیژێکی شارستانی نازدار"

بۆچی؟

چونکە " کیژی لادێ کە دێتە شار، حەمام چون و جلی شارستانی بەلاوە خۆشیەکە کە بە هۆی تۆوە دەستی کەوتوە ؛ بەڵام کیژە شاریەکە کە عادەتی بە خوی شارەوە گرتوە، بەهانەی لێ نابڕێ" ؛

ئەوجا وەسیەت بەتایبەتی جەخت لەسەرجۆرێك ڕەوشت دەکا کە ئەو کیژە دێهاتیە هەیبێت :

" تـرسـنـۆك و خـەسـيـس " ! بێت .

ئەم قسەیە، حەقەن بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستیش(دەورانی گەنجیی باوکی هەژار) بەڵگەی کۆنەپەرستی و بێ- عەقڵی بووە، ڕۆشنبیران لەو سەردەمەدا لە شارستانی وڵاتانیعوسمانی وئێران دا هەبوون کە بە توندی ئەو تورەهاتەیان مەحکووم کردووە. ئەگەرهەرتەنیا لەبەر ئەو حەقیقەتەش بێت کە فەرهەنگی کۆمەڵگای کورد هێشتا بەتەواوی فەرهەنگی"پیاوسالار"ە، لەسەردەمی باوکیهەژاریشدا حەقەن هەر وابووە، زاراوەی"پیاوێکی ژنانە" تێدا جنێوە لەکاتێکدا کە " ژنێکی پیاوانە" پێ‌هەڵگوتنە، ڕێز بەگوێرەی ڕادەی " پیاوانە بوون"ـە نەك " ژنانە بوون" . هەژار خۆی ئەوەی لە شیعری "لای لایە"کەیدا تۆمارکردووە :

| | |
|---|---|
| ئەو کـەسـە پیاوە بۆ خـاك و ئـاوی | ڕوح دانێ و بە چاك بێنێ ناوی |
| نەتبیستووە واتەی زانای سەرزەمین | مەردانە مردن نەك ژنانە ژین ؟ |

( ئاڵەکۆك ل ٢٩ ، ڕێنووسە نوێیەکە لە منەوە)

کەواتە، ئەگەر هەر لەبەر ئەو حەقیقەتە فەرهەنگییەش بێت، ئەوا ئەو قسەیە دەربارەی پەسندیی" ژنی ترسەنۆك و خەسیس" لە فەرهەنگی کۆمەڵگای کورد دوورە . ئازایی ژن لە شەڕدا و دەستوتفەنگی و شەخسیەتی زۆر بە کاریزمای لە مەیدانی زبرییدا،" شێر شێرە چ مێیە چ نێرە"... ئیدی شوێنی مەرکەزییان لە فەرهەنگیکورددا هەبووەو هەیە( کە هێشتا زۆر لە فـەرهەنگی قۆناغی شـوانکارەیی وعـەشیرەتی دوور نەکەوتووەتەوە) . ژن هـەبوون لە چینی ئاریستۆکراتیکورد، بە پیشاندانی ڕووی ئەو" پیاوانە بوون"ـە، پیاوانیشیان حوکم‌کردوون و تەنانەت لەرووی جنسییشەوە دۆخی ئەهلی ئەو بیرەیان ( کە کەنیزەکی ترسەنۆك و خەسیسیان بۆ بەکارهێنانی جنسی ڕاگرتوون) هەڵگێڕاوەتەوە . هەژار خۆی، لە ساڵانی سیی سەدەی بیستەم لە گوندێکی کوردستاندا، کۆیلەی جنسیی ترسەنۆك و خەسیسی ژنە ئاغایەکیکورد بووە( چێشتی‌مجێور ل ٤٤-٤٥ ،و من لە فەسڵی١٦دا پتری لێ دەدەوێم) . بەڵام لە چینی چەوساوەی هەژاریش، حەقەن زۆرترینی پیاوانیکورد بە تەوهینیان داناوەو

ئێستاش وای دادەنێین کە سیفەتی" ترسەنۆك وخەسیس" بدرێتە پاڵ ژنیان یا خوشکیان یا دایکیان یا کچیان، لە پێهەڵگوتندا دەڵێین " شێرە ژن " نەك " ترسەنۆکە ژن" یا " خەسیسە ژن " .

ئێ کەواتە ئەم قسەیە لە کوێوە هاتووە ؟ لە مێشکی بۆگەنی شایەرێکی ئیسفەهانیی دەرباری شاهانی سەلجووقی کە لە ساڵانی ١٠٦١- ١١٢١دا ژیاوە، و ئەوەی لە دیوانەکەیدا باس کردووە کە بە ناوی " لامیة العجم " ی داناوە، و یەکەم لەتی یەکەم بەیتی قافیە لامەکەی بەمە دەست پێ دەکا : " أصالة الرأي صانتني عن الخطل " ! ، ئیتر کە باوکی هەژار بیەوێ بە " أصالة الرأي " ی کیژی " ترسەنۆك و خەسیس" وەسیەت بۆکوڕی خۆی بکا تا " صَون "ی بکا(بیپارێزێ ) لە " الخطل "(هەڵە،گەوجی) ی فەرهەنگی" شێر شێرە چ مێیە چ نێرە"، دەبێ ناوی ئەو سەرچاوە پیرۆزەی ئەو " أصالة الرأي "یەی پێ بڵێ : " مؤیدالدین علی بن حسین الطغرائي" وای فەرمووە .

لە ئەدەبیاتی عارەبەکاندا، باسی"علي بن الجهم" ناوێك هەیە، کە بۆ جاری یەکەم لە بیابانەوە هاتووەتە بەغدا و چووە شیعری بە خەلیفە هەڵگوتووە، هەر دەمیکردۆتەوە بە بەراوردی خەلیفە بە"سەگ" دەستی پێکردووە : أنت کالکلب فی وفاءِك (یان " وفائك "- بە هەردووشێوە دەنووسرێ)، واتا " تۆ لە وەفاداریتدا وەکو سەگیت" ... هەتادوایی(کە چەندین سیفەتی تریشی بە هی چەندین حەیوانی تر بەراورد دەکا). گوایا کەسانێکی دەرباری خەلیفە بەوە تووڕە دەبن، بەڵام خەلیفە دەڵێ" لێیگەڕێن با ماوەیەك لە بەغدا بسەربەرێ ئەوجا سەیری شیعری بکەن ". شاعیر ماوەیەك لە نێوان کۆڕی کۆشکی دەوڵەمەندانی بەری ڕەسافەی بەغدا و مەیخانە و جۆرەها کلوبی سێکسیی بەری کەرخ بسەردەبا، ئەوجا بانگ دەکرێتەوە کە لە حوزووری خەلیفەدا بشعرێنێ .

شاعیر هەرچەندە هەرناتوانێ دەست لە کلکی حەیوانان بەردا، بەڵام ئەمجارەیان شیعرێك دەڵێ کە لای عارەب بە یەکێك لە بەرزترینی شیعران دادەندرێ، کە وەها دەست پێدەکا :

( عیون المها بین الرُصافة والجسر جلبن الهویٰ من حیث أدري ولا أدري ) .

کەواتە ئەگەر مەلامحەممەد دەوری نیوسەدەیەکی تریش ژیابا و ئەوسا بە ڕێکوپێکی هاتوچۆی - بڵێین- پاریسی بکردایە،بەتایبەتی ئەگەرهەژاری لاویشی لە پاریس بژیایە و بیویستایە ژن بهێنێ،حەقمن- حەقمن وەسیەتەکەی جیاواز دەبوو، کیژی ترسەنۆك و بوێرێ بە میترۆی پاریسدا تێپەڕێ وهەمیشە گیانی بسەلامەت دەرکا ؟ بۆ خاتری حەمام بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی مێردی ؟ ئەوسا مەلا محەممەد نەك هەر دەستی لە توغرائی بەردەدا، بەڵکو لە فەرهەنگی دێی تەرەغەش پتر دەرۆیی و تەبیعی ئەو قسە بۆگەنانەی توغرائیی لە بیری خۆی دەبردەوە . ئەوە

هەمووی بە نیسبەت باوکی هەژارکە دەڵێین حەقەن ئەو ئەو وەسیەتەی کردووە . ئەینا خۆ ئینشالڵا هەژار خۆی ناکرێ لە ژیانی خۆیدا و روو لە کۆتایی سەدەی بیست و دوای ئەو هەمووە هاتوچۆیەی پاریس شتی وا بۆ کوڕی بکاتە وەسیەت . بـــەڵام !، دوای ئەو هەمووە " حەقەن" و " حەقەن- حەقەن " انە ، فەرموو کتێبی " چێشتی مجێور" بخوێنەوە ،دەبینی کە ئەوە رێك وەسیەتی هەژارە بۆ خانی شەرەفکەندی !!! . خانی لە پاریس کیژێکی لادێیی بهێنێ ، نەك شارستانی ، تاکو ژنەکەی بۆ خاتری چوونە حەمام لە ئاستیدا چاوی بەرەژێر بێت، بەڵام ئەویش بە مەرجێك کە ئەوکیژە لادێییە ترسەنۆك و خەسیس بێت ، چونکە ئەوەتا:

"« عەلی بن حوسێن توغرائی» لە «لامیةالعجم»دا دەڵێ:

قسـەی زۆر چاك دەربارەی ئـەو کیژانەوە دەکـەن کـە ترسـەنـۆك و خـەسیسـن » "

( چێشتی مجێور ل ٨و٩ ، بە راست کردنەوەی هەڵەی چاپی " توغراسی" )

هەرچەندە هەژار ،ئەو وەسیەتەی ساڵی ١٩٨٣نووسیوە( و ساڵی ١٩٨٧یش بە کتێبەکەیدا هاتووەتەوە) و خانی پێنج ساڵێك دوای ئەوە هاتۆتە پاریس، بەڵێ، بەڵام ئەوە لە جەوهەری مەسەلەکە ناگۆڕێ . هەژار پێش١٩٨٣و دوای ١٩٨٣ش و کاتێك کە خانی لە پاریس ژیاوە هاتوچۆی پاریسی کردووە و وەسیەتەکەی نـەگۆڕیوە،کە - بڵێین- لەسەرەتادا بۆ ژنهێنانی خانی لە کەرەجی نزیکی تاران نووسیبێ . چ تاران و چ پاریس و تەنانەت لە مەڵبەندی هەرعەشیرەتێکی کوردیشدا( ئەو قسەیە قەبووڵ نیە) .

دوورنیە کەسێك بڵێ : ئەوەتا هەژار خۆی لە سەرەتای "چێشتی مجێوردا" دەڵێ کە " لە پیری‌یان فکرم ئاڵۆزاوە (..) چاوی بیر و مێشکیشم کز بوون " (ل ٢) ، یەکێك لە دەردەکانی پیریی دەکرێ ئـەوەبێ کە دنیای نێوان ١٩٣٠ و ١٩٨٣ی لەبیر سڕابێتەوە و، گەڕابێتەوە دۆخی زیهنیی سەردەمی خوێندنی منداڵیی لە پەسوێ .

ئەگەر وای دابنێین کە هەژار سەرتاسەری ژینی پیرو نەخۆش بووبێت ئەوا ئەو قسەیەش راستە . ئـەینا من لە ساڵانی ١٩٦٠ ـەکاندا پەیتا- پەیتا ئـەو قەوانەیەم لێ بیستۆتەوە . لە بەغدا، وادەبوو گەردەلوولی بیابان دەهات و وڵاتی تاریك دەکرد،کرانەوەی هەژار بەباسی لامیە وبامیە ونازانم چی‌میە،بۆ من وەك ئەو گەردەلوولە دەهات و وڵاتی لێ تاریك دەکردم، ئیتر کە دەکرایەوە وەستانی نەبوو : وەکو ئاگر گـەرم مەبـە و وەکو سەهۆڵ سارد مەبە، وەکو ئاو شل مەبە و وەکو بەرد رەق مەبەو...پیاو کرێکاری قوڕە و ژن بەننایە ...و جحێڵ هەر چاوی لە ژنێکی جوانەو... حەقیشی هەیە چونکە ئارەزووی جینسی غالبە! و ... ئیتر توڕەهاتی توغرائی و نەسیحەتی

ئیبنول نازانم چ شازدەهەزار سەگبابێك و سەعدی شیرازی ومەعدی میرازی،کە من ئیتر نەمدەزانی دەڵێ چی، جگە لە ویزە- ویزی زەردەواڵـەی کە لە کونی دەمیەوە هروژمیان بـۆ هـێناوم و، ویسـتوویانە بە هـەمووکون و کەلەبەری کەللەمدا وەژوورکەون تا شارە زەرگەتە دە تەپڵی کەللەسەرمدا دامەزرێنن ، وا وەڕز و ماندوو و گێژ و وێژو کـەلـەلا بووم کە تەنیا هەر بزووتنەوەی دەم ( بە شێوەی بزووتنەوەی دەمی شکڵەکانی " مـەپیت شـۆ" ی ئەمریکایی ) و، پرژەی بارانی تف ولیك و...ڤززز...ڤززز...ڤززز...م ئاگا لێ بووە ، بە شـێوەی پـەلەقاژەیەك دە موحیتدا ، نە ویستومە و نە توانیومە لەسەرهەمووقرشێك و مارێك و هەشتپێیەکی موحیتی ئەو زەنا- زەنایە بوەستم . خودا- خودام بووە هـەر قورتارم و ئەوجارەش گیان بە سـەلامەت دەرکەم . ئـا، جا بە تایبەتی لـە هەلومەرجێکی نـاقۆڵادا کە بە سەریدا چووباین ( لە کاتی کرداری جنسیی لەگەڵ منداڵێکدا... ئیدی ) کـە دەپەشۆکاو ، هەر دەمی دەکردەوە یەکەم زەردەواڵەی کە لێی هەڵدەفڕی یان توغرائی یان ئیبنول وەردی یان سەعدی شیرازی بوو، چیان دەربارەی عیففەتول نەفس و زوهد و تەقواو نامووس و ئەل بیڕڕو بیل والیدەین وە ئیطاعەتول ئامیرەین( ئێستاش کە ئێستایە بۆم ساغ نەبۆتەوە ئەمەی دوایی لەکوێ هێنابوو) گوتووە، ئیدی من زگم بای دەکرد ، لەو شکەنجەیەدا هەربەتەواوی بای دەکرد و، دەمویست هەرچۆنێك بوایە بە زووترین‌کات لەو ئیطاعەتول ئامیرەینە دوورکەومەوە و تووشی بەزمێکی ناقۆڵا نەبم، من بەبێ هیچ گوناهێك وا بە لامیەتول عەرەب و لامیەتول عەجەم و چوونە حەمامی کیژی دێهاتیی ترسەنۆك وخەسیس یەخەی گرتووم و بەرم نادا... .

هـەژار، دەوروبەری ساڵی١٩٣٠ لە پـەسوێ (دێی بارەگای قەرەنیئاغای مامەش) بە جینەکانی مـەلامحەممەدی بۆر و، ئەوجا بەو توڕەهاتەی توغرائی پەروەردە بووە کە لای مەلا سەیدمحەممەدی حەمیدی ناوێك خوێندوویە، دواتر" نصیحة الإخوان " ( لامیة العرب) ی" زین الدين عمر ابن الوردي"١٢٩٠- ١٣٤٨یشی لە سابڵاغ لای مەلا حوسێنی مەجدی خوێندووە،ئەوانە(وچەندکتێبی تری خوێندنی ئەوسای حوجرە) بوونە بناغەی پەروەردەی و پێکهێنانی شەخسیەتیخوێندەواریی سەرەکی . ئەو پەروەردەیە بە ئا ئەو توڕەهاتە وەکو داشبەرد شوێنیخۆی لە مێشکیدا گرتووە، سەرتاسەری ژینی لەگەڵیدا ژیاوەو تا لەگەڵیدا نێژراوە،پێش نێژرانیشی لە بیری نەچووە ئەو مەشخەڵی فکرەی توغرائی بە وەسیەت بە دەستی کوڕی خۆی بگەیەنێ نەوەکا دوای خۆی بکوژێتەوە .

هەژار نەیدەتوانی هەڤاڵەتی لەگەڵ کەسێکدا بکات ئەگەر ئەوکەسە لەگەڵیدا شێتوشەیدای شەڕەجنێو نەبوایە .

نێوانی لەگەڵ زۆرکەسدا هەبوو، لەڕاستیدا هەموو جۆرە کەسدا،بەڵام" نێوان " شتێکە و" هەڤاڵێتی" شتێکی تر . ئەییوبی" هاوگاڵتەی کۆڵانی سابڵاغ" ی هەژار بووە ( چێشتی ...ل٣٠٤) و هەر بە هەڤاڵی داناوە . کەواتە حەقمەن شەڕە جنێویان هەبووە . هەژار وێنەی نامەیەکی کە لە مۆسکۆوە بۆ ئەییوبی ( لە لینینگراد) نووسیبوو، لە بەغدا لای خۆی پاراستبوو، دیار بوو لای خۆشەویست بوو ، نامەی لە وەڵامی نامەیەکی ئەییوبیدا نووسیوە کە ئەییوبی بۆی نووسیوە : " هەژار ماچت دەکەم " . وەڵامەکەی هەژار وا دەست پێدەکا :

" خۆزگە زەمانێك ماچت دەکردم      کە نازت دەکرد لەم سەرزەمینە

ئێستا چی لێ بکەم کلۆشی ریشت      سمێلت دەڵێی یاڵە بارگینە "

ئەوجا داوای لێ بوردنی دەکات و، بەم جۆرە دەیەوێ خۆی لا شیرین بکاتەوە :

" توخوا کەریم گیان تورە مەبە لێم ، ئاخر براڵە خۆ تۆ هەروەکو تری بنگۆم ون بوی ، تری بن گۆم هەر نەبێ بڵقێکی لێ پەیدا دەبێ ، هەتیو خۆ تۆ بڵقێکیشت لێ پەیدا نەبو " . دوای ئەوە ، چەند لاپەرە جۆرەها چیرۆکی بەراوردی حاڵی کەریمی ئەییوبی بە حاڵی قونگیگوشادی پیرێژن و مریشکی پۆپەلارەی ! .

هەژار ، لە شیعریشیدا ئەییوبیی لەبیر نەچووە

" یەکی بۆری رەش تاڵە      ناقۆڵا و بێ فەساڵە

سەیدێکی گوناهبارە      بە پیادەیی سوارە

سەری پڕە لە پەڵە      بە گێچەڵە کەچەڵە

خوێن شیرن و روح سوکە      زلە و بە باڵا چوکە

ئەیوبیە و کەریمە      بن چینەی دڵخۆشیمە " (بۆ کوردستان ل٦٦)

ئەوە کە هەژار لەگەڵ ئەییوبیدا"هەڤاڵ" بووەو مەسخەرەی شتێکی کردووە کە تێی نەگەیشتووە (زمان شناسی)، هەر بەشێك لە شێوەی کارکردنی ئەو جینەی هەژار پیشان دەدا، کە لایەنی زۆر بەرینتر دەگرێتەوە .

نموونەیەکی تر، بە کەمێك جیاوازیەوە :

زەلامێك لە مەجلیسدا، کە هەژار هیچ هەڤاڵێتیەك و شەڕە جنێوێك و تەنانەت هیچ گاڵتەیەکی دەگەڵدا نەبووە ، لە وەڵامی پرسیاری کەسێکدا باسی" ڤیتامین بێ" دەکا، پرسیارو وەڵام سەرنجی کەسانێکی تریش رادەکێشن و ، رووی مەجلیس دەکرێتە خاوەن وەڵام . هەژار لێرەدا هەڵدەداتێ :

ــ بەڵێ - بەڵێ ، سەعدی زۆر حەزی لە" ڤیتامین شین " کردووە .

ـ ڤیتامین شین چیه ماموّستا ؟

ـ شێلم ،سەعدی کە لە بەغدا بووە زستانانە شێلمیکوڵاوی خواردووە ،" ڤیتامین خێ" شی پێدا کردووە ! ئیتر دەبوو بە گاڵتە و پێکەنین و فشـقیات ، تا دەگەیشتە خستنە ڤیتامینی کاف دە ڤیتامینی قاف و ... بـە سەعات فڵقوهۆڕی پێکەنین لەسەر ڤیتامین درێژەی هەبوو . کابرای کە بە تەمابوو شتێکی زانستی شی - بکاتەوەو خەریك بوو سەرنجی مەجلیسی رادەکێشا ، ئێستا وا کونە مشکیشی لێ قەیسەری بوو ، لە کاتێکدا کە هـەژار( ی کە چـەنـدە مانای " زمان شوناسی" ی دەزانی هـەرئەوەندەشی لەو باسە دەزانـی ) لە سەدا سەد مەجلیسی هێنابۆوە ژێر کـۆنترۆڵی خۆی .

هەژار خۆی چیرۆکی نەخوێندەوارێکی باس دەکرد کە چۆن مەلایەکی زانای خوێندەواری بۆڕداوە :

« زەلامێکی نەخوێندەوار ، بەڵام زیرەك و ددانی مار!، رێی دەکەوێتە دێیەك . سەیر دەکا دێ تا بڵێی خۆش و دەوڵەمەندە و ، مەلای تابڵێی دە خۆشیدایە . دەڵێ وەڵڵاهی جێی ئەو مەلایە بۆ من باشە . بە خەڵکی دێ دەڵێ :"خەڵکینە دەزانن کە ئەم مەلایەتان هیچ نازانێ؟ من بکەن بە مەلاتان، من عالمم بەکەڵکتان دێم ". خەڵکی دێ قسەکەیان پێ سەیر دەبێ . بەڵام بەهەرحاڵ کار بەوە دەگا کە دەڵێ :" تاقیمان بکەنەوە " ، بە مەلای خوێندەواری دێ دەڵێ : مەلا بنووسە " مار". مەلا بـە خەتێکی جوان و رێکوپێك دەینووسێ . ئەوجا نۆرەی زەلامی ساختەچی دێ کەهەمان شت بنووسێ، لەسەرکاغەزێك خەتێکی پێچاو پێچ بە شکڵی مار دەکێشێ و لەلای نووسینەکەی مەلای دادەنێ و ، روو دەکاتە خەڵکی دێ : " ئەمن خۆم هیچ نالێم ، بەڵام ئێوە خۆتان حوکم بدەن ، تۆ شەرەفتان کامەیان مارە ؟ ". خەڵکەکە دەڵێن : " وەڵڵا خودا هەڵناگرێ ، ئەوەی تۆ لە مار دەکا " . ساختەچی دەڵێ " ئەها ... پێم نەگوتن ؟!" . »

چیرۆکێکی تری هەژار : « خـەڵکی (شیعەی) هۆر(زۆنگاو) ێکی خوارووی عیراق ، لـە موحەرڕەمدا ئاخوندێك دەهێنن کە وەگریانیان بخا ، ئاخوند زۆر هەوڵ دەدا : " حوسێنیان گرت و چاوێکیان هەڵکۆڵی " ( و سەیرێکی خەڵکەکەی کرد ... خەڵك بەوە نەکەوتنە گریان ) ، " قۆڵێکیان بڕی " (نەگریان) ، " کچۆڵە ساواکەیان کوشت " ( بێ فایدە، نەگریان ) ، زۆری هەوڵ دا و هیچ دادی نەدا ، بێ فایدە بوو و نەگریان . لەپڕێکدا گامێشێکی بەرچاوکەوت و چارەی بە بیرداهات ، کە هەموو مەعاریفی ئەوانە بە دەوری گامێشەوەیە ، هـاواری کرد " و شەددۆ لل حسێن عەلە

ظمهرالجامووسه!" (و حوسێنیان لە پشتی گامێش بەست )، ئیدی هەمووکەوتنە شین و رۆڕۆوە،
تۆمەز ئەوان هەر لەوە دەگەیشتن " ... ئل جامووسه ! " » .
تـوانای تێگـەیشـتنی مـەیلی دەوروبەرو هەڵبەستنی تـوڕەهاتی پێویست، داهێنانەوەی تای تەرازوو بـەلای خۆتدا لە کاتێکدا کە دەزانی بەرامبەرەکەت لە پێشـترە، لە نموونەی دیالۆگی بـاوکی هـەژار لەگەڵ کـەشەی ئـەرمەنی‌دا، لای هـەژار، هـەروەك بـەغـەریزە ( لە جینەکانیدا ) هـەبوو، زۆر بە هۆشیارییش پێی دەزانـی و بە جۆرەها چیرۆك روونی دەکردەوە .

هەموو کەسایەتیەك بەرهەمی تێکئاڵانی سێ عونسورە : ١- بایۆلۆجی ، ٢- ئەزموونی گشتی ، ٣- ئەزموونی تـاك .
بایۆلۆجی لێرەدا مەبەست لە ئەو بناغە ماددیەی رەوشتە کە لە دروست بوونی نوتفەوە دەست پێ‌دەکا(کەسانێك هەن پێی‌دەڵێن بناغەی" روح،گیان "، گیان = جین) . ژیانی مـرۆڤ لە رەحمی دایکدا بە یەکگرتنی ٢٣ کرۆمـۆسـۆمی بـاوك و ٢٣ کرۆمۆسۆمی دایـك دەست پێ‌دەکا کە وێکڕا ٢٣ جووت کرۆمۆسۆم پێکدەهێنن . ژمارەی کرۆمۆسۆم هەرجارە دووپـات دەبێتەوە تا لەدواییدا ئەوەندەی ژمارەی شانەکانی لەش ٢٣ جووت کرۆمۆسۆم دە لەشدا دەبـن، هـەر شانەیە ٢٣ جووت کرۆمۆسۆمی تێدایە . هـەر کرۆمۆسۆمە لە نزیکەی یەك هەزار جین پێکدێ، هەر جینە لە ژمارەیەك مۆلوکولان پێکدێ . دوو رشتەی لاولاوئاسا، هەریەکەیان لە شەکرو فۆسفات پلە پلە بەدووی یەکدا بێ یەك نەزمی هۆنراونەوە . ئەو دوو لاولاوە بە چوارعونسور پێکەوە گرێدراون : ئادەنین،گوانین، تیمین، سیتۆسین . رەوشـتی کـیمیـایی ئەو عونسورانە وەهایە کە هـەمیشـە ئادەنین و تیمین پێکەوە جووتێك پێکدەهێنن و گوانین و سیتۆسین پێکەوە جووتێك پێکدەهێنن . نـەزمی بەدووی یەکتر‌داهاتنی زنجیرەی ئەو چوارعونسـورەیە کە بڕیاری پێکهاتنی بناغەی رەوشـتی هەر زیندەوەرێك دەدا . ئەو نەزمە، بەهۆی ژمارەی یەکجار زۆری جینەکانی کە بەو جۆرە گرێدراون دەروازەیەکی یەکجار زۆر بەرینی ئیحتیمالان دەکاتەوە. پسپۆڕانی جینەکان دەڵێن رەوشتی بەمیراتگریی مرۆڤ بەرهەمی " فرەجین"ـە . مرۆڤێك دەکرێ لە شتێکدا زۆر زیرەك بێت و لە شتێکی تردا زۆر نازیرەك . زۆر دیاردە لەو بوارەدا سەرنج دراون، هەر بەڤوونە: دەکرێ‌کچێك ( کە لە دۆخێکی نائاسایی یەك‌کرۆمۆسۆمیX پەرەی- سەندبێ- سیندرومی تورنەر) لە رووی جنسییەوە بەگشتی لەکچانی تر درەنگتر پێ‌بگا ،بەڵام لە فێربوونی ماتماتیکدا لەوان زیرەکتر بێ و ئاسۆی دیدی بەرینتر بێ، ئیدی.. . هەندێ جینی هەڵگری هەندێ سیفەت دەکرێ وا بە میرات بێن کە دوای چـەند پشـت ئەوجا سـەرهەڵێنن . بەڵام ئەوە هەر بناغـەکەیە، دوای ئەوە بە دروست بوونی ئەو هەمووە

شانانەی لەش و ئەوهەمووە تەئسیرە ماددیانە ( خۆراك - مەسعوود محەممەد بە گاڵتە پێ‌کردنەوە لەوە دەدوێ کە دەڵێ " کەواتە من کوڕی مەلا محەممەد نیم و کوڕی پەتاتەو تەماتەم !" ، وەرزش، جۆرەها ئەزموونی گشتی و ئەزموونی تاك) جۆرەها گۆڕان و رەوشتی نوێ پێك‌دێن .کەواتە لێرەدا رێك وایە کە رەوشتی مەسعوودمحەممەد بە خواردن یانەخواردنی پەتاتەوتەماتە لە ژیاندا دەکرا جیاواز بوایە!، بەتایبەتی نوتفەی باوکی کە بووە بە ئەو مەسعوود محەممەدە زۆرچاك دەکرا کە - بڵێین- بە خواردن یا نەخواردنی سیرو باینجان لەلایەن باوکیەوە وەها جیاوازبوایە کە مەسعوود محەممەد ئیتر لە گەورەبوونیدا پێی عەیب بوایە بڵێ " من لە حیزبی پڵاو و ام کلثومم "!، بەڵام بە هیچ جۆرێکیش مەرج نیە، ئەوە هەر تاقە یەك هۆکارە لەو هەمووە هەزاران و هەزاران هۆکارانە کە لەدواییدا رەوشت بە لایەکدا دەشکێننەوە . چەندە رەوشتە لە میراتەوەیە ( لە جینەکانی یەکەم ٢٣ جووت کرۆمۆسۆمی دایك و باوك ) و چەندی لە تەئسیری ئەزموونی گشتی و چەندی لە ئەزموونی تاکەوەیە، وەڵام دانەوەی لەم قۆناغەی زانستدا هێشتا لەتوانادا نیە، هەرچەندە رێگایەکی زۆر بڕدراوە بەڵام ئەوەی کە ماوە دەبێ زۆر لەوە پتر بێ(سایکۆجینیتیکا هێشتا زۆر لەسەرەتادایە) . بەڵام دیسان هەر بە نموونە : نەخۆشیی شەکرە لە یەکەم ٢٣ جووتە کرۆمۆسۆمی یەکەم شانەی ژیانەوە بەمیرات دێ ( بە هۆی جینێکەوە کە هێشتا - تا نووسینی ئەم دێڕانە - نەدۆزراوەتەوە)، بەڵام لە منداڵانێکی دوانەی شانەیەکی وەهاوە ( کە دەبێ هەرتك دوانەکە هەمان جینی میراتگری شەکرەیان هەبێ ) لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە ١٥٪ یان هەر یەکێکیان نەخۆشیی شەکرەی هەبووەو هاودوانەکەی تری نەیبووەو دەڵێن دەبێ ئەو جیاوازیە بە رادەی یەکەم بە هۆی نەزمی جیاوازی خۆراکەوە بێ ) . لەکاتێکدا جیاوازیی رەوشتی تری دوانەی تر، لە جیاوازیی رادەی کارایی هەمان جینەوە دیارە، کە لێرەدا دەوری دەوروبەری کۆمەڵایەتی و پەروەردەو بەگشتی بڵێین ئەزموون ( گشتی و تاك) دیارە .

هەژار ،لە جینەکانی باوکیەوە رەوشتی سەرەکیی پێوەدیارە، من ئەم فەسڵەم بەنموونەیەکی وەها دەست پێ‌کرد، بەڵام ئەوە تاقە نموونە نیە کە پێوەندیی( جینی) دەموراوێژی باوك و کوڕ پیشان بدا . هەژار لە دەمی باوکی دەگێڕێتەوە :

« لە بازاڕی " وان "دا دەگەڵ ئەرمەنیەك بومە ئاشنا . رۆژێك گوتی من سەد لیرەت دەدەمێ، کاسبی پێوە بکە، قازانج بەنیوەیی؛ گوتم با پرس بە خاڵم بکەم . خاڵم گوتی : وا دیارە ئیمانتان لێك نزیکە! بچۆ لێی وەرگرە! »

چێشتی ل ١٢ ؛ یان کە هەژار ویستوویە کچێکی نازداری دەوڵەمەند ( کچی شێخ محەممەدی خانەقا) بهێنێ، باوکی

گوتوویە :

« کوڕی خۆم، لەباتی سێ ژن ژنێك بێنی باشترە! (..) کچی شێخ (..) دەبێ کارەکەرێکی بۆ بگری

خزمەتی بکا، دەبێ کارەکەرێکیش بۆخۆت پەیداکەی خزمەتت بکا!» چێشتی ل ٨ .

جارێکیان هەژار لە مەجلیسێکیدا لە ماڵی خۆی لە بەغدا، کە هێمن و مەم (محەمەد مەولوود) و گیوی موکریانی و ئەمیری قازی و دوو- سێ کەسی تریشی تێدابوون، گێڕایەوە کە « فڵانەکەس ( ناوەکەی دەگوت و وادیاربوو هێمن و گیو و ئەمیر دەیانناسی ) جارێکیان لە دووکانی بابم دانیشتبوو چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ بابم دەگێڕاوە :

« ئەوە ئەمن دە شەڕی غەزادابووم ( شەڕی جیهانیی یەکەم، دژی رووسان )، رۆژێکیان تەلیسێك نان هات، کردمەوە، نانی یەکەم هەمیشە مۆری بەسەرەوە بوو، تاریخی ناردنی لە نانەواخانەوە، تەماشای مۆر دەکەم تاریخی پێش ئەوەندە ساڵە، نانم گرت و لەوسەر شاخەوە یەك شەقم تێهەڵدا، بۆ خوارەوە، چووم لە داخان خۆم تەسلیمی رووسان کرد . پاش چەند رۆژێك پەشیمان بوومەوە، بە دێهاتیەکدا کاغەزێکم ناردەوە کە پەشیمان بوومەوەو، ئەگەر ببەخشن کارێکی پیاوانەش دەکەم ئەوجا دەگەڕێمەوە . دێهاتی و کاغەز کەوتنە دەستی رووسان، رووس گرتیانم و دەزیندانیان کردم . رۆژێك، سەربازێکی زیندانەوان پێی‌کوتم"مسوڵمان؟"، ئەوجا بە قامکی ئیشارەتی بۆخۆی کردو کوتی " مسوڵمان "، تێگەیشتم دەیویست بڵێ " ئەتۆ مسوڵمانی؟، ئەمنیش مسوڵمانم" . ئیدی ئەمنیش لەو ژیانە ناخۆشەی زینداندا لە خۆم و مسوڵمانی و هەموو شت وەڕەز ببووم، کوتم " کوڕە دە بڕۆ، ئەتۆش، مسوڵمان - مسوڵمان، هەر ئەتۆ ماوی ! ". سەربازەکە وا تێگەیشت کە بڕوای پێ ناکەم، دەست بەجێ کێری دەرهێنا و خستیە سەر دەستی و کوتی" ها مسوڵمان"، یانی ئەوەنیە سوننەت(خەتەنە)کراوم ؟ ئەمن مسوڵمانم، مەسیحی نیم" .

کە هەژار لە گێڕانەوەی باسەکەدا گەیشتە ئێرە، گیو هەڵیدایە گوتی " ئەمن لەوێ بووم، لە دووکانی بابت، کە بابت پێی کوت : جا وەڵڵا دەلیلی راست و لەسەردەست ! .

ئەو قسانەی کە هەژار لە باوکی بیستوون، یەکەمیان کە باوکی لەخاڵیەوە بیستووەو دووەکەی تری خۆی، زۆر چاك دەکرا قسەی هەژار خۆی بوونایە، ئەوە بەتەواوی شێوەی کاردانەوەی هەژار بوو لە هەلومەرجی وەهادا.

هەموو کەسێك میراتگری کۆمەڵێك جینە، بەڵام هەمیشە گۆڕانکاری دەکاردا هەیەو، لە نەسلێکەوە بۆ نەسلێك دەگۆڕێ، کەس بە تەواوی کۆپیەکی بێ دەستکاریی لەحزەیەکی مێژووی یەك کەس نیە . هەژار - بەهۆی

کۆمەڵێك نەخۆشیی ڕەوانی کە دواتر هەوڵ دەدەم هەلومەرجیان پتر شی بکەمەوە - ئەگەر گۆڕانێکی جینەکانی باوکی تێدا ڕووی دابێ، ئەوا زۆرتر وایە کە ئەوانە دە ئەودا خەستتر بوونەوە . گۆڕانەکانی بەرەو پێشەوەی( ئارەق خواردنەوەوعەییاشی و پێهەڵگوتنی دیوەخانان و ڕابەرانینوێ...) ڕەنگە بکرێ زۆر بە سەتحی دابنرێن،لەکاتێکدا کە ئەو ڕەوشتانەی کەخستتر بوونەوە زۆر جەوهەرین . باوکیهەژار باسی ڕابردوویکردووە بەڵام پشتی تێکردووە و بزووتووە، لە کاتێکدا کە هەژار ڕووی کردووەتە ڕابردووی زۆر کۆن! . دەکرێ جینی نەسلانی پێشتر (پێش باوکی)ی تێدا گەشابنەوە .

من لە فەسلی دووەم ( ئەها بابە ئەو کەوشە) دا ، باسی لەبیرنەچوونەوەی خەمی هەتیو بوون وهەژاریی منداڵیی باوکی هەژارم کرد ،تەئسیری ئەوەم بەسەر ڕەوانی هەژاردا باس کرد . بەڵام باوکی هەژار، دوای ماوەیەك ژیانی فەقێیەتی، کە ئیتر نان و ئاوی خۆی دابین کردووە، چیتر شێت وشەیدایی بۆ چێشتیمجێور نەماوە، لەکاتێکدا کە ئەو چێشتە قەت لە دڵ و دەروونی هەژار نەبۆتەوە . باوکی هەژار، دوای فەقێیەتیەکەی، تەنانەت بە شیعر سواڵی قەندو چای فەقێی مەحکووم کردووە( چێشتی...ل٤٦) . هەژار ،لە کاتێکدا کە لە ئاست زۆرشتی - بۆ ئێمە -گرنگدا زۆر بە کورتی دواوە( باسی پێشەوا بە نموونە)، بە درێژی باسی دنیای خواردنی فەقێیکردووەو، " قەسیدەی بطنیە" شی تێدا تۆمارکردووە(چێشتی...ل٣٣) . هەژار ،دوای" ئاڵەکۆك "، یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی ناو نابوو" چێشتی مجێور"( چێشتی...ل٢٩٣)، کە سانسۆر(وەحید بامەڕنی) ڕێگای چاپی نەدا. لەوساوە لە هەژاریان دەپرسی کە چۆن بووە ئەو ناوەی هەڵبژاردووە، هەموو جارێك بە کەیفێکی زۆرەوە وەسفی چێشتی مجێوری دەکرد . هەر جارە بە خەللاقیەتێکی تر لە وەسف کردندا باسی دەکردەوە، جارێك " پارچە گۆشت دە تەماتەدا چەقیبوو، باینجان ڕووی لە کوولەکە وەرگێڕابوو! ..." و جارێکی تر " برینجی گیپە بە باینجان ڕەش ببوو و قەیسی دە ترخێنەدا خووسابوو و ..." و جاری سێیەم " باینجان و کوولەکە وگیپە و قەیسی" هەمووی کۆدەکرانەوەو ئەوەی دەیگوت نەیدەگوتەوە . بۆ چی ؟ بۆ ناوی دیوانی شیعر! . لە کاتێکدا کە ئەو- هەرنەبێ - لە دێهاتەوە، لە هۆبەی ڕەوەندان، لە سەر لوتکەی چیایانەوەو ڕوو لە نەزمی ئەستێران،دیمەنی" تاریك و ڕوون" و ئەو هەمووە گوڵ و گوڵزارە و چەندە- چەندە جوانیی تەبیعەتی دیتووە . کە ئەوسا سانسۆر نەیهێڵا ئەوەی بۆ بچێتە سەر، هەر دە دڵ و دەروونیدا مایەوە تا کردی بە ناوی ئاوازی قوو . لەوێشدا ڕوونی دەکاتەوە :

" لە ناو مەنجەڵدا دەنکە برنج پاڵی بە دەنکە بڕوێشەوە دەدا ، دەنکە کشمیشی پڵاو پەرژو بڵاو بوە و هەر یەکەی لە سوچێکەوە جێگەی گرتوە ؛ پارچە ئێسکێك کە ڕۆژی خۆی لە پەنا قوچکەی برینج

داندراوە، ئێستا دەناو برۆیش و کەشکەکی گەنم دا خنکاوە " (چێشتی...ل٢)

دەبێ ئـەوەش لێرەدا بڵێم کە ، ئەوەندەی من هـەژارم ناسـیوە، خۆشـترین خواردن لەلای ئەو بریتی بووە لـە "هێلکەو شۆرباو" (مزرۆکە) . چوار- پێنج هێلکە و ئەوەندەش پیازی زل دە ئاودا کوڵێندراوە، ئـەوجا دوو نانی زلی تێ‌گوشیوە و، پارووی کردووە ئـەمما پـاروو، لە یەك پاروودا وابووە یەك هێلکەی تەواو و یەك دنیا پیاز جێی بووەتەوە، ئەوجا دەم بە ئەوپەڕی لێك کشانی کراوەتەوە و بە هەر زەحمەتیەك هەبووە بە هەناسە بڕکێ و مشـەمـش پـارووی پڕی دەستی تێ‌پەستراوە . ئیتر نە باینجان و نە رووی لەکوولەکە وەرگێڕابوو!، ئەوانە هەر ئـەڤـینێکی قووڵی دەروونی بوون کە لە کاتی باسی دیوانی شیعرو چیرۆکی ژیانیدا خۆیان بەسەردا دەسەپاند.

خەستتر بوونەوەی جینێکی تری باوکی هەژار دە هەژاردا :

هەژار لە زمانی باوکی دەگێڕایەوە کـە

« لە تەرەغە، منداڵان دەهاتن ڕێك لەبەردەرکەی ماڵی ئێمە گوویان دەکرد. دەمکوت ئاخر منداڵینە بۆچی لەبەردەرکەی من دەڕین؟، بۆچی هێندێك ناچنە ئەولاوە؟. دەیانکوت " مامۆستا چی بکەین ، ئاخر ئێمە فەقیرین !"

ــ ئێ ڕۆڵە گیان بچن لە جێیەکی دی بڕین و هەر فەقیریش بن!، بۆچی ئەگەر لەبەر دەرکەی من بڕین لە فەقیری دەکەون ؟ » .

وشەکانی تایبەت بە هەموو وردەکاریەکانی ئـاودەست ، وشەی مەرکەزی بوون دە قسەی هـەژاردا . هـەژار بە تایبەتی شێت و شەیدای" گوو" و" تڕ" بوو . نموونە لە ژمارنایەن . من لێرەدا تاقە یەك نموونە هەڵدەبژێرم کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە کۆششی پەروەردەی منەوە هەبووە :

هەژار لە باسی مندا نووسیویە " محەممەد لە سابڵاغ دەبەر خوێندن نرابو، بە ڕواڵەت پۆلی یەکەمی تەواوکردبو، بەڵام هەر دەتگوت خۆمم بە منداڵی، گێل و نازیرەك ! تەنانەت حروفیشی نەدەناسی . وام کرد حروف بناسێ ، لێکیان دا، وشەی کوردی وەخوێنێ . چیرۆکی قۆڕی منداڵانەی سـەیرم بۆ دەنوسی و پێم دەگوت . پێ یان پێدەکەنی و خۆشیانی گەرەك بو . لە کوردی خوێندنەوە ڕاهات . ئەوجار بە نیوە کوردی ونیوەعـارەبی بەغدایی شتی سەیرم بۆ دەنوسی، لەویش چاوی کرایەوە" .

( چێشتی ...ل٢٢١) .

دوور نـیـه کەسانێك هـەبن کە، بۆ پەروەردەی منداڵیان، یان هەر بەهۆی هۆگریی ئەدەبیاتی منداڵان ( کـە من خۆم یەکێکم لەوانەی کە زۆرهۆگری ئەوئەدەبەن )، تینووی ئاگاداریی لەو چیرۆکانە بن کە هـەژار کوڕی خۆی پێ پەروەردە کردووە ( کە نموونەی وا هەن،کەسانێك شتێکیان بەتایبەتی بۆ منداڵێك نووسیوە و دوایی بووە بە کتێبێکی کتێبخانەی منداڵان، لە کوردییشدا دەبێ " ئەحمەدی" و تەنانەت رەنگە " فڕی فڕی قەل فڕی" ی زۆر بەرزو نایابی مەلامحەممەدی کۆییش هەر وا بووبن ) . خۆشەویستترین چیرۆك لای هەژار بۆ پەروەردەی من ئەمە بوو( بە دەستکاریی رێنووس) :

چیرۆکی بەرخی بەدووی دایکیەوە

فلانەکەس(کە ئەو ناوی دەنووسی) گێڕایەوە کوتی : کە جاری یەکەم لە ژیانمدا لە دێوە چوومە شار، دەمزانی کە دەبوو دوو شتی هەرەخۆشی شار تاقی بکەمەوە ، کەباب و حەمام . دە پێشدا چوومە کەبابخانە،هێندەم کەباب خوارد هەتا مڕ بووم . چەند چاشم بەسەردا خواردەوە . ئەوجا چوومە حەمام . لە حەمام تەماشا دەکەم ، لەلایەك حەوزی ئاوی ساردە و لەلایەکی دیکە حەوزی ئاوی گەرم . خەڵك دەچوون ئاوی گەرمیان لە حەوزی ئاوە گەرمەکە دەهێنا و ئی ساردیش لە حەوزی ئاوە ساردەکە . دە سەتڵێکدا تێکەڵیان دەکردو خۆیان پێ دەشوت! . ئەمنیش کە زۆر چڵکن بووم ، کوتم جا کە ئەمن پووڵ دەدەم،بۆچی بە ئاوی ساردی بدەم ؟، خۆ ئاوی ساردی خودا زۆرو بە خۆڕاییە . ناوەڵڵا ڕاست دەچمە نێو ئاوەگەرمەکە . ئیدی خۆم دە حەوزی ئاویگەرم هاویشت، ئەمن چووزانم ئاو ئەوەندەگەرمە و دەکوڵێ ؟! . هێندە گەرم بوو ، دەست بەجێ گووم بەخۆمدا کرد. هێندەشم کەباب خواردبوو ، ئیدی گوویەکەم زۆر بوو،هێندە زۆر بوو نەدەبڕایەوە، لە هەموولایەکەوە سلیگوو وە سەر ئاو کەوت! ، بە هەموو لایەکدا بڵاو بۆوە . ئێ خودایە ئێستا ئەمن چ بکەم ؟، ئەوهەمووە خەڵکەی حەمام دێن لێرە ئاوی گەرم دەبەن و دەمبینن . بە چەپۆك کەوتمە سەر سلیگووم، نوقمیان کەم، بێ فایدە بوو. هەریەکە دەبوو بە دوو و بە سێ و بە چواریش و سەری حەوزی پڕ دەگرتەوە . بە مەلە دەمویست لێیان-دوورکەومەوە تا حاشایان لێ بکەم کە ئی منن ، بـەڵام بەهەر لایەکدا دەچووم بە دوومدا دەهاتن و، لێم نەدەبوونەوە " وەکو بەرخی بەدووی دایکیەوە " ! .

هەژار کە دەگەیشتە ئەو دوا رستەیە" وەکو بەرخی بەدووی دایکیەوە "، پیکەنینێکی سەیر دەیگرت . کە ئێستا بیری لێ دەکەمەوە دەڵێم ئەرێ ئەوە بۆ دڵی خەتەرنەبوو؟ - ئەوروپاییی گوتەنی- هیستیریای پێکەنین دەیگرت،

بە شێوەیەك کە کەف لە دوو لای لیچیەوە دەهات، سوورو شین دەبۆوە و تخێڵ لەسەرپشت لێی‌دەکەوت .
لێرەدا چیرۆك کۆتایی‌دەهات، چونکە تازە پێی تەواونەدەکرا،ئیتر منیش دەبوو بەجێی بهێڵم . لە نووسینیشیدا، دیار بوو هەر وای بەسەرهاتبوو، چونکە ئیتر لەوێ کۆتایی‌هاتبوو . چیرۆکی تریش زۆربوون ، هەر زۆر- زۆر بوون، من لە سەرەتادا وادەبوو کەمێك بە هەندێکیان پێدەکە نیم ، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە ئیترمیزاجم بە تەواوی دژی ئەو چیرۆکانەی تایبەت بە ئاودەست بوو. هەژارئەوەی پێ ناخۆش بوو کە من وەجاخم کوێر دەکردو میزاجێکم پەیدادەکرد کە ئەو بە فاسیدبوونی شارستانی دەزانی، لە مەجلیسدا بە داخ و بە مەسخەرە باسی دەکرد : " کورەکەم میزاجی پڕتەقاڵییە گووی پێ پیسە ! " .

لە شیعرەکانی" بۆ کوردستان "یشدا، لە پتر لە شوێنێکدا ئەو باسانە هەن ( گو بنێتە دەمی ل١٦٤؛ سل هەبون هێندی بان گێڕێ ! ل١٨٠؛ جرێك هات هەروەکو داتاشی دارێ...کەبانو نیوە شەو گو تاوی دابو، کە چەخماخەی دەدا کونگت سەری شەو دەبوو بزانیا باران دەبارێ! ل١٨٩ ...) .

هەژار دواتر کە" شێخۆی نادۆ"ی ناسی، شێت و شەیدای گاڵتەکانی ئەو بوو ،بەتایبەتی ئەوانەی کە پێوەندیان بە هەمان ئەم جینەی جێ باسەوە هەبوو( چۆن شێخۆ وای زانیوە چیی راوناوە! چێشتی... ل ٢٣٢ - ٢٣٣، یا چی لە پێشی ژنێك داواکردووە! چێشتی... ل١٨٠ و ... ئیتریش - بڕوانە ل ١٢٠ی ئەم کتێبە ) .

باوکی هەژار نۆکەرو خزمەتکار بووە، بەڵام هی‌خاڵی خۆی و،کە لەسەرپێی‌خۆی وەستاوە بە ژیانی دووکانداری قەناعەتی هێناوە و ئیتر سەربەخۆ بووە . هەژار جیاواز بوو، تا کۆتایی ژیانی سەرکەوتنی- بەزاراوەی ئەو-" هەر لە سۆنگەی خولامەتی"یەکدا دەدیت، ئیتر ئەوە لەدواییدا بە شکانەوەی رێکەوتی ژیان بەسەردیوەخانی سەرۆك مستەفابارزانیدا شکایەوە . هەژار زۆر حەزی دەکرد ئەولادی ببنە خزمەتکاری دیوەخانان(کە لێرەدا توانی تەنیا خانی شەرەفکەندی بەو رێیەدا بباو لە دیوەخانێکی پاریسدا دایمەزرێنێ(دیوەخانی‌کەسێکی دوژمنی بارزانی و ئەوسا لەگەڵ قاسملودا هاوکاری حکومەتی بەعسیی‌عیراق- کە لەشوێنی خۆیدا دێمەوە سەری)، بەڵگەیەکی تر بۆ فەسڵی دووەمی ئەم کتێبە و بۆ فەسڵانی تری کە دواتر دێن ) .

بۆ جیاوازیی هەڵوێستی باوك و کوڕ لە ئاست ئەدەبی سواڵدا بڕوانە ل ٦٣- ٦٤ی ئەم کتێبە .

بـاوكی هـەژار، لەسەرەتای سەرمایە پێكهێناندا بۆ كاروكەسابەتێك، قاچاغچێتیی كردووە . هەژار تاكۆتایی ژینی، هەر هەلێكی بۆ قاچاغچێتی لەدەست نەدەدا (بڕوانە ل٣٧ی ئەم كتێبە) .

لـەدواییدا، هـێندێك ڕووداوی ژینی هەردوولا هەن كە بەشێكیان وێ دەچێ پێوەندیان بە جینەكانەوە هەبێ، بەشێكی تریش دیارە كە ڕێكەوتی پەتین :

- باوكی هەژار- بەگوێرەی قسەیەكی كە من لەهەژارم بیستووە - بە فڕو فێڵ وقەباڵەی ساختە مڵكێكی بۆ خۆی داپاچیوە. هەژار ئەوكارەی بۆ حاجی بایزاغاوئەولادی كردووە، قەباڵەی ساختەی مڵكی بۆ دروست كردوون و بەوە مڵكی خەڵكیان زەوت كردووە ( چێشتی...ل٣٩) .
- باوكی هەژار، لە هەژاری داوە . هەژار، لەسەر خوێندن زۆر پیس لە كوڕی خۆ( نووسەری ئەم دێڕانە) ی داوە .
- باوكی هەژار خوێندنی بۆ مەلایەتی تەواونەكردووە . هەژار خوێندنی بۆ مەلایەتی تەواونەكردووە .
- باوكی هەژار،حەزی كردووە لە شار بژی،كە خۆی ناچار دیوە چووەتەوە دێ . هەژار، دەیویست لە شاری زۆر گەورەدا و هەتا بۆی بكرایە دوور لە كوردستان بژی .
- باوكی هەژار، ژنی مردووە و ئیتری هێناوەو تەلاقی داوە و حەزی لە" لۆلیتا" كردووە. هەژاریش، ژن مردن و ژن هێنانەوەو حەزی لە لۆلیتا( بە زاراوەی هەژار: كچی" چكۆڵەی هێشتا كاڵ") هەبووە(بەڵام ژنی تەڵاق نەداوە) .
- باوكی هەژار،لە موكریان دووركەوتۆتەوەو،لە غەریبیدا نانی وشكی دە ئاوی توو گوشیوە وخواردووە(چێشتی... ل١٢) . هەژار، لە كوردستان دووركەوتۆتەوەو، لە غەریبیدا سەموونی وشكی بە شەربەت و تەنانەت بە ئـاوی سارد خواردووە .
- باوكی هەژار، دەگەڵ ئەرمەنیدا كەسابەتی كردووە . هەژار، دەگەڵ جوودا كەسابەتی كردووە .
- باوكی هەژار، لە سـابـڵاغ دە ژووری پشـــكـەڵدانی ماڵی باپیری" سـەید عەبدوڵڵای كـولیجی" دا ژیـاوە ( خزمایەتی دە نێواندا هەبووە) . هەژار، لە سابڵاغ دە نهۆمی سەرەوەی ماڵی" سەید عەبدوڵڵای كولیجی" دا ژیاوە (١٩٧٥) .

" لە تەرەغە خەنجەرێکم هەبو، زۆر بە خەیاڵی خۆم بە باشم دەزانی . گوتم وا باشـە بیکـەمە دیاری بۆ کاکە رەحمانی حاجی بایزاغا، بە دڵ و داو خەنجەرم بۆ برد. لێی وەرنەگرتم بزانێ چۆنە،بە نۆکەرێکی خۆی گوت" لێی وەرگرەو دەبەر خۆتی چەقێنە!"،زۆرم دڵ بەخۆم سوتا. ئیتر بڕیارم دا کە تازە غەڵەتی وا نەکەم . فەقیر ناتوانێ شان لە شانی دەوڵەمەند بدا ."(..)

" ئەگەر مریشکی، بۆ هێلکەکردن لاسای قاز مەکەوە " ( چێشتی... ل ٧)

ئەو قسانە، لە روانینی یەکەمدا هەر هەمان گرێی " ئەها بابە ئەو کەشە" دەگێڕنەوە، بەڵام نا، رەنگە بەشێکی بگەڕێتەوە ئەو دەردە،بەڵام ئەمە دەردێکی دووەم بوو و زۆر لەوە پتر بوو کە هەر بەرهەمێکی ئەوە بێت، تەنانەت وابووە هەژار لە ئاست ئەم دەردەی دووەمدا قوربانیی بە خودی پارەش داوە .

هەژار لەگەڵ پیاوی بەئەدەب و زمان پاکدا بەئەدەب و زمان پاکی دەرەجە یەك، لەگەڵ سەرسەریدا سەرسەریی دەرەجە یەك، لەگەڵ قـەحبەکانی بـەغدادا چیرۆکهای هـەیە و لەگەڵ شێخانی زۆر ناودارردا چیرۆکهاترو لەگەڵ هەرکەسێکدا هەرکەسێکترو هەر دەستەیەکدا هەر دەستەیەکتر . پێوەندیی هەژار بە سیاسەت و کـوردایەتی و کـۆمونیزم و ... ئیدی هەر تەنیاو تەنیا لەو رووەوە بوو، کە دەوروبەر قەبووڵی بکەن، دەوروبەر حـەزی لە ئەو شـتانە دەکردو ئەویش لەبۆی پێ هەڵدەگوت بەبێ ئەوە کە قـەت هیچ بڕوایەکی بە ئەو شتانە هەبووبێت کە بۆ ئەوانەی پێهەڵدەگوت .

کاتێك کە کۆمونیستەکان هەڵوێستی سۆڤیەتیان لە کۆتاییهاتنی کۆماری کوردستانی مهاباد پەسندکردووەو گوتوویانە کە"روسیا لە مەسلەحەتیکورد" پشتی لەو کۆمارە کردووە، هەژاریش دەست بەجێ گلەییەکەی خۆی لەو هەڵوێستەی سۆڤیەت کێشاوەتەوە :

" ئیتر ئەوجار منیش عوزرم بۆ روسیا دێناوە و دەمەویست ئەو خۆ لە کوردستان بێ خاوەنکردنەی بە سەد باردا پینە بکەم! تا نەڵێن ریجعی و نەزانە ! " ( چێشتی... ل ١٠٢ ، خەت کێشانەکە لەمنەوە) .

هەژار پێش ئەوەش، هەر لە سەرەتاوە لە ژێ کاف دا دیتوویانە کە ئەوە تیپی خـەباتی رێکخراوی سیاسی نـیە :

" حوسێن فروهێر گوتی : من پێشنهاد دەکەم  هەژار دەرکەین، چونکە هیچ کارێکی لەدەست نایە .

رەنگم زەرد هەڵ گەڕا ، تف لە زارم دا وشك بو ، بە نوزەیەکەوە گوتم :

ـ نا توخوا دەرم مەکەن، (..) فرمێسکم هاتنە خوار... بەزەیان پێم داهات " ( چێشتی... ل ٦٠ ) .

ئەو هەستی پێویستی قەبوولّ کرانە لەلایەن دەوروبەرەوە بەهەرنرخێك بێت بەئەوەندە خستی لە چیەوە هاتووە ؟

دیارە کە دەگەڕێتەوە منداڵیی هەژار ، بەڵام چی لە منداڵیدا ؟

هەستی کەمایەسیی لە ئاستی چینی ئاغایانی دەوروبەریدا ( وەك لە چیرۆکی سەرەتای ئەم فەسڵەدا : مریشك و هێلکەی قازو...) ئەو گرێیەی کە لە " ئەها بابا ئەو کەوشە"دا باسمکرد دەکرێ بەشێکی روون کردنەوەیەك بێت بەڵام هەمووی نیە .  رەنگە ئەوە زەمینەی جنسیی هەبووبێ .

دیارە هەژار  نەچووە " ئیعتیرا فات" بنووسێتەوەو ، ئەویش وەکو زۆربەی ئەم خەلقوخوایە  زۆر نهێنیی لەگەڵ خۆیدا بردووە، بەڵام - لەوەشدا وەك ئەو خەلقوخوایە - ئەوەی کە  ئەو بە نهێنیی داناوە،لای هەموو کەسێك  وا نەماوە، هەموو نهێنیەك لە سەداسەد لە هەمووکەس ناشاردرێتەوە و ، ئەویش خۆی  لە نووسیندا وا بووە  لێرە و لەوێ نهێنیەکی درکاندووە (  لە پیری و پەککەوتەییدا سانسۆری خۆی  لێ  شل بووەتەوە، ئەگەر دە ساڵێك زووتر  چێشتی مجێوری بنووسیایە  زۆر لەوانە بوو ئەو نهێنیایەی  نەدرکاندنایە ) :

> " هێشتا لاوێکی لوس و پوس بوم . ژنە ئاغایەکی  زۆرجوان و بەسەروسیماو کەیخودا و پیاوانە . کە لە مەجلیسی پیاوان دادەنیشت و  لە داکوژانی کێشەی خەڵك و گوندیاندا قسەی لە سەروی پیاوانەوە بو ، تەمەنیشی لەودیو سی ساڵ بو ، نازانم  چۆنی چاو دابوە من ؛ بە هەزاران نەرمەفێڵ و لاواندنەوەی دایکانە کێشامیە بەر کەمەندی خۆی و بە تەپکەیەوە بوم .  ماوەیەکی زۆر وەك دایکەکەی ژان ژاك رۆسۆی لێ هات .  تا نەمرد لەو دڵداریە دەرنەچوم و لە راستیش دا مەرگی ئەو داغێکی گەورەی  بە جەرگەوە نام ."
>
> ( چێشتی ... ل ٤٤-٤٥) .

هەژار لێرەدا لەوە پتری لەسەر ناڕوا ، بەڵام  پتر لە جارێك ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە :

" جارێکیان، کە لە دیوەخاندا لای ئەو ژنە دانیشتبووم، هەستم کرد کە بە دەستێك رانی خۆی یا شتێکی سەر رانی دەهەنوو، دیارە ئەمن نـەمـدەوێـرا پرسیاری هۆی ئەوەی لێ بکەم . دوای ماوەیەك هەنوون،هەستایە سەرپێ وئاوەڵکراسەکەی تەکاند ، مارێکی مردوو تلْپ کەوتەخوارەوە، ژن بانگی لە نۆکەران کرد کە ئەو مارە فڕێدەنە دەرەوە . تۆمەز مارێك چووەتە دەرپێکەیەوە، کە هەستی پێکردووە، زۆر بە ئارامی بە یەك دەست سەری ماری گرتووەو کەوتووەتە سەر کوشتنی . هەر کە زانی ماری کوشتووەو هەستایە سەر پێ و ماری کوژراو کەوتە سەر ئەرز ئەوجا خەڵکەکە پێیان زانی . "

هەژار ئەو چیرۆکەی بە دەنگـو رەنگێکی ئەوپەڕی بەسامەوە دەگێڕایەوە،وەك دێوانەیەك باسی دیداری خودای " الجبّار القهّار" بگێڕێتەوە، دەنگی دەلەرزی و زۆر بەئاشکرا ئارەقەی دەکردو خوێن دەچژایە دەموچاویەوە .

ژنێکی بە ئا ئەو ئەعسابەو لەو تەمەنە گەرمەدا، دوای ئەوەی کە هەژاری مێرد منداڵی بەتەپکەوەکردووە، دەبێ چیی لێکردبێ ؟ ئەگەر وێنەیەکی ڤیدیۆی ئەوە هەبوایە، دەبوو چیی تێدابوایە ؟ ژن لەسەر پشت درێژدەبێ و دوولاقی لێك دەکاتەوەو دەنوشتێنێتەوە تا مێردمنداڵ تێیبچێ ؟ یا ژنەکە پاڵێك بە هەژارەوە دەنێ، لەسەرپشت دەیخاو پێی دادەکەنێ و ئەو سواری هەژار دەبێ، وەك سواری ئەسپ بووبێت بەسەریەوە هەڵدەبەزێتەوەو، ناوبە ناو یەك شـەپازللەشی بە بناگوێدا دەکێشێ، یا دەست دەخاتە بینەقاقایەوە وەك بیەوێ بیخنکێنێ ؟ ئـایـا ژنە مێردی هەبووە ؟ ئەگەر هەیبووە هەڵوێست و دەوری چی بووە ؟ ژنانی تر چی ؟ پیاوانی تر چی ؟ مەگەر لەماڵێکی دێهاتدا ژنێکی وەها مێردمنداڵێکی بە کۆیلەی جنسی لای خۆی راگرتبێ کراوە بە نهێنی رابگیرێ ؟ .

ئەگەر هەژار لە کاتی نووسینی ئەو دوولاپەرەیە (٤٤و٤٥)ی چێشتی مجێوردا، - بڵێین- بە جادوویەك ئـازایی نووسەرێکی رۆژئاوایی پەیدابکردایەو وا کوردێکی رۆژهەڵاتیی لە نووسیندا ئەوپەڕی ترسنۆك نەمابایە،هەموو چیرۆکی خۆی و ئەو ژنەی تۆماربکردایە، چەندە نهێنیی ژیانی لەم فەوتانەی هەتاهەتا رزگار دەکرد ؟ .

پێوەندیی جنسیی دوولایەنی لەتەمەن و یا دەسەڵاتدا نایەکسان دەکرێ تراومای سەخت لە دەروونی لایەنە ژێر-کەوتووەکەدا بنێتەوە کە کاریکاتە رەوشتی سەرتاسەری ژیانی( لە چارەکردنی رەوانناسیدا تێراپیی تایبەتی بۆ ئەوە هەیە ) . ئەو دۆخەی هەوڵی هەژار کە " قەبووڵ بکرێ" - بە شیکردنەوەی زانستی رەوانناسی - دەکرێ لە ئەو بەکارهێنانە جنسیەوە هاتبێ . هەر ئەوەش دەکرێ نهێنیی دەست بەرنەدانی لە پێوەندیی بە " دووبرادەر"

( فەسڵی ٧ی ئەم کتێبە) روون بکاتەوە . کەرەناچی لە دنیای هەژاردا نەمابوو، ئەوە هەمیشە هەر هەژار بوو کە (پێشتر)دەچووە لای ئەو، و ئەو بەدووی هەژارەوەو لە دەوروبەری هەژارنەبوو . بەڵام وردی و مەلاعەلی بەدووی هەژارەوە بوون، وردی دەچووەماڵی‌و ماسیی دەخواردو لەگەڵ مەلاعەلی‌دا لە دووکانی بەشیرمشیر هـاوکۆڕی هەژار بوون،کەواتە دەبوو قەبوڵی‌بکەن،یا- بە دارشتنێکی تر- هەژار دەبوو هەموو شتێکیان لێ قەبوڵ بکات تا بە سنووری لێ پچڕانیان ( قەبووڵ نەکرانی نێوان لەگەڵیدا لەلایەن ئەوانەوە) نەگات .

تەورات لە باسێکی یەعقووبی‌کوڕی‌ئیسحاق‌دا دەڵێ کە شەوێك کەسێك ( بە شکڵی مرۆڤێك ) لە رێگا یەخەی دەگرێ و دەکەونە زۆرانێ گرتن، تەواوی شەو بەبێ وچان یەکتر دەهێنن و دەبەن و هیچ کامیان دە رۆستی ئەوی تر نـایەت، هەرچەندە سەرووی رانی یەعقووبیش لەجێ‌دەچێ بەڵام دەست لەیەخەی یەخەگرتووی بەرنادا و مل نادا، ئەوە درێژەی دەبێ تا رۆژ هەڵدێ، کەسەکە لەگەڵ رۆژهەڵاتدا دەڵێ :

- بەرم دە، وا رۆژ هەڵات و من دەبێ برۆم .

- تا پیرۆزم نەکەیت بەرت نادەم .

- تۆ ناوت چیە ؟

- یەعقووب .

- لەمەودوا چیتر ناوت یەعقووب نیە، ناوت"یسرائێل יִשְׂרָאֵל "ـە، چونکە لەگەڵ خوداو خەڵکدا زۆرانێت گرت و سەرکەوتیت . ( تەواوی چیرۆکەکە لە جزمی یەکەمی تەوراتدا ٣٢ : ٢٤-٢٩) .

ئەگەر وشەی " ئێل"ی سامیەکان ( ئیلاهـ و ئالوهـ و ئێلۆهیم و ئەللات و.. ئیدی ) بە"دێو" ی هیندۆ- ئەوروپاییەکە وەربگێڕین( دێڤا देव ی سانسکریت، تێۆس Θεός ی یۆنانی،دێوس deus ی‌لاتینی ،دێو dieu ی فەرەنسی، دیڤاین divine ی ئینگلیسی،دێوانە و...ئیدی)، دەبێ بڵێین ئەگەر یەعقووب لەو چیرۆکەدا تەواوی شەوێك "یسرا" ( زۆرانێی گرت ) لەگەڵ " ئێل" دا، ئەوا هەژاریش تەواوی ژیانی لەگەڵ دوو دێودا " یسرا " و یەکتریان هێنا و بردو هێناو برد تا کۆتایی، تا گۆڕ، نـە دوو دێو دەستیان لە یەخەی هەژار بەرداو نـە هەژاریش دەستی لە یەخەی هیچ کامیان بەردا تا بیروهەستی بکرێ بۆشتێکی تر ئازادبن، زۆرانێ بەو جۆرە درێژەی دا تا هەرسێك گلۆری گۆڕ بوونەوە، هەژارو دێوی ناوەکەی خۆی( بڕوانە فەسڵەکانی لە" ٢- ئەها بابە ئەو کەوشە "وە تا " ٥- کراسی دەبابە " ) و دێوی قەبووڵیی دەوروبەر .

کارەساتی هەژار لەوەدابووکە دەبوو خۆی لەگەڵ زۆرانێی هەردوو دێودا بگونجێنێ، دوو دێوی کە هەریەکەیان لە لایەکەوە رایاندەکێشـاو هەژار لە نێوانیاندا دامابوو . ئەگەر دەستی لە یەخەی دێوی قـەبوولیی دەوروبـەر بەربدایە، نـە منەتی بە دەرکرانی لەلایەن ژێکافەوە دەبوو و نـە دوای رووخانی کـۆماری کوردسـتان دەربەدەر دەبوو و نە هیچ، لەوانەبوو بۆخۆی باشیش دەوڵەمەند بوایەو هەر خەریکی وەڵام دانەوەی دێوی ناوەکەی بوایە . ئەگەر دەستی لە دێوی ناوەکەی بەربدایە،ئەوسا دەکرا لە رەنجێکی یەکجار زۆرگەورەی سەرتاسەری ژینی رزگار بوایە . ئەو دوو شووتی بە یەك دەست هەڵگرتنە بوو کە ژیانی هەژاریان ئاوا ئاڵۆزو تاڵ و دزێو کردبوو، دەبوو شەڕی دێوی یەکەمی ناوەکەی لە باوەشی دێوی دووەمدا دابین بکا، ئەوەش لەپێریدا بەئەعسابێکی دوورلەوەی لاوی، زۆر بەزەحمەتتر دەکەوتو ئەوەبوو کە لەکاتی وێرانکاریی سنەدا بەناوی خزمەتیکورد کتێبی بڵاودەکردەوە بەڵام لە مامروکیلۆگۆشتی هەقیکتێب خۆشنەدەبوو . من زۆرکەسی غەدرلێکراوو چەوساوەو رووت و رەجاڵ و برسیم ناسیون، بەڵامکەسێکم نەناسیوە ئەوەندەی هەژار هەست بە تاڵییکارەساتی ژیان بکات، من- بە بێ هیچ زێدەڕۆییەك - دڵنیام لەوە کە قەت یەك تاقە جاریش ئەوەندەی کە من ئاگاداری ژیانی بووم بەبێ ناڵەی دەروونی لە ترسی ئەو دوو دێوە چاوی یەك خەوی ئارامی نـەشکاندووە . هەژار یەکجار زۆر بەوە دەتلایەوە،ئەویش وەك خەڵکی تری ئەومەڵبەندە دەبوو بیویستا حیساب بۆ زۆر وشـەو زاراوەی " ئـەخلاقی"ی ئەو فەرهەنگە بکات : حـەیا، شـەرم، بیروباوەڕ و بەگشتی - بە زاراوەی فرۆید -" سووپەر ئێگۆ"، کە شەوو رۆژ کوڵەوەژی تێدەوەژاند، بەڵام مێشوولەیەك بەدەست دوو دێوەوە، هەر دێوە وەك " کینگ کۆنگ"ی فیلمی هۆلیوود، دەبێ چی لەدەست بێت و چی بکات ؟ قوڕی کوێ وە سەرخۆیکا ؟ هەژار زۆر چاك بە یەك وشەی" گوواوی" ئەم ژیانە کارەساتەی خۆی خولاسە دەکاتەوە : " بابزانین کەی ئەم ژیانە گواویە دەبڕێتەوە " ( چێشتی مجێور ل ٥٧٧) . قسەیەکی زۆر راست و رەوا و لەجێی خۆیدا، ئـافەرم هـەژار .

لە زمانی عیبریدا مەسەلێك هەیە : " על רגל אחת عەل ڕێگێل ئەخەت "، واتا " لەسەر یەك لاق" و لە قسە و نووسیندا بە واتای " بەبێ درێژدادڕی، زۆر بە کورتی" بەکاردێ، وەك کورد دەڵێ " بە کوردی وکورتی " ( لە چیرۆکێکی ئاینیەکانەوە هاتووە : بێدینێك ( یا ناجوویەك) بە "هلێل"ی گوت : بە ئەوەندە کاتەی لە سەر یەك لاق دەوەستم جوویەتیم تێبگەیەنە ( تەلموود: شەبات، فۆلیۆی ژمارە ٣٠ب -٣١ ئا)) . ئەگەر منیش ئەم مەسەلە لە زمانی عیبری بخوازم ، ئەوا دەبێ " عەل ڕێگێل ئەخەت " ژیانی هەژار بەم جۆرە خولاسە بکەمەوە بڵێم : " هـەژار، دەستەویەخەی دوودێو بوو: ناوەکەی و قەبووڵ (نە)کران، جەوهەری تەواوی ژینی هەژار ئەوەبوو" .

بەشی دووەم

# کۆمیدیا کۆمیدیا

## ١٧- بۆب هۆپ چبكەم كوردم !

" ئەگەر من لە وڵاتێكی وەكو ئەمریكا ژیابام، بۆخۆم دەبووم بە " بۆب هۆپ " ێك، چبكەم كوردم ! "

قسەیەكی كە چەندجار لە هەژارم بیستووە . دواتر كە چەند تیاترێكی لە سۆڤیەت دیت، گرنگترین شتی كە لە وێ سەرنجی راكێشابوو بریتی بوو لە كۆمیدیاییەكانی، زۆر بە وردی ئەدایانی كە دیتبووی دەگێرایەوەو، بەشێوەی پسپۆڕێكی رەخنەگریی ئەو مەیدانە بەرهەمەكانیانی هەڵدەسەنگاند . لە گێرانەوەی یەكێك لەو چیرۆكانەدا تەنانەت دەكەوتە چەپڵەلێدان، هەروەك لە تیاترەكە بێت و كۆمیدیاییەكەی لەبەرامبەر بێت :

" گۆرانیبێژێكی رووس چەند گۆرانیەكی لەسەر شانۆ گوت و رۆیشت، زۆری چەپڵە بۆ لێدراو، چەپڵە هەر نەوەستابوو كە فەقەرەی دوای ئەوە هات، كە كۆمیدیاییەك بوو، خەڵك هەر درێژەی بە چەپڵە لێدانی بۆ گۆرانیبێژەكە دا كە بێتەوە گۆرانیی پتر بڵێ، كۆمیدیاییەكە گوتی : ئەو فەقیرە هەر ئەوەندەی گۆرانی دەزانی كە بۆی گوتن، ئیدی چیدی نازانێ تا بیڵێ، دە لێیگەرێن فەقیرە چیدی خەجاڵەتی مەكەنەوە!؛ گۆرانیبێژەكە تووڕە بوو و گەڕایەوە، ئەوە ئەتۆ دەڵێی چی ؟ من هەزار گۆرانیی دیكە دەزانم ! و دەستی - كردەوە بە گۆرانی گوتن " .

هەژار زۆر ئێرەیی بە كۆمیدیاییەكانی سۆڤیەت دەبرد، زۆر جار دەیگوت " وەڵڵاهی من لەوانە كەمتر نیم، چبكەم كوردم . كاری من ئەوەیە لە تیاتردا خەڵك وەپێكەنین بخەم، با باشترین هونەرمەندی دیكەی دنیا بێن بزانە چۆن بۆڕیان دەدەم، چبكەم كوردم، داخی گرانم كوردم " .

هەژار یەكێك لە گەورەترین پیاوانی هاوهونەری خۆی لە هەرێمی رۆژئاوای كوردستان ناسی، " شێخۆی نادۆ" لە مەڵبەندی جزیر . شێخۆ بە ئەسڵ قەرەچێكی هیندستان بوو و كەوتبووە كوردستانەوەو ببوو بە موتریب ( چاوەش ) و قسەخۆشی دیوەخانان ." لەتۆ ( لەتیف)"ی كوڕیشی هەر بۆ هەمان رێباز پەروەردەكردبوو، بەڵام لە وەپێكەنین خستنی خەڵكدا، لە بازیی شانۆیی یەك نەفەری بە چەندین دەنگ، كە دەست بەجێ دایدەنان، هەر چەند كەسێكی لێ كۆ ببوونایەتەوە قەریحەی دەكرایەوەو بە سەعاتان دەیگوت، وێنەی نەبوو، كوڕەكەی زۆرتر هەر گۆرانی و دەهۆڵ و زورنای دەزانی .

یەكێك لە چیرۆكەكانی كە هەژار زۆری پەسند دەكرد ئەمە بوو(دیارە شێخۆ بە شێوازیكرمانجیی باكووری دەگوت) :

" بە سەد سوار، دەمەو بەیانی، گەیشتینە ماڵی ئاغا( ناوەكەی دەگوت) . ئاغا فەرمووی دامەبەزن، با لە پێشدا لەگەڵ سوارەكانی مندا بچینە گرتنی سوورەكە یا رەشەكە، دەبێ بیگرین . ئەمنیش لە دڵی خۆمدا گوتم خودایا دەبێ

سـوورەکە چی بێ و ڕەشـەکە چی بێ ؟ . بـەهەرحاڵ، دەست بە تفەنگان کەوتینە سـەرئـەوەی کە دەبوو بیگرین و ئەمن نەمدەزانی چیە، لە ڕێگا تووشی جەنگەڵێك بووین، جۆرەها حەزیاو دێوو درنجی تێدابوو،کەوتینە تەقەو هەرا، چەندێکمان هەر بەدەستی خۆمان بەکوشت چوون، هەر کە لە جەنگەڵ تێپەڕین، ئاوێکی بەخوڕمان لە پێش بوو ... ( بەو جۆرە چیرۆکێکی دوورو درێژی ئـەفسانەیی کە نیوسـەعاتێکی خایاند)، تا لە دواییدا کە ئیدی نیوەشـەوێك بوو گەیشتینە سەر سوورەکە، دەستڕێژمان لێ کرد، بەرهەزاران گوللەمان دا، کە چووینە سەرلاشە- کەی ئەوجا زانیم چی بوو، یەك کەڵەشێری سوور بوو بۆ خواردنی ئەو هەمووە سوارانە ! " .

تۆمەز شێخۆو دەستەیەکیھاوپیشەی لەگەڵدا، چوونە ماڵی ئەوئاغایە،بەهەموویان یەك کەڵەشێریان لەبەردەم داناون و تێریان نەخواردووە، ئیدی ئاوا شێخۆ دێ بە دێ دەگەڕا بەو چیرۆکەی حەیای ئاغاکەی دەبرد، و دیارە بە ئەوپەڕی ئازادی لەژێر سایەی ماڵی حاجۆئاغادا منەتی بە کەس نەبوو، تەنانەت پیاوانی ئایینییشی ئەوپەڕی مەسخەرەدەکرد، ئای کە حەشری پێدەکردن ( " بۆکوردستان" لە دوو شوێندا دەمەتەقەی نێوان شێخۆو شێخانی ئاینی تێداهـەیـە : ژوانێکی دوور ل١٧٧، کە شێخۆ لە وەڵامدا دەیەوێ ئەو شێخێك بکا بە موتریبی وەکوخۆی لەجیاتی ئەوە کە ئەو لە سەر دەستی شێخ تۆبە بکا؛ و ورگەمەڕ ل ١٧٨، بۆ دەف ڕەوایەو دەهۆڵ حەرامە؟ و ئەی شووتی وکفتە؟) . بەڵام بۆ هەژار لە هەموو چیرۆکەکانی گرنگتر دیارە ئەوانەبوون کە پێوەندیان بە دووعونسوری گـەڵ و ئـاودەسـتەوە هەبوو ( ئەوە کە شێخۆ گووی خۆی ڕاونابوو وای زانیبوو ژووشکە - چێشتی مجێور ل ٢٣٣؛ و چیرۆکی پێش ئەوە لە هەمان سـەرچاوەدا، کە شێخۆ ئـەزموونی چوونە ئاودەستێکی گێڕاوەتەوە، چۆن نەیوێراوە دوای ئەوە دەمی بکاتەوە " دەترسـام هـەر لـەبزم بگـەڕێ لەخوارەوە هـەڵڕژێ!! ل ٢٣٢؛ ئـەوەی " دڵۆ بە دەهۆڵ" ( کە لە وەڵامی ژنـێـکدا " وتی تۆ بایەك بەپێشت بەردە منیش دەبینم چاری ئەو دەردە " - بۆ کوردستان ل١٨٠) .

ئیدی بەوجۆرە هەژار خەمی شـێخۆی نـادۆیشی زۆر دەخوارد . چبکا کوردە . " قسەخۆشێك بوو ئـەگەر لە وڵاتانی لاوەکی بوایە، ناوبانگی دنیای دادەگرت ... چێشتی ل٢٣٢-٢٣٣ .

بەهرەی بلیمەتیی کۆمیدیایی هەژار، هەر زۆر لە زووەوە پێوە دیاربووە . هێشتا مێردمنداڵێك بووە کە بە مەسخەرە منداڵانی قەرەنی ئاغای مامەشی بە تێهەڵدان داون . کە لەگەڵ ئەو منداڵانەدا ...

" لە سوچێکی خواروی ئۆدە بەڕیز لە سوچێك دادەنیشتین، من دەکەوتمە ناوەڕاست . هەر کەس ورتەی لە بەر بهاتایە، لێدان و تێهەڵدانی نۆکەران ئامادە بو . منداڵ وەرەو خۆت ڕاگرە، پتر لە شەش سەعات لە سەر چۆك مەجولێ، ورتەت نەیە، وەڕزیش مەبە، ڕێگەی چونەدەرەوەش نەبێ . ناچاربوم بۆخۆم بەزمێکم سازدەکرد . هەر

خانەقای شێخی بورهان لە موکریان یەکەم قوناغی پەروەردەی گیانی کۆمیدیایی هەژار بووە، ئەوجا پەسوێ، دیسان خانەقا ،ئیساکەند ، دوای ئەوانەش هەر درێژەپێدانی فەقێیەتی لە کەرمندار، تورجان، سابلاغ ( مزگەوتی بازاڕ لای مەجدی)، دیسان خانەقا و لەدواییدا وشتەپە ( و ئەزموونی کۆمیدیایی زۆرو زیر - بە دزی کردن و خەڵك بە کەر زانین و بەرشەق دان و... بڕ- چێشتی ل ٢٧- ٣٠) .

فەقێ " شەوانی سێ شەممە و جومعە لێك‌کۆدەبنەوەو دەیکەنە بەزم و پێکەنین" (چێشتی ل ٣٢)، لەو پێکەنینەدا ڕێکخستنەوەی قەسیدەی بوردیەی عارەبیی پێ‌هەڵگوتنی پێغەمبەری ئیسلام بەم جۆرە :

قەسیدەی بطنیە !

فەقێینە چاکی بزانن مزگێنیەکو دەدەمێ    زیافەتێکی زۆر چەور ،بۆن دێ بە دەستی شەمێ

هەر چێشتێکی سوورچۆوە، ساوارە لێی دوورکەوە    شەوو ڕۆژێ حازرە لە حوجرە وەختی جەمێ

ئەستەغفیروڵڵاهی من ساوار و الماشێنە    ئەگەر لە برسان بمرم شەرتە دەمی ناکەمێ

ئافەریم مام بابەکر، ئەتۆی تایەفەی سەکر    زیافەتت وەکو شەکر، دە لێی نێ ئەوجار کەمێ

یەکێکی دەنگ خۆش دانە دانەی بەیتەکانی دەخوێندنەوەو رادەوەستا ئەوانی تر بەگەل سەربەندەکەیان دەخوێندەوەو دەیانگوت :

دە تێی‌کە، لێی‌کە، بە چاکی پیاروانی لێ‌بکە    لوولی دە، قووتی بدە، هەتا زگت دەجەمێ

( چێشتی ل٣٢ - بە دەستکاریەکی رێنووسەوە) .

یان : " لاسای خەتم و تالیلەی تەکیەی شێخانیان دەکردەوە : بە دەورە دادەنیشتن چراکەیان خەفەدەکرد . سەرتالیلە بۆی دادەمەزراندن :« لا الە ئی لەر نا !» تاوێکی باش بەکۆمەڵ ئەمەیان دەگوت. ئەوجار بۆی دەگۆڕین :«داندۆك»، تێکڕا وەك جەزم بوونی دەروێشان ملیان لێ دەنا:« داندۆك، داندۆك» . داندۆك دەبوە ساوار، هێلکە و..." - چێشتی ل ٣٢، بە ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی چاپ .

یان : " لاسای قورعان خوێندن و تەکبیری جەژنیان دەکردەوە . یەکێك ناوی وڵاتی بە دەنگێکی بڵند دەخوێند. مەسەلەن دەیگوت :« وە شاوەلەیە و بایزاوێ یە، وە قارنەیە وە گەڵوان». دوای دو- سێ ئایەتی وا ملی خواردەکردەوە؛ گوێگران تێکڕا دەیانگوت :« پڵاوبنکڕ، پڵاوبنکڕ، پڵاوبنکڕ، پڵاوبنکڕ، لابامیەتە لەنا ئیللا شلە- قاورمە، پڵاوبنکڕ بە لەحم و شەحمەوە».

دیسان :« ئائا ئەقڵی ئەوەیە خودای تەبارەك وە تەعالا کاورە لەرێکی بۆ برایمی پێغەمبەر ناردوە، سەری کەچەڵ کردوە هێندەی پێ بڵێ :« و فدیناه بذبح عظیم!».

هەژار دوای ئەوە کە باری ئاینیی ئەو فەقێیانە لە چەند وشەیەکدا کۆدەکاتەوە : « ئیمانیان بە خوا و قورعان و ئیسلام پتەو بو»، دەڵێ : « منیش کە چەند ساڵێك لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا رامبوارد و شەوو رۆژم دەربازکردوە، دیارە لە ژیانی فەقێیەتی زۆرم پێوەنووساوەو خووم پێگرتوە» . چێشتی ل ٣٣، بەدەستکاریەکی رێنووسەوە .

هەژار لە سایەی فـەقێیەتی لە خـانەقا کەسانێکی ناسیوە کە بەشێکی گرنگیان لە سامانی ئەزموونی تایبەتیی پێکهێنانی کەسایەتیی کۆمیدیایی پێکهێناوە :

سەید رەشیدی خانەقا « مەجلیس و قسەی ئەوەندە خۆش بو کە هەرکەس جارێکی کاکەسەید دیبا هەرگیز لەبیری نەدەچو» چێشتی ل ٣٧؛ کە کۆتایی نامەیەکی بە شیعر بۆ قەرەنیاغای مامەش دەربارەی کێشەیەکی نێوان یوسف ناوێك و ماڵی یاقوبیانێك بەم دێرە کۆتایی پێ هێناوە :

دەست لە یوسف بەرمەدە بۆ خەرگەلی یاقوبیان

بەردەدەی بەگونم، چکیرم پێ دەچێ من چاوەشم - هەمان سەرچاوە.

« هەموکەس جنێوی کاك سەیدی لە پێهەڵگوتنیخەڵکی پێ خۆشتربو (..) زۆرجار رێگەی دەدام بچمە خزمەتی و گوێ لە فەرمایشاتی بگرم » - هەمان سەرچاوە . و لەچێشتی ل ٣٨دا :

" حاجی مەلارەحمانی شەرەفکەندی:« دەم و زاراوی زۆرخۆش بو، قسەکانیشی هەموی گاڵتەوگەمە بو . تەکیەکەلامی « وەنەکێ بابەلێ» بو. ( جارێك کەسێك لێی پرسیوە: )

ـ حاجی مامۆستا ئەرێ بە شەرع ردێن خێری زۆرە ؟

ـ وەنەکێ بابەلێ!، ئەرێ وەڵڵا ردێن ئەوەندە باشە کە هەر نەبێتەوە . تۆ بروانە من لەوەتا ئەو ردێنەم هێشتۆتەوە کونگم حەساوەتەوە، جاران هەر دەیانگوت لە قونێی بەم، ئێستا دەڵێن های لە ردێنی بەم!».

( یا کە بە کەسێکی کە مامی عاسای سەر بەجەواهیراتی دیاریی شای لێ دزراوە گوتووە) :

ـ وەنەکێ بابەلێ، گۆیەکیان لێ بردوە!

کە مستەفابەگێك گوتوویە :

ـ من دوعای (..) ئەگەر ئێستا لەم دیوارە بنوسم و قامیشێکی تێچەقێنم چەندی بەموێ هەنگوین دێتەخوار .

ـ وەنەکێ بابەلێ، ئەوە هاسانە، رەنگە ئەودیوی دیوارەکە ئاودەست بێ! " .

چێشتی مجێور ل٣٨و٣٩ چیرۆکی پتری " وەنەکێ بابەلێ"ی تێدا هەن .

لەو خانەقایەدا کە هێمن پێی‌دەڵێ " کەشتیی نووح"، جۆرەها کەسایەتیی سەیرو جۆرەها چیرۆکی سەیرتر هەبوون . مەلاحەمەدەمین ناوێك، کە شێخ محەمەد ناوی نابو " فەریکەکەر" ...

" گاڵتەی خەڵکی خانەقا لەسەرئەو بو. خۆی دەیگوت :« خودا خەڵکی دروست کردوە کە ماندو بن، هێندێکی هەربۆیە دروست کردون ماندوەکان بحەسێننەوەو پێ‌یان پێ‌بکەنن!». زۆر چیرۆکی سەیری هەن، خەونێکی گێڕاوە کە پێغەمبەر هاتۆتە خەونی فەرمویە :« مەلا تا ماوی دە حاڵی حەیاتدا بە !». - چێشتی ل ٢١ .

هەژار قسەیەکی ئەو فەریکەکەرەی هەرکردبوو بە وێردی زمانی، زۆرجار لە تووڕەییدا، لە باسی بێ ویژدانیی سیاسەت ... ئیدی دا، دەیگوتەوە : " ویژدان ؟ وەکو ترِی مەلای فەریکەکەر وژوودی نیە ! (وجوودی نیە)" . تۆمەز جارێك مەلای فەریکەکەر بایەکی لێ بووەتەوە، پێی پێکەنیون، ئەویش لە بەرامبەردا ئینکاری‌کردووە کە شتی وەها رووی‌دابێ و گوتوویە " تر لە دنیادا وژوودی نیە » .

ئەوانە هەرچکێك نموونەن لە زۆر خەڵواری کەرەستەی پەروەردەی کۆمیدیایی قۆناغی فەقێیەتیی هەژار .

هەژار، دوای فەقێیەتییش هەر هەوڵی داوە نێوانی لەگەڵ کۆمیدیای فەقێیاندا درێژە پێ بدا :

" لە تەرەغە زۆرم حافز خوش دەویستن، نەم‌دەهێشت بچنە مزگەوت و دەم‌هێنانە ماڵە خۆم . چونکە چاویان نیە. شەرمە حزوری نایانگرێ، گەڕیدەش زۆر قسەی خۆش فێردەبن . لە بۆکانیش هەرچەند دەوڵەمەند ببوم،نەمتوانی ببمە هەواڵی پوڵداران . خۆشیم بە حوجرەی فەقێ و حافزان دەهات. شەوی وا بو دە و دوازدە حافزم لە خۆم کۆ دەکردەوە . خوشکم دەیگوت : « لەوەتا سازی، بویەتە چاوساغی حافزان !» جگە لە قسە خۆشـــەکانیان، حافز دەچونە هەر دێیەك، ملیان لە تاریفم دەنا و زۆرکەس دوربەدور خۆشیان‌دەویستم ." - چێشتی ل ٨٧ .

لەدوای فـــەقێـــیەتی، ئیتر گیان و پەروەردەی كۆمیدیا هەر درێژەی هەیە، هەستی بەدبینی و ترسی لە برسان مردن ( چێشتی ل٣٤) و جۆرەها چەوسانەوە، و بەكارهێنانی جنسـی لەلایەن ژنە ئاغای بەتەمەنترەوە( چێشتی ل٤٤-٤٥)، وادیارە باوی گیانی مەسـخەرەكردنی هەموو هـەبوو و نـەبووی گەردوونی لای هەژار ئەوەندەی تر خۆش‌كردووە، بـە زەنا زەناو مەسخەرەكردن رووبەڕووی ترس و وەحشەتی ژیان و هەسـتی پەستیی چینایەتی و جۆرەها دەردی رەوانـی بووەتەوە . لەورێیەوە دۆستایەتیی لەگەڵ ئاغا قۆچبەگ ناویشدا خۆش كردووە، كە ئاغایەكی كۆمیدیایی و دوور لە هەستی مرۆڤپەروەری بووە، تـەنانەت جارێك شـەقێكی وەهای لە قـوونی‌كوڕێك داوە كە ئەو بـەدبـەختە تووشـی كارەساتێكی تەندروستی بووە، لە نێوانی دێڕەكاندا ئاشكرایە كە قوربانیەكە منداڵێك بووەو هەژار بە ناوی نوكتەی خۆش خستوویەتە كتێبەكەیەوە :

" ئاغا قۆچ بەگ دەیگوت دەگەڵ یەكێك شەرمان كرد ، شەقێكم دە بەر زگی هەڵدا ، شەو دایكی هاتبوو:

ـ قۆچ بەگ گیان! كوڕەكەم تڕی پێوە بەند نابێ،عیلاجێكی بكە!

ـ بۆ دایكم من دوعام لێكردوە؟ جێ شەق چۆن بە من چارە دەكرێ ؟! "- چێشتی ل٢٧٣-٢٧٤

هەژار، بە نێوان خۆش‌كردن لەگەڵ كۆمیدیاییەكی بە رق لە مرۆڤایەتیی وەكوخۆیدا، تەنانەت لە ئەوپەڕی بێ پارەو پووڵییشدا ژنێكیشی وەدەستهێناوە :

" رۆژێك میوانی ماڵێك بوم، خوشكێكی چكۆڵەی هێشتا كاڵی خانەخوێكەم زۆر دڵ گرتی، بەڵام هیچم نـەدركاند. دوایی بیستمەوە كە ئەو كیژە ئاشنای ماڵی قۆچ بەگە و قۆچ بەگیش ئاشنای قسەی قۆڕو جەفەنگم بو. خوازبێنیم لێ‌كردو سەری‌گرت - چێشتی ل٤٠ . ئیتر بۆ هێنانی ئەو " چكۆڵەی هێشتا كاڵە"یە پارەیەكی لە سوودخۆرێك قەرزكردووە (هەمان سەرچاوە) .

دوایی بە پارەی كە لە سوودخۆرەكەی وەردەگرێ، بە شەریكایەتی دەگەڵ حوسێن ناوێكدا دەكەوێتە كاروكەسابەتی تووتن، لەوێش ...

" هێندێك شیعرم لە سەر توتن دزین هەڵگێڕابونەوە، هەرچی گـوكاریەكی لە ئیدارەی توتن‌دا دەكرا، دەرم خسـتبو. بازڕەسـی گشـتی لە تارانەوە هاتبو، ناوی فـەرهادی بو، داوای ئـەو شیعرانەی لێ‌كردم،دەگەڵ خۆی بردن . پاش ماوەیەك نامەیەكی مەجەللەی‌گاڵتەی باباشـەمەل بۆ هات، دەڵێ ئەگەر بێ‌یە تاران جێگەمان بۆ تۆ هـەیە . دیارە من كە لەمنەوە « ژ- ك » بوم

نەدەچوم، بـەڵام رەنگە ئەگەر ئەودەم لەسەر ئەم قسەقۆڕانە رۆیشتبام، بمتوانیا ببم بە نوسەرێکی گاڵتەچی . چێشتی ل ٤١ .

ئـەگەر هەژار لێرەدا دڵی خۆی بکردایەتەوە چیی دەگوت ؟ . من لام وایە لەگەڵ نووسینی دوا دێڕی ئەو قسەیەیدا باوەشێك هـەناسەی ساردی هەڵکێشاوە، حـەسرەتا سەد ئاخ و داخ، بۆچی منیش وەك ئەو هونەرمەندانەی وڵاتانی خودا پێداو رێگای بەدڵی خۆم نەگرت و ئەو هـەلـەم نەقۆستەوە بۆخۆم ببم بە نووسەرێکی کۆمیدیایی گەورە، باز لەسەر سەرم نیشتەوەو بەدەستی خۆم هەڵمفڕاند ، ئەم کوردو موردە چی بوو وا گونی کردم بە فاقەوە .

" لە تەورێز بۆ ریش تاشین و سەرچاکردن دەچوینە لای دەلاکێك . گوتی شتێکم بۆ بنوسە کە ریشتاشین بە قەرز نابێ . من دو شیعری فارسیم بۆ نوسیبوکە لە بیرم نەماون بەڵام ماناکەی ئەوەبو:« هەی بێ ئینساف! تۆ ریشەکەت لای من دەتاشی و قەرز نادەیەوە . من کوێت بگرم؟!». کابرا دە شـوشەی گرتبو هـەڵیاوەسیبو . رۆژێك گوتی : « نـازانم چت نوسیوە، بـەڵام هـەرچی دەیخوێنێتەوە پێ دەکەنێ و پێشم ناڵێن چیە!» " . - چێشتی مجێور ل ٤٣ .

من نازانم هونەری کۆمیدیایی" مارك توێن" چیی لەوەی هەژار پتر بوو . بـەڵێ ئەو نـووسـەر بوو و هەژار سـەنعەتی نووسین،هیچ نووسینێك، فێرنەببوو، ئەو پاشاگەردانیە کارەساتەی" چێشتی مجێور" کە تاقە کتێبێکی نووسینیەتی (بەرهەمەکانی - دیارە جگە لە شیعری- هەموو یا وەرگێڕانن یان گوتاری پەرپووت و بێ سەروبەرن) ئاشکرا پیشانی- دەدا کە زۆر لە سەنعەتی( تەکنیکی) نووسین بەدووربوو، بەڵام سەرمایەی گیانی کۆمیدیای هیچ لەوەی مارك توێن کەمتر نەبوو و ئەگەر لەگەڵ" نووسەران" و" رۆژنامەنووسان" ێکی فارسی تاراندا هاوکاریی هەبوایە،بێ گومانم لەوە کە زۆریان لێ فێردەبوو و دەبوو بە نووسەرێك . هەژار بەبێ بوونە نووسەریش، هەر بە ئەوەندە توانایەی کە هەیبوو دەیتوانی لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئەوەی هۆڵەندی ( کە بە چاکی لێ ئاگادارم ) یا ئینگلیس یا ئەمریکاییدا ببوایەتە بە ناوبانگترین " کابارێتیە"، هەژارهیچ لە" ڤیم کان" ( گەورەترین کابارێتیە ی ناوەندی سەدەی بیستەمی هۆڵەندا) یا"هێرمانس"ی‌هەڤاڵی کەمتر نەبوو. شوێنی هەژار دەبوو لەهۆڵی وەك" کارێ"ی ئەمستەردام بوایە،یان وەك" تۆمی کووپەر"ی ئینگلیس لە بەرزترین شانۆیەکانی لەندەن بوایە؛کووپەر لەسەر شانۆ و لەکاتی وەپێکەنینخستندا کەوت، کەهەڵنەستایەوە،دەنگی پێکەنینی تماشاکەران ئەوەندەی دی بەرزبۆوە، پێیان وابوو ئەوەش بەشێکە لەگاڵتەکانی، تا بەزوویی دەرکەوت نا، ئەمجارەیان بە راست بوو و مرد. مردنی قارەمانی بۆ هەژار ئاوا دەبوو، وەکو کووپەر بمردایە،

نه" پێشمەرگە"و نه " ستالین بژی بۆ پەناگای هەژار"و نه " بارزانی" و نه " ماڵی دنیاچڵکی دەستە شەرەف و ناموس مەبەستە " و نه ئەو هەمووە درۆ و دەلەسەو فروفیشاڵەی تری کە ژیانی ئاوا قەڵب و ساختەچێتی و حوقەبازی هەڵدەخستەوە . هەموو ئەو لافانە لە باسیشدا دەبینی زۆر بە نابەدڵی و لاوەکی دەگێڕێتەوە و ئەوانە لە چیرۆکی ژیاندا لەچاو قسەکۆمیدیاییەکانی، کۆمیدیایی ڕەوشتی کابارێتی، شوێنێکی زۆر کەم و پەرپووتیان هەیە، وەك دواتر لە شی کردنەوەی" چێشتی مجێور" دا شی‌دەکەمەوە، کە ئەو دوا ئاوازەی ژینی هەرئەسڵەن کاری بە کوردوکوردستان و چیا و شەڕو نازانم چی نەداوە، خۆی دەڵێ کە ئەوە شتێکە تەنیا بۆ خانی‌شەرەفکەندی نووسیوە تا بەڵکو لەکارەساتەکانی ژیاندا یارمەتی بدا( لەبرسان نەمرێ و...ئیدی، ئەوگرێی هەژاری و دێوی لەبرسان مردنەی کە قەت دەستی لە قوڕقوڕاقچکەی بەرنەدا) و... ئەوجا قسە ئەسڵەکە:" خۆ ئەگەر دۆست و ناسیاویش وەیخوێنن باهیچ نەبێ بەو قسە قۆڕانە پێ بکەنن"- چێشتی مجێور ل ١. هیوای کۆمیدیاییەکی نەکەمتر لە کوویەر هەر ئەوەندەی پێوە ماوە کە لە نێوان دێڕەکانی ئامۆژگاریی لەبرسان نەمردنی خانی‌دا ( لە پاریس و لەندەن! )،" دۆست و ناسیاویش وەیخوێنن باهیچ نەبێ بەو قسە قۆڕانە پێ بکەنن". ئەمە کارەساتێکی ئینسانییە، خوێنی جگەری تك تك لێ دەتکێ .

هەژار لە مهابادیش و لە کاتی کۆماری کوردستاندا، بۆ جیهانی کۆمیدیا، قانوونی کۆماری ساوای کوردستان پێشێل دەکا، و تەنانەت " زەبیحی "یش لەگەڵ خۆی ڕادەکێشێ، بڕوانە " بەشی یەکەم ١٤- خەییام " .

تەنانەت جارێکیان " هێمن" بێ هوودە ئامۆژگاریی‌شی دەکات . هەژار دەیگێڕایەوە دەیگوت :

> هێمن جارێکیان لە سابڵاغ پێی‌گوتم : " بەسە، عەیبە !، ئیدی ئەو ڕەفتارانە چیدی بۆ ئێمە نابن ! "، ئەمنیش بە دەموچاوێکی زۆر موحتەرەم و جیددی کوتم : " وەڵڵا هێمن ڕاست دەکەی، بابە ئیدی شتی وا لە من نابینی" . دوای کەمێك فرسەتێکم لێ هێنا کە لە بەر پەنجەرە وەستابوو سەیری دەرەوەی دەکرد ، بە هەرچی هێزم بوو یەك شەقم دە قوونی هەڵدا!، و کوتم " کوڕە جا دنیایەکی کە ئەمن نەتوانم یەك شەقی تێدا دە قوونی تۆ هەڵدەم بۆچیمە ؟ " .

کۆماری‌کوردستان دەڕووخێ . هەژار دەکەوێتە زیندانەوە،هەمووی دووەمانگێك کە لە چێشتی ل٨١-٨٥دا لێ‌دەدوێ، زیندانێکی لوکس بۆ ١٩٤٦-١٩٤٧ی ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست و تەنانەت شوێنی تریش . ئەفسەرێکی‌کوردی‌کرماشانی (ناسرپور یان ناسری) زۆر بە سەبرو مەحەببەتەوە دەیگرێ، لەپێشدا دەیبا کتێب لە دووکانێك وەرگرێ تا لە زینداندا خۆی پێ بخافڵێنێ و بێ تـاقەت نـەبێ، ئەوەبووە هەژار لەو ماوەیەدا " قەسـیـدەی بوردیە" ی عارەبیی پێ‌هەڵگوتنی پێغەمبەری ئیسلامی لەبەرکردووە ( چونکە لەکاتی فەقێییەتیدا هەر قەسیدە گـاڵتـەکـەی " بطنیە "ی لەبەرکردبوو و لێرەدا جێی خۆی بوو پێغەمبەر هێندێك بە جیددیتر وەربگرێ ) . دوای چەند ڕۆژێك ئەفسەرێکی ئازەری ( ئەمیرزادە) جێی ئەو کرماشانیە دەگرێتەوە ، ئەویش " زۆر کوڕێکی باش بو . ئەویش زۆری نەبرد کە نەمان دیتەوە . ئـەفـسـەرێك بەناوی « سەروان بیداربەخت» هات و چۆی دەکردین "... کە هەژار لێرەدا بەهۆی کـۆمیدیاوە نێوانێکی زۆرخۆشی لەگەڵدا پەیداکردووە، چونکە بیداربەخت ...

" هەموگیانی گاڵتەوگەپ بو. هەرچەند بەندی بوین و شەوانە هەمو دو سەعات خەبەریان دەکردینەوەو دەیانبژاردین، بەڵام خواردنمان زۆر پادشایانە بو: بەیانی هەنگوین وکەرە و نەهار(خواردنی نیوەڕۆ) و شام ( ئێوارە) گۆشت و برینج بو" ، ڕۆژانـە هەموی بە گاڵتە و قسەی قـۆڕم ڕادەبوارد. لەو سـەربازە پاسدارانە یەکێك چێشت لێنەر بو ، یەکیان لوڕی سوڵتاناباد بو ، کە دەیگوت من بومەتە کۆمەڵە، هەر خەبەرو باسێك لە شاردا بوایە پێی‌دەگوتین . کتێبی بۆ دەگۆڕیمەوە، ڕۆژنامەی بۆ دەهێنایین . شازدە سەربازیان لە حەبسخانەدا- کە خانوێك بو- لەسەر دانابوین کە سەرگروهبانێکی لوڕ گـەورەیان بو . گاڵتەی خۆشم بەو سەرگروهبانە لوڕە بو. جارێ دەیگوت :« هەرکەس هەرچی بەسەردێ لە ناوچاوانی نوسراوە» . گوتم : « نـەخێر نـەنوسراوە، دە کوا بیخوێنەوە من چم بە سەردێ، لە ناو چاوی تۆش هیچ نەنوسراوە». لەو سوێند کە نوسراوەو لە من ئینکار، لە داخان دەستی خۆی دەگەست ! . بۆی گێڕامەوە کە جارێك‌عیزرائیل چۆتە دوکانی تاجرێك . تاجر بردویەتەوە ماڵەخۆی. عیزرائیل دەمی لە نان و چێشت نەداوە. کابرا سوێندی داوە کە دەبێ نمەکی بکا. عیزرائیلی کەر فریوی خواردو قامکێکی تەڕی لە خوێ دا و نمەکی کرد. ڕۆژێك خوا گوتی :« بڕۆ گیانی ئەو کابرایە بکێشە» . کابرا گوتی :« تۆ نمەکی منت کردوە، شـەرم بکە، هیچ نەبێ مۆڵەتێکم بدە! » . عیزرائیل خۆی گەیاندەوە لای خودا، نەقڵی فریو- خواردنەکەی بۆ گێڕاوە. خوا گوتی : « باشە چل ساڵ مۆڵەتی بدە، بـەڵام جارێکی تر ئەو کـەریـەتیە

مەکە!».“ - چێشتی ل ٨٢

بـەڵام گرنگترین خۆشـیی هەژار( کە لە دوو عونسوری کۆمیدیای گـەڵ و ئـاودەستدا کۆدەبۆوە) لێرەدا لە چیرۆکی ئاودەستی زیندانەکەدایە :

” رۆژێك ئاودەستەکەمان سەیری لێ ڕیابون، پیسایی گەیبوە بڵندیی دیواری پشتەوە . سەروان بیداربەخت هات بۆ دیدەنیمان . گوتم ئێوە چۆن مەشقی ئەنگێوەیی بە سەربازان دەکەن ؟

- دەبێ لە دوهەزار میتر خاڵی رەشی ناوەندەف بپێکێ .

- ئەو سەربازانە مەشقیان کردوە یان تازە هاتون ؟

- هیچیان لە چوارساڵ کەمتر نیە کە لێرەن، لەبەر شەڕی ئێوە هێشتومانەوە .

- دە وەرە با بچینە سەیری ئاودەست : کونی ئاودەست تا قونی سەرباز بستێکە، زۆریش لە خاڵیهەدەف گەورەترە، سەربازێك نەتوانێ ئەو کونە گەورە بپێکێ، مەشقی چی و فێربونی چی ؟

زۆر پێکەنی، بانگی سەرگروهبانی کرد ، گوتی :« فلان فلان شودە! ئەلعان دەبێ بە دو تەنەکە ئاو بێنی لە چۆم ڕا و بیشۆیەوە، یان دەبێ بیلێسیەوە! » . ئاخری سەرگروهبان لە چۆم ئاوی هێناو شتیەوە .“

- چێشتی ل ٨٢-٨٣ .

هەر لەو ماوەیدا هەژارهونەرمەندێکی تری کۆمیدیا دەبینێ، بەڵام دیتنێکی زۆرکورت و بە شێوەیەکی زۆر بەداخەوە:

” رۆژێك لەسەر داوای خۆم بردیانە حەمام،(..) کە هاتمەدەر لە حەمام، کابرایەکی سیسەکەی کورتەباڵا گوتی : « هەژار! من نافیع مەزهەری شاعیرم، هاتوم بتبینم» . ئیتر سەرباز نەیانهێشت بیدوێنم و ئەو حەسرەتەم هەر لەدڵ ماوە. لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عیراق کە دادگا بەدەست مەلایان بوە، دەڵێن نافیع مەزهەر لە هەڵەبجە فەقێیەتی کردوە.« من بۆچی قورعان بە شیعری کوردی تەرجەمە نەکەم؟...» لە سورەی(القارعە*) دەست پێ دەکا :« ئەل کوتێنەر، وەل کوتێنەر، نازانی چیە ئەل کوتێنەر؟ رۆژێ کە خەڵك ئەبن بە پـەپـولەی سەرلێشـێواو، وە کێوان ئەبن بە خوری پشـەوەکراو، ئەوکەسەی قورس بێ

---

* القارعةُ ما القارعةُ و ما ادراكَ ما القارعةُ يومَ يكونُ الناسُ كالفَراشِ المبثوثِ و تكونُ الجبالُ كالعِهْنِ المنفوشِ فأمّا من ثَقُلتْ موازينُهُ فهو في عيشةٍ راضيةٍ أمّا من خفّت موازينُهُ فأُمُّهُ هاويةٌ و ما ادراكَ ماهيهْ نارٌ حاميةٌ .

تەرازوی،وا لە عەیش و خۆشی یە، ئەو كەسەی سوك بێ تەرازوی، دایكی ئەوە هاویە، تۆ نازانی ئەوە چیە، ئاگرێكە گەرم » . قڕ دەیگرن . مەلای حاكم دو مانگی حەبس دەكا! ئەمجار شیعرێك لە سەر هەژاری و چارەڕەشی فەقێ دەڵێ و تیایا ( سەرگونی خۆی شین نەكرد جبریل ) هاتوە . دەیبەنەوە بەردەستی حاكم

ـ هەتیو بۆ كفرت كردوە؟

ـ بۆچی قوربان جبریل گونی هەیە ؟!

ـ وست! بێ ئەدەب! گونی كوا؟

ـ دەسا گوتومە هیچی شین نەكرد!

بە تكاو رەجای خەڵك وازی لێ دێنن . "

- چێشتی مجێور ل ٨٣-٨٤ ( بە راست كردنەوەی چەندهەڵەیەكی كەمی چاپ) .

داخیگرانی ئەو ئەفسەرەی شاهەنشاهیی ئێران كە فەرمانی سەگباب ئەو كۆمیدیاییە كوردە حەیاتەی كە مایەی ئەو هەمووە وەپێكەنین خستن و شادكردنەیتی لێ دووردەخاتەوە :

" دو مانگ بو حەبس كرابوین. « سەروان بیداربەخت» رۆژێك هات، زۆر كزوكەنەفت دیاری دەدا،

گوتی : خەبەری زۆر ناخۆشم پێیە، زۆر خەمبارم بۆ ئێوە .

گوتم : ئاخر یان لێرە دەمانكوژن یان دەماننێرنە تاران، دە بڵێ چیە ؟

گوتی: ئێوە ئەمڕۆ ئازادن و نانی نیوەڕۆتان نادەینێ ، بۆیەش كزم كە تازە مەجلیسی گەپ و گاڵتەی دەگەڵ ئێوەم نامێنێ ! " - چێشتی ل٨٤ .

ئاوا بەوجۆرە، كۆڕی گەرمی كۆمیدیای هەژارو بیداربەخت دەشێوێندرێ .

## ٢١- بەرەو سلێمانی

هـەژار، بە جۆرێك لە دەستی داگیرکەرانیهەرێمی ڕۆژهەڵات ڕادەکا کە من بە جۆرە کۆمیدیایەکی کاری دەوڵەتی ئێرانی ئەو کاتەی دەبینم . ( بە زمانی هەژار : " لە ئێرانەوە ڕایکرد ویستی بچێتە عیراق "، چونکە هەژار زاراوەی "هەرێمی باشوورو ڕۆژهەڵات..."و ئەوانەی بە قسەی قۆڕی منداڵ و مەزنی سەر رووتی شارستان دادەنا!،ئەو تەنانەت لە باسی شاری " وان"ی هەرێمی باکووردا، بە " تورکیا"شەوە ناوەستێ و دەڵێ :

" مەولانا(..) سەری خۆی و بابی هەلگرتوەو ڕوی کردۆتە شاری ( وان) لە ولاتی تورکان"!! - چێشتی ل ١٢) .

لە ڕێگادا، کەرەستەی تر دێتە سەر سامانی کۆمیدیا، هەژار میوانی سۆفی سدیق ناوێك بووە لە گوندی موسێ، سۆفی...

> " گوتی قاقەزێکم بۆ بنوسە بۆکابرایەکی سەردەشتی، کە :« فلان کەس، پاش ماچ کردنی دەستی تۆ و چاوی مندالانت، چۆن فەرموتە جوانو ئەسپەکەم ئەگەر بەخێوناکرێ بنێرەوە؟ حەیفت نەکرد؟ من براتم، ماڵی من ماڵی تۆیە، جا ئێستاش دو تەورێزی قەند، دو گەروانکە چایی، قوماشی کراس و دەرپێ؛ بە خوا ئەسپەکەت وەك گوڵ بەخێودەکەم؛ هەشت نۆ سیە برینج، چونکە بابەغەڵیفەم میوان دەبێ . بەسەرت قەسەم وەڵاغی خۆم ببرن لە بەر بێ تفاقی ئەسپی تۆ هەر بەخێو دەکرێ، هێندێکیش سـابـون بنێرە، لە ماڵەوەش داوای خـەنـە دەکەن ، ئەسپی تۆ ئەسپی خۆمە، دیسان چاوتان ماچ دەکەم (..) " .
>
> - چێشتی ل ٨٨-٨٩ . (١ تەورێزی= ٣ کیلۆ، ١ گەروانکە = ٤١٠ گرام، ١ سیە = ٢ کیلۆ )

هەژار دەگاتە دێیەکی پژدەریەکان (بێوران)، دوای چیرۆکێکی زۆر لە بابەتی ئەوەی ئەفسانەی شەڕەکانی یۆنانیکۆن، کە ژنانی دێ بەهۆی قارەمانیی شانی ماچ دەکەن، دەچێتە دێی کەناروێ، لەوێش :

> " شەو لە ماڵی هەواڵێکی چۆدارم میوان بوم . خەسویەکی پیری زۆر ناحەزی هەبو . لێی پرسیم
>
> - کاکەمەلا ، ڕاستە دەڵێن کەسێك دڵی جیرانان بێشێنێ، لە قەبرا دەبێتە مەیمون ؟
>
> گوتم : نا دایەگیان، خودا دو جار کەس ناکاتە مەیمون! " . - چێشتی ل ٩٤ .

بەڵام " ژنـی کابرا جـحێڵ و جــوان بو" و گومانێ هەبوو کە کـەیفێی لە هەژار بووبێ، ناچار هەژار شەو بۆ نوستن هەڵدێ دەچێتە مزگەوت .

> " سبەی ئەو ڕۆژە بەتەنیا ملی ڕێم گرت . لە ڕێگە توشم بو بە توشی دو پۆلیسی کوردی عیراقیەوە .
>
> دەمەویست خۆم وەك خەڵکی وڵات نیشان دەم، گوتم مانگو نەبن!،

لێیان پرسیم: کوێندەری ؟

- خەڵکی کەناروێم .

پۆلیسێکیان پێکەنی، گوتی :« دیارە خەڵکی ئێرانی، برۆ کارمان پێت نیە، بەڵام مەڵێ مانگو نەبن، سەیری دەڵێی! " - چێشتی ل ٩٤ .

هەژار گەیشتە سلێمانی، هەرچۆنێك بوو، چووە هوتێل، لە ژوورێکدا دەگەڵ " لاوێکی بێ موی جوان چاکی شازدەو حەڤدە ساڵە" کە بۆ بەیانیەکەی وێکرا دەچنە حەمام، " بەیانی هەر تاریکان بو چوینە حەمام . لاوەکە دەیگوت کورە- ئاغام لە بازیان . گوتی : مەلا وەرە پشتم بشۆ!" - چێشتی ل ٩٥ . من کە ئێستا ئەمانە دەنووسم، پێکەنین بەرم نادا، هەرکەسێك لە نزیکەوە هەژاری ناسیبێ مەگەر هەروەك من پێ بکەنێ . هەژاری" دەمی کوڕ بەمژی کچ بیگری و پیاکەی" و چوونە حەمام لەگەڵ " لاوێکی بێ مو" دا و پێی گوتووە پشتی بشوا . " گوتم: تۆش پشتی من دەشۆی . گوتی: نا چحەددت هەیە ؟! (..) بەچکەئاغا دیاربو دڵی ئێشابو " . لەدواییدا دەردەکەوێ کە بەچکە ئاغا پارەی هوتێلی نەداوەو لەسەر هەژار حیساب کراوە ! . هەژار لەسەر ئەو گەشتە کۆمیدیاییەی دەڕوا تا دەگاتە مفتی توتنچی و

" مفتی شاعیر ڕۆیشت و زو هاتەوە . زۆری پێ نەچو کابرایەکی درێژی، ڕانك و چۆغەی پڕپینەی، عەینەکی ئەستور لە چاوی، ڕیش و سمێڵ تاشراوی، تەمەن بەناوداچو پەیدابو . نە سەلام و نە کەلام هەر لەوێوە پێی‌گوتم :

- ئای ئای لەو پشتێندە گرێچنە! مەلا دەڵێن هەر گرێیەکی شەیتانێکی تێدایە . ئەو مێزەرە سپیە ریشوداره چیە ؟ تێی ڕیم ! " - چێشتی ل ٩٦ .

ئەو پیاوە سەیرە ناوی " میرزا ڕەحمانی بانەیی" بووە . کە هەژار چەند لاپەڕەیەکی چێشتی مجێوری بۆ چیرۆکی ژیانی و بۆ چەندین لە قسە سەیرەکانی تەرخان دەکا .

" میرزا لە تاریخ، سیاسەت، ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبیدا بەحرێك بو بێ بن . هەر خۆش بو قسە بکا و گوێی لێ بگری . بەڕاستی ئەو کابرایە مامۆستایەکی زۆر گەورە بو بۆ من و زۆر شتی لێ فێربوم " - چێشتی ل ١٠٠ .

هەژار لە هەمان لاپەڕەو لاپەڕەی دوای ئەوە (١٠٠-١٠١)ی ئەو سەرچاوەیەدا دەڵێ میرزا " ڕۆژێك گوتی :

دەترسم لە ماڵە من بتگرن، دەسەڵاتم نیە ڕزگارت کەم و ئابڕوم دەچێ . با بتکەمە پەنابەری شێخ لەتیف (..) شەو ڕۆیشت و زو هاتەوە . پاش تاوێك شێخ لەتیف بەتەنیا بە ترومبیلێکەوە هات و بردمیە ماڵە خۆی ".

هەژار، بە چوونە ماڵی شێخ لەتیف، سەری بە شانۆیەکی زۆر دەوڵەمەندی کۆمیدیادا کردووە. وێڕای کۆمیدیای ئاسایی، کۆمیدیایەکی تریش: کۆمیدیای گەورەپیاوانی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای خۆی.

گەورەیی پیاو، بەگوێرەی قۆناغی پەرەسەندنی فەرهەنگ دەگۆڕێ. مەسعوودمحەمەد، لە شوێنێکی کتێبێکیدا (کە ئێستا ناتوانم بچمەوە سەری، چونکە دەبێ دەست لە ئەم نووسینەم بەردەم و هەموو نووسراوەکانی لە سەرڕا بخوێنمەوە تا تووشی ئەوە دەبم کە من لێی دەگەڕێم، ئەویش وەکو هەژار تەواوی کتێبی بەسەریەکەوەیەو فەسڵ و پێڕستی ناو و ئەو شتانەی نیە) حەماغای کۆیە بە گەورەپیاوی کورد باس دەکا، هەریەك بەڵگەشی بۆئەو قسەیەی لەوێدا هێناوەتەوە، دەڵێ:" حەماغا، جارێك ئاژەڵی بردووەتە مووسڵ بیفرۆشێ، لەگەڵ کڕیارانی مووسڵ نەسازاوە،ئەو بە ئەونرخە رازی نەبووە کە ئەوان داویانە، چووە هەموو ئاژەڵەکەی سەربڕیوەو بە سەر هەژارانی مووسڵیدا بەشیوەتەوە. ئەوە بەڵگەی ئەوە بۆ ئەو" گەورەپیاوی"یە. لە ناوهەندێ خێڵی جەنگەڵەکانی ئافریقاشدا، وادەبێ دوو دەستەی رەقیب دەکەونە سەربڕینی حەیوانەکانیان، کێ زووتر دەست لەو قەسابیە بەر بدا ئەوا دۆڕاندوویەتی، ئیتر دیارە زۆرتر وایە تا سەربڕینی دوا حەیوانی لایەکیان درێژەی دەبێ، ئەوجا پیاوانی دۆڕاو هەرئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە دەست بۆ تیرو شیر و رمب بەن تا ئابڕووی رژاوی گەورەیی خۆیان بە نرخی خوێن بکڕنەوە، لەوەدا لە حەماغاش پتر لە گەورەپیاوییاندا شووڵی لێهەڵدەکێشن. بەڵگەی" ئاناتۆل فرانس"ی نەسلێکی پێش مەسعوودمحەمەد،لە فەرەنسا، بۆ گەورەپیاویی ڤۆلتێر فڕی بەسەر سەربڕینی تەنانەت فڕووجێکیشەوە نیە، ئەو گەورەییەکەی لەوەدا دەبینێ کە ڤۆلتێر" قەڵەم دە دەستیدا پێدەکەنی و رایدەکرد". بەهەمان شێوە گەورەیی خانی یا مەلای جزیری کارێکیان بە سەربڕین نەداوە. دیارە لە هەمان یەك کۆمەڵگاشدا دەکرێ گەورەیی بەهۆی زۆر جیاوازەوە دیاربکرێ. ئەگەر بەڵگەی گەورەپیاویی " ئادیسۆن" لە ئەمریکاییانی ئەمڕۆ بپرسی، دەڵێن بۆ دۆزینەوەی ئەو زانستەیە کە ئەو هەمووە دەورەی دە ژیانی مرۆڤدا هەیە، کارەبا شۆڕشێکی گەورە بوو دە ژیانی مرۆڤایەتیدا. ئەگەر هۆی گەورەپیاویی " ئێلفیس پرێسلی" لە ئەمریکا بپرسی، دۆزینەوەی چەندین شت دەبیسی (شێوەی خۆبادان و موسیقاو شێوەی سەمای رۆك ئاند رۆڵ لە نێوان کوڕوکچدا) کە رەنگە لەوەکەی ئادیسۆن زۆر لە دڵی هەرزەکارێك نزیکتر بن. یەکێك لە بەڵگەکانی گەورە - پیاوییکاك ئەحمەدی شێخ لای ئەوانەی بڕوایان بە موعجیزەکانی هەیە بریتیە لەوە کە لە سلێمانییەوە بە کەوشێك کەسێکی لە هیندستان پێکاوە. شێخ لەتیف کوڕی پادشای کوردستان بووە. بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە، سەردەمێك جێگرێکی سەرۆك بارزانی بووە. ملك و ماڵ و زەوی و زاری زۆری هەبووە. تابیعانی ئاینیی زۆری

بنەماڵەکەی لەخزمەتیدا بوون . ئەوانە هەمووی لە کۆمەڵگاکەیدا نیشانەی گەورەپیاوی بوون . تەنانەت ئەوە کە ئۆتۆمبیلەکەی ژمارە"١ سلیمانیە" بووە، ئەویش دوور نیە بۆ هەندێ کەس بە بەڵگەیەکی گەورەیی داندرابێ . ئەو گەورەپیاوە، بە شەخسی خۆی، بە ئۆتۆمبیلەکەی ( ١ سلیمانیە )، هاتووەو هەژاری بردووەتەماڵی خۆی . ساڵانێکی دواتر، هەژارو حەسەنی قزڵجی زۆر جار لە ماڵی هەژار بیرەوەریەکانی ئەو سەردەمەیان دەگێڕایەوە، کە شێخ لەتیف چۆن بەگاڵتەوگەپ رایبواردووە، چۆن ئارەقی بە ناوی شەربەت داوە بە دەروێشێك و مەستی کردووەو ریش وسمێڵی پێتاشیوە؛ چۆن جارێکیان کەسێکی لەگەڵ خۆیدا بردووەتە کۆڕی قومار، تا لەوسەرەوە دوای ئەوە کە هەرچی هەیەتی دەیدۆڕێنێ، کەسێك هەبێ لەکاتی سیغارپێ نەمانی سیغارێکی بداتێ!، زۆر شتی تریش . یەکێك لە کۆمیدیاکانی ئەم گەورەپیاوە کە زۆر جێ پەسندی هەژار بوو ( پێوەندی بە هەردوو عونسوری گەڵ و ئاودەستەوە هەبوو) :

" شێخ لەتیف گێڕایەوە کوتی لە گەرمەی تەقەو شەڕوهەرادا، شێخێکم لێ پەیدابوو( فلان، کە ناوی دەگوت) وتی ئەبێ شتێکی زۆر گرنگت بۆ بگێڕمەوانێ . وتم فەرموو .

- خەوێکم بینی، زۆر سەیر بوو، بیگێڕمەوانێ ؟

- فەرموو .

- ناوەڵڵا نایگێڕمەوانێ .

- ئێ باشە کەیفی خۆتە .

- ناوەڵڵا ئەیگێڕمەوانێ .

- فەرموو .

- بیگێڕمەوانێ ؟ ناوەڵڵا نایگێڕمەوانێ !

- بۆخاتری خوا، یاشێخ، تۆ ئەبینی ئێمە لە ناوشەڕاین، ئیتر ئەیگێڕیتەوانێ بیگێڕەوانێ و ناشیگێڕیتەوانێ مەیگێڕەوانێ ... .

- ساوەڵڵا ئەیگێڕمەوانێ .

- فەرموو .

- لەخەوما تڕێکم دایەوانێ شەرق و غەرب دەنگی دایەوانێ، تۆ بۆ ئەمە ئەڵێی چی ؟

- ئەڵێم هەتا گەرمە بەکێڕم " .

" مهاباد"ی کچی ئەو گەورەپیاوە، مێردی بە عارەبێك کردو لەگەڵ مێردیدا لە وڵاتی لە ناوعارەبان دەژیا، وادەبوو

ئەو عارەبە سەری لە سلێمانی دەداو دەستەیەك لاو كە بەتاسەوە چاوەڕوانی بوون، پێشیان پێ‌دەگرت و زۆریان تێ - هەڵدەدا . ئەو گەورەپیاوە، كوڕەكەشی (شێخ كاوە) گەورەپیاوێكی سەیر بوو بۆخۆی، لەپێشدا جاشی حكومەت بوو و دوایی گێرەكەی گۆڕی و بوو بەوە كە ئەویش ئیتر پێی دەگوترا پێشمەرگە، كە ئەویشی پێوەنـەهات و لە ڕووداوێكدا چاوی لەم دنیا پڕ لەگەورەپیاوە وێك نا . شێخ لەتیفی گەورە پیاو لەو سەردەمەدا گوایا كۆمونیستیش بووە . من لە كاتی وەرگێڕانی كتێبێكی ڕۆژئاواییەك ( ئاغاو شێخ و دەوڵەت - فان برووئەسن) دا شتێكی سەیرم دەربارەی شێخ لەتیف خوێندەوە كە دیارە زۆری پێ پێكەنیم، دەڵێ شێخ لەتیف بۆ رزگاركردنی زەویەكانی لە دابەشكران بە دەست چارەسەریی كشتوكاڵەوە( ئیسلاحاتی ئەرزیی دەوڵەت) ببوو بە ئەندامی حیزبی كۆمونیست ( یەكێك لە قسە توڕەها- تەكانی‌كە چیا و فوئاد فان برووئەسن‌یان پێ لە خشتە بردووە)، لە قاقای پێكەنینم دا و لەبەرخۆمەوە گوتم كوڕە كوا خوا وای دەكرد ئەو پیاوە ئەوەندە هۆش وگۆشی دەبوو بۆ حاڵی‌خۆی وا زیرەكانە كاربكا، بۆچی ئەو لەبەرگەڵی‌خۆی و قوونی منداڵان دەپەرژایە سەر ئەوە بیر لە زەوی و كشتوكاڵ ومشتوماڵ و داهاتوو و سیاسەت و چی و چی بكاتەوە؟. هەژار بەهەمووی چەند حەفتەیەك لە ژێر باڵی ئەوگـەورە پیاوەدا ماوەتەوە، بەشێكی لە ماڵی لە شـاری سـلێمانی، بەشێكی لە دێی"بی بی جەك"و ئەوەكەی تریشی لە" سیتەك". هەژارو قزڵجی زۆریان دەربارەی بەرەڵلایی ئەو گەورە پیاوە دەگێڕایەوە، ئێستا كە هەژار و حەسەنی قزڵجی هەردوو چوونە دنیـای خامۆشان، " چێشتی مجێور " هەندێك لە بیرەوەریی بۆ تۆماری مێژووی ئەوگەورەپیاوەو دەوروبەری بۆ تۆمار كردووین (چێشتی ل١٠١- ١١٣) :

" شێخ لەتیف حەفتاگوندی دەخوارد، بەڵام هـەمیشـە قەرزدار، نیوماڵ ڕووت و بێ فەرش و لێفە، لە پێخۆردا ناساز، تا خواش حەزكا دڵاواو میوان دۆست، تا خواش حەزبكا بێ سەلیقە و لە كار نەزان .

زۆرجار فزولی دنەی دەدام و لۆمەم دەكرد:

- ئاخر یاشێخ تۆ ئەو هەمو خەڵكە دەرووتێنیەوە، هەمو داهاتت چەند نۆكەرێكی شەلاتی دەیدزن .

تۆ نابێ پێودانێك بۆ خۆت دانێی ؟

دەیگوت :« ئێمە بەرەی كاك ئەحمەد پێمانەوە نایە ڕێك و پێك بین، ماڵی شێخ مەحمودیش وەك ماڵی من وایە ! » ".

وادیارە ئەوگەورەپیاوە فانتاسیی جنسیی زۆری هەبوون و پێكی دەهێنان، لێرەدا فۆرمی " دووبرا وێكڕا" :

" زۆر كەس بە دایمی هاتوچۆی ماڵی شێخیان دەكرد . لەوانە دو لاوی برا و زۆر نۆجوان و جوان چاك بون كە شێخ زۆری خۆشدەویستن و بەگفتی سەعدی :« سەروسرێكی» دەگەڵیان

هەبو . زۆر شتی تری پشتی پەردەشمان دەبیستەوە کە باسیان شیاوی گێڕانەوە نیە ... " .

من زۆرم لەو شتانە لە خەڵکی سلێمانی بیستوون، چۆن ئەو گەورەپیاوە لە ژیانی جنسیدا شێت و شەیدای کوڕی لووس بووەو ئۆتۆمبیلەکەی(١ سلیمانیە) زۆرجار پتر لە یەك لووسکەی تێدابووە، چۆن لەگەڵ ژنیشدا تەنیا ئەوجۆرە جنسی کردووەو، ئەوەبووە کارەکەرێکی بەکارهێناوەو... ( لە چێشتی مجێوریشدا : لە بەهارا شێخ بە حەلاوی کارەکەریەوە بۆ راوەکەو هاتە سیتەك ل ١٠٨) . تەنانەت من جارێکیان بە خوێندنەوەی بیرەوەریەکانی گەورە پیاوێکەوە خەریك بووم، لە گۆڤارێکدا کە بەزنجیرە بڵاوی دەکردەوە، دۆستێکم لێی پرسیم چی دەخوێنمەوە، کە پێم گوت گوتی ئەوە فلانەکەس گێڕایەوە وتی من بەچاوی خۆم دیتم کە بەسەریاندا چووم شێخ لەتیفم دیت بە سەر ئەوەوە بوو ئەیگا، ئەوەی تێدایە دەبیرەوەریەکانیدا ؟ .

یەکێك لەو شتانەی کە هەژار دەیگێڕانەوەو نەخراونە چێشتەکەیەوە :

" شێخ لەتیف رۆژێکیان لێی پرسیم

- ئەرێ میللەتی ئوردون بۆچی مەلیکەکەیان ئەوەندە خۆش ئەوێ ؟

- یاشێخ بەچی دەزانی کە خۆشیان دەوێ ؟

- ئەوەتا رادیۆی ئوردون، گوێ بگرە چۆن پێی هەڵئەڵێ .

- ئاخر یاشێخ مەگەر ئەوە رادیۆی خۆی نیە ؟ ئەی بەتەمای پێی هەڵنەڵێ ؟ ئەو کەسەی سەر رادیۆ کارمەندێکی خۆیەتی پارەکەی بەوە وەردەگرێ کە پێی هەڵبڵێ، ئەوە چ کاری بە میللەتی ئوردون داوە ؟

- نا باوکم تۆ ئەڵێی چی ؟ گوێ بگرە بزانە ئەڵێ چی!

- باشە یاشێخ ئێستا میللەتیعیراق مەلیکەکەی خۆش دەوێ ؟

- نا ئەو سەگبابە کێ خۆشی ئەوێ، ئەوە نۆکەری ئیستیعمارە .

- ئەی ئەوە نیە رادیۆی بەغدا هەمان ئەوەی بۆ دەڵێ کە رادیۆی ئوردون بۆ مەلیکەکەی دەڵێ ؟

- نا باوکم، تۆ ئەڵێی چی ؟ گوێ بگرە بزانە رادیۆی ئوردون چۆنی باس ئەکا !

ئیدی بەسەری تۆ، ئاوا بەدەستیەوە دامابووم، خودایا من ئەوەم چۆن بۆ تێبگەیەندرێ، هەرچۆنێکی بۆی دەچم بێفایدەیە، قیری لەوە گرتووەو... ئیدی دەبێ دەستی لێ بەردەی و ئەهـ . "

چیرۆکێکی تری که ده چێشتەکەیدا هەیە :

" کابرایەکی وێلی، بێ مالی، روتەکە هەبو پەستەکێکی سەدپینەی درێژی تا سەرئەژنۆی دەبەردابو ، سەروبنی قسەشی « زالیکە» بو . خۆی بە پێغەمبەر دەزانی . شێخ گالتەی پێ دەکرد ،
گوتی : زالیکەی ماکەر! تۆ چۆن پێغەمبەرێکی ؟
گوتی : پێغەمبەری کەرانم و خوا ناردومیەتە سەر ئێوە !

چێشتی مجێور زۆر چیرۆکی تری دەربارەی ئەو گەورەپیاوە تێدان، کە هەموو بۆ کەلەکەکردنی سامانی کۆمیدیا لای هەژار زۆر گرنگ بوون .

هەژار لەوێ گەورەپیاوانێکی تریشی دیتوون، لەوانە :

" « هەمزە عەبدوللا» پەیدابو، پیاوێکی زۆر لوت بەرزی، قۆڕەدەماغم هاتە بەرچاو . گێڕایەوە کە لە سابلاغ وەك پێویستە قەدری نەگیراوە و قسەی وای کرد کە هەر شەللاتیەك پێی شەرمە بیلێ . دەربارەی دەولەتانی ئەمریکاو رۆژاواوە فەرموی : « هیــچ جێگەی نیگەرانی نیــــن، کارگەران لە جیاتی باروت خۆل دەکەنە ناو بۆمباکانەوەو سەرکەوتن هەر بۆ دەولەتی سۆڤیاتی خۆمانە !» . چێشتی ل ١٠١

هەژار ،لای ئەو هەموو کۆمونیستانە خۆی ناچار دیوە کە سوپاسی سۆڤیەت بکا بۆ ئەو چاکەیەی کە لەگەل کۆماری کوردستانیکرد ، بەوە کە بەجێیهێشت و شەرتی نەبردە سەر!. ئەوە لاپەڕەیەکی ئەوپەڕی گرنگە لەکۆمیدیای هەژاردا ، کۆمیدیای تف لە خۆکردن و خۆ کردنە مەسخەرەی رووحی خۆ، ئەوە بوو هەژاری ئەوەندەی تر بە ناخی زەلکاودا برد ، هیوای تاقە یەك پرشنگی لەو شەوەشەزەنگەدا پێوە نەهێشت :

نوێنەری بارزانی و یەکەم سکرتێری حیزبەکەی بریتیە لە کەسێك کە لە هەر " شەللاتیەك" بێ شەرمترە و لە دیوەخانی شێخ لەتیفەوە خۆل بۆ سۆڤیەت دەکا بە باروت لەدژی تەکنیکی شەڕی ئەمریکا. کوڕی مەلیکیکوردستان مەمنوونی ستالینە چونکە بۆ بەرژەوەندی نەوتی شەقێکی دە دەولەتی کورد هەلدا. هەموو ئەوە رووحی مەسخەرەی لای هەژار گڕداوە . میللەتی سوپاسگوزار بۆ نابوودی، کە سکرتێری حیزبی رابەری " شەللاتیەکە" و هەژاریش بۆ رازیکردنی دەوروبەر پێی دەلێ " ئامین" ، زۆری تریش لەو جۆرە کۆمیدیا رەشە .

رەنگە هەستی ئەو کاتەی هەژاربێ کە دە شیعرێکیدا " هەژار"ەکەی تێدا کردووە بە " رەش" و بەناوی وەرگێرانێکی داناوە :

ناوێرم چبڵێم !! لە بەرخۆمەوە ئـاخ هەڵدەكێشم پیش دەخۆمەوە

گۆرانی دەڵێم دنبەگ لێ دەدەم زۆر سەرخۆش دەبم سەمایە دەكەم

نوكتە بەهەزار، كۆمیدیای مەسخەرە هەزاران، لەم دنیایەدا كە ئاوا ئەو هەمووە گەورەپیاوە تێدا تۆزدەكا تۆزدەكا... خەڵكم لێ ئاڵۆزدەكا .

" ئێستاش هەر بەداخەوەم کە نەیانهێشت « پیرەمێرد» و « فایق بێکەس» ببینم . دەیانگوت فایق سەرخۆشی زمان شڕە و راستییت لێ دەڵێ . پیرەمێردیش خۆ دیارە جاسوسە!! " (..)

" فایق بێکەسی شاعیر، زەلامێکی ورگن بو، ملی نەبو، شەوانە نەیدەتوانی بە راکشانەوە بخەوێ . هەر تاکە لێفەیەکیشیان هەبو. یان دەبو فایق لەسەرکورسی دانیشێ و بە شانیدا بدا، یان دەبو ژن و منداڵی پێیی بخەون . هەمو شەو چەندلاوێکی رێك و پێك دەچونە بەر ماڵی فایق تا گوێ لە شەڕە-جنێوی فایق و ژنەکەی بگرن لەسەر لێفە... " . چێشتی ل ١١٢ .

هەژار دەڵێ کە لە ماڵی شێخ لەتیف " فایق بێکەس"ی شاعیری دیتووە بەبێ ئەوە کە فایق بێکەس ئەو ببینێ :

" فایق بێ کەس هات، هەر لە درگا بو گوتیان ئەو سەگبابە مەجلیسەکە پیس دەکا . من لە پشت درگاوە لە مەجلیسەکەم دەڕوانی کە نەمبینرێم . داوای شیعریان لە فایق کرد، لای لایەکەی خۆی خوێندەوە . لەپڕ دەگەڵ چالاك کێشەیان لێ پەیدابو، ملیان لە شەڕەجوێن نا. ئەو هەمو مامۆستا و ئەفەندیە ماقوڵانە لەسەر چالاکیان دەکردەوە، کە جلکی جوانترو بەدیمەن رێك و پێکتر بو. نۆکەران فایقیان بە پاڵەپەستۆ وەدەرنا . چێشتی ل ١١٣ .

سەجادی لە " مێژوی ئەدەبی کوردی"دا بەشێکی گرنگی چیرۆکی ژیانی پڕ لە کارەساتی" بێکەس"ی باسکردووە . لەوەدا چمکێکی هەژاریەکەی ( ل ٥١٧ ، بە دەستکاریی رێنووسەوە) :

« (..) لەپاشا مامی لەبەرئەوە فایق فێری عارەق خواردنەوە بووبوو دەریکرد!، چووە لای مامە عارفی لە حەفتەیە زیاتر ئەویش نەیگرتە خۆی، بە ناچاری بۆ نوستن گواستیەوە ئەو قوتابخانەیە کە لێ ئەخوێند ، خەڵکیش یارمەتیان ئەدا بۆ خواردنەکەی، ئەم حاڵەی پێ خۆش نەبوو، لە ئاخری ١٩٢٧دا هات شتومەك و جلوبەرگەکەی خۆی فرۆشت و دووکانێکی جگەرەچێتی(سیغارفرۆشی) بۆ نان پەیداکردن لە سولەیمانی دانا، دوای سێ- چوار مانگ ئەمەش سەری نەگرت، دزداشەیەکی لەبەرکردو فێستێکی سووری لەسەر نا و سنوقێکی کرد بە بەرۆکیا جگەرەو شقارتەی تێخست و بە ناو شارا دەستی کرد بە فرۆشتنی" .

لە شیعری بێکەسی کە لە ئەو باسەی سەجادیدا هاتوون :

داخی قەرزاریی عەرەق خستوومیە فاك و فیکەوە     گا بەدەست جەرجیس وعەبدو گا بەدەست ئۆفیکەوە

هەرکە رۆژ ئاوابوو ئیتر بۆ عەرەق سەکۆڵ ئـەکەم     وەك وڵاخێ بێتە وەختی کـاو جـۆی ئـالیکـەوە !

دیسان :

حەقمە گەرعارەق بخۆم، توخوا رەفیق لۆمەم مەکەن زەحمەتە بێ مەی ژیانم بەم دڵەی تـاریکەوە ! .

بێکەس لە پارچە شیعرێکیدا، لە وەڵامی زێوەردا کە بە شیعر خراپیی" عەرەق خواردنەوە"ی باس کردبوو، ( سەجادی باسی نەکردووە) دەڵێ: عافیەتی تۆ بێ بامیەو قبوولی با منیش بە مەی تووشی زەرەر بم .

شێخ خالیدی نەقشبەندی کە لەوسەردەمەدا لە سلێمانی ژیابوو، زۆر ساڵان دوای ئەوە، چەند ساڵێك هاوکاری من بوو لە " ئیدارەی خوێندنی کوردی " لە بەغدا، دەیگێڕایەوە :

" ئێوارانە لە« یانەی فەرمانبەران » لە سلێمانی، هەروا دیتت بێکەس پەیدابوو، ئیدی کەیف و فشقیات دەستی پێدەکرد

- دەی فایق تڕ لێ بدە!

- کوا عەرەقەکەم ؟

- تۆ دەست پێ بکە عەرەقەکەشت دێ

- نا، تا نەیەت تڕ نیە، تڕی بەخۆڕاییم نیە .

ئیدی دەبوو لەپێشدا عەرەقەکەی بێ و قومێکی لێ بدا ئەوسا دەستی دەکرد بە تڕلێدان " .

چیرۆکی ئەو تڕانەی فایق بێکەس زۆرجار سەرنجی منیان زۆر راکێشاوە، بە تڕی تری کەسانی تری وەك ئەم پیاوەی ئەم چیرۆکەی فەرەنسایان بەراورد دەکەم :

دروشمی " ئازادی، یەکسانی، برایەتی "ی شۆڕشی مەزنی فەرەنسای بە رابەریی چینی ناوەندی (١٧٨٩)، ژنانێکی زۆری کێشایە کۆڕی خەباتەوەو زۆر قارەمانانە دەوری زۆرگرنگیان تێدا دیت . خۆپیشاندانی دەوری ٤٠٠٠ ژنانی پاریس کە لە سەر هەوای تەپڵێکی زۆر سامناك بە شەقامەکانی پاریسدا دەڕۆیشتن هاواری" برسێتی"یان دەکرد، - پیرەمێرد گوتەنی- سنگی خۆیان دەکردە قەڵغانی گوللە لە هەڵمەتا، کە ئالیکساندر دۆما دە رۆمانێکیدا وا جوان پیشانی دەدا، یەکێك لە نموونەکانی ئەو چالاکیانەیان بوو . شـۆڕش سـەرکـەوت و رژیمی دیکتاتۆرانی" ئـازادی، یـەکسـانی، بـرایـەتی "ی چینی نـاوەندی دامەزرا . ژنیش کە بیریان زۆرتر لای دوو وشەی یەکەم بوو ( ئـازادی، یەکسانی) پێیان وابوو کە ئیتر ئەوانیش مافی دەنگـدانیـان دەبێ ،- وەك بڵێیی-٤٠٠٠ سەتڵە ئاوی ساردیان بەسەردا کردن، ژن ؟ مافی هەڵبژاردن؟ ، ئەوە پیاوەکانی کە بیریان زۆرتر لای وشەی سێیەم (برایەتی) بوو، پتر لە سێ ملیۆن مافی دەنگ دانیان نیە، چونکە ( لە سەردەمێکدا کە ئابووری ئەوپەڕی شێواوە) بێکارن،بێکاران مافی دەنگدانیان

نیه،بۆهەڵبژاردن دەبێ داهاتی رەسمییان هەبێ و پارەی سێ رۆژی داهاتیان بدەن بە باجی بەشداربوون لەهەڵبژاردندا، و پارەی ١٥٠-٢٠٠ رۆژی داهات لە هەڵبژێراندا،کەچی وا ژنیش دێن و دەڵێن ئێمەش ! . کاتێ خانمێك ( ئۆلیمپ دو گۆگ) کەوتە رابەریی خەباتی مافی ژنان، یەك هەڵەی سیاسیی بەس بوو کە لێی بکرێ بە بەهانە و سەری بپەڕێنن (بە ژیلۆتین) - پێی وابوو کە مادام رژیمی پادشایی رووخێندراو کۆتایی هات، شەخسی پادشا بکوژرێ و نەکوژرێ شتێك نـاگۆڕێ، ئیتر کوشتنێك کە تا نەگاتە ئەوە کە پێویست بێت بۆچی ؟ . ژن هەروەك لە هێرشی رزگـارکردنی زیندانیانی باستیل دا بەشداربوون، ویستیان لە شەڕی پارێزگاریی‌نیشتمانیش لەبەرامبەرهێرشی بێگانەدا(١٧٩٢) بەشداربن، ١٥٤هەنگ(لەشکر)ی شەڕکەرانیان پێکهێنا و ویستیان بچنە جەبهەوە، کە رێیان نـەدرا . بەڵام رێگا بۆ قەحبەیی زۆر کرابۆوە، دەروازە بۆ پێکهاتنی زۆر هەنگی قەحبان لە شارەکانی فەرەنسادا لەسەر پشت کرابوونەوە . ئەوانەی کە پارەیان هەبوو پێی بچنە هەڵبژاردن ولای قەحبان و ئەو ژنانەی کە برسێتییی‌خۆیان و منداڵانیان پێویستی بە ئەو پارەیە دەکرد، بازاڕی قەحبەییان بەشێوەیەك دەبووژاندەوە کە نەتەوەی فەرەنسا پێش ئەوە بەخۆیەوە نەدیبوو . ئا لە ئـەم هەلومەرجەدا، پیاوێك لە پاریس بە هونەرێك زۆرخۆشەویست بوو : بە تڕ سروودی " مارسییێز " ی بـۆ جـەماوەر لێ دەدا، و ئـەو خـەڵکەی کە زۆر پتر لە ئەو پیاوە دەگەیشـتن تاکو لە ئەو جۆرە " ئـازادی، یـەکسانـی، بـرایـەتی"یەی چینی دەسەڵاتداری نوێ، لێی دەهاڵان و چەپڵەیان بۆ لێدەدا .

بێکەس بە چ شیعرێك هەڵوێستی خۆی لە ئەو کۆمەڵگایە دەربڕێ؟ مەگەرهەلی هەیە؟ درزێك دە ئەو هەیکەلەدا بۆ تێخزانی ئەو هەیە کە رێزێکی تێدا پەیدا بکا ؟ مرۆڤێك بە ئەو هەمووە گەوهەرە نایابەی شیعری گردانی هەستی گەلەوە پێش خۆپیشـانـدانـی جـەماوەری دەکەوێ لە دژی دەسـەڵاتی بێگانەو کۆنەپەرسـتان، هـەر چونکە هـەژارە، سنوقێکی کردووە بە بەرۆکیا جگەرەو شقارتەی تێخستووە و بۆ فرۆشتنی بە ناو شارا دەگەڕێ، بەرگی هەژارانەیە، لە دیوەخانی کوڕی پـادشـای کـوردسـتاندا، لە پاداشی خوێندنەوەی شیعریدا، لەجیاتی هەر خەڵاتێك، نۆکەران بە پـاڵەپەستۆ وەدەری دەنێن . " بـارزانی"یەك، " تـاڵەبانی"یەك، " هـەڤاڵ ستالین"ێك، سـوڵتانێك، چوار قروشـێکی پێ‌هەڵگوتنێکی دەسەڵاتێکی کورد شتێك. ... نـیـە، بەپێچەوانەوە، هەرچی بە دەوری خۆیەوە دەبینێ یان هیچی بۆ نـاکرێ یا هیچی بۆ نـاکا، کوڕی پادشاش ئاوا بۆ دڵی رەفیق چالاکێك فەرمان دەدا بە نۆکەرانی بە پـاڵەپەستۆ وەدەری دەنێن . دڵی بێکەس لێرەدا هاواری مەحوی دەکا :

چبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس خۆیشم نەگەیمە ئەو کەسەی من بکا بە کەس .

ئەو ژیانەی بێکەس بوو کە گوێی کوڕی بێکەسی ئاوەها ئاودا، تا بتوانێ " بکاتە ئەو کەسەی ئەو بکا بە کەس".
ئەوە دەرسێك بوو کە کوڕی بێکەس لە تڕی باوکی فێرببوو ... هەژار خۆزیا فێر نەدەبوو . ئـایا ئـەگەر ئێستا بێکەس بێتەوە ئەم جیهانەو کوڕەکەی ببینێ چۆن ئاڵای کوشتاری کوردە سەوزەکان لە کوردە زەردەکان هەڵدەگرێ و هانیان دەدا کە بەزەیان بە " دوژمنی زەرد" دا نەیەتەوە . ئایا ئەگەر بێکەس ئەو" گەیشتنە ئەو کەسەی کە کوڕی کردووە بە کەس "ی ئاوا بدیتایە، چیی دەگوت و چ شیعرێکی دەنووسی . ئایا دەیگوت ئۆخەی کوڕم کە بە چەند قسەی حیزو هەلەق‌مەلەق بۆ هاندانی کوشتاری سەوزو زەرد بەوە گەیشتییت کە من بەو هەمووە جەوهەرەوە پێی نـەگەیشتم ؟ و لە جیاتی برسێتیی من، تۆ وا لەسەر یەك سفرە لەگەڵ خودی زڕەمیردا گۆشتی قەلەت لە پێش دابنێن، لە ئەوقەلە بخۆی کە ئەو خۆی لێی دەخوا ،و تەنانەت بتکا بە یەکێك لە" قاپوقوللەر "ی‌کۆشکی ژنەکەی خۆی، یان دەیگوت" رۆڵە سەیر بکەو گوێ بگرە"، شەرواڵەکەی دەکردەوەو قـوونی تێدەکردو بە تـڕ سروودی : " بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میسال "ی بۆ لێدەدا ؟ ( ئەی ئـەگەر بهاتایە و بێکەس بەشی ئەوەندە بژیایە تا شتی وەکو" سەلاح بەدرە-دین "ی دیوەخانی‌عەرەفات و دکتۆر(!) فوئادحوسێنی هۆڵەندای دەدیتن چۆن کەوتوونەتە سەر ئاخوڕی دۆلاری ماڵی میری کورد ،یان کوڕی رەشی ساواك و سیاو بەعسی رابەری پارتی ئازادییە! ،دەبوو چ سروودێکی چۆن لێ بدایە؟) .
کۆمەڵگایەك کە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی ئەوەندە قێزەوەربێت کە تەنیا ئەو" باشترین شیعر"ە بتوانێ روونی بکاتەوە، کـارگەیەکە بۆ دەوڵەمەندترکردنی توانای کـۆمیدیاو مەسخەرەکردن و هاندانی دەربڕینی بە تڕلێدان لەلایەن هـەژار-یشەوە، وەك کە ئاماژەیەکی پێ کرا و دواتریش دێمەوە سەری .

دواتر، دوای نووسینی ئەم فەسڵە، چیرۆکێکم هاتەوە یاد کە لە هەژارو خەڵکی تریشم بیستووەو، کە بە هەمان شێوە لە "ڕیز"ی شاعیرانی هەژاری ئەو سەردەمە دەدوێ، ئیتر گەڕامەوە سەری :

" دەوڵەمەندێکی سلێمانی، شاعیرێکی ئەفغانی دەعوەت دەکا، وای بە باش دەزانێ شاعیرێکی کـوردیش بۆ رازاندنەوەی مەجلیسی لەگەڵ میوانیدا دەعوەت بکا. لە شێخ سەلام دەگێڕێتەوە کە بچێ ئەو جەمە لای ئەو بخوا . شێخ سەلام پێش ئەفغانیەکە دەگا. خاوەن ماڵ هەڵیدەپێچێ کە : " ئادەی سەلام لاسایی مەیموون بکەرەوانێ! " ( خۆ نان خواردن بەخۆڕایی نیە) . هەرچەندە شێخ سەلام تکاو رجا دەکا کە : " ئاخر قوربان ئەمە کەی داوایە ". خانەخوێ لەسەر داوای خۆی سوور دەبێ کە " لاسایی مەیموونی بۆ بکاتەوانێ " . خواو راستان لەو مشتومڕەدا میوان لە دەرگا دەدا و کێشە دەبڕێتەوە . میوان دێتە ژوورەوە، شێخ سـەلام رووی تێدەکاو بەگـەرمی دەستی دەگوشێ و پێی دەڵێ : " مەیموونی ئەفغانی! بەخێربێن، منیش خۆمتـان تەقدیم کەم : مەیموونی کورد! ".

## ٢٤- بە پەلەپەل بۆ بەغدا

هەژار لە چێشتی مجێوردا بەدەگمەن لەشوێنێکدا ڕۆژو مانگ و ساڵ دیاردەکا، بەڵام دەڵێ کە بە ڕووخانی کۆماری کوردستان دوو مانگ حەبس کراوە ( ل٨٤)، دوای ئەوە بەرەو سلێمانی رایکردووە ( کەواتە روو لە کۆتایی شوباتی ١٩٤٧) . لە سلێمانی شەوێك لە هوتێل بووەو دوای ئەوە چووە ماوەیەك ( چەند؟ ) لە ماڵی میرزا ڕەحمانی بانەیی ماوەتەوە ." میرزا لە نەورۆزدا بردمیە بەغدا" ( ل ١٠٠- دێڕی پێش کۆتایی)، ئەوجا ڕێك دوای ئەوە دەڵێ : ( میرزا ) " ڕۆژێك گوتی : « دەترسم لە ماڵە من بتگرن (..) با بتکەمە پەنابەری شێخ لەتیف" ( ل ١٠٠-١٠١) و ئەوەبووە چووەتە لای شێخ لەتیف . هەژارو قزڵجی لە مانگی چواردا لە بەغدا چەند ڕۆژێك (؟) لە هوتێلێك و دوای ئەوە لە " منزل السرور" ژیاون . کەواتا وەرگرتنی" پێناسی عیراقی" ( کە شێخ لەتیف بۆ هەژارو قزڵجیی جێبەجێ کردووە ( ل ١٠٧)) دیارە دەبێ دوای٣/٢١ بووبێ و حەتمەن پێش ٢٣/ ٤ بووە، چونکە هەژار دوای ئەو هەمووە هەوڵ و تەقەلایانەی لەگەڵ قزلجیدا بۆ کار لە بەغدا، ٤/٢٣ لای کەرەناچی کاری دەست کەوتووە . ئەوە بۆ من مەگەر هەر ئاوا بچێتەوە سەریەك کە هەژار لە٢١ /٣دا ئەوەندە هۆگری بەغدا بووە کە بڕیاری داوە بە زووترین کات پێناسێکی عیراقی جێ بەجێ بکاو بچێت لە بەغدا بژی . کەواتە دوورنیە چوونەکەی لای شێخ لەتیفیش هەر لەسەر داوای خۆی بووبێت بۆ پێناسو نامەیەکی راسپاردە بۆکەسێك لە بەغدا...ئیدی . هەژار لە زۆر شوێندا درۆی کردوون، زۆر شتی دیسان بە شێوەیەك رازاندوونەوە کە بەتەواوی وانەبوون، تەنانەت هەمان ڕووداوی بە دووشێوەی جیاوازی کەیەکتر ناگرنەوە باس کردووە ( بە نووسینیش، کە دواتر بە دوورودرێژی دێمە سەر باسیان)، لێرەشدا دەبێ وا بووبێ و زۆر بە ئانقەست خۆی لە هەرباسێکی ئەو چوونە بەغدایەی نەورۆزی ئەو ساڵە لادابێ . مەگەر دەکرێ جگە لە " شاردنەوە" هیچ وشەیەکی تر بۆ ئەوە هەبێ کە یەکەم دیداری بەغدای تەنیا بە ئەوەندە وشەیە ببڕێتەوە : " میرزا لە نەورۆزدا بردمیە بەغدا" و هیچی تر؟ ؛ ئەوجا کە لە بەغدا هاتووەتەوە، بەپەلە داوای پێناسەی عیراقی لە شێخ لەتیف کردووەو دوای دوو یا سێ حەفتە بۆ یەکجاری لە بەغداگیرساوەتەوە"؟. ئەوە ئەوپەڕی پەلەپەلییە بۆ چوونە بەغداو ژیان لەوێ، کە نەیویستووە لە چێشتی مجێوردا باسی بکا. بۆچی نەیویستووە؟ چی لە بەغدا هەژاری وا شێت و شەیدا کردووە؟ گرنگترین سەرێشەی ساغ کردنەوەی ڕووداوان لە چێشتی مجێوردا ئەوەیە کە هەندێك زانیاریی دەبێ بە ڕاستیی گرنگ و تەنانەت هەندێ جار زۆر گرنگ دابنرێن، لەکاتێکدا هەندێ قسەی تری هەمان سەرچاوە حەتمەن دەبێ بە درۆودەلەسە و قسەی هیچ و پووچ دابنرێن . کە نووسەرێك ڕاستیش و درۆش بڵێ، زۆریش لە هەرتکیان بڵێ، چۆن دەکرێ ڕاستی و درۆی لێك جیابکرێنەوە و چۆن بۆ خوێنەر بسەلمێندرێ کامەیان کامەیە . هەژار دەڵێ :

" قزڵجی و من هەردوکمان لەو ژیانە پەنابەریە وەڕەزببوین، بڕیارم دا دوایی پێ بێنم . شێخ گوتی :« مەڕۆ، من دو گوندت تەسلیم دەکەم، بەسەریان رابگە»

- یاشێخ تۆ دەفەرموی من دزی بکەم ؟ بۆیە نەگەیومە ئێرە . دەچمە بەغدا و کاردەکەم . " . چێشتی ل ١١٣ .

هەژار پێش ئەوە ( چێشتی ل ١٠٧ ) گوتبووی :

" قزڵجی و من لەبیرم نەماوە کێی تریش ( پێم وایە هەمزەی سڵەماناغا بو) ناوی خۆمان گۆڕی . قزڵجی ناوی « سەعیدرەحیم» و من « عەزیز قادر»م هەڵبژارد و شێخ لە ( چوارتا) پێناسی عیراقی بۆ وەرگرتین و بوینە عیراقی و ترس و لەرزمان لە گرتن بەسەرچو" .

هەژار لە مەڵبەندی سلێمانی ئەزموونی شانۆیکۆمیدیای زۆر پتر دەبێ:ماڵی شێخ لەتیف لە سلێمانی،ماڵی مەحموود بەگ لە بیبیجەك و گاڵتەی عوسمانگاموش و حاجی عەلیی بۆکانی و چوونە حەشری شام، سیتەك و زمانی کەر کە شێخ حیسامەدین زانیویە و قسەی کەری بۆ دەوروبەر وەرگێڕاوە، راوە رێوی و باوەخەلیفە و مەلاشێخ نوری و ژنە گەرمەکەی کە مارەبەجاش لە خۆی مارە کردبو و عەولا و حوکمی محە رەق و ... زۆری تر .

هەژار دێتە بەغدا، بەڵام چ بەغدایەك و چ سەرچاوەیەکی سامانی کۆمیدیا ؟ هەر لە یەکەم رۆژەکانەوە، کە لەگەڵ قزڵجی و مارمێلکەدا لە " منزل السرور" بوون :

" جیرانێکی دیوار بە دیوارمان بو بە ناوی« ساڵح ئەفەندی» پیرەمێردێکی بێکەس بو، خۆی بە خودا دەزانی . ئەوەشمان بەوەدا بۆ دەرکەوت کە هەمیشە قورعانی دەخوێند، جارجار سەرێکی بۆ بادەدا، لیچی لێ هەڵدەقرچاند، لەبەرخۆیەوە بە بۆڵە دەیگوت : « با وابێ!» . دەمان پرسی :« ها ساڵح ئەفەندی ؟» . دەیگوت :« لەبیرم نیە من وام - گوتبێ، بە غەڵەتیان نوسیوە، بەڵام دەسەڵات چیە ؟! » .

ئەزموونی کۆمیدیای هەژار هەر تەنیا لەو شارە رەنگە نیوەی هەموو ئەزموونی تەواوی ژیانی بووبێ .

دوای نەزانیی مانای عەنباری (حەمباڵی بە شێوازی کۆیی)، و سەردانی مەرقەدی غەوس و ئیمام موسا کازم لەگەڵ قزڵجی (ی کۆمـونیست! )دا بە هیوای دوعا قەبووڵکران و کاردۆزینەوە (بەگوێرەی دوو خەون کە هەژار دیتوونی، چێشتی ل١١٥-١١٧)، لە ڕێگای "یەرمیا لاوی" و" منەشێ"ی جووەوە دەکەوێتە لای کـەرەنـاچیی کونەپێـکەنین (بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە ل ٤٢-٤٧). لەگەڵ کەرەناچیدا لە مەرقەدی غەوسی گەیلانی کاری کردووە، کە مەرکەزێکی گرنگی جۆرەها چیرۆکی جنسی و بەڵام بەتایبەتی کۆمیدیا بووە بۆ هەژار. لێرە هێندێك لە بێ عەقڵیە-کانی هەژاریش کەم دەبنەوە، کە هەر باسی ئەوانە بۆخۆی سامانێکی کۆمیدیایە:

" لە موکوریان بیستبوم کە ئەگەر گۆشت بە بن سێبەری غەوسدا بڕوا ئاگر کاری لێ ناکا، بۆیە مردوان بەر لە ناشتن دەبەنە بەر سێبەری بارەگا تا ئاگری جەهەندەم نەتوانێ بیانسوتێنێ (..)

ڕۆژێك لە چاوشی شێخ، واتا کاربەدەستی بارەگام پرسی کە:

« ئایا ڕاستە گۆشت بکەوێتە بەر سێبەری مەرقەد ئاگر کاری لێ ناکا؟» .

زڕتێکی زۆر زەلامی بۆ کێشام:

- کەرە! ڕۆژێ سێ‌کێلۆ گۆشت دەکڕین و لەبەر سێبەری بارەگاوە دێتە ژوور و دەکرێتە شۆرباو و دەکوڵێندرێ! ". - چێشتی ل ١٢١ .

زۆر ڕەفتاری هەژار لە بەغدا زۆرگۆڕران، دێهاتی کە دێتە شـارو دەگۆڕێ، وا شووڵی لێ هەڵدەکێشێ کە کەم کەسی خەڵکی شـار هەن لە ڕوویان بێ ئاوا بکەن. هەژار مـەفتوونی بەغدا بوو، شێت و شەیدای ژیانی شاری گەورە بوو، - بەپێچەوانەی هێمن- ئەگەر بۆی بکرایە قەت چاوی بە دێ و بە دێهات نەدەکەوتەوە،هەر بەلای‌کوردستاندا نەدەچوو، لە بەغدای گەورەدا زۆر شتی بۆ دەکرا کە لە شوێنی بچووکدا بۆی نەدەچوونە سەر( بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، فەسڵی١١و١٢) . جگە لەوە، بەغدا بۆ ئەو هەر لە دامەزرانیەوە دە مێشك و دڵیدا بوو،لەکاتێکدا هەرچی" ستان"ی دنیاهەبوون بۆ ئەو کەمترین تامیان نەبوو . هەرچەندە خوێندەواریەکی ئـەکادیمیی نەبوو، بەڵام ئەوهەمووە چیرۆکە سەیرەی بەغدای سەردەمی پێش پتر لەهەزار ساڵی لابوون کە زۆرتر هەر" گەڵ و ئاودەست"یان تێدا مەرکەزی بوو، من نازانم لەکوێی هێنابوون. هەژار حەقەن بەخەیاڵ خەونی بە ژیانی سەردەمی ئەبونواس لە بەغدا دەدیت، هەرچەندە هەر دوو دێڕێکی شیعرێکی ئەبونواسی کردووەتە کوردی، بەڵام زۆر چیرۆکی لاهەبوون، ئەمە هەر نموونەیەك:

" جارێك زەلامێك لەبەغدا بە شیعر جنێو بە ئەبونواس دەدا، بەوخەیاڵە کە ئەبونواسیش بە شیعر وەڵامی بداتەوە، بەوە خۆی بگەیەنێتە پلەی ئـەبونواس و لەنێو خەڵکدا خۆی پێ هەڵکێشێ، بڵێ چبکەم لەبەر شەڕەجنێوم لەگەڵ ئەبونواسدا ناپەرژێمە سەر هیچ !.

ئەبونواس ئێوارەیەك لە مەیخانەیەکی کەرخی بەغدا، کە وەکو زۆربەی مەیخانەکانی ئەوسای کەرخ قەحبەخانەش دەبێ! و... پیاوەکانیش تێدا یەکتر دەگێن !، تووشی ئەو زەلامە دەبێ، دەڵێ :

ــ ئەو شیعرە کە جنێوە بە ئەبونواس شیعری تۆیە ؟

ــ بەڵێ شیعری منە

ــ دە من ئەبونواسم

ــ دە بڵێ بزانم، شیعری وەڵامی خۆت بڵێ و، با ئەم خەڵکە لێرەدا حوکم لەسەر شیعرەکانمان بدەن

ــ شیعر؟ شیعری چی ؟ جا ئەمن شیعرو میعر چووزانم؟، نا بابە، ئەوە کاری تۆیە، تۆ شاعیری، من شیعرو میعر نازانم، بەس یەك شتت پێدەڵێم : هەموو لەشم بە قوونت سەرم نەبێ !

ئیدی خەڵکی نێو مەیخانەکە هەموو بە یەك دەنگ هاواریان لێ هەڵدەستێ :

ــ جا سەرت بۆ نا ئەبونواس ؟

ــ ئاخرهەتا بە چاوی خۆم بیبینم بزانم هەموو لەشم دە قوونیدا بێ چۆن خۆی چەپ و چیر دەدا ! .

هەژار زۆر باسی ئـەبونواسی دەکرد، شێت وشەیدای بوو، نـەیدەزانی ئەو ناوە یانی چی،هەر لە قامووسێکی عارەبی وشـەی" نَوّاس" ( جۆلاتەنەی جاڵجاڵۆوکە)ی دیتبوو و ئەوەیە کە لە شوێنێکیشدا باسی دەکا ( کە لە راستیدا فری بەسەر ناوی ئەبو نواسەوە نیە! ) ، خۆ ئەگەر بیزانیایە یانی چی، لەوانەبوو لەخەودا پێی شەیتانییش بوایە ( ابو نواس لێرەدا مەبەست لەوەیە کە کەمێك لەکاکۆڵی بەسەرناوچەوانیدا شۆڕبووەتەوە،عاشقەکانی لەلاوێنیدا وایان ناوناوە) .

بەڵام هەژار زۆر چیرۆکی خەڵکی تریشی لە مێژووی کۆنی بەغدا(دیارە بە دوو عونسوریگەڵ و ئاودەست) دەگێڕانەوە، ئەمە هەر نموونەیەك : " جارێك کوڕێکی خەلیفەی بەغدایێ عاشقی کچی حەمبالێکی بازاڕی بـەغدا دەبێ، کچە حازر نابێ بە بێ هێنانی رەسمی و بوونە ژنی بەهیچ جۆرێك هیچ نێوانێکی لەگەڵدا هەبێ، کوڕی عاشق کە پێی وایە بە بێ مەعشووقەی ناژی،دەردی خۆی بە مفتی دەڵێ . مفتی،کە تەبیعی یەکێك لەگەوادەکانی ماڵی خەلیفە دەبێ!، دەست بەجێ دەستەیەکی

ریش سـپیی گەورەپیاوانی موحتەرەمی شار وە دووخۆی دەخا و ئێوارێ دەچنە ماڵی حەمباڵەکە تا کچە بۆکوڕی خەلیفە بخوازن . کە دەچن و زۆر بە مەراسیمی ڕێزوحورمە-تەوە سڵاو دەکەن، حەمباڵ هەر ناهێڵێ دابنیشن، پردەداتە گۆپاڵێك و بۆیان دەچێ : سەگی سەگبابینە!، جارێکی دیکە لێرەتان ببینم ریشتان دەخەمە قوونتانەوە، سیکتر! . مفتی و ریش سپیەکانی دێنەوە و تەواوی ڕووداویان لەگەڵ حـەمباڵدا بۆ هـەتیوی عاشق دەگێڕنەوە . کوڕ نـایەوێ دڵی مەعشووقەی بیەشێنێ و بنێرێ هـەزار شەق دە قوونی بابی هەڵدەن، ئیدی نـازانێ چ بکا . دۆستێکی کە وا خەمباری دەبینێ، لێی - دەپرسێ مەسەلە چیە، کوڕ دڵی خۆی بۆ دەکاتەوەو پێی دەڵێ . دۆستەکەی دەڵێ : نـا ، ئەوە هیچ نیە، من هەر ئەوشۆ بۆت حەل دەکەم و سبەی ژنت لا دەبێ . دۆستەکەی هەر ئەوشەوە دەچێتە بەر پەنجەرەی ماڵی حەمباڵ و بەهەموو هێزی خۆی هاواری لێ دەکا :

ــ کوڕە هـەتیوی حیزی سـەگباب، کچی تۆ مەگەر کیری لە کیری کوڕی خـەلیفەی بـاشتر دەست دەکەوێ ؟ هـەتیو ئەتۆ چۆن ئەو پیاوانەی خەلیفە بەو دەردە دەبـەی ها ؟ سەگباب !

ــ ئاخر سەگباب، بۆچی ئەوانە پیاو بوون کوڕی خەلیفە ناردبوونی یا کوڵکە بوون ؟! هەموو ریش درێژ - ریش درێژ، هێشتا دانەنیشتوون دەستیان کردووە بە قسەکردنێك کە مێشکی‌گونی بارگینمی پێ هاتۆتە خوارەوە، هەر نەمدەزانی دەیانگوت چی،بۆچی ئەگەر پیاوێکی وەکو تۆ "بـە ئـوسووڵ" ی بۆ دەناردم کە لە زمانی بگەم دەڵێ چی، ئەمن وا شێت و هـار دەبـووم وا بکەم، کـەس هـەیـە کوڕی خـەلیفە ڕەت کـاتەوە ؟ ئەتۆ بەسەرچاوم، لێت تێ دەگەم، حـەزدەکەی هەر ئێستا و نـایخەمە بەیانی، کچی بۆ دەنێرم هێندەی بـگێ هەتا تەڕایی لە لەشی دەبڕێ و مێشی پێ لە خۆ دەرناکرێ . مەگەر گەوواد هەیە کیری کوڕی خەلیفەی نەوێ ؟

کـەسانێکی زۆر لە سەردەمی ژیـانی بـەغدای هـەزار زۆر سەرنجی هەژار رادەکێشن، زۆر کاری تێدەکەن و دە دەوڵەمەندترکردنی هونەریدا دەور دەبینن، کە من لێرەدا هەوڵ دەدەم چەندنموونەیەکی کەمیان بخەمە بەرچاو .

## ٢٦- کۆمیدیای حەمەسمێڵی بێ سمێڵ

تکایە ... تکایە

ئەم فەسڵە رۆچوونێکی زۆر خەستە دە دنیای ئاودەستی هونەری هەژاری مرۆڤ و دەرویەری، یەکجار زۆر پیس و چەپەڵ و بۆگەنە، دەکرێ ببێتە هۆی هێڵنج هاتن و رشانەوە، لەبەرئەوە تکایە... تکایە ئەگەر دەزانی میزاجت بۆ شتی کارەساتی وەها دەست نادا ئەم فەسڵە مەخوێنەوەو بازی بەسەردا بدە .

زەلامێکی موکریانی لە بەغدا، کە سمێڵ و ریشی پاك - پاك دەتاشی، لای کورد زۆرتر هەر بە ناوی" حەمە سمێڵ " دەناسرا و، عارەبیش بە زمانی خۆیان هەمان شتیان پێدەگوت : " محمد ابوشوارب" . ئەوەش لە هەژارەوە بوو کە بەهۆی رووداوێکەوە وای ناونابوو .

حەمە، ئێوارانە بە دوو زەمبیل ( قەرتاڵە)ی گەورەوە دەچووە قەتاری کەرکووکەوە، زەمبیل شفتەکەباب و هێلکەی کوڵاو و نانیان تێدابوو کە خەسووی بۆی ئامادەکردبوو، لە قەتاردا لەم سەرەوە تا دەگەیشتە کەرکووك پڕی زەمبیلێکیی دەفرۆشت و لەوسەریشەوە ئەوەکەی تر . جارێکیان، خۆپیشاندەرانێکی دژی رژێمی ئەوسا ( ١٩٤٨؟) لەلایەن پۆلیسەوە راودەنرێن، دەرژێنە وێستگەی قەتاری چوونەکەرکووك کە ئەوسا لە"باب المعظم"بوو( دواتر" دار الطلبە" لەوشوێنە دروستکرا) . حەمەش،کە ئەوسا سمێڵێکی زلی هەبوو، بۆ کارەکەی خۆی لەوێ بووە، لەوە دەترسێ کە پۆلیس بەهۆی سمێڵی زلیەوە بەکۆمونیستی بزانن و بیگرن . دەچێتە ئاودەستی قەتارەوەوهەموو موویەکانی سمێڵی هەروا بەدەستی هەڵدەکێشێ،کە جێیەکەی خوێناوی دەبێ،هەردوودەستی لەسەردادەنێ تاگوایا بیشارێتەوە . پۆلیس دێنە قەتارەوەو دەرگای ئاودەستی بەزۆر پێدەکەنەوەو ئەم دیمەنە دەبینن، دەیگرن : " ها شیوعی سەگباب پێت وایە ناتناسینەوە ؟ " . هەرچەندە هاواردەکا کە کاری بە شیوعییان و بە خۆپیشاندان نەداوە، هەر بە شەق و زللە دەیبەن . بەڵام ئیتر دواتر شانسی دەبێ کە دەزانن بەهەڵەگرتوویانەو بەری دەدەن . کە حەمە بەسەرهاتی بۆ هەژار دەگێرێتەوە، هەژار لەوساوە هەر بە حەمەسمێڵ بانگی دەکاو ئیتر خەڵکی تریش ئەو ناوە وەردەگرن . هەرچەندە حەمە دوای ئەوە قەت سمێڵی نەهێشتەوە ، بەڵام ئیدی ناوەکەی تازە بەسەردا سەپا و کەم کەس دەیانزانی لەچیەوە هاتبوو .

هەژار، حەمەی پێش ئەو رووداوە ناسیوەو هاووەتاغ بوون ( پێکەوە دە یەك ژووردا ژیاون )، لە چێشتەکەیدا هەر بە " محەممەدی رەشادی"ی ناودەبا و دەڵێ کە لە رستورانی خەییامەوە ناسیویە( چێشتی ل ١٢٧ ) . لە شوێنێکدا لە

شیعریشیدا باسی کردووه ( پێش سمێڵ تاشینەکەی ) :

حەمە هەستە لە خەو بمبینە ئـەمڕۆ     زگم برسی و بە لرفەو تینە ئـەمڕۆ (..)

سـمێڵی بـابـڕت دەرخە لە لێفە     سمێڵت زەردە لووتت شینە ئـەمڕۆ

هەژار زۆر هۆگری رووحی کۆمیدیای حەمەسمێڵ بوو . حەمەسمێڵ حەرفی نەدەناسی، بەڵام بە قۆڵبڕین و حوقەبازی توانی لە هەژارێکی زۆرهەژارەوە ببێ بە دەوڵەمەندێکی زۆر دەوڵەمەندو ئیتر مەگەر ساڵێ جارێك هەژاری بدیتایە . هـەژار هـەنگاو بەهەنگاوی دەوڵەمەندبوونەکەی ئاگاداربوو و بۆمنی باس کردووە، کە هەر چیرۆکی ئەوانە بۆخۆی کەرەستەی فیلمێك یا چەند فیلمێکی زۆر جۆسەرنجە .

حەمە، ژنێکی عارەبی زمانی کچی ژنێکی تورکمانزمانی هێنابوو( خەزووری نەمابوو) ، یەکەم کوڕی ( سەمیر ) لە تەمەنی پێنج ساڵیشیدا قسەی نەدەکرد ، هەژار دەیگوت ئەو بەدبەختە سەری لێشێواوە نازانێ بەکام زمان قسەبکا . هەژار چیرۆکی زۆر سـەیری لە حەمە و ماڵی هەبوون، هەرە خۆشەکەیان لای ئەو کە زۆری پێ پێدەکەنی و پتر لە جارێك بۆ من و ژنەکەی گێڕاوەتەوە ( پێوەندی بە گەڵ و ئاودەستەوە هەبوو) ئەمە بوو :

" کە لەگەڵ حەمەدا هاووەتاغ بووم، حـەمە قـەحبەی دەهێنانەوە، دوای ئەوەی کاری خۆی لەگەڵ دەکردن، لە نێو جێگادا توند- توند پەتوی لە هەموولایەکەوە وەبن دۆشەگ دەخست، کە ئیدی ژنەکە نەیدەتوانی تێدا بجووڵێتەوە، ئەوجا بۆی تێ‌دەتسی!، ژنی بەدبەخت هاواری لێ‌هەڵدەستا، حەمە بە تست قڕبووم، پەتووەکەم لەسەر لادە، مردم، بەڵام نـەیدەهێشت ژنە کەمێك سەری لە ژێر پەتووەوە دەربهێنێ و قاقا پێدەکەنی،کەیفی‌گەورەی ئەوەبوو کە ئاوا ئەوە"میسکول خیتام!"-ی بوایەو دەیگوت خۆشترین بەشەکەی ئەو میسکەیە! .

دیارە هەژار کە شتی وەهای دەگێڕایەوە، گێڕانەوەی زۆر زیندوو بوو، لاسایی ژنەکەو چۆن بەعارەبی هاواری کردووە و ئیدی یەك شانۆی تەواوی لێ سازدەدا. بەڵام هیچ باسی خۆی لەوەدا نەدەکرد جگە لەوە کە ئەوە لەو ژوورەدا لای ئەو رووی دابوو و زۆری پێ‌پێکەنیبوو . حەمە، دۆستێکی نیزیکی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی پادشاش بوو. لە چێشتی مجێوریشدا بەشێوەیەك باسێکی نێوانیان وا هاتووە کە حەمە بە پیاوی شێخ لەتیف ناسراوە ( چێشتی ل ١٧٤) .

ئەگەر هەژار ئەمریکاییەك بوایەو وەکو بۆب هۆپی بۆ بلوایە، زۆر لەوانە بوو شانۆیەکی وەکو ئەوەی حەمەسمێڵ و ئەو قەحبانەی دە فیلمیدا هەبوونایە، کە بەوە لە هەرکۆمیدیاییەکی تری تێپەڕاندایە . من شتێکی زۆر لەوە کەمترم لە فیلمی کۆمیدیای فەرەنسیدا دیتووە، کە دووکەسی قارەمانی سەرەکی تێدا، بەهۆی خواردنی سووپ ( شـۆربا) ی

پیازاوی فەرەنسیەوە زۆر دەترن و دەنگیان دەگاتە ئەستێرەکانی ترو، ئیتر خەڵکی ئەو ئەستێرانە بە دەنگیانەوە دێن و ... ئیدی . ئەو چیرۆکەی حەمەسمێڵ کە لە ژیانیکۆمیدیای هەژاردا ئەوەندە جێ سەرنجی بوو، بەشێوەیەك لە موحیت وچێژی ئەدەبیاتی جنسیی کەسێکی وەکو" مارکیز دو ساد "یش١٧٤٠-١٨١٤( کە وشەی" سادیزم" لەوەوە هاتووە) نیزیك دەبێتەوە . من چەند دێڕێکم لە " ساد" وەرگێڕا و لێرەدا تایپیشم کرد، دوایی پێداهاتمەوە و لامدا . پیسی و قێزەوەریی ئەو دێڕانە زۆر لەوموحیت و چێژەی هەژارو حەسمێڵ لەو وەتاغەدا دەکا ( لە " ١٢٠ ساڵی سۆدۆم"، بەرگی یەکەم (نووسین ١٧٨٥)، چاپی پاریس ١٩٥٤، ل ٨٩) . هەر کە خوێندمەوە، دەست بەجێ لەبەرخۆمەوە گوتم ئەوە ئیتر دنیای راستەقینەی چێژی هەژاری مرۆڤ و حەمەسمێڵی بێ سمێڵی بابڕت دەرخە لە لێفەیە .

هەژاری بەدبەختی کە دەبوا بە پێهەڵگوتنی ستالین و ئیدریس و کرملین و مانگی دەستکردی سۆڤیەت و تەنانەت "هیندو چین و کۆریا" شوێنی خۆی لەژیاندا بکاتەوە، سەرتاسەر درۆ لەگەڵ هەمووکەس و هەموو جیهان و هەمووی خۆیدا، لە بەرامبەر سادێکدا کە لەسەداسەد راستگۆ لە دەربڕینی بیرو چێژی خۆیدا، کە لە سەر ئەوە بە ساڵان زیندانیی کێشاوە، تەنانەت لەوەدا باکی بە ناپلیۆنیش نەبووەو کتێبێکی جنسیی بە شێوەی خۆی هەر بە ناوی " جۆزەفین"ی ئەڤین و ژنی ناپلیۆن نووسیوەو لەسەرئەوە چووەتە زیندانەوەو لە زیندانیشدا درێژەی بە نووسین داوە . هەژاری تەرەغەیی، تەبیعی ئەو شەهامەت و ئازاییەی سادی نەبوو، بەرهەمی کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی و ئەدەبیاتی پێهەڵگوتنی دیوەخانان بوو، جورئەتی" خۆبوون"ی ژیانی سادی پاریسی نەبوو . بەڵام ئەگەر هەژار بە ئەو هەمان چێژو توانایەی لەسەدەی بیستدا ئەوروپایی یا ئەمریکایی بوایە، مەسەلە جیاوازدەبوو،تەنانەت دەکرا هەڵبگەڕێتەوە، ئەوسا نانی دەکەوتە ئەوەوە چۆن قسە بە ناوداران و دەسەڵاتداران بڵێ (و بەشێوەی ساد تەنانەت ژنەکانیشیان تێوە- بگلێنێ ) لەجیاتی ئەوە کە پێیان هەڵبڵێ، کە من دواتر لە بەشی سیاسیی ژیانی هەژاردا دێمەوە سەر ئەو باسە .

کێ دەڵێ هەژار مەدرەسەیەکی نوێیکۆمیدیای لە رۆژئاوا بنیات نەدەنا . تۆ بەراوردی چەندین شێوەی کۆمیدیا بکە، ئەوەی تۆم کووپەر بە فێسی بەسەریەوە دەیکرد، ئەوە هەر هی ئەوبوو و لە هەموو کەسێکی تری دنیای کۆمیدیای جیا دەکردەوە، ئێستا میستەر بین لە ئینگلستان، کاتی خۆی لۆرێل وهاردی لە ئەمریکاو زۆرانی دی . هەریەکە و کەسایەتیی سەربەخۆ و تایبەتی خۆی هەیە و لە کەسانی تری کۆمیدیای جیادەکاتەوە . هەژار، لە کۆمیدیادا لە هەڵکەوتووترین کۆمیدیایی( بەتایبەتی کابارێتی، بەڵام بەشێوەی تریش) کەمتر نەبوو . داخی گرانی هەژاری کوردی بەدبەخت کە دەبوو بە بەزەو عەدلی رەفیق استالین و پاکژیی ئیدریسی بارزانی هەڵبڵێ تا لە رێی پێهەڵگوتنی ئەوانەوە ناوێك لە مێژوودا بۆخۆی تۆماربکا . بەدبەخت ئەو و، لەو بەدبەختتر منی رۆمانتیکی میزاج پڕتەقاڵی کە

ئەم هەمووە چەپەڵكاریەم بۆ لێكۆڵینەوە بە میرات لە ئەم باوكە گەورەپیاوەوە بەسەردا رژاوە . منێكی كە حەزم دەكرد لە دنیای رەنگاو رەنگی ئەڤین و جوانیی تەبیعەت و ئەدەبیاتی بەرزی رۆشنبیرانی مرۆڤایەتی و ئەزموونی شۆڕشانی مەزن و بۆنیگوڵزارو دەنگی بولبولی نزار دەرنەچم، ئاوا میراتی تۆژینیهەژاری باوك و حەمەسمێڵی بێسمێڵی هەڤاڵیم پێببڕێ تا ئەدەبیاتی قوون و غازاتی ئەو رێڕەوەی هونەرەیان لە ساد بۆ سەیرو بەراوردبكەم .

ڕۆژێکی هاوینی ١٩٧٣، من و مەلاشکور، بە شەقامی ڕەشیدی بەغدادا دەڕۆیشتین، مەلاشکور لە ڕێگا باسێکی سایکۆلۆجیی‌کردەوە، باسی ئەوەی زۆر شت هەن ئێمە بە" ڕێکەوت"یان تێ‌دەگەین بەڵام تەفسیری سایکۆلۆجی بۆ ئەوانە جیاوازە، دوای ئەوە گەڕایەوە سەر باسی‌کەسانێکی دەوروبەرو، ناوی" وەستاترە" شی هێنا . هەمووی پێم وایە دوو دەقیقەی پێ‌نەچووبوو تووشمان بوو بە تووشی وەستاترەوە، مەلاشکورگوتی : " ئەهـ ، بۆ ئەوە دەڵێی چی ؟، من هەر ئێستا ناوی ئەم پیاوەم برد و ئەوەتا پەیدابوو، ئەوە ڕێکەوتە ؟ "، ئەوجا ڕووی کردە ئەوپیاوە و گوتی : " ئەرێ وەستا برایم کوا ئێستا ترەکانت نەماون ؟ ". وەستا خێسەیەکی لە من کردوگوتی : " باوگ، بۆچ هەر من ترم لێ - ئەدا ؟ "، کە تەبیعی مەبەستی لە هەژار بوو، ئەوجا نازانم کە ئەویش ئەوسا کۆمیدیاکەی چووبووە قۆناغێکی ترەوە ( بڵێین هەر سەرۆکایەتیەکەی مابوو ) یا چی، من ئیتر لێی بێ ئاگابووم و، دەمزانی کە هەژاریش ئیدی کاری پێ‌نەمابوو و پتر لە دەساڵ بوو کە بەتەواوی لێی دوورکەوتبۆوەو بەهیچ جۆرێك نەیدەدی و هیچ ئاگایەکی لێ نەبوو .

هەژار، لە ڕێی " کەرەناچی"یەوە، ئەو وەستایەی ناسیبوو، لە چێشتی مجێوردا ( ل١٧٤-١٧٥) شتێك لە ژیانی دەگێڕێتەوە . وەستا، بەگوێرەی ئەوە، " گەردالی" ناوێکی تیلەکۆیی بوو، کەوتبووە بەغداوە و لەوێ ناوی کردبوو بە برایم، دووکانی وێنەگریی هەبوو. وەستاهەمیشە هەوڵی داوە کار بۆ هەژار بدۆزێتەوەو لەدواییدا هەرلای خۆی کاری پێ‌دەکا( چێشتی ل ١٣٥، ١٧٣-١٧٤) . وەستا بۆخۆی پیاوێکی نەرم و بەگشتی دۆستانە بوو ،بەڵام هەتابڵێی سادەو ساویلکە بوو و خۆی بە سەرۆکێك لە سەرۆکەکانی کورد دەزانی، دەیگوت :" باوگ، من زەعیم گش فەیلیەکانم " . خۆشترین شتیش لای ئەو بریتی بوو لە ترلێدان، دەیگوت کەسی وەکو من بۆ ترلێدان نیە،کەی بمەوێ و چەندم بوێ و چۆنم بوێ ئەتوانم تر لێ‌بدەم . کە هەژار چووە دووکانەکەی،تێی‌گەیاندکە : نەخێر ئەو قارەمانیە هەر نی تۆ نیە، منیش هەم، ئیتر ملانێ بوو لەسەر تر، خەڵکی تریش کە بەسەر ئەو ملانێیەدا دەهاتن، وادەبوو حیرسی ڕەقابەت دەیگرتن، ئەوانیش بەشداردەبوون، کە یەکێك لەوانە زەبیحی بوو . هەژار ئەوسا نازناوی" وەستاترە"ی دا بە وەستابرایم و ئیتر زۆر کورد هەر بەو ناوەیان ناودەبرد . هەژار لەو دووکانە بوو کە قالقالی و جەلال بێتوشی و عومەرهەڵمەت و چەند کەسێکی تریشی ناسین .

جارێك، هەژار دەیەوێ لەگەڵ جەلال بێتوشی‌دا دووکانێکی وێنەگری دابنێ . شوێنێك بۆ ئەوە کەمێك لەولاوەی دووکانی وەستا دەبینێتەوە،کە وەستاترە بۆ سەرمایە ٩٠ دیناریان بەقەرز بداتێ، بەڵام ئیتر وەستا بە بێ ڕازی بوونی ژنەکەی نەیدەوێرا ئەوە بکا، دەڵێ : " باوگ، باشە بە مەلەك بێژم و خەبەرت پێ ئەدەم" . مەلەك ( ژنی وەستا) زۆر

رقی لە کوردی هەرێمی رۆژهەڵات بوو، وادەبوو لەسەر بچووکترین شت دەستی دەدا تێلاییەك و بـەردەبووە گیانی وەستاترە و، بەدەم تێهەڵدان و دارکاری کردنەوە جنێوی پێدەدا : " گوو وە قەور باوك- باوك گش ئێرانیەکان ! " .

ئیتر ئێستا کە یەکێك لە " گش ئێرانیەکان" بیەوێ دووکانی وێنەگری لە نیزیکی دووکانی وێنەگریی" مێردە گش ئێرانیەکانی" دابنێ شتێك نەبوو کە بتوانێ قەبووڵی بکا . وەستاترە دێتەوە بە هەژار دەڵێ :

ـ باوگ، باشە، تۆ سەد کراست هەیە ؟ ئەگەر هەیتە باشە

ـ کراسی چی وەستا ؟ خۆ من دووکانی کراس فرۆشتن دانانێم، من دەمەوێ لەگەڵ جەلالدا ستودیۆیەکی عەکاسی دابنێین .

ـ باوگ، ئەزانم، بـەڵام ئەو شوێنە کە تۆ گەرەکتە ستودیۆ لێ دابنێیت، نزیگ بـازارە، پڕیە لە حەماڵ فەیلی، ئەمانە هەمیشە شەڕئەکەن، کە تۆ ئەچیت لێکیان ئەکەیتۆ کراسەکەت ئەدڕێ، ئیتر ئەبێت زۆرکراست هەبێت تا زوو- زوو کراسەکەت بگۆڕیت، خۆ نابێت هەروا بە کراس دڕیاوەوە بێنیتۆ !

دواتر، سەید رەسووڵی بابی گەورە ( یەکێك لە رابەرانی حیزبی دیموکراتیکوردستان و نیزیکانی هـەژار، مرۆڤێکی سەرسەری و جاشی بەعسیەکانی بەغدا، ئێستا گۆڕبەگۆڕ) ئەوەی لە هەژار بیستبوو، ماوەیەکی زۆر بەوەیەوە گرتبوو و تووشی هەرکەسێك دەبوو لەجیاتی مەرحەبا بە پێکەنینەوە پێی دەگوت : " سەد کراست هەیە ؟ " .

" والآن آيات من الذكر الحكيم يتلوها علينا سماحة الشيخ القلقالي : اعوذ بالله من الشيطان الرجيييييييييم بسم الله الرحمن الرحيييييييييييم ... "

ئەوە سەردەمێك بەلای کەم حەفتەی جارێك لە رادیۆی عارەبیی بەغداوە دەبیسترا ، کە سەماحەتی " الشيخ القلقالي " قورئانی خوێندووە . وادەزانم ناوی یەکەمی شێخ " سەعید " بوو ، بەڵام کورد هەر دەیانگوت " قالقالی " . هەژار ئەو شێخەی لە دووکانی " وەستاترە " دەدیت ، بەڵام شێخ چ شێخ ؟ هەژار دەیگوت " هەتیوی لەو قالقالیە قسەخۆشترو سەرسەریترو بێناموسترنەبووەو نیەو نابێتەوە " . داخی گرانی ئەویش ، وەك کە هەژار دەبوو بە پێهەڵگوتنی " بژی ایستالین و خۆش بێ لینین " و " بۆتە برام کەریم قاسم " و " تۆمان هەبێ بەسمانی " و " ئیدریس... وریاو پاکژ و لەکارزان " جێی خۆی بکاتەوە ، ئەم کۆمیدیاییەش دەبوو بە " من آيات الذكر الحكيم : اعوذ بالله من الشيطان الرجيم بسم الله الرحمن الرحيم... " نانێك پەیدابکا ، لەکاتێکدا کە تەنانەت لەهەژاریش هونەرمەندتر بوو .

هەژار ، وا ناسرابوو کە لەگاڵتەوگەپدا هەمیشە یەکەم بوو ، دەبوو کۆڕ هەموو روو دە ئەو بکاو گوێ لە قسەی سەیری ئەو بگرێ و پێبکەنێ ، بەڵام ئەوەندەی من بزانم ، تاقە یەك دانە کەس هەبووە کە توانیویە لەوەدا هەژار بەزێنێ بدا ، ئەویش ئەم سەماحەتەی " اعوذ بالله من الشيطان الرجيم بسم الله الرحمن الرحيم ... " بوو . کە سەماحەت لە مەجلیس بوایە ، هەژاریش ، وەك خەڵکەکەی تر ، یەکێك بوو لە تماشاکەران و گوێگران لە گاڵتەوگەپی سەماحەت .

" سماحة الشيخ القلقالي " ئەوەندە هونەرمەند بوو کە ئەگەر شتی زۆر ئاساییشی بگوتایە ، بەشێوەیەکی وەهای ئەدا دەکرد کە گوێگرانی بە بێ پشوو لە جەزبەی پێکەنیندا دەهێشتەوە . وەك جارێك کەسێك پێی گوت " باشە قالقالی ، ئەگەر رۆژێك کاری ئەم قورئان خوێندنەت نەمێنێ چی ئەکەی ، خۆ تۆ نە سەنعەتێکت هەیەو نە تەرەماش ، بە چی ئەژی ؟ " ؛ ئیتر ئەمە بۆ قالقالی بەس بوو کە یەك شانۆ سازبدا :

" ئێیچم لەندەن ، لە کۆڵانەکانا ئێیگەرێم لەبلەبی ( نۆکی کوڵاو ) ئێیفرۆشم ، هاوار ئێیکەم لەبلەبی نخوود ! ، منالێ ئینگلیز گش تازە لە خەو هەستیاگن دەم چاویان وە چەشن چەوەنەر سووربووگە ، چاویان هەڵمساگە ، ئێژن ئامی کالکالی ئابولابلابی نکوود ! با ئاشارا فلووس لابلابی ! ... "

شێوەی ئەدای ئەوەندە پێکەنینهێن بوو ، هونەری دەوروبەر ئەوەدەبوو لە پێکەنینا بەخۆدا نەمیزن ! . هەژار زۆر ساڵیش دوای ئەوە کە ئەوەی دەگێرایەوە ، بۆخۆی هیستیرای پێکەنین دەیگرت و ، بە دەوروبەری دەگوت جاچبکەم قالقالیی سەرسەری لێرە نیە ئەدای بکا تا ئێوەش وەکو من پێی پێبکەنن ، من وەکو ئەوم بۆ ناکرێ ، کەس وەکو

ئەوی بۆ ناکرێ، هەر یەك قالقالی لەدنیادا هەیە .

سەماحەت، هەروا لەبەرخۆیەوەو دەست بەجێ چیرۆکێکی شانۆگەریی دروست دەکردو هەرخۆی بە چەند دەنگی جیاواز پێشکەشی دەکرد . گەورەپیاوانی ئاینیی بەغدای ئەوسا، کە ئەو لە رێی قورئان خوێندنەکەیەوە نێوانی لەگەڵ پەیداکردبوون، دە شانۆکانیدا دەبوون، بەڵام زۆرتر وابوو دەوری سەرەکیی دوو قارەمانی دەدا بە باوکی خۆی و بە مامکەریم( زرخەزووری وەستاتره). وادەبوو لە مەیدانی"الکشّافه"ی بەغدا یارییتۆپی پێیی پێدەکردن،کە زۆرتر وابوو باوکی خۆی دەکردە گۆڵچیی لایەك و مام کەریم دەبوو بە هێرشبەری تیمەکەی تر ( مفتی حەکەم بوو) . گۆڵێك لە باوکی دەکرا ، هاتوهاواری "الله اکبر" و " الحمدلله" و...ئیدی بەرزدەبۆوە : " لقد گَوَّلْنا ! " ( گۆڵمان کرد)، بەڵام لێرەدا "اعتراض شرعي" دەکرا "، دەبوو سەرەتا قامووس بێنن بزانن " گَوَلَ یَگَوِلُ گَوْلاً" لە" لوغەت" دا چیە، ئەوجا ئایا لە کاتی" گَوْلْ "دا " حالة الوضوء"ی ئەو مسوڵمانەی کە" گَوْلْ "ی کردووە بەگوێرەی فیقهی شافیعی قەبووڵە یان نا"...ئیدی ئەوە دەکرا بە سەعات بخایەنێ تا لەکۆتاییدا هەموو بەردەبنەگیانی یەکترو چی بە ریشی یەکتردەکەن .

لە یەکێك لەو شانۆیانەدا ، مام کەریم دەچێتە حەمام، سابووناو بە دەموچاویەوە دەبێ، لفکە لە دەستی دەکەوێ، دەست بۆ گونی زەلامێك دەباو دەیکێشێ، وادەزانێ لفکەکەیەتی، زەلام هاواری لێهەڵدەستێ، مام کەریم کە عارەبیەکی زۆر پەرپووت دەزانێ لێی تێناگا، هەر زەلامی عارەب هاواری گونی خۆی دەکاو هەر مامکەریم دەیکێشێ و هاواردەکا :

ـ وەلەك هازا لیفە مالی ! ( هەتیوە، ئەمە لفکەی منە ) .

هەژار لە " چێشتی مجێور ل١٧٦"دا، ئەم چیرۆکی حەمامەی زۆر دەستکاریکردووە، چیرۆکەکەی بەناوی خۆیەوەو بە رووداوێکی راستەقینەی ژیانی مامکەریم باسکردووەو ناوی قالقالیی هەربەهیچ جۆرێك دەکتێبەکەیدا نەهێناوە .

هەژار بۆچی وایکردووە ؟

ئایا کۆمیدیاییەکانیش وەکو شاعیران دزی لە یەکتر دەکەن ؟ وادیارە بەڵێ دەیکەن، بۆچی نا ؟ بۆچی شاعیران بەرهەمی یەکتر بدزن و کۆمیدیاییانی شانۆ و کاباریێ وا ناکەن ؟

بەڵام تۆ بڵێی وابێ ؟ هەژار بە هۆشی ئاگادارانە ئەو کارەی کردبێ، یا " هۆشی نائاگا" ( subconscious شارراوە/ لاشعور) ی هەژار ئەو کارەی پێ بەئەنجام دابێ ؟

تۆ بڵێی هەژار لەژێر تەئسیری ئەو قالقالییەی لە کۆمیدیادا بەتواناتر، ئارەزوویکردبێ کە ئەو بوایە، نەك قالقالی،

کە ئەو چیرۆکی شانۆیەی دروست کردووە، ئارەزووەکەی لەدواییدا قالقالیی وەلانابێ و - بەڕاستی - لێی بووبێ بە چیرۆکێکی راستەقینەی کە خۆی ئاگاداری بووەو ئیتر نە قالقالی و نە مالمالی ؟

ئەوە کە هەژار لە هـیچ کوێی کتێبەکەیدا ناوی قالقالی نـەهێناوە، لەکاتێکدا کە ئەوەندە لە ژێر تەئسیریدا بووە، بیر زۆرتر بەلای ئەوەدا دەبا کە بە ئانقەست و، بۆ " شـاردنەوەی هەرگرنگیەکی ئەو کەسەی لەخۆی گرنگتر"، ئەو کارەی کردبێ . تۆ بڵێی بە هیچ جۆرێك ناونەبردنی خەییام"یش ( بڕوانە فەسڵی ١٤ی بەشی یـەکەمی ئەم کتێبە) هـەر ئەوە بێت کە رادەی ئێرەیی هەژار بە هونەری خەییام بووبێتە هۆی ئیعدامکرانی ناوی لە نووسینیدا ؟

مەگەرهەر ئەو ئێـرەیی پێ بردنە بێ بووبێتە هۆی ئەوە کە بەرهەمی قالقالی، بەم شێوەیە، بە بێ هیچ ناوهێنانێکی قالقالی، لێرەدا بڵاوبووبێتەوە، ئـەوەش دەکـرێ بە " هـۆشی ئـاگـا"وە بووبێ و، دەشـکرێ " هـۆشی نـائـاگـا " ئەوەی کردبێ .

## ٢٩- چۆن من بووم به قەسابێکی عەرەبی حەڵەبی !

یەکێك لەو بیرەوەریانەی منداڵیم،کە هەمیشە زیندوو ماونەوە : دەوری سەعات یازدەی سەرلەبەیانیی١٩٥٨/٧/١٤، لە دێی" تربەسپی" لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستانی ژێردەستی سووریا( کە هەژار لە" بۆکوردستان"دا ناوە عارەبیەکەی بەکاردەهێنێ ( قبورالبیض) )، دوای تەواوکردنی دەرسێکی موعەللەقەی" زُهَیر بن ابی سُلمی" لای هەژار، بۆ چوونە یاری لەگەڵ هەڤاڵەکانمدا لە ماڵ دەرچووم، سەیرمکرد دنیا ورووژابوو، خەڵك رایاندەکردو بانگی یەکتریان دەکردو باسی بەغداو مەلیك و سەورە( شۆڕش) یان دەکرد و، یەکەم هەڤاڵی کە تووشی بووم( ئەحمەدۆیکوڕی نایف)، پێی‌گوتم کە لەعیراق سەورە روویداوەو مەلیك کوژراوە . ئیتر منیش بە راکردن گەڕامەوەو دەنگوباسم بۆ هەژار هێنا. هەژار، وەك هەمیشە، بە پیشاندانی روویەکی ئەوپەڕی ئاگاداریەوە لە بەرامبەر ئەو خەڵکە گێژو وێژوکەرەدا و بە پێکەنینی مەسخەرەکردنەوە گوتی : کوڕە رۆڵە، خەڵك حوبارایەکن لەو دەشتە !، نە سەورەو نە مەورەو نە ترەماش، مەلیك ئەوڕۆ دەچێتە تورکیا، ئیدی ئەوەیان لێ بووە بە سەورە . ژنی هەژار گوتی : " دە رادیۆکە بکەوە، چ دەبێ " . هەژار رادیۆی کردەوە، لەسەر بەغدا بوو، موسیقای مارشی سەربازی بوو . هەژار ئەوەندەی دی لە سەر مەسخەرە کردنەکەی خۆی رۆیشت، کە فەرموو ئەوە هەمووی مەراسیمی بەڕێ‌کردنی مەلیکە کە دەچێتە تورکیا. لە پڕ مارش وەستا و بوو بە " هنا اذاعة الجمهورية العراقية في بغداد " . بەبیستنی وشەی " الجمهوریه"، دەموچاوی هەژار چەند رەنگی گۆڕی، لەپێشدا هێندێك مات و سەرسام و بێ‌دەنگ بوو، ئەوجا زۆر لەپڕێکدا، وەك وەبیری هاتبێتەوە کە شتێکی لە سەر ئاگر داناوە و لەبیری چووەو ئەگەر زوو فریای نەکەوێ لەوانەیە ماڵ ئاگری تێ‌بەربێ!، هەستایە سەرپێ و... دەستی کرد بە قوونبادان . ئەوە یەکەم جارو دواجار بووە کە من لە ژیانی خۆمدا هەژارم دیوە ئاوا بیەوێ لاسای سامیە جەمال بکاتەوە . ئەوە شتێك نیە کە قەت لەبیر بچێتەوە .

ئەمەش گێڕانەوەی هەژاری ئەو رووداوە لە " چێشتی مجێور"دا :

" (...) شەو رادیۆ خەبەری دا کە سبەی نوری سەعیدو مەلیك دەچنە تورکیە . بەیانی مەعسوم گوتی : بۆ رادیۆ ناکەیەوە؟

ــ رادیۆی چی؟ ئەو سەگبابانە دەچنە تورکیە داخوا چداوێك بۆ کورد دەنێنەوە .

کردمەوە موزیکی مارش بو، بەستم .

ــ ها نەمگوت ؟ ئەوە خەریکن دەفڕن .

قەسابێکی عەبدۆ ناو، عەرەبی حەڵەبی کە سی ساڵێك بو لە تربەسپی قەسابی دەکردو کوردیش باش فێر

ببو، لە حەسار وەژورکەوت و بە لرفە و هەڵپەوە پیلی کێشام :

ــ وەرە برەقسین! مەلیك و نوری سەعید کوژراون و کودەتا کراوە .

رادیۆ دەکەمەوە، راستە . قەدەرێك دەگەڵ عەبدۆ رەقسیم (...) " . (چێشتی مجێور ل ٢٧٩) .

چەندی بە چەندی ؟ دیارە گێڕانەوەکەی من و ئەم گێڕانەوەیەی هەژار هەمان یەك شت نین . حەقەن و بە ئەوپەڕی دڵنیاییەوە، من دەتوانم بڵێم کە قەت ناوی من" عەبدۆ " نەبووە، قەت " قەساب" نەبووم، قەت عەرەب نەبووم، قەت خەڵکی حەڵەب نەبووم، قەتیش لەگەڵ هەژاردا نەرەقسیوم . " قەسابێکی عەبدۆ ناوی عەرەبی حەڵەبی" لە تربەسپیەهەبوو، بەڵێ، هەژار دەیگوت کە ئەوە پیاوی موخابەراتی حکومەتی سووریایە . من نازانم ماڵی ئەو قەسابە لە کوێ بوو، بەڵام بە هیچ جۆرێك لەو بەرەی دێ نەبوو کە ماڵی هەژاری لێبوو، قەت و بەهیچ جۆرێك تاقە یەك جاریش سەری بە ماڵی هەژاردا نەکردووە، هەر هیچ مناسبەکیان لەنێواندا نەبوو، مەگەر ئەوە کە هەژار بۆ گۆشت کڕین خۆی چووبێتە دووکانی یا منی ناردبێ کە گۆشتی لێبکڕم . ئەوەی هەژار دەیڵێ، بە پێوانەی بابەتی، تەبیعی کەمەکێك راستی و" زۆرێك درۆ" ی تێدایە؛ بەڵام بە هەستی شەخسیی هەژار خۆی، چۆن بووە ؟ ئایا زانیویە کە چیرۆکێکی خەیاڵی هەڵدەبەستێ یا ئەو چیرۆکەی خۆی پێ حەقیقەت بووە ؟ و لە هەردوو باردا چۆن وا پێکهاتووە ؟ مرۆڤ کە بڕوا بە خەیاڵێك دەهێنێ و دە مێشکیدا دەچەقێ، بۆ ئەو لە هەر راستیەکی بابەتی گرنگترو راستترو بەڵام زۆر وادەبێ کە - بە تایبەتی- زۆر" پیرۆز" تر دەبێ . دیسان ئەوە مام کەریم، کە هەژار ماوەیەك هاووەتاغی بووە :

" شەوێك (مام کەریم) لێی پرسیم :

ــ باران چۆن ئەبارێ ؟ ئێژن لە بەحرەوە ئاو هەڵ ئەمژێ ،

خۆم لێ کرد بە پسپۆڕو باسی باران بارینم بۆ کرد (...)

ــ هەی گوی وەقەور باوك ئەو کەسە ئەمەی وتوە! (...) مەلایەکەتێکی وەقای ( بەگەورەیی ئەوەندەی ) مێشوولە، وە قامچی هەورەکان پێش خۆی ئەدا، وەك گاگەل ئەیانباتە سەر بەحر . هێندە ئاوئەخۆنەوە تا ورگیان ئەماسێ . ئەیانهێرێتۆ، وە قامچی لێیان ئەدا کە بوارن . تۆ نازانی هەورەتریشقە چیە ؟ قامچی مەلایکە مێشولەکەیە! .

ــ بەڵێ با وابێ ! " ( چێشتی مجێور ل ١٧٦)

بەڵگەی مام کەریم بۆ ئەو قسەیەی بریتیە لەوە کە دەڵێ " من لە مەلام شنەفتگە لە قورحانا ئێژێ " کە وەهایە . ئیتر ئەمە شتێك نیە کە بتوانێ گومانی لێ بکا . مەلا بۆ مامکەریمی نەخوێندەوار سەرچاوەی ئەنسیکلۆپیدیای خودایی‌یەو

روون کردنەوەی هەموو قسەکانی یەزدانی پاکی تێدایە . هەژاریش لە ئەنسیکلۆپیدیای زانایانی ئاینیی موکوریان زۆر شت فێربووە، بەڤوونە کە" ئەگەر گۆشت بە بن سێبەری غەوسدا بڕوا ئاگر کاری لێ ناکا، بۆیە مردوان بەر لە ناشتن دەبەنە بەر سێبەری بارەگا تا ئاگری جەهەندەم نەتوانێ بیانسوتێنێ (...) " . هەژار دوای ئەوەش کە گۆشتی " ئاگر کار لێ‌کردوو"یشی لەوێ دیتووە، لە ئاشپەزخانەی غەوس لێنراوە و هەژار خۆی لە بەردەمی خەڵکی داناوەو بۆخۆشی لێی خواردووە، جا ئەوجا پرسیاری ئەوەی کردووە کە ئایا ئەوە راستە ؟ ( بڕوانە ل١٤٥ی ئەم کتێبە) .

هەژار لە موکوریان زۆر زانیاریی تریشی وەدەست هێناوە، کاتێك دواتر (ساڵی ١٩٤٨) دەچێتە نەجەف لەوێ :

" لە کابرای خاوەن ئوتێلم پرسی :« لە وڵاتی ئێمە دەڵێن ئیمام (عەلی) لە سەرەمەرگدا فەرمویە مەمنێژن تا دێن دەمبەن . عارەبێك بە وشترێکی سپی چاوڕەشەوە هاتوە تەرمی بردوەو کەس نازانێ لەکوێیە » ،

کابرا پێکەنی گوتی :« ببەخشە دیارە لە وڵاتی کەرانەوە هاتوی! (...) » " (چێشتی ل ١٣٧) .

بە ملیۆنان مرۆڤی سەر رووی ئەم ئەستێرەی زەویە، بە جۆرەها ئەنسیکلۆپیدیای لەو بابەتانە دەژین و- لەوەش گرنگتر - لە رێی ئەوانەدا دەمرن و ئەولادیشیان بە قوربان دەکەن و ئامادەن بە بێ سنوور مرۆڤ و حەیوان و شتی سەر گۆی زەوی لە پێناوی عەقیدەیاندا تەفروتوونا بکەن .

بەڵام ئەی ئەم باسەی تری مام کەریم کە گوتوویە :

" ئەم ساڵانە کە من لە خانەقین بووم، زاڵ لە ماڵ سیمرخ لە جەوەڵ قاف ئەژیا . خەوەریان هاورد کە عەمری خوای بەجێ هێناوە . ئێمەش لە مزگەفتا تازیەت باریمان دانا و فاتحامان بۆ خوێند ! " .

( چێشتی مجێور ل ١٧٦)

تۆ بڵێی ئەویش هەر مەلا پێی کردبێ ؟ .

ئەی ئەمە چی ؟ :

" مام کەریم بە نەخۆشی بردبویانە بیمارستانی دەوڵەتی . سەرم دا .

ــ ها مامە چۆنی ؟

ــ عەزیزگیان باشم، بەڵام شەوانە مەلایکەتان دەس دە گونم وەردەدەن ! ( هەمان سەرچاوە) .

ئەمەیان قسەی مەلا نەبووە، خەیاڵی مام کەریم خۆی بووە، کە مەلایکەتیشی نەدیتوون، هەر هەستی بەوەکردووە کە دەست دە گونی وەردەدەن و،کە کەسیش دیارنەبێت، مەگەر نەتیجەگیریی"مەنتیقی!"هەر ئەوەبێت کە مەلایکەت بوون ، ویستوویانە گاڵتە بە شتێك بکەن و ئیتر گاڵتەی لە دەست تێوەردانی گونی مام کەریمیان خۆشتر بە بیردا

نەهاتووە . ئەوە کەهەژار منی لێرەدا بەو قەسابە عەرەبە حەڵەبیە گۆڕیوەتەوە،دیارە هیچ کارێکی بە" ئەنسیکلۆپیدیای خودایی" نەداوە، دەکرێ وەهم بێ . دەکرێ خەیاڵی زۆر بە ئاسمانی چیرۆکی وەهای کابارێتیدا فڕیبێ کە نەیتوانیبێ لە بیری زۆر خۆشی ئەو" ڕەقسینە" لەگەڵ ئەو قەسابە عەرەبە حەڵەبییەدا لە دێیەکی جزیر ڕزگاری ببێ . خەیاڵیش دنیای تایبەتی خۆی هەیە . ڕەنگە لێرەدا هێندێك لە خەیاڵی مەجلیسی فاتیحای زاڵ نزیك بێتەوە،کە مام کەریم تێدا بەشداربووە . ئەوە کە بیری مام کەریم بە زاڵ و سیمرخ و جەوەڵ قافەوە داگیرابێ شتێکە پیاو بە هاسانی دەتوانێ تێی بگا، ئێ مایەوە هەرئەوەندە جارێك چووبێتە سەرەخۆشیەك و دوایی لەبیری چووبێتەوە سەرەخۆشیی کێ بووە، ئیتر لەسەداسەد لای بووە بە زاڵ و بەوشێوەیە کە خەیاڵی ڕووداوەکەی ڕازاندۆتەوە. هەژاریش،کە لە بیرەوەریی ژیانی لە تربەسپی، بیری بە زۆر شتی ئەوساوە خەریك بووە، بەڵام ئیتر هێندێك شتیشی دەبیردا نەماون، بەتایبەتی لەکاتی نووسینی ئەو چێشتی مجێورەیدا کە یەکجار زۆر ڕقی لە من بووە ( لە شوێنی خۆیدا باسی دێ ) ، بەو جۆرە " هۆشی نائاگا" منی لە " هۆشی ئاگا" سڕیوەتەوەو ئەو شوێنە بە بەتاڵایی ماوەتەوە، هەر ئەو" هۆشی نائاگا"یە لە کەسێك گەڕاوە کە ئەو جێیەی پێ پڕبکاتەوە، لێرەدا کەسێکی"یەدەک"ـی لەو دێیەدا لە ئەو قەسابە عەرەبە حەڵەبییە باشتری بەدەستەوە نەهاتووە کە ئەوەی بۆ پێکبهێنێ .

بەڵام دیسان، ئەگەر هەژار خۆی ئێستا بمابایە، لەوانەبوو بڵێ " کوڕە نەوەڵڵا ئەوە نە فڵتەفڵت و نەعیلمی نەتڕی !، وام پێ خۆشتر بووە کە وای بڵێم و تەواو!" و، حەقەن دەست بەجێ یەك چیرۆکی پێکەنینیشی حازروبزر بەدەستەوە دەبوو کە - تەبیعی - هەردوو عونسوری گەڵ و ئاودەستی بەخستی تێدا دەبوون . داخی گرانی کۆمیدیا، کە ئەگەر ئەو بلیمەتە ئێستا بمابایە و ئەمەی بخوێندایەتەوە، دەبوو چ شاکارێکیهونەری بخستایەتە سەر ئەو سامانەی هونەری کۆمیدیای گەڵ و ئاودەستی کوردی .

گیوی موکریانی،سەردەمێك،کە لە هەولێرەوە هاتوچۆی بەغدای دەکرد ،لەهوتێلێکی کوردان لەگەڕەکی حەیدەرخانە ( فندق سامان ) دەمایەوە . دەهات سەری لە ماڵی هەژار دەدا . توورەکەیەکی ماستیشی دەهێنا، ئەوسا ئەم بەزمە هەبوو،خەڵك لە هەولێرەوە توورەکە ماستیان بە دیاری دەهێنا، ئیتر ئەوەبوو هەمیشە توورەکەیەکی زۆرت لە ژووری ئیدارەی هوتێلی کوردان دەدیت، هەموو هەڵاوەسرابوون و قاپێکیان بۆ لەژێرەوە لە سەر ئەرز دانرابوو و ئیتر تڵپە - تڵپی چۆڕانەوەیان ئاوازی سیمفۆنیایەکی تایبەتی ماستی هەولێری سازدەدا . یەکەم بڕگەی قسەی گیو هەمیشە ئەوەبوو کە :

" بەشەرەف - بەشەرەف، هەها، چاو-چاو، بەشەرەف، لە ئوتێل توورەکە ماستەکەیان گۆڕیبوو، ئەمن توورەکەیەکی زۆرگەورەم بۆهێنابوون، بەشەرەف - بەشەرەف دووئەوەندە ماستی تێدابوو،بەشەرەف- بەشەرەف سێ ئەوەندە ماستی تێدابوو، بەشەرەف - بەشەرەف چوار ئەوەندە ها! ... "

دوای ئەوە کە مەزادەکەی لەسەر ژمارەیەك دەوەستا، ئەوجا نۆرەی بڕگەی دوو بوو، کە ئەویش هەمیشە - هەمیشە دەقی ئەم راپۆرتە بوو :

" بەشەرەف - بەشەرەف، لە رێگا گرتیانم، دیتیان جلی کوردیم دەبەردایە، بەشەرەف- بەشەرەف سەد شەقیان تێهەڵدام، بەشەرەف - بەشەرەف دووسەد شەقیان تێهەڵدام، بەشەرەف - بەشەرەف سێسەد شەقیان تێهەڵدام ( تا ئەم مەزادەش لەسەر ژمارەیەك سەد دەوەستا، ئەوجا:) بەشەرەف - بەشەرەف تفیشیان لێکردم، پێشیان کوتم کُردی چَلب ( کوردی سەگ)، بەشەرەف - بەشەرەف پێیان‌کوتم کردی کلب ابن کلب( کوردی سەگی‌کوڕی سەگ،بەڵام ئەمجارەیان بەعارەبیی‌کتێب)، بەشەرەف - بەشەرەف، هەها، چاو- چاو، بە مستەکۆڵەش تێیان‌کوتام، بەشەرەف - بەشەرەف بە تەپڵی سەریشیاندا کێشام " .

ئیتر ئەمە حاڵی گیو بوو،هەموو- هەموو- هەموو جارێك کە بهاتایە، ئەم تیمی شکەنجەیە لەسەر رێ بۆی دانیشتبوون، بە ژمارەیەکی ئەوەندە سەدی رێکی شەق (١٠٠، ٢٠٠، ٣٠٠ ... ئیدی، قەت ٩٩ یان ٢٠٣ یان هیچ کەسرێکی تری تێدا نەبوو ) تێیان‌هەڵدەدا، ئەویش قەت نەبوو لە ژماردنی شەقەکاندا هەڵە بکا، هەمووی زۆر بە وردی ژماردبوون و هەمیشە وا رێك بوون . هەژار دەیگوت :

" گیو بە هیچ جۆرێك پیاوی درۆ نیە، بـەڵام نەخۆشیی وەهمی هەیە، زیهنی بەوە خەریکە کە باسی دەکا، ئیدی لێی دەبێ بە راستی و، بە دڵ وگیان پێی وایە هەرجارێك کە بێتە ئێرە ئەو فیرقەی تەعزیبە ئەوەی بەسەردێنێ، ئیدی هەرهەوڵێکیشی لەگەڵدا بدەی بتەوێ بیهێنیتەوە دنیای واقیع بێ فایدەیە، چونکە ئەو هەر یەك شت دە زیهنیدا رەسمی‌گرتووە : قوونی خۆی کە ئەوەندە سەد شەقیان تێهەڵداوەو تەواو" .

دەکرێ کەسێك لە ئاست ئەمەدا بڵێ کەواتە هەژار هۆشیاریەکی رەوانیی هـەبووەو، ئەوە لەگەڵ ئەو قسەیەی کە من لێرەدا دەڵێم نەیدەزانی رەواناسی ( بە زاراوەی ئەو: عیلمی نەفس) چیە یەکتر ناگرنەوە . بەڵام ئەوەیە پاشاگەردانیی هەژارو ئاڵۆزیی شی‌کردنەوەی کەسایەتیی . وەهمەکانی هەژار زۆر لەوانەی گیوکەمتر نەبوون، بەڵام نـە ئەوانەی خۆی دەدیت و نـە ئەوەش قەت دەبووە هۆی پێداهاتنەوەیەکی بیری خۆی دەربارەی" عیلمی نەفس" . دەیتوانی زۆر شتی نـەرێنی ( سەلبی، مەنفی ) لە رەوانی خەڵکی تردا ببینێ و شی بکاتەوە، بـەڵام هەر ئـەگەر هی خەڵکی تر بوایە و لە سنووری ئەو کەسەدا، نەك ئەوە کە ئاسۆی بیرکردنەوەی پتر برۆیشتایەو بیگوتایە کەواتە دەبێ زانستێك هەبێ لەو شتانە بکۆڵێتەوەو بەڕاستی رەنگە گرنگ بێ و، ئەوە نەبێ کـە من پێم وابووە . هەروەك هەژار لە باسی زمـان ناسی و زۆر شتی تردا هەمان مـەحدوودیەتی عـەقڵیی هەبوو و زۆر سەیر ئەو زانیاریانەی لە چاڵێکی تەسکدا دەچەقین و لە شوێنی خۆیان بەرەو پتر نەدەخزین . ئەوپەڕی زیرەکی لە تێگەیشتنی زەعفەکانی خەڵکی تردا و، ئەوپەڕی تەپۆیی لە دۆزینەوەی پێوەندیی گشتیی ئەو بابەتە و بەستنەوەی بە سیستمێکی تێگەیشتن و شی‌کردنەوە ( کەواتە دیتنی ئەو لایەنە زەعفانـە بەگشتی لە نەزمێکدا، تا ببێتە پێوانەیەك و ئەگەر کەسێك هەمان شت دەربارەی ئەویش بڵێ، هێندێك بیری لێ بکاتەوە) دوو رەوشتی دژی یەکی زۆر لەبەرچاوی هەژار بوون، کە رەنگە دوو سیفەتی زۆر دێهاتیی زیرەکی تریش بن، بەتایبەتی لە سنفی مەلایان و شێخان، کە تارادەیەك موحیتی سەرەتای ژیانی‌هەژاری پێکهێناوە .

بۆ بەدبەختیی‌گیو، نە هەژار و نە من و نە ئەو برایەم کە لەوێ ئامادە دەبوو و نە ژنی هەژاریش کە وادەبوو ئەویش لە گوێگرانی ئەو راپـۆرتەی گیو دەبوو، یەکێکمان تێدا نـەبوو بتوانێ ئەوەندە شەرم و حورمەت پیشانی گیو بدا کە بە دەنگی زۆر بـەرز قـا- قـا پێی پێ‌نـەکەنێ، ئیدی خۆمان پێ نـەدەگیرا، حـەقەن دەنگی حیلکە حیلکی پێکەنینمان دەگەیشتە دەرەوەی ماڵ . ئاخر مامۆستا گیوگیان، ئەتۆ چۆن ماوی ؟ کەسێك ئـەوەندە شکەنجە بدرێ - هـەرنەبێ - چۆن نابرێتە خەستەخانەیەك یا لای دکتۆرێك شتێك، تۆیەکی وا پیرو نەخۆش و دەردەدار، خۆ هەر تۆزیش لە کراسە سپیەکەت نـەنیشتووە، ئەدی توورەکە ماستەکە چۆنە نەڕژاوە ؟ شوێنەواری تۆزی یەك شەقیشی پێوە نیە، چ جای

ئەوەندە سەد شەقی ڕێك .

" جۆن فۆربس ناش" ی زانای گەورەی ماتماتیك ( ریازیات)ی ئەمریکایی، ساڵی ١٩٩٤ خەڵاتی نۆبیلی وەرگرت . چیرۆکی ژیانی کراوە بە فیلمی سینەما . تێدا دەبینین کە بۆ جاری یەکەم بۆ مانەوەی بۆ کاری ئاکادیمیی لە شوێنێك ژوورێکی دەدرێتێ تێدا بژی، کە دێتە ئەو ژوورە دەبینێ کەسێکی تریشی لەوێ لەگەڵدا دەبێ . ئەوهەڤاڵەی زۆر گاڵتەچی و رووخۆش و ئەهلی رابواردنە، دەست بەجێ لە بەرچاوی ناش نوێنەکانی لە پەنجەرەوە فرێ دەداتە خوارەوە، هەروا لەبەرچاوی ئەو هەمووە خوێندکارەی کە لە حەوشی زانکۆدا دێن و دەچن، ناش تەواو سەری لە ئەم زەلامە سەیرە سوور دەمێنێ . بەڵام زەلام دەستی دەگرێ و بە زۆر لەگەڵ خۆیدا دەیباتە مەیخانەیەك لەوێ چەند سەعاتێکی خۆشتر پێکەوە بە خواردنەوەو قسەکردن بەسەربەرن، ئیتر ناش زۆری خۆش لێ دێ . لە بەرامبەر ئەو خۆشیەدا ،هەتا لە ماڵ دەردەچێ کیژۆڵەیەکی منداڵ ،کە دیمەنی کارەساتی لێدەبارێ، لەسەر رێ لێی دەپاڕێتەوە کە یارمەتیی بدا . زۆری پێناچێ کە دەزگایانێکی جاسووسی ناچاری دەکەن کە بە زانیاریی ماتماتیکی خۆی کاریان بۆ بکا، ئیتر ژیانی زۆر دەئاڵۆزێ . ساڵانێکی زۆر بەو جۆرە دەیباتەسەر . بەڵام لە دواییدا، بە یارمەتیی دۆستایەتیی ژنەکەی، کە دوای تەڵاقیش هەر هەڤاڵێکی یەکجار زۆر باشی بوو و یارمەتیی دەدا و، بە یارمەتیی بژیشکان، تێگەیشت کە هەموو ئەو بەسەرهاتانەی " وەهم"ی خۆی بوون، نە هەڤاڵی لە ژووریدا هەبووەو نە نوێن فرێ دراوەو نە قسەی لەگەڵ کراوەو نە کار بۆ جاسووسان و نە منداڵ و نە هیچ . هەر ئەوخۆی لەدنیای خۆیدا ئەوانەی دیون و قسەی لەگەڵ کردوون و پێوەندیی پێیان هەبووە، ئەوانە لە دەرەوەی هەستەکانی ئەو هیچ وجوودێکیان نەبووە . تەنانەت کاتێك کە لەگەڵ خانمەکەیدا چوو خەڵاتی نۆبیل وەربگرێ، لە ئاهەنگی ئەوەدا ناوی خوێندرایەوەو دەنگی چەپڵە بەرزبۆوە، لە خانمەکەی پرسی : " ئەمەیان راستە ؟ " ( ئەمەش وەهمێك لە وەهمەکان نیە ؟)، خانمەکەی دڵنیای کردەوە کە" بەڵێ ئەمەیان راستە، برۆ خەڵاتەکەت وەربگرە". بژیشکەکانی ناش، ئەوەیان بە دۆخێکی زۆر خەستی "پارانۆیای شیزۆفرینی" تەشخیس کردووە .

نموونەی تریش زۆرن :

وابووە، کچێك چۆتە لای پۆلیس شکایەتی ئەوەی لە پیاوێك کردووە کە هەتکی جنسییکردووە . دیارە یا ویستوویە درۆ بکا یا بە راستی بووەو کەمترین گومانی لەوە نەبووە، مەگەر دەکرێ ئەزموونێکی وا سەخت بە لەشیخۆی گوما- نێکی تێدا بمێنێتەوە. ناوی تاوانباری داوەو، زەلام کێشراوەتە دادگاوە. لێکۆڵینەوە، بە وەی بژیشکییشەوە، پیشانی

داوە کە شتی وا بەسەر ئەوکچە نەهاتووە . کچەکە خۆی کەمترینگومانی لە راستیی هەتك کردنەکە نەبووە، لەبەرئەوە دادگاش بە درۆکردنی تاوانبار نەکردووە، لەجیاتی ئەوە خستوویانەتە بەر چارەکردنی رەوانییەوە .

دیسان : پێش چەند ساڵێك، لەهۆڵەندا چەند بەکارهێنانێکی جنسیی کچان لەلایەن باوکیانەوە کەوتنە دادگاکانەوە، دەزگاکانی راگەیاندن ( رادیۆ، تەلەڤیزیۆن، رۆژنامەکان) و تەواوی کۆمەڵگا زۆر بەو باسەوە خەریك بوون .

دادگاکان، دوای لێکۆڵینەوە، بەوەی بژیشکییشەوە ( لەش و رەوانی)،بریاریان دا کە هێندێکیان بە راست روویاندا- بوو، هێندێك وا نەبوون، ئەمانەی دواییش هەندێك بوختانی بەمەبەست بوون، بەڵام هێندێك لە قەناعەتی تەواوی وەهەموە هاتبوون .

دۆخی شەق تێهەڵدانەکانی گیویش، کە" بە شەرەف- بەشەرەف بە مستەکۆڵەش تێیانکوتاوە"، دەبێ دۆخێکی رەوانی بووبێت، بە راستی بەسەر هەستەکانی گیو هاتبێ، بەڵام حەقەن لەدەرەوەی ئەوەوە هیچ وجوودێکی نەبووە . لە کاتی نووسینی ئەم دێرانەدا، لە هۆڵەندا، بەگوێرەی کاربەدەستانی وەزارەتی تەندروستیی، دەوری سەدو پەنجا هەزار هۆڵەندیی نەخۆشی شیزۆفرینی هەیە . خۆ هەمووکەسێك زانایەکی ئەمریکایی خاوەنی خەڵاتی نۆبیل نیە تا ژیانی بکەن بە فیلم، ئەینا فەرموو ئەم هەمووە کەسایەتیانە لە ژیانی هەژاردا ،کە بەشی دەیان و تەنانەت رەنگە سەدان فیلمیش بکەن . ئەگەر کوردیش رۆژێك وەکو رۆژئاوا پێش بکەوێ، کەرەستەی یەکجار زۆری بۆ زۆر فیلمی وەها دەبێ، کە حەقەن دوو سەرچاوەی گرنگ لەسەرچاوەکان بۆ ئەوە بریتی دەبن لە :

١- چێشتی مجێور، نووسینی هەژار .

٢- هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیاییەك ، نووسینی شێرکۆ هەژار .

لایەنێکی ئەوپەڕی زیرەکی و سەرکەوتوویی هەژار لەبەرامبەر تەپۆیی و نەزانییگیودا، لە فەسڵی پێش ئەمەدا دیار بوو : گیو نەیدەتوانی ئا ئەو چەند سەد شەق تێهەڵدراویەی بە ئێمە بسەلمێنێ و بڕوای پێبکەین . لە کاتێکدا کە هەژار ئەوهەمووە وەهمەی دەربارەی خۆی خستووەتە سەری هەزاران کەسەوە: چۆن قەت نانی نەبووە بیخوا و بەڵام دیسان بیرو هۆشی هەر لای کوردستانە مەعشووقەکەی بووە و هەرگیز بیری لە پارەو مارە نەکردووەتەوە و تەنانەت زۆر بە تەعەسسوب لەسەر ئەم بیروباوەڕەی خۆی قیرسیچمەییکردووە کە بە شیعر دەیڵێ :

" ماڵی دنیا چڵکی دەستە شەرەف و نامووس مەبەستە"

سەرتاسەر" وەهمی پەتی"، کراوە بە لاپەڕەیەکی مێژووی کە من تا ئێستا یەك تاقە کوردم نەدیوە کە ناوی هەژاری بیستبێ و گومانی لە " راستەقانی"ی ئەو وەهمانە هەبێ ، وەهمی پەتی .

تەبیعی دەزانم کە ئەوە هەر زیرەکییخۆی نەبووە و جۆرەها هۆکارهەبوون کە لەم قۆناغەی فەرهەنگی دەرەبەگیی مێژووی کورددا وایان شکاندۆتەوە . من دوایی لە شوێنی خۆیدا هەوڵ دەدەم ئەوانە یەکالا بکەمەوە، بەڵام لێرەدا هەر باسی ئەو لایەنەیە، لایەنی زیرەکیەکەی هەژار، یا - تۆ بڵێ- ئەو دەموراوێژەی کە دەردە رەوانیەکانی وەهای رادەگەیەنن، رەنگە بەبێ ئەوە کە خۆی زانیبێتی چۆن و، تەنانەت دەکرێ بەتەواوی بڕواشی بەوەهەبووبێ کە راستیی پەتی بوون . کەواتە ئەگەر بکرێ، پێی بڵێین " زیرەکیی هۆشی نائاگای لە ئاست خەڵکدا! " .

من کە دواتر دێمە سەر لایەنە بەرینەکە، دەمەوێ لێرەدا لە هەندێ رووداو لە جەغزێکی بچووکتردا بدوێم .

هەژار، لە باسی کاری لە رستورانی" خەییام"، فیلمێکی هیندیی درێژ دەگێڕێتەوە، چمکێکی ئەوە بەنموونە :

" کاری من ئەوەبوو قاپی بەتاڵ لەبەر خەڵك هەڵگرمەوە (..) رۆژانە تێکڕا بیست سەعات پتر ماندو دەبوم و سەری خۆم پێ نەدەخورا. نیوەڕۆ و شەو نەفرۆشراویان دەدایێ، بەیانیان سەمونێکی رەق - هەڵاتوی لەکەڵکی خوران کەوتویان بە چایەکەوە، کە بە حەبی سوکەرین شیرن دەکرا، جیرەمان بو . ئەودەم سێ دەسك کەرەوز بە فلسێك بو. رۆژێك دەستم برد نیوە دەسکە کەرەوزێکم هێنا کە بیخەمە ناو سەمونەکەم . دوژمنی رای ئیمانت بێ،خاوەن رستوران لە دەستیان دەرهێنام و فەزیحەتی سەگیان پێکردم . (..) شەڵوارێکی زۆر ئەستوری پینەکراو،کراسێکی شڕو بێقۆڵ،جل وبەرگم بوو . پێخواس بوم . لە گەرمای هاوینی بەغدا هەمو لەشمان هەمیشە لەبەر ئارەقە جڵقەی دەهات، تەنانەت نەیان-

دەهێشت نیوەڕۆیان لەبەر دوشی ئاودەستخانەش ئاو بەخۆداکەین، نەیان دەهێشت لەبەر سێبەر خۆ درێژکەین " . ( چێشتی مجێور ل ١٢٧ )

جا وەرە بە ئەو فیلمە هیندییە پێ مەکەنە . ئەگەر گیو هەمان شتی بگێڕایەتەوە، هەرئەوەندە جیاواز دەبوو کە ترش و خوێی" بەشەرەف - بەشەرەف"و"چاو - چاو"و"هەها"یەکی زۆری پێدا دەکرد تا تامی چێشتیگیوی بدایە :

" بەشەرەف - بەشەرەف، شەلوارێکی زۆر ئەستووری پینەکراو، بەشەرەف - بەشەرەف سەد پینەی پێوە بوو، بەشەرەف - بەشەرەف دووسەد پینەی پێوەبوو، بەشەرەف- بەشەرەف سێسەد پینەی پێوەبوو ، چاو - چاو، کراسێکی شڕو بێقۆڵ جل و بەرگم بوو، پێخواس بووم هەها... هەتا دوایی فیلم .

باشە، لە گەرمای هاویندا و بە شەڵوارێکی زۆر ئەستوورەوە، کراسێکی شڕو بێقۆڵ ( واتا قۆڵەکەی بە دڕان نەمابوو ئەینا کراسی قۆڵ کورت لە هاوینی بەغدادا شتێکی زۆر باشە و فڕی بەسەر هەژارییەوە نیە، دەکرێ دەوڵەمەندترین کەسیش دەبەریدا بێ )، هەموو لەشت لەبەر ئارەقە جلقەی دەهات و قاپی بەتاڵت لەبەر خەڵك هەڵدەگرت، ئەو خەڵکە قێزیان لەو بۆن و بەرامەو دیمەنەت نەدەهاتەوە ؟ نانیان وا بۆدەخورا و ئارەقەکەشیان لە هاویندا لە بەر ئەو دیمەنە رۆمانتیکە شاعیرییەدا دەخواردەوە ؟ خۆ ئەگەر خاوەن رستوران ئەوەی بۆ رستورانەکەی بە بیردا نەهاتبێ،قەت جارێ یەکێك لەو خەڵکەی دەهاتن لەوێ بخۆن و بخۆنەوە نەبوو کە سەرنجی خاوەن رستوران بۆ ئەو دیمەنەی پێخواسی و شڕی و " لە ئارەقەدا جلقەهاتن" و" بۆگەنیی ئاو بەخۆدانەکردن" ی تۆی گارسۆن رابکێشێ ؟ دیمەنی رستوران و گارسۆنی بەوجۆرە شتێکی هەتا بڵێی کۆمیدیاییەو جێی خۆیەتی شانۆگەرانی کۆمیدیا بیری لێبکەنەوە .

" سوکرینە"ـەکەش، من نازانم ئەگەر چارلی چاپلن بە بیریدا هاتبێ، بەڵام لە فیلمیهیندیدا نەمدیتووە . مەگەر ئەوە بەخۆڕایی بوو ؟ خۆ ئەویش بە پارە کڕدراوە، ئەگەر سێ دەسك کەرەوز بە فلسێك بووبێ و لە سەر نیو دەسك کەرەوز( کە دەکاتە یەك لەسەرشەشی یەك فلس) فەزیحەتی سەگت پێبکەن، ئەوا ئەو سوکرینەش هەردەبێ بەشێك لە بەشەکانی فلسی گرتبێتەوە، چۆن بوو سەرمایەدار هەر چایەکی بێ شەکری زۆرسووکـ( کەم رەنگ)ـی نەدەدانێ( کە چای کەمی تێبچێ ) و بڵێ هەر ئەوەیە ؟ سەیرە . من چەند جارێك ئەحمەد خواجام دیتووەو قسەم لەگەڵ کردووە، ئەو چیرۆکەشم لە هەژار بیستبوو، بەڵام قەت بە وردی سەرنجی ناوی ئەو سەرمایەدارەم نەدابوو و نەمدەزانی ئا ئەو کەسەبوو کە من لەگەڵیدا دادەنیشتم ( هەژار وادەبوو کە دەکەوتە گەرمەی قسەوە من نەمدەزانی دەڵێ چی - بڕوانە لاپەڕە ١٠٠-١٠١ی بەشی یەکەمی ئەمکتێبە)، ئەینا بە دڵنیایی پرسیاری ئەو سوکرینە و شتە سەیرەکانی دیکەی ئەو چیرۆکەم هەر لێ دەکرد .

بەڵام هەژار گیان، ئـایـا ئەوە راستە کە دەڵێی " رۆژانە تێکڕا بیست سەعات پتر ماندو دەبوم" ؟ مەگەر لە سەعات چەندەوە تا سەعات چەند کارت دەکرد ؟ دە با حیسابی‌کەین دەی، ئەوەتا، دوو- سێ لاپەڕە بەولاوەی ئەو قسانە، دەڵێی کە :

" ماڵی مام حوسێن لە رستورانەوە چارەگە سەعاتێك رێ بو، نیوەڕۆیان ناچار دەچومەوە ئەوێ ئاوم بەخۆدا دەکرد و برێك رادەکشام " . ( چێشتی مجێور ل ١٢٩ )

تەنانەت لە رێگا لاشت داوەتە شوێنێك، بۆ رۆژنامە خوێندنەوەو، باسی ئاینییشت لەگەڵ پیاوی ئاینیی مەسیحیدا هەبووە :

" رۆژێك لەم رێگەیەم دا توشی مغازەیەکی کتێب بوم(..) تابلۆیەك بە پەنجەرەکەوە درابو: « رۆژنامە خوێندنەوە بە خۆڕایی » (..) پەرم بە رۆژنامەدا گرت و بەخۆشیەوە لێم دەڕوانی(... ئەوجا دەمەتەقەی ئاینیی لەگەڵ پیاوی ئاینیی مەسیحیدا دەست پێ‌دەکا - چێشتی مجێور ل ١٢٩-١٣٠) .

ئەی چەندسەعات نوستووی ؟ زانیمان سەرمایەداری خاوەنکار بەزەیی بە کرێکاردا نەهاتۆتەوە،بەڵام بۆچی بۆخۆی لە شەوو رۆژدا چەند سەعات بەسەر ئێوەوە بووە ؟ خۆ ناکرێ بەجێتان بهێڵێ کەرەوزی دزیی بخۆن، دەبێ بەسەرتانەوە وەستابێ تا ئەگەر دەست بۆ کەرەوز بەرن " بەشەرەف - بەشەرەف سەد شەقتان تێهەڵدا، بەشەرەف- بەشەرەف دووسەد شەقتان تێهەڵدا، بەشەرەف - بەشەرەف سێسەد شەقتان تێهەڵدا، هەها چاو- چاو بە مستەکۆڵەش تێتان‌کوتێ " .

تۆ کاتی ئەوەشت هەبووە کە نامە بۆ کرێکارەکانی رستوران بنووسیت :

" لە رستورانەکەدا نامەم بۆ کرێکارەکان دەنوسی و ئەوانیش تیغی ریش‌تاشین و سابونیان بۆ دابین دەکردم، پەکم لەسەر ئەو دوانە نەدەکەوت " (چێشتی ل ١٣١)

ئەی باشە چۆن بووە ئەوانە کەرەوزیان بۆ دابین نەکردوویت ؟ ئەی چۆن بووە سەرمایەدار چاوی لێتان نەبووە کە ئێوە کاتێکتان بۆ نامەنوسین تەرخان کردووە، ئایا کاتی ئەو نامەنووسینانەش لە" رۆژانە تێکڕا بیست سەعات پتر" ە-کەدایە ؟ بەڵام وێ‌دەچێ ئێوە کاتی لەوەی بۆ نامەنووسینیش پترتان هەبووبێ، ئەینا چۆن دەڵێی :

" رۆژێك کرێکارێك کە چەند جار نامەم بۆ نوسیبو گوتی :« وەرە لەسەر حیسابی من بچۆ لای قەحبەیەك»، گوتم : « چەندی تێ‌دەچێ؟ » ( هەمان سەرچاوە)

دە بە هیچ نەزمێکی " زانستی ژمارەو پێوانە" " رۆژانە بیست سەعات پتر" کار لێرەدا جێ ناکرێتەوە .

ئەوجا لێرەدا - تەبیعی - جێی یەك خوتبەی قارەمانانە دێ :

" بەزەشم بەخۆمدا دەهات . بەیتێکی مستەفابەگی کوردیم هاتەوە بیر :

سەبا یارانی مەجلیس گەر دەپرسن حاڵی زارم لێت    بڵێ کێشایە مەیخانە دوچاوی بێچوە عەییارێك

بێچوە عەییاری ئەو شاعیرە،بەچکە ئاغایەکی لوسکەڵە بوە، بێچوە عەییاری من کوردستان و چەندین ملیۆن کوردی لێقەوماوە، بۆشی بچمە سوچی مەیخانە و لەوەش رەزیلتر بم جێی شانازیمە"(چێشتی ل١٢٧).

ئاخر بێقەزا بیت، هەژار، ئەتۆ- ئیتر لەم فەسڵەدا ناڵێم گۆرت پڕ لە پارە، چونکە گوتمان ئەتۆ لەشیعرتدا ماڵی دنیات بە چڵکی دەست داناوەو دیارە منیش ناڵێم گۆرت پڕ لە چڵك -، نەدەکرا باسی دڵداریەکی تری غەیری " دوو چاوی بەچکە ئاغایەکی لوسکەڵە" ت بەبیردا بێت ؟ من مەبەستم ئەوە نیە ئاڵای دژایەتیی" هۆمۆ"کان لێرەدا هەڵکەم و لە ئەوروپا خۆم تووشی سزای قانوونی بکەم، بەڵام مەگەر نەدەکرا شیعرێکی وەها بدۆزیەوە کە هەردوو جنسی بگرتایەتەوە، تا دڵی خەڵکێکی تریشت رابگرتایە ؟

ئەوجا پیاوێکی کە تەمەنی هێشتا نەبووە بە سی ساڵ، هیچ دیپلۆمیك و سەنعەتێکی نیە، تەنانەت فەقێیەتیەکەی تەواونەکردووە، بکەوێتە شار، مەگەر ناکرێ کاری کرێکاریی بدرێتێ ؟ چۆنە ئەو کارە وای نەکردووە هاوارێك بۆ مافەکانی کرێکارانی ئەو سەردەمە بکەیت ، کوردستان چ کاری بەوە داوە ؟ خۆ هەمموو ئەو کرێکارانەی تریش لەدەوروبەرت بوون، هیچیان نە لەسەرکوردستان و نە لەسەر دووچاوی عەییاریکورەئاغای لوسکەڵە کەوتوونە ئەوێ، کرێکاری ئەوەبووە، مەگەر بەتەمای چی بووی ؟ ئەوە کە بڵێی ئەگەر کێشەی کوردستان نەبوایە، من تووشی ئەو کرێکاریە نەدەبووم، ئەوە شتێکە من بە ئەوەندە بێ شەهامەتی و بێ حەیایی دەبینم کە پێویستی بە باسێکی سەربە- خۆیە و لەبەرئەوە من لە شوێنی تردا دێمەوە سەری . من هەوڵ دەدەم لێرەدا لە مەبەستی ئەم بەشە دەرنەچم کە باسی کۆمیدیایە، شەهامەت و ئەخلاق وناموس و ئیدی لە شوێنی خۆیاندا باسیان دێ .

هەمان دوو دێو( بڕوانە دوا فەسڵی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە) ن کە ئەم نەخۆشیە رەوانیە بۆ هەژار دەنێنەوە، ئیتر نە کوردستان و ... نە پاکستان ( قسەیەکی کە هەژار خۆی بەکاری دەهێنا، لە شوێنی خۆیدا باسی دێ )، گرییەکە دیسان دەکولێتەوەو ئاوا مێشکی ئەو هەمووە کوردە ساویلکەیە بەو فیلمە هیندییە تورەهاتەی دەشوا و، دەیکاتە ترو منەت بەسەر کوردو کوردستانەوە . گیوی بەدبەخت ئەو سەنعەتەی نەدەزانی، تێریشی پێپێدەکەنین، تەنانەت ئەو بەدبەختە کە باسی راکردنەکەی لە مهابادیش لەسەر کوردایەتی دەکرد، کە زۆرچاك دەکرا بۆی بچێتەسەر ،هەمان هەژاری بۆ ئامادە بوو دەست بەجێ لێی پووچ بکاتەوە ( بڕوانە لاپەرە٨٧ی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە کە هەژار چۆن هۆی جنسیی ئەو راکردنەی باسکردووە) .

## ٣٢- چۆن هەژار نەبوو بە پیاوی شێخێکی عارەب

هەژار، لە جارێك پتر، ئەم چیرۆکەی لەپێش چاوی من گێراوەتەوە :

" وەختێك لە مەتعەمێك(رستۆرانێك) کارم دەکرد. جارێك، نانم بۆ ژووری هوتێلێك دەبرد، سینی لەدەستم کەوتەخوار، خۆراك هەموو رژا و قاپ شکان. پیاوی ئەو ژوورە شێخێکی عەرەب بوو. زۆر دڵی پێ سووتام، قسەی دەگەڵ ساحیب مەتعەمدا کردو هەمووی بەزیادەوە بۆ بژاردو، پارەیە - کیشی دایە خۆم و کوتی : " دەگەڵم وەرە، دەتکەم بە پیاوی عەشیرەتی خۆم و ژنیشت بۆ دەهێنم و لە نزیکی خۆمت رادەگرم". ئیدی قەرارم دا لەگەڵی برۆم. دوایی،کەسێك پەشیمانی کردمەوە : " ئەگەر دەگەڵیدا برۆی، بزانە تازە ئەوە سەفەری عومرە تا مردنت، ئەو ژنت لە عەشیرەتی خۆی بداتێ و لەلای خۆیت رابگرێ، رۆژێك لە رۆژان بە تەمابی بەجێی بێڵی، ئەو ئەوە بە خیانەت و هەتکی نامووسی خۆی و عەشیرەتی دادەنێ و بۆ هەرکوێ بچی دەتبینێتەوە و دەتکوژێ".
ئیدی ترسام تا ئاخری عومرم ئەوەم بۆ رانەکێشرێ و بە بەهانەیەك خۆم لێ بوارد ".

هەژار، یەکەم جار کە ئەوەی گێڕایەوە، ژنەکەشی دانیشتبوو و هیچی نەگوت.

بەڵام هەژار ئەو چیرۆکە لە " چێشتی مجێور"ەکەیدا بەم جۆرە دەگێڕێتەوە :

" جاری وابو خواردنم لە رستورانەوە دەبردە ئوتێلان. جارێك کەبابم برد بۆ شێخ عەرەبێکی ناوی عەبدوڵڵا یاسین بو، لە شێخە هەرە زلەکانی نێوان کوت و عەمارە. کەبابی سولەیمانی زۆر لێ خۆش دەهات، رۆژی دواییش داوای کردبو، بۆم برد. هێشتا لەبەردەمیم دانەنابو، قاچم تێك‌هاڵا و کەوتم و قاپ شکا و کەباب پەرژو بڵاوبونەوە. لە ترسان و لە حیرسان فرمێسکم پەڕیە چاو.
گوتی گوێ مەدەیە. تەلەفۆنی کرد کە من قاپەکەم شکاند. دو دیناری بۆ ناردن، نیودیناریشی بەخشش دا بە خۆم. گوتی : ئەگەر دەبیە خزمەتکارم و دەتوانی لە سەحرا بژی، ژنت بۆ دێنم، رەشماڵت دەدەمێ، مانگێ دە دیناریش حقوق.

- چۆن نایەم ؟ دەستیشت ماچ دەکەم، ژنیشم ناوێ، خوا راوەستاوت کا.

- دەجا سبەی سەعات شەش وەرە بەر ئوتێل.

شەو لەخۆشیان نەم زانی خەو چیە... شرەو پەتوم پێچایەوە. لە جەنگەی گەسکدانی بەیانیدا، کۆڵەپشت لەسەر شان، لەبەردەرکی ئوتێل (شط العرب) وێستام و نیو سەعات هەڵلەرزیم تا شێخ

تەشریفی هاتەدەر . تێلەکەیان لەسەر ماشێن دابەست :

- خۆ دەزانی کەبابم بۆ دروستکەی ؟

- نا بەداخەوە، بەڵام هەموکارێك دەکەم .

- شرەی بۆ فرێدەنەوە! وەمزانی کەبابی سولەیمانی دەزانی .

بەهەناسەساردی هاتمەوە جەهەننەمەکەی خۆم و نەمدەزانی جوابی پرسیارکەران چی بدەمەوە... "

( چێشتی مجێور ل ١٢٨-١٢٩)

ئەگەر ئەم " چێشتی مجێور"ە چاپ نـەبوایەو، من ئێستا بمگوتایە کە هەژار بەتەمابووە بچێ ببێ بە پیاوی شێخێکی عارەب، شێخ لە سەحرای عارەب ڕەشماڵێکی بداتێ و ئەویش" هەموو کارێك " بۆ شێخی خۆی بکا، زۆر لەوانەبوو کەس بەجیددیی وەرنەگرێ، وەك زۆر شتی تریش کە مەگەرهەر بەهۆی بڵاوبوونەوەیان لەم چێشتەدا بوونە جێی بڕوا پێ کران . دنیا چۆن دەگەڕێ، لە ماڵی حاجی بایزاغاوە بۆ حەمەرەشیدخان و دوای ئەوە پێهەڵگوتنی ستالین و کوردستان و کۆمونیزم و...ئەوجا دیوەخانی شێخی عارەب .

ئێستا دەبێ ڕاستیەکە چۆن بووبێ ؟ هەژار نەیوێراوە بچێ( چیرۆکی یەکەم) یان شێخ نەیویستووە( چیرۆکی دووەم)؟ یان نە ئەو و نە ئەم بووە، شتێکی تری سێیەم بووە و ئەو لە دوو قۆناغدا نەتیجەگیریی خۆی بە ئەو شێوەیەی لێ - کردووەو، نەتیجەگیرییەکانی خۆی لێ بوون بە ڕاستی ؟

نـەتیجەگیریی مرۆڤ، بەتایبەتی مرۆڤێکی ڕەوان زۆرنـاساغی وەکو هـەژار، دەکرێ لە باری ڕاستەقانیی ڕووداو یەکجار زۆر دوور بێت . من لێرەدا چیرۆکێك و شیکردنەوەکەیم بەبیردادێت، کە لە خوێندنی ڕەوانناسیدا بە نموونە دەهێنرێتەوە :

ژنێکی پیر دێتەقەتارەوە. لە ( ژوورێکی جێی دانیشتنی هەشتکەس لە) قەتاردا سەیردەکا هەمووی گیراوەو جێیەکی بەتاڵی دانیشتن بۆ ئەو نیە . یەکێك لە دانیشتووان لاوێکی تەمەن دەوری١٥ ساڵە . ژنی پیر بەولاوە دەڵێ کە: منلاقم دێشێ و ناتوانم بەپێوە بوەستم،بەڵکوهەستیت و جێیەکەت بدەی بە داپیرەی خۆت . لاوەکە، بە دەموچاوێکی زۆر گرژو توورەوە، زۆر بە ڕەقی وەڵامی دەداتەوە : نا ، هەڵناستم .

بۆ تێگەیشتنی هۆی ئەو ڕەفتارەی ئەو لاوە، دەکرێ لە پێنج ڕوانگەوە لێبکۆڵینەوە :

١- نیرۆبیۆلۆجی ( وروژانی عەسەبێك)، ٢- ڕەفتار (ی کاردانەوەی ڕووداوی پێشتر کە بۆ ژنێك هەستاوەو پێی پێکەنیون)، ٣- زانیاری/ ئاگاداری cognitive ( نـەدیتنی ئەوە کە بـەڕاستی وێچێ ئەو ژنە لاقی بیەشێ و نەتوانێ بوەستێ)، ٤- سایکۆئانالیتیك (ی فرۆید)، ٥- ڕووی ژیان( فینۆمینۆلۆجی) .

دیاره هـەر یەکێك لەوانە روونکردنەوەی خۆی وێڕایە، کە ئەوەی من لێرەدا بۆ ئەم باسە بەبیرمدا دێ تەنیا بەشێك لە روانگەی پێنجەمە(رووی ژیان - فینۆمینۆلۆجی)، کە شیکردنەوەی رەفتاری ئەولاوە بەگوێرەی ئەمە دەبێ وەها بێت :

> ئەو لاوە زۆر رۆژان بیری بە ئەوکچەوە خەریك بووەو بەدوویەوە بووە، بەڵام قەت هەلی ئەوەی بۆ نەرەخساوە لەگەڵیدا بدوێ، تا ئەم جارەیان شانسی هێنای و ئاوا بۆی رێككەوت کە لەپەنای دابنیشێ، کەچی ئا ئەم پیرێژنەی لێ پەیدا بووە دەیەوێ لێی تێكبدا . چیی تێك بدا؟ پێوەندیی لاوێکی وەها بە کچێکەوە دەکرێ بگاتە ژیانی هاوسەری و بەرهەمهێنانی مرۆڤانی تر بۆ درێژە- پێدانی نەسلی ئەو لاوە لەسەر رووی زەوی !

من لە کاتی خوێندنی ئەوەدا زۆر پێکەنیم،گوتم وەڵڵا هەر ئەوە ماوە داوا بکا پیرێژن بدەن بە دادگای جینایەتکارانی دژی توخمی مرۆڤ لە شاری لاهەی هۆڵەندا. مەگەر دەکرێ جینایەتی نەهێشتنی زاوزێکردنی مرۆڤ هەروا بە هاسانی چاوی لێ بپۆشرێ،هەی پیرێژنی تەجەسسومی‌خودای مەرگ لە دژی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، ئاخر تۆ چۆن جینایەتی وەها دەکەی ؟ چیە وەڵڵا پیرێژنێك لە لاوێك پاڕاوەتەوە جێگای دانیشتنی خۆی بداتێ !

دیارە ئەو لاوە، ئەگەر ئەویش وەکو هەژارو گیوو کێ و کێ نەخۆش نەبووبێت، زانیویە کە ئەو پیرێژنەی بە رێکەوت ئا لە ئەوکاتەدا لێ پەیدا بووە، بڵێین لە بەختی کەچی خۆی بووە، دەنا پیرێژن چووزانێ کە ئەو لاوە چیی لە دڵدا هەیەو دەکرێ بە چی بگات و ئەوجا چ کاری بە ئەوە داوە ئەولاوە رۆژێك ئەوکچە بهێنێ یان نەهێنێ؛ بەڵام دەشکرێ هۆشی رەوانیی شێوابێت و نەتیجەگیریی پارانۆیی لەو رووەوە بکات .

هەژار چیرۆکی یەکەمی لەگەڵ ئەو شێخەدا ٥-٦ساڵێك دوای رووداني گێڕایەوە، کە من پێم وایە دەبێ لەوێدا راستی گێڕابێتەوە، بەڵام شێوەی دووەمی چیرۆکەکەی کە پتر لە ٣٠ ساڵ دوای گێڕانەوەکەی یەکەمی بوو، سەیر نیە لەوەوە هاتبێ کە ئەسڵی راستەقینەی دانەمەزرانی لای ئەو شێخە عارەبە لەبیرچووبێتەوەو بە بردنەوەسەریەکی‌خۆی پێی وا- بووبێ کە سەرنەگرتنی ئەوکارەی بەهۆی نەزانینی دروستکردنی کەبابەوە بووە. ئەگەر بیزانیبایە کەباب دروست بکا، شێخ لەگەڵ خۆیدا دەبرد ،ئیترکە هێڵەگشتیەکەی ئەو خەیاڵەی وا شکاوەتەوە، ماوەتەوە بە هێندێك رەنگ و وردەکاری بیڕازێنێتەوە،کە ئەوە لە دۆخی پارانۆییدا هەیەو زۆر روودەدا . بەڵام دەشکرێ وا نەبووبێ، ئاگادارانە- بەهۆی دەردی تری رەوانییەوە- ویستبێتی لێرەدا بەوجۆرە درۆ بڕازێنێتەوە .

هەژار لە چێشتی مجێور ( ل ٢٣٦-٢٣٧) دا باسی گەڕانێکی خۆی و جگەرخوێن دەکا، کە چوونە ناو "عەشایری عەرەبی شەممەر" :

" شەوێك لە سەحرا ماینەوە. رۆژی دوایی میوانی شێخ عوبێدناوێك بوین کە شێخی بەرەبابێکی شەممەر بو (...) شێخ دڵخۆشی دەدامەوە کە سکرتێری بم، ژنم بۆ بێنێ و دەوڵەمەندم کا، دیارە نەمدەکرد(...) میوانی رەشماڵی شێخێکیعەرەبی کۆنەکورد بە ناوی شێخ محەمەد بوین. زمانی بەدەویانە بو، دەیگوت کوردم،لە پەستاش جنێوی بە نەسلیعەرەب دەدا. لەپیریان هەر چنگێکی لێ مابۆوە(...) وادیاربو عەشایەری جیرانی زۆری لێ دەترسان.

لە دەوری چیای عەبدول عەزیز میوانی عەشایرێك بوین، عەرەبی سەحرانشین، دەیانگوت : ئێمە ئەکراد بەگگارەین ( یانی کوردی گاوانی) . ببونە عەرەب و ببونە سەحرانشین . " *

کە بیر لەوە دەکەمەوە هەژار لە رەشماڵێکی "عەرەبی سەحرانشین" دا دانیشتووە "و بە زمانی بەدەویانە" دەدوێ، بە خۆم نیە پێکەنینم بۆ راناگیرێ،کە ئەویش حەقەن لەترسانە، راکردنە لە مەترسیی ئەوەی لێرەدا بیر لە چارەنوو- سی خۆم بکەمەوە، دەبوو چارەنووسی من چی بوایە؟ لێیدادەبڕام یا بەزوویی دەبرامە لای براو خوشکە بەدەویەکانم و خزمەتی حوشترەکانی شێخم دەکرد؟ ئەوە ئێستا هەستێکی وەك ئەوەی" گریگۆری سامسا"ی" کافکا"م دەداتێ. گریگۆری بەیانیەك لە خەو هەستاوە سەیری کردووە بووە بە "قالۆنچە"!، هەرچەندە من ئەوساش بەڵێ هەر مرۆڤ دەبووم ، بەڵام منی لەوەتەی هۆشم کردووەتەوە نەتەوەییەتییکوردی دە خوێن و لێدانی دڵ و هەناسەمدا بووە، ئەوەم بەبیردا بێت کە بەیانیەك لەخەو هەستم و خۆم ببینمەوە کە بووم بەعارەبێك لە رەشماڵێکی ئەو بیابانەیعارەبستاندا بەخۆم نیە وێنەی خۆم هیچ لەوەی گریگۆری کەمتر سوریالی نایەتە بەر چاو، یا - ئەگەر پێناسەی سوریالیەکان خۆیان بۆ ئەو وشەیە بسەلمێنم- رەنگە وشەی" سو- ریالی" لێرەدا لە" سور- ریالی" بەجێتر بێت، هەژاریش ئیترنەماوە تا لە دنیای کۆمیدیای گەڵ و ئاودەستی خۆی زاراوەی تری بۆ ئەو رووداوانەی ئێرەی ژیانی دابڕشتایە، - بڵێین- شتێکی وەکو " ژیانێکی پڕ لە سوور- ریانی "! ی لێ دابتاشیایە . دنیای هەژار، تەواو دنیای هەژار .

---

* (( تێکەڵیی کوردو شەممەر درێژەی هەیە . نەسرین خانمی بەرواری، چەندساڵ وەزیرێکی حکومەتە کوردەکەی هەولێر بوو، چووە حەرەمسەرای شێخی شەممەرەوەو بوو بە یەکێك لە ژنەکانی شێخ غازی ، ئیتر وەزیرایەتیشی کەوتە بەغداو تا بڵێی دژی هەرهەنگاوێکی سەربەخۆیی کوردە و ئێستا هەڵوێستی ئاشکرای دژی بارزانیەکانی لەو رووەوە هەیە)) .

دەڵێن پیاوی درۆزن دەبێ بیری تیژ بێ و شتی لەبیرنەچێ . هەژار بیری یەکجار زۆر تیژ بوو، تاقە یەك جار لە ژیانیدا وشەیەکی بیستبا ئیتر دەبیریدا دەما و لەبیری نەدەچوو، من نە قەت مرۆڤێکی تری وەهابلیمەتم لە لەبەرکردندا ناسیوە( لەبەرکردنی وشە و قسە و شیعر و...هەرچی )، و نە بیستووە کە هەبووبێ . هەژار کە بیویستایە دەیتوانی قامووسەکان لەبەربکا، دانیشێ یا تەنانەت بە دەم کاری تریشەوە، بیانخوێنێتەوەو کە لە خوێندنەوەیان تەواو بوایە واتا ئەو قامووسانەی لەبەر بوون ، - دیسان- من نە تاقە مرۆڤێکی تری وەهام لە دنیادا ناسیوە و نە قەت لە کەسم بیستووە کە ئاگاداری هەبوونی کەسێکی وەهای لە سەر رووی زەوی هەبووبێ .

کەچی وا دەبینی لە شوێنی جیاوازدا شتی جیاواز دەڵێ . یەکێك لە زۆر نموونە :

هەژار لە شوێنێکدا باسی یەکەم دیداری جوویەکی سابڵاغیی لە بەغدا کردووە ، دەڵێ :

" (یێرمیا) کوتی دەسا دەعوەتت دەکەم، نان بخۆ، قەبووڵم کرد و جەمێکم خوارد ، هێزێکم هاتەوە بەر" ( مامۆستای کورد ، ژمارە ١١-١٢ ، هاوینی ١٩٩١ ، ل ٧٣) .

هەژار لە شوێنێکی تردا بەم جۆرە باسی هەمان رووداو دەکا :

" (یەرمیا گوتی :)

- باشە راوەستە .

- کوڕە چۆن حەوت رۆژ راوەستم ؟ هەر ئێستا ئەوە لە برسان قوڕەی زگمە، چوار فلس شك نابەم بیدەم بە نانێك .

- من خواردنت دەدەمێ .

- خوا بتهێڵێ، بەڵام بڕیارم داوە لە رەنجی شانی خۆم نەبێ نانی کەس نەخۆم .

هەرچی کردی و کراندی فایدەی نەبو . ( چێشتی مجێور ، ل ١١٨)

بۆ من، ئەو دوو قسەیە یەکتر ناگرنەوە . دیارە بۆ ئەو نووسەرانەی باسی" فەیلەسووفیی هەژار" دەکەن مەسەلە جیاوازە، کە ئەوە دەکرێ فەلسەفەیەك بێت کە هەر فەیلەسووف تێی بگەن و بابایەکی وەکو من تێی نەگا ، بەڵام ئیتر من لێرەدا باسی عەقڵی خۆم دەکەم کە پێی وانییە ئەو دوو قسانەی " جەمێکم خوارد " و" هەرچی کردی و کراندی ( کە جەمێك بخۆم ) فایدەی نەبوو ( نەمخوارد)" یەکتر بگرنەوە .

هەژار، لە چێشتی مجێوردا باسێك دەگێڕێتەوە کە تێدا گلەیی لە حەمە سەعید کانی مارانی دەکا :

" جارێك گوتی : ئاسنگەرێك دەناسم، تکام لێ‌کردوە، قەولی داوە بتکاتە شاگرد، بەڵام تا شەش مانگ هیچت ناداتێ

- براگیان وابکە رۆژێ دوو نانی وشکم بداتێ قبووڵمە .

- ناتداتێ !

بۆخۆی کوڕە دەوڵەمەندێکی زۆر زل بو، ئەوەندەی دە خۆ ڕانەدەدی بڵێ من دو نانەکە دابین دەکەم .

ئەو کارەشم بەنسیب نەبو . " (ل١١٦)

بەڵام من ئەو چیرۆکەم پتر لەجارێك بەم شێوەیە لە هەژار بیستووە :

" ئاسنگەرەکە کوتی (هەر لە سەرەتاوە) هەقی رۆژانەی کاری خۆی دەدەمێ و " یەك" سەموون (جۆرێك کولێرە،نان) و پەرداخێك( لیوانێك) شەربەت، من کوتم نا، " دوو" سەموون و پەرداخێك شەربەت ، کانی مارانی کوتی نایدا، لەسەرئەوە کارەکە تێکچوو، کانی مارانی ئەوەندە دەوڵەمەند بوو لەگیرفانی خۆی هەقی یەك سەموونی رۆژانەی نەخستە سەر . "

ئێستا، نە هەژار ماوەو نە دەستم بە ئەو کانی مارانییە دەگا و نە بە ئاسنگەر، تاقە سێ عونسوری کە هەردوو چیرۆك تێدا یەکتر دەگرنەوە . ئەگەر بمەوێ بزانم ئەو قسانە چەندە لە چیەوە هاتوون، مەگەر بە مەنتیقی لێکۆڵینەوەی دادگا هەوڵ بدەم ساغی بکەمەوەو کۆمەڵێك پرسیار لە خاوەنی چیرۆك بکەم .

چیرۆکی یەکەم (ی چێشتی مجێور) : چۆن شەش مانگ هیچت نـاداتێ، ئەی ئەو شەش مانگە بەچی دەژی ؟ چۆن مرۆڤێك شەش مانگ هەرتەنیا بە دوونانی وشکی رۆژانە دەژی و تەنانەت کاری ئاسنگەرییش دەکا ؟ ئایا پارەیەکی پاشکەوتت لە گیرفاندا هەبوو تا ئەو شەش مانگە پێی بژی ؟ ئـەگەر دەڵێی هەبوو، ئەوا ئەوە لەگەڵ قسەکانی ترتدا ناگونجێ، ئەوجا ئـەگەر هەتبوو بۆچی پارەی ئەو دوو نانە وشکەشت لە ئەو پارەیە هەڵنەگرت و کارەکە لە دەست خۆت نەدەیت ؟ .

چیرۆکی کە من لە هەژارم بیستووە : چۆن بوو کە تۆ لەسەر یـەك نـانی رۆژانە کارەکەت لە خۆت تێکدا، مادام کە رۆژانەی خۆت وەردەگرت . زەلامی ئـاسنگەر بۆچی ئەو شاگردەی لەدەست خۆی داوە، خۆ دەیتوانی بەشی نانێکی رۆژانەت لە رۆژانەکەت کەم بکاتەوە، بڵێین رۆژانە لەجیاتی ٢٥٠ فلس، ٢٤٢ فلست بداتێ، هەشت فلسی سەموو-نەکەی لێ بشکێنێتەوە ؟ .

هەژار لە زۆر شتدا یەکجار زۆر زیرەك بوو، لێرەدا کە نازانێ چۆن درۆ بکا، خەتای لایەنی رەوانییە. بەزەیی بە خۆدا هاتنەوەوهەوڵی گریاندنی خەڵك بە کارەساتەکانی کە لەسەر" مەعشووقەکەی کوردستان" ( نەك دوو چاوی عەیباری کوڕەئاغای لوسکەڵە) بەسەری‌هاتوون، هەرجارە شێوەیەکی تر وەخۆدەگرێ، کە هەمیشە نوختەی " نامەنتیقی بوون " تێدا مەرکەزییە. وەك لە چیرۆکی پێخواسیەکەی رستورانیشدا لێمان نەبیست کە ئایا دوای وەرگرتنی نیودینارە-کەی (٥٠٠ فلس) بەخششی شێخی‌عارەب پێڵاوێکی کۆنی لە بازاڕی هەراج کڕی ( کە حەقەن بە بیست یا سی فلس وەدست دەوکەت) و... ئـەگەر بەوجۆرە هەموو چێشتەکەی شەن و کەو بکەین، بە دەگمەن تووشی لاپەڕەیەکی دەبین کە زاڵ بوونی دوو دێوەکەی تێدا بەدی‌نەکەین کە وەك دۆڵپا بەسەرشانیەوە دوو قاچیان بەسەرسنگیدا شۆڕکردۆتەوە و لێی‌دەخوڕن.

هەژار، یەك دنیا کەیفی بە گێڕانەوەی کارەسات و بێچارەیی ژیانی خەڵکی تر دەهات، کە هەم سەرچاوەیەکی گرنگی پێکەنین و شادیی خۆی بوون و، هەم دەیکردن بە سەرمایەیەکی بەرهەمی کۆمیدیای بۆ وەپێکەنین خستن و شاد- کردنی خەڵکی تریش . لەبەرامبەرئەوەدا، هەرچی لە ژیانی خۆیدا بوو تەنیا هەر بە کارەسات هەست پێدەکردو پێیەوە دەناڵی و دەیویست خەڵکی تریش وەکو خۆی بە ئەوپەڕی کارەساتی ببینن و هاودەردی بن . هەژار لە هەردوو کرداردا زۆر سەیر سەرکەوتوو بوو .

کارەسات و ئێشی مرۆڤ، لە راستیدا ،لە گرنگترین سەرچاوەکانی پێکەنینن . لە دنیای فەلسەفەدا، دەکرێ مێژووی دووهەزارساڵێك تۆژینی" پێکەنین" وەدۆزین . هێندێك لەو سامانە خۆی لەخۆیدا، دەکرێ مرۆڤ وەپێکەنین بخا . مرۆڤ هەر لە تۆژینی ئەتیمۆلۆجی ( ژینامەی وشە) ی زمانەوانیدا - بیەوێ و نەیەوێ - تووشی بەشێك لەوە دەبێ : لێکۆڵینەوەی وشەی"هومۆر" (تەڕایی) ی ئەورووپایی و" میزاج" ( تێکەڵی) ( ی چوارتەڕایی خوێن و بەڵغەم و زەرداو و رەشاو )ی عارەبی . رەوانناسان زۆریان لە پێکەنینی مرۆڤ کۆڵیوەتەوە، هەر لە یەکەم پێکەنینەوە (حەفتەی یەکەم یا دووەمی ژیان) تا دووەم قۆناغی پێکەنین( تەمەنی چوارمانگی)، قۆناغی سێیەم لە تەمەنی ٢ تا ١٠ ساڵی ... ئیدی . بەتایبەتی بەگوێرەی رەوانناسیی نوێ، ترس و پێکەنین لە چەند رووەوە لێك نـابنەوە . ئێمە بیرمان لای دەردەکانی خۆمانە کە چۆن هەلومەرجی دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمە تووشیان کردووین،لەکاتێکدا کە دەردەکانی خەڵکی تر دەخەینە ئەستۆی خۆیانەوە . ئەوە لە دوو سەرەوە یارمەتیمان دەدا، یەکەمیان ئەوەیە کە هەلومەرجی سەختی دنیا ( ی کە بوونە هۆی کارەساتی خەڵکی تر) بۆ ئەو خەڵکە رەچاونەگرین،ئەگەر بیگرین واتا ئێمەش لە دنیایەکی پڕلەکارەساتدا دەژین و دەبێ لە ترس و وەحشەتدا بین، نـا ، کەواتە با ئەو ترسە جارێ بخەینە لاوەو ژیان وا ترسناك نەبێ، لە جیاتی ئەوە، بەبێ بیرکردنەوە لە هەر هەلومەرجێکی ژیانی خەڵکی تر، با پێیان پێبکەنین . لەلایەکی تریشەوە، ئەگەر دەردەکانی خۆمان بدەینە پاڵ هەلومەرجی دەرەوەی دەسەڵاتمان، ئەویش خۆمان بۆ لەوەی کە هەین پتر دادەنێ، چی بکەین کە ئەوە ئیترهەلومەرجی دەرەوەیەو ئێمە لەوەدا خەتایەکمان نیە . نیعمەتی" بانێکەو دوو هەوا"،لە هەردووسەرەوە قازانجمانە، قازانجی رەواندنی ترس لە مەترسیەکانی ژیان( ماددی، کۆمەڵایەتی ... ئیدی) . وادەبێ مرۆڤ، بۆ ئارام کردنەوەی خۆی، یا خۆپاراستنی لە کەوتنە بەر چەرخی مەترسی، بە دەردەکانی خۆی پێدەکەنێ، بەتایبەتی دوای بەسەرچوونیان و هەر مـانەوەیان لە بیرەوەریدا. وادەبێ کـەسێك لـە تـرسـان لەبەرخۆیەوە دەست دەکا بە گـۆرانی گـوتن، یـا لـە تاریکیەکی جێمەترسییدا دەست دەکا بە فیتوو لێدان . ( شێوەی تریش هەن، لەرووی ئەخلاقی، خەڵکی تر سووك -

کردن و خۆ بەرزکردنەوە ... ئیدی، کە لەشوێنی خۆیدا باسی دێت، من لێرەدا هەر لە باری سەرنجی ڕەوانناسیی نوێ دەربارەی " پێکەنین " دەدوێم ) .

بەڵام ئەوە هەر لایەنێکە لە باس، کاردانەوەمان لە ئاست کارەساتی خەڵکی تردا دەکرێ پێکەنین بێت، پێکەنینی کەم یا زۆر، دەشکرێ گریان بێ، گریانی کەم یا زۆر . هەروەك پێکەنینمان بە کارەساتی خەڵك بۆ مەترسیی خۆمانە،گریا-نیشمان بۆ خەڵکی تر دیسان هەرگریانی بۆ خۆمانە . زۆر لە شیعەکان لە چەند ڕۆژێکی ساڵدا کە بە یادی کوژرانی ئیمام حوسێن یا ئیمامعەلیی دەزانن ئاخوندێك دەهێنن و پارەی دەدەنێ کە بیانگریەنێ . ئەو گریانەیان خەمی یەکجار زۆری دەروونیان زۆرکەم دەکاتەوە، کە هەم تێراپییەکی سایکۆلۆجیی (چارەکردنی ڕەوانی) بەکەڵکە بۆخۆیان و هەم بۆ ڕابەرانیشیان بەکەڵکە کە ئەو خەم و تووڕەیی و ناڕەزاییەیان لە ژیان هێندێك بە با بدەن .

سنووری نێوان پێکەنین وگریان وادەبێ هەر بەتەواوی هەڵدەگیرێ،مرۆڤ وادەبێ لە ئەوپەڕی شادیدا فرمێسك دەڕێژێ و تەنانەت وادەبێ زۆر سەخت دەکەوێتە هیستیریای گریانەوە، وەك بڵێی پێکەنینی کەیف پێ هاتن ئەوەندە بارکراوە کە لەژێر ئەو هەمووە بارەدا دەبێ بە گریان .

پێکەنین وگریان زۆر وادەبێ نیسبی دەبن، لەکەسێکەوە بۆکەسێك دەگۆڕێ و تەنانەت بۆ هەمانکەسیش لەگۆڕاندا دەبێ . یەك هەمان شت بۆ کەسێك کارەساتە و بۆ کەسێکی تر هۆی کەیف و پێکەنینە . ئەو هەمووە نوکتەیە ( وشەی نوکتە" بە شێوازی باشوور ،نەك ڕۆژهەڵات) دەربارەی شێتان و بژیشکی هەندێ جار وەکو خۆیان شێتبوو، بەتایبەتی ڕەفتارو گوفتاریان لە شێتخانەدا، نموونەیەکی ئەوەیە . چۆن مرۆڤ پێکەنینی بە ئەو بـەدبـەختانە دێت کە ئاوایان بەسەرهاتووەو کەوتوونە شێتخانەوە ؟ مەگەر مرۆڤ دڕندەیە ؟ بەڵێ، حەقەن هەموو مرۆڤێك لە هەندێ هەلومەرجدا بە کارەساتی خەڵکی تر زۆر پێدەکەنێ . ئەو مرۆڤەش مەرج نیە منداڵ بێت تا ئەوەندە کاڵ و بێ مێشك و دڕندە بێت ( ئەوەندە بە کەیفەوە سەیری کارەساتی شکەنجدانی پشیلەی فیلمی کارتۆن لەلایەن مشك و سەگەوە بکا)، نەخێر . قسەو ڕەفتاری پێکەنینهێن، بەگوێرەی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی و تەنانەت باری ڕەوانی و ئەزموونی تاکیش دەکرێ جیاواز بێت،بەڵام ئیتر ئەمە هەیەو شتێکە لە پێکهاتنی دەزگایعەسەبیی مرۆڤدایە . من ئێستا بە زۆر شتی کە جاران پێیان پێدەکەنیم چیتر پێناکەنم . بە زۆر شتیتریش کە جاران بەتایبەتی وەگریانیان دەخستم، ئێستا قا- قا پێدەکەنم . لێرەدا بەتایبەتی فیلمیهیندیم دەبیردایە . فیلمی هیندی، ئەوانەی کە سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیی من لە بەغدا پیشان دەدران، لەسەرەتاوە تا کۆتایی زنجیرەکارەسات بوون، ئەوەبوو لە بەغدا ئەو زاراوەیەی "بوونە فیلمیهیندی" بڵاوببۆوە کە وا منیش لێرەدا بەکاری دەهێنم . منیش، وەکو زۆر کەس، دەچوومە سەیری فیلمی هیندی ( زۆرتر لە

سینەما رەشید) و ئیتر بۆخۆم تێر دەگریام، زۆربەی ئەو خەڵکەی تریش لە سینەماکەدا هەر وا دەگریان. لە کاتێکدا کە من بە فیلمی" لۆرێل و هاردی" پێدەکەنیم،کە هەژاریش پێیان پێدەکەنی ولاساییشی دەکردنەوە،هیچ فیلمێکیان نیە کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی کارەسات نەبێت، بەنموونە: دەچن ماڵێك پاك بکەنەوە، ماڵەکە وێران دەکەن، لە رێگا دەکەونە قووڵکەی ئاوەڕۆی پیسەوە، قامك دەبرنە چاوی یەکترەوە ... ئیتر پەیتا پەیتا کارەسات بەدووی یەکتردا دێن تا فیلم کۆتایی دێ. ئێستا، من بە فیلمی لۆرێل وهاردی پێناکەنم بەڵام کە فیلمێکی کارەساتی هیندی ببینم قا- قا پێدەکەنم... سوبحانەڵڵا پیاو چۆن دەگۆڕێ ! . ئێستا بیر لە جیاوازیی ئەو دوو جۆرە فیلمانە دەکەمەوە، بۆچی ئەوسا بە لۆریل و هاردی پێدەکەنیم و بە فیلمی هیندی دەگریام. مەگەر هەردوو فیلم هەر زنجیرەکارەسات نەبوون ؟ دەڵێم بەشێکی هۆی ئەوە رەنگە لە جیاوازیی دەرهێنانەوە بێت. وەك دەبینی کە هەمان ئەدەبیاتی ئەڤین و شۆڕەسواری و کارەسات و قوربانیی چەندین سەدە،کاتێك سێرڤانتێس ساڵی ١٦٠٥ دەرهێنانەکەی بەشێوەیەکی تر بە یەکەم بەرگی " دۆن کیخۆتە"( دۆنکیشۆت) پێشکەش‌کردووە، بەتەواوی لەگەڵ میزاجێکی ترو دنیایەکی تردا دواوە. لە جەوهەردا، ئەو هەمووە ئەدەبیاتەی پێش ئەو و ئەوەی ئەو هەر یەك بوون، بەڵام دەرهێنان جیاواز بووە، وەك بڵێی چاوی کامیرای ئەو دیمەنەکەی لە گۆشەیەکی ترەوە وەرگرتووە و لەدواییدا بە دەرهێنانێکی تری هەڵخستووەتەوە. ئێستا کە من بە ئەوەندە ساڵەی تەمەن وام لێ‌هاتووە لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری لۆرێل و هاردی و فیلمی کارەساتی هیندی بکەم، تەئسیریان بە سەرهەستمدا لەوسا جیاوازە. من لە منداڵی و مێرمنداڵیدا بە نوکتەی باسی شێتان پێدەکەنیم، ئێستا نـامەوێ بیبیسم و ئەو پێکەنینە بە دڕندەیی دەزانم، کەچی بە چەند سـەد شەقەکانی کە دە گیو هەڵدەدرا و بە زۆربەی کارەسـاتەکانی ژیانی هەژاری کە دە "چێشتی مجێور"دا باس‌کراون یـەکجار زۆر پێدەکەنم، خۆ کە شیعری " ماڵی دنیا چڵکی دەستە شەرەف و نامووس مەبەستە"ی هەژار دەخوێنمەوە،هەر بە حەرفی پێویستیم بە چوونە ئاودەست و میزکردن هەیە نـەوەکا لە پێکەنینا میز بەخۆمدابکەم، یا ئەو ئاهەنگانەی کە حکومەتی‌هەولێر بۆ یادی هەژاریان سازدەکا،من ئەوانە بە سامانێکی یەکجار زۆر دەوڵەمەند دەزانم بۆ دانەرانی زنجیرەی تەلەڤیزیۆنیی‌کۆمیدیا لە داهاتوودا،کە نەسل بە دوای نەسلدا سەیریان بکەن و یەکجار زۆر پێ پێبکەنن، سامانێکی - بە بیری من- تەنانەت لەو سامانەی کە ببووە سەرچاوەی نووسینی دۆن‌کیخۆتەی سێرڤانتێس‌کەمترنیە. من لێرەدا شی‌کردنەوەی رەوانناسیی نوێ زۆر روون و مەنتیقی دەبینم و هیچ رێیەکی تری شی‌کردنەوە نابینم. ئەگەر من بە ئەوە پێ‌نەکەنم و وەك هەیە بە کارەساتەکەی ببینم، کارەساتەکە ئەوەندە- ئەوەندە گەورەیە کە ژیان لە دنیایەکی وەهادا بە هیچ - هیچ جۆرێك بۆ من لە تواناادا نابێ، بۆ ئەوە دەزگای‌عەسەبی بە هیستیریای پێکەنین و نزیك بوونەوەی بەخۆدا میزتن و چوونە ئاودەست

فریام دەکەوێ . هەڵبژاردن لێرەدا لەنێوان ئەوەدا دەبێت،کە یان بە وجوودی ماددیی خۆمدا بمیزم و کۆتایی پێ بهێنم، یان بە پێکەنین بە کارەساتی"ماڵی دنیا چڵکی دەستە"و ئاهەنگەکانیهەولێر وا پیێکەنم کە بچم میزەکەم لە ئاودەست بکەم . دە دیارە، مەنتیقی فەلسەفەی ماددیی ژیان بە هەڵبژاردنی دووەمەکە درێژەپێدانی مانەوەی ماددیم لە ژیاندا بۆ هەڵدەبژێرێ . یا وەك کە هەژار لە شوێنێکی بیستووە یا خوێندووەتەوەو لەبیری چووەتەوە لەکوێ،کردوویەتە کوردی و ئیتر هەر بەناوی " لە نازانم کێوە" بڵاویکردووەتەوە :

" ئەم پێکەنینە تاڵە لە گریان بە کوڵترە گریان دەری نەبرد دەگەڵم، دامە پێکەنین "

نیعمەتی" بانێکەو دوو هەوا"، دوو جار سامانی کۆمیدیاییی هەژار دەوڵەمەند دەکات، یەکەمیان ئەو پێکەنینەی کە هەژار لە باسیکارەساتی خەڵکیتردا بۆ خۆی و بۆ خەڵکیتری ساز دەکا، دووەمەکەشیان ئەوەیە کە وەهمی کارەساتە- کانی خۆی دەیخەنە سەر سامانی دنیای مەسخەرە بۆ هونەرمەندانی داهاتووی کۆمیدیا . دیسان، لێرەدا دەبێ بیر لە دەوری ئەو هەمووە بەرهەمانە بکەینەوە کە بوونە سەرچاوەی سێرڤانتێس بۆ نووسینی دۆن کیخۆتەکەی .

من، لە نیعمەتی " بانێکەو دوو هەوا"ی هـەژار، لە دەیان نموونە، دوو نموونە بەدووی ئەم فەسڵەدا دەهێنمەوە، لە هەر هەوایە نموونەیەك .

قانیع دێهاتیەکی قـەلەندەری شاعیرو گاڵتەچی و قسەخۆش بوو، گاڵتەی بە ئەشراف و خان و خەوانینی سەردەمی خۆی دەکرد، تەنانەت مسخرەی دەرباری پادشـای‌کوردستان (شێخ مەحموود)یشی‌کردووە، چەند وابووە کە خەقەی سۆفییانی بە گـاڵتەجاڕی خۆی هـەڵگێڕاوەتەوە و دەردی داونێ. وێڕای شیعری نیشتمانپەروەری و نـەتەوایەتی و شیعری زۆری سووکایەتی کردن بە چینی دەسەڵاتدار، زۆر گاڵتەی دەربارەی خـودا و شەیتان و فریشتان و" حەشرو نەشرو جەننەت و نار"و خەرافات و گەندەڵیی کاهینان هەبوون. شیعری وەهای هەیە کە دەتوانی وشـەی" پۆرنۆ"ی ئەوروپایی بۆ بەکاربێنی ( وردەکاریەکانی دە شیعری شـەیتانی‌بوونیدا کە زۆر وەستایانە جنس و پێکەنینی تێدا کۆکردوونەتەوە) . من دوو جار قانیعم دیت، هەردوو جار لە بـەغدا، یـەکەم جـار لە دووکانی وێنەگریی هـەژار کە بە یەك دنیا پێکەنینەوە دوو شیعری خۆی خوێندنەوە،دە یەکیاندا مردووەو کفنەکەی بە بەرتیل داوە بە دەرکەوانانی بەهەشـت تا رێی بدەن بچێتە ژوورەوە،کە ئاوا بە رووتی دەچێتە بەهەشت پیرێژن و پیرەمێردی رەزاقورسی بـەهەشتی لێی دەکەن بە هەرا کە ها شێت هات!. دووەمەکەی " کارکەناریی میکائیل" بوو، کە میکائیل تێدا بە خودا دەڵێ :

" پیاوەتیت نـاکەم، نەڵێی مەلەکە ئەم بە بەردەس کەریم ئەلەکە"،
خوا پێی فەرموو:" رۆڵـە بـفامە بزانە شێوەی نۆکـەری کـامە
خزمەتم ناکەی دەست بە کێرم ! مەگەر نازانی بە هەژار فێرم "

دووەم جار لەگەڵ ژنیدا لە ماڵێك بوو، زۆر نـەخۆش بوو و هـەر بۆڵەبۆڵی ئەوەی بوو کە کەس ئاگای لە حاڵی نیە و ئاوڕی لێ نـادرێتەوە( تەواو پێچەوانەی شیعری" لە سایەی عیززەتی نەفسم لە پاشا مەرحەبا ناکەم"،هاتوهاواری بۆ ئەوە دەکرد کەسێك مەرحەبای بکا) .

نازانم قانیع چەندجار رێی کەوتۆتە بەغدا، بـەڵام دەبێ هەرجارێ هاتبێتە بەغدا چووبێتە لای هەژار، هـەموو ئەو وێنانەی قانیعی کە لە دیوانەکانیدا چاپ کراون و من دیتوومن لە دووکانی وێنەگریی هـەژار گیراون . هەژار چەند لاپەڕەی" چێشتی مجێور"ی هەر بۆ قانیع تەرخانکردووە( ل ١٠٩-١١٢، ١٨٦- ١٨٨) . هەژاری کۆمیدیایی نێوانی لەگەڵ قانیعدا بەهۆی کۆمیدیاوە بوو، شێتوشەیدای گاڵتەو قسەخۆشەکانی قانیع بوو، کە دەربارەی دەڵێ :

" ئـەوەندەی ئەو گـاڵتەی بە خەڵك کردووەو ئەوەندەی ئەو لە عومری خۆیدا پێکەنیوە، باوەڕ نـاکەم بۆ هیچ شازادەیەکی بێکار لوابێ . مەجلیسی لە شیعری خۆشتر بو (..) قسەکانی ئەوەندە قدیلکەدەر بون مردویان دەخستە پێکەنین . شێخ و مەلا، ئاغا و خان، دەسەڵاتدارو دەوڵەمەند لای ئەو گاڵتەجاڕ

بون" - چێشتی ل ١١٠ .

هەژار قانیعی لە مهابادەوە دەناسی و یەکجار زۆر بە کارەساتەکانی ژیانی پێدەکەنی، کە یـەکەمی ئەوانە - بە هەر حاڵ بەچاوی هەژار- بریتی بوو لە کارەساتێك کە ئەو بەدبەختە هیچ خەتایەکی تێدا نەبوو، کە ئەویش شکڵی بوو .

هەژار دەڵێ کە نزیکەی پێنج سەد بەیتی شیعری لە پەسنی قانیعدا داناوە، لەوانە :

" بـاسی روخساری نـایـەتە گـوفتار     هـەموی قوڵکەیەو شیوەو چقڵجاڕ
دو کـوێرە کـانـی نـاونـراون چـاو     دایـم دەتـکێنن زەرداوی گـەنـاو
موی کونەلوتی و دو کونای وەك غار     جەنناتون تەجری تەحتەهەل ئەنهار "
(..)

دوای ئەوە نەسەبی :

" باوکی شێخێك بو لە تەکیەی دەڵاش     حـەفتا ساڵ ژیا ، بێ کەواو کـەڵاش
دایـکی شـێخزادە، نـازانم کچ کێ     دایـم دوژدامـاو لـە پشـتی دەرکێ
عاباو ئەژدادی لەم سەر تا ئەو سـەر     گەدازادەبون،سوالْکەر فەل سوالْکەر"

هـەژار، کە بەهۆی پێوەندیی رووحیی کۆمیدیاوە ئەوەندە قانیعی خۆش ویستووە، چەند جار ئەو خۆشەویستیەی بە کرداری چاکەلەگەڵدا کردن دەربڕیوە :

" زۆریان لە خەڵکی سەیدسادق گرت کە شێخ قانیعیش بەرکەوت و خەبەریان دامێ لە بەغدا گیراوە . بارزانی لە ماڵ نەبو. رۆژی کە هاتەوە، هەر سەلامی کرد و دانیشت، گوتم قانیعگیراوە، دەست بەجێ هەستا ، چوبوە لای ساڵح عەبدی رەئیسی ستاد گوتبوی یان ئێستا منیش حەبس دەکەن یان قانیع بەردەدەن . قانیعیان هێناوە، لە جیاتی سوپاس دەڵێ :

- بەخوا لەم حەبسـە هەمو رۆژ لاوەکان پرتەقاڵ و مۆزیان دەدامێ، تۆ نەتـهێشت تێر بخۆم !"

( چێشتی ل ٣٥٤) .

جارێکی تر :

" شۆڕشی کوردی عیراق دەستی پێکردبو . رۆژێك قانیع دەچێتە سەیری خۆپیشاندانێکی گەورە لە سولەیمانی . وتاربێژێك دەنەڕێنێ :

- بە شانازیەوە ئەم شۆڕشە لەسەر شانی رانندە و کۆمەگ رانندە پێکهاتوە .

قانیع دەست بڵنددەکا :

- مامۆستا کەوابێ مەکتەبی سیاسی ها لە گاراجی عەبدە!

لەسەر ئەوە برایم ئەحمەد لە عیراقی دەرکردو لە مەریوان گرتیان و بردیانە تاران و تادرەنگ نەهاتەوە عیراق ." ( چێشتی ل ١١٢) . ( راننده = شۆفێر، سایق)

(دوای ئەوەی کە ساواك قانیع دەخاتە حەبسەوە، پەژمان بەریدەدا و) " خستبویانە ماشێنەوەو لە حدودی عیراق بەرەڵایان کردبو. ئەویش هاتە لای بارزانی، دوسەد دیناری دایە . قانیع گوتی ئەمە بیدەم بەکێ ؟

- بە کەس، هەر بۆخۆت .

- دینم نەبێ ئەگەر باوەڕبکەم! قەت لە حەیاتمدا چوار دینار پێکەوە نەکەوتۆتە گیرفانمەوە ! " . ( چێشتی ل ٤٥٥) .

من لە شوێنێکدا ( کە بەداخەوە ئێستا ناچمەوە سەری، وادەزانم بیرەوەریەکانی کەمالی شێخ غەریب بوو) خوێندمەوە کە" سەرۆك بارزانی" لە سەردانێکی مەڵبەندی" پێنجوێن"دا ماڵی" قانیع "ی کردووە بە شوێنی مانەوەی . هەژار ئاوا توانیویە لە ڕێی سەرۆك بارزانیەوە بە کەڵکی هەڤاڵانی - لێرەدا- هەڤاڵی کۆمیدیای خۆی بێت .

قانیعیش، دوای مردنی، وەکوهەژار، قوربانیی" وێرانە"ی ئەولادی بوو،" وریا"ی کوڕی " پاشمەرگە وە گوڵاڵەی مەریوان"ێکی بۆ چاپ کردووە، ئەویش نەك هەر وەکو خانی شەرەفکەندی ٣٥٪ی لە کتێبی بابی " ئامادە کردووە" ( = لێ فڕێ داوە)، تەنانەت هێندێکیشی تێدا "بۆ تەئلیف کردووە" . تکا دەکەم هەرکەسێك ناوی وریاقانیع لە سەر هەرکتێبێکی قانیع ببینێ خۆی لێ لابدات و نەیکاتەوە، چونکە ئەوە قانیع نیە . هەژاریش کە بە ئەو کردارە زۆر تووڕە بوو دەیگوت من وریام دیتووەو لەسەرئەوە خۆم زۆر لێ تووڕەکردووە .

ڕۆژێك لە داهاتوودا، کە هەژار دەناسرێ چ کۆمیدیاییەك بووە و بۆ تێزی ئەکادیمی دەربارەی کۆمیدیای کوردی لێ دەکۆڵرێتەوە، دەبێ قانیع تێدا بە یەکێك لە ئیلهامبەخشەکانی کۆمیدیایی ئەو دابندرێ .

وادیارە هەژار بیری" دەمەتەقە" کانیشی هەر لە قانیع وەرگرتووە، بەڵام بەهەرحاڵ، من لێرەدا باسی کۆمیدیا دەکەم .

## چۆن قانیع دەبێ بە دەزگێڕی کۆڵانگەڕ

هەژار دەڵێ :

" ( قانیع لەکەرکووك) حەولی دابو کارێکی دەسکەوێ، نەبو. گوتمان عەرابە دەستی بگێڕە، وردەواڵە بفرۆشە، سندوقە سابونێکمان بۆ کڕی . مەلاشکور گوتی : چوار بۆڵ برینگیشی دەوێ .

- باوە بۆڵ برینگ چەس ؟

- کارت نیە، بۆت پەیدادەکەین .

ئیتر وەك تالیلەی دەروێشان لەسەریەك دەیگوت:« بۆڵ برینگ!» . لە سەقەت فرۆشی دەوری خانەقا دوانمان کڕی . چوینە بەری قۆریە بۆ سانەوە، لە چایخانەیەك دانیشتین . دوکاندارێکی ئەرمەنی کە ئامرازی ترومبیلی دەفرۆشت لەپشتەوە قانیعی ناسیبو، هات .

- مەلا قانیع ماندو نەبی .

- باوك بۆڵ برینگت هەس؟!

- ئەرێ وەڵڵا هەسمەو ناتدەمێ! تۆ هیچ نەبێ جوابی سەلام و ماندونەبیم بدەوە!

بۆڵ برینگی دا، عەرابە سازبو . مەجیدکاکەش کە عومدەفرۆش بو، کەل پەلی بە قەرز دایە کە پاش توانەوە بیداتەوە . دو دەستە پزدانی بۆ هێنا کە بیفرۆشێ . بۆ تەجرەبە یەکێکی فوکرد، درێژو ئەستور وەك هەرامەی کەرێ ! قانیع گوتی : « ئای باوك ئەمە نـافرۆشم، ئەمە بۆ دایك کوتەك خـاسـەـ! »

( دایك کوتەك خێزانی بو ) . ( چێشتی ... ل ١٨٦-١٨٧)

بەوجۆرە، دەزگێڕی کۆڵانگەڕیی قانیعی شاعیری کوردوکوردستان و خەباتکار لەدژی چەوسێنەرانی کوردو بێگانە، بۆ هەژار نـە کارەسات بوو و نـە هیچ، نـە بەراوردی بە دووچاوی عـەییاری کوڕەئاغای لووسـکەڵە و نـە کێشـایە مەیخانەو نـە چاخانە، باسێکی کۆمیدیایی ئەویەڕی خۆش بوو . هەژار نـەك هەر بۆخۆی ئەو هەمووەی پێ پێکەنیوە، بەڵکو وا خستوویەتە کتێبەکەشیەوە کە دۆست و ناسیاویش "بەو قسە قۆڕانە پێ بکەنن" ( چێشتی مجێور ل ١) .

" ناچار بۆ کار وەکو دەزگێڕی کۆڵانگەڕ وە ناو شاری تاران کەوتم، قاوم دەکرد : کێ کاری هەس بۆ کوردێکی پیری هەژار " ( شەرەفنامە، چاپی تاران، ل ٨٧٠)

دیارە ئەمە دەرهێنانێکی تری لەوەی" باوك بۆڵ برینگت هەس؟!" جیاوازە . هیچ پێکەنینی وێرا نیە، بۆچی هەژار لەوەشـدا نەیویستووە وەپێکەنینمان بخا ؟، بە دەزگێڕی کۆڵانگەڕیی قانیع دەبێ پێبکەنین و بە وەی ئەوی کە تەواویش دەزگێڕی کۆڵانگەڕ نیە، هەر " وەکو" دەزگێڕی کۆڵانگەڕە، دەبێ دەموراوێژێکی گریـانـاویی کـارەسات بخوێنینەوە ؟ ئایا جیاوازیەکە لەوەدایە کە کەسێك نەبووە چوار بۆڵ برینگ بۆ ئەو بکڕێ و سابوون و پزدانی وەك هەرامەی کەرێی بداتێ .. ئیدی ؟ چۆنە سەرۆك بارزانی پارەی چوار بۆڵبرینگ و عارەبانەیەکی نەداوەتێ ؟ ئەوانە هـەمووی پرسیاری رەوان . ئەوەی لەوانەش پتر دەبێ بە بیری مرۆڤدا بێت : " قـاوم دەکرد : کێ کاری هەس بۆ کوردێکی پیری هەژار "ەکەیە . هەژار چۆنی قاوکردووە ؟ لە کامە لە کۆڵانەکانی تاران ؟ بە بێ ئەوە کە بەو خەڵکە بڵێ چ کارێك،کە قسەیەکی زۆر سەیرە . بڵێین من کەسێکم بۆ کاری باغ و باخچە پێدەوێ و دەبیسم وا یەکێك بە کۆڵانەکاندا دەگەڕێ و" سنووری پیشەی" دیارناکا، ئەمن چووزانم بانگی بکەم یا نا؟. زۆر کەسهەن زۆرکاریان هەن، یەکێك باپیرێکی زۆر پەککەتە یا ئیفلیجێکی لە ماڵ هەیە نـاتوانێ خزمەتی خۆی بکاو ، کەسێکی بۆ راپەڕاندنی کاری ئەوە دەوێ، یەکێك مسگەرێکی دەوێ مسەکانی بۆ سپیکاتەوە، یەکێك زەروگەرێکی دەوێ خوێنی بەربدا، ئیدی هـەزارو یەك کار . ئـەگەر بیگوتا "گێزەر، گێزەر"، یـا" لەبلەبی نخوود"، یـا " چەقۆکانتان تیژکەنەوە"، یـا "تاودەستەکانتان پاك بکەنەوە"، خەڵك دەیانزانی چاوەڕوانیی چ کارێکی لێ بکەن، هەر کێ کاری هەس بۆکوردێکی پیری هەژار بەشی کاردۆزینەوە ناکا . ئەی راستیەکە چۆن بووە ؟ بەم جۆرە بووە :

هەژار، ساڵی ١٩٧٥، لەگەڵ سـەرۆك بارزانیدا کەوتە نەغەدەوەو، دوای ئەوە لەگەڵیدا چووە تاران، لە تاران چـەند حەفتەیەك، لە خانووی زۆر لوکسی ساواکدا بەسەردەبەن، تا خانوویان بۆ دەدۆزنەوە . ڤیللایەکی زۆر دەوڵەمەندانە لە نزیکی ڤیللای بارزانی خۆی دەدرێ بە هەژار . هەژار پارەیەکی ئەوەندەی لە سەر حیسابێکی بانکیی ئێران هەیە، کە بەلای کەم دوو-سێ ساڵێك خەمی بێ پارەیی نـەبێت، بـەڵام ئەوە هەر بەشێکی کەم و رەمزیی پارەی هەژار بوو، هەژار - وەك هەمیشە - پارەی شارراوەی هەبوو کە خۆی و ژنی شوێنیان پێ دەزانی، هەژار کەم رۆژ هەیە لە کەرەج سەر لە سـەرۆك بـارزانی نەدا، دیارە سەردان بە هاتنەوەی دەستی بەتاڵ نیە . زۆری پێ ناچێ کە هەژار بە کـارمەند دادەمەزرێ، هەژارێکی کە هیچ دیپلۆمێکی نیە ( تەنانەت هیچ قۆناغێکی فەقێیەتیەکەشی تەواونەکردووە) لە تاران

به معاشی" فوق لیسانس"(ماجیستێر،دوکتۆراندەز) دادەمەزرێ . ماوەی چاوەڕێ کردنی لە ڤیللاکەیداو لە نیزیکی سەرۆك بارزانی‌دا تا لەسەر ئەو کارەی دادەمەزرێ، چەند مانگێك دەبێ . هەژار چاوەڕوانیی ئەو چەند مانگەیەتی لە ڤیللاکەیداو بە ئەو بارە پارانەوە کە لەوکتێبەیدا بەم جۆرەی باس دەکا :

" ناچار بۆ کار وەکو دەزگێڕی کوڵانگەڕ وە ناو شاری تاران کەوتم، قاوم دەکرد : کێ کاری هەس بۆ کوردێکی پیری هەژار " ( شەرەفنامە، چاپی تاران، ل ٨٧٠)

ئەگەر قانیع ئێستا بمابایە، حەقمن نەیدەتوانی بزانێ ئێمە بۆچی بە بوڵبرینگی ئەو دەبێ پێ‌بکەنین و بە ئەو وەزعەی هەژاریش لە ڤیللاکەیدا وا ناڕەحەت ببین، چونکە ئەم سەنعەتەی هەژاری نەدەزانی، خۆ هەمووکەس سەنعەتکار نیە .

کەسانێکی زۆر بە دەوری هەژارەوە هەبوون کە دەردی زۆریان لە ژیانیاندا دیتبوو، هەژار زۆری حەزدەکرد ئەوانە ئەو دەردانەیانی بۆ بگێڕنەوە تا پێیکەنێ. ئەوانەش زۆر بوون و بەشێك لە سەرچاوە زۆر دەوڵەمەندە-کانی کۆمیدیای هەژاریان پێکدەهێنا. مەلا شکور یەکێك بوو لەوانە، ئەمە یەکێك لە چیرۆکەکانی کە مەلا شکورخۆی لەکۆڕێکدا گێڕایەوە کە منیشی تێدابووم، دواتر لەهەژارو زەبیحیشم بیست کە بە پێکەنینی زۆرەوە باسیاندەکرد :

هاوینێك لە بەغدا، بێ جێ و رێ بووم نەمدەزانی چی بکەم. کەسێك لە دووکانی وەستاتڕە گوتی ئەمن جێیەکی فڕنی سەموونم هەیە، هەر لەعەسرەوە دایدەخەم، وەرە بۆ خۆت لەوێ بمێنەوە، بەڵام دەبێ سەعات پێنجی بەیانیانە بڕۆی چونکە ئەوسا ئیدی کار دەست پێدەکا. چووم. جێیەکە تا دەوری نیوەشەو زۆرگەرم بوو، ئەوجا کە گەرماکە کەمتر دەبوو مێروولە هێرشیان دەهێنا!، ئیدی بەهەزاران مێروولەم پێ هەڵدەگەڕان. هاتمەوە دووکانی وەستاتڕەو حاڵی خۆم لە فڕندا باس کرد، زوبێحی( زەبیحی) لەوێ بوو گوتی ئەمن ژوورێکم هەیە وا دەبێ بە چەندمانگ بەلایدا ناچم، وەرە بۆخۆت ئەو چەندمانگە لەوێ بە( تا دیسان بەشی شەوانە رۆژیی خوێندن دەکرێتەوە). لەگەڵیدا چوومە ژوورەکەی. لە خانوویەکدا بوو کە بەشێکیان مەسیحی بوون. بەرامبەری‌کلیسایەك بوو. ژنێکی مەسیحی کە دیاربوو نێوانی لەگەڵ زوبێحیدا زۆر باش بوو، بەکرێی گرتبوو و ژوورەکانی بەکرێ دابوونەوە، خۆشی هەر لە ژوورێکیدا دەژیا. ئوسووڵ وابوو کە پیاوە سەڵتەکان هاوینیش هەر لە ژووردا دەخەوتن، خەوتنی سەربان هەر بۆ خێزانەکان بوو. زوبێحی گوتی هەرچیت لازم بوو بە ئەو ژنە بڵێ،لە بەرچاوی من بە ژنەکەشی‌گوت ئەوە خزمی منە،هەرچی بیەوێ و بۆت بکرێ تکایە یارمەتی بدەو وای دابنێ ئەوە خۆمە. پرەمێس و قوتووی چا و شەکرو هەندێ شتی خواردن و ئەوانەی پیشان دام و ڕۆیشت. هەرکە ڕۆیشت، بەپەلە پرم دایە پرەمێس هەڵی بکەم و چایەك ساز بکەم، دوو رۆژ بوو یەك چام نەخواردبۆوەو بۆ یەك دانە چا سویێم دەبۆوە. هەڵکردنی ئەو پرەمێسە سەگبابە،جەناب، زۆر لەوە موعەققەدتربوو کە من پێم وابوو. لە هەوڵی‌هەڵکردنیدا بووم، لەپڕ کڵپەیەکی لێ‌هەستاو من لەگەڵ هاواردا خۆم وا کێشایە دواوە،بەسەرتەنەکەیەکی

نەوتدا کەوتم، ئیدی ئاگام لە دنیا بڕا . کە وەهۆش هاتمەوە لە سەربان بووم ! لایەکی قۆڵ و شانم سووتاو و ئێشێکی زۆری پشتم . ئەوانە چۆن هاواری منیان بیستووەو چیان لێ‌کردووم و چۆنیان هێناومە سەربان نازانم، تەنیا ئەوەبوو کە لەوانم دەبیست و بۆخۆم هیچ شتێکم لەوانە وەبیر نەدەهات . گوتیان مادام وا سووتاوی قەیدی نیە هەر لەسەربان بخەوە . ژنەکە دکتۆری بۆ بانگ کردووم و کۆڵێك مەرهەمیان بۆ کڕیوم و هەموو شەوێك ژنەکە قۆڵ و شانی بەوانە بۆ چەور دەکردم، تا چەند حەفتەیەك ئیدی زۆر هاتمەوە سەرخۆم . شەوێکیان، بەهەرحاڵ، هەرچۆنێك بوو، دەستم بۆ ژنەکە برد . ژن یەك هاواری وای بەسەردا کردم هەرچی خەڵکی ئەوسەربانەو یەقین زۆر سەربانی‌تریش گوێیان لێ بوو. کەوتە جنێودان و فەزیحەت . جا وەرە راکە . من کە نیوە رووت بووم، بە راکردن لە پلەکانەوە رامکردە خوارەوەو هەرلەدەرگای ژوورەکەمەوە توانیم چاکەتێك بکێشمەو بۆی دەرچم . خەڵکی سەربان بەو نیوەشەوە بەدووەمدا هەڵدێن و هاواردەکەن "حەرامی" (دز) و فیتەفیتی حەرەسی شەوو ئەو حەشامەتە بەدووەمەوە . شتێکم بەسەر هات کە نەبێتەوە . بەڵام باش بوو بۆی دەرچووم و، ئیدی دوای ئەوە تازە نەمدەوێرا بچمە دووکانی وەستاتڕەو بە ڕێگاشەوە هەمیشە سەیری دوورم دەکرد نەوەکا تووشم ببێ بە تووشی زوبێحیەوە .

مەلا شکور، بە تەبیعەت مرۆڤێکی یەکجار زۆر بێ حەیاو بێ ئەدەب و ترسنۆك بوو . ئەگەر بیزانیایە بۆی دەچێتە سەر، لە بێ ئەدەبیدا زۆر شووڵی لێ هەڵدەکێشا ، بە بێ هیچ مناسەبەیەك و هەروا لەخۆوە قسەی بە خەڵك دەگوت، بە کەمترین هەڕەشەش کونەمشکی لێ دەبوو بە حەرەمسەرای " خادم الحرمین الشریفین " . هەژار گێڕایەوە :

" ڕۆژێك مەلاشکور پەیدا بوو ، ڕەنگی پەڕیبوو ، دەمی وشك ببوو ، لەترسان دەلەرزی

- کوڕە ئەوە چیە مەلاشکور چیتە ؟

- کاکە بەقوربانت بم فریام کەوە، وەڵڵاهی دەمکوژن .

- کوشتنی چی، کێ دەتکوژێ ؟

- چوومە ئوتێلی شیمالولکەبیر، جەلال تاڵەبانی لەوێ بوو، ئەمنیش پێم گوت کوڕە ئەتۆ ناوی خۆت

کردووە بە سەرۆکی کوردستان و تەرەماش و گووی سەگ و نازانم چی ! ؛ جەلال دوو قاپی برنج و
شلەی لەپێش بوو، گەرم- گەرم تازە بۆی بانگ کرابوو، هەڵیگرتن و بە سەر تەپڵی سەریدا کردم !،
ئیدی رامکرد، گوتی جا مەلاشکوری سەگباب تۆ لەدەستی من بۆ کوێ دەچی، بۆم راوەستە .
کاکە بە حەقی خودا دەمکوژێ، چیم لێ دەکەی .

- ناوەڵڵا برا خودا هەلناگرێ زۆر ناحەقیی لەگەڵدا کردووی، ئەوە لەجیاتی ئەوەی کە سوپاست بکا و ماچت بکا کە وا چووی لەبەرچاوی خەڵك یەخەت گرتووەو جنێوت پێداوە، چۆن وا بێ لوتفیی لەگەڵدا کردووی ؟

- گاڵتەم پێ دەکەی کاك هەژار ؟

- ئەی بڵێم چی، ئاخر کە تۆ ناتەوێ شەڕ بکەی ئەو سەرسەرێتیەت لە چیە؟ ئەتۆ بچی هەروا لە خۆڕایی یەخەی کەسێك بگری و جنێوی پێ بدەی بەتەمای چی ؟ دە بخۆ دەی .

جەلال تاڵەبانی پێشتر هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مەلا شکوردا نەبوو، تەنانەت جێی بڕواشی بوو . مەلا شکور دەیگوت جارێك جەلال تاڵەبانی نامەیەکی بۆ کەسێك( ئەو ناوەکەی دەگوت) لە شام (دیمەشق) و پارەیەکی بۆ هەقی ڕێگا و مەسرەف و مانەوەمی دامێ،گوتی ئەو نامەیەم بۆ بگەیەنەو پێی بڵێ - من خۆشم بۆم نووسیوە- کە بە نامە وەڵامم بداتەوە . چوومە شام و نامەکەم دا دەست کابرا . کابرا کردیەوەو هێندێك پێکەنی و گوتی برازا گەلێك بەخێرهاتی، بەڵام ئەم نامەیە بۆ من نیە!، بۆ کەسێکی ترەو خراوەتە ئەم پاکەتەوەو ناوی منی لە سەر نووسراوە، وادیارە هەڤاڵ جەلال دوونامەی نووسیون و لەسەر دووپاکەتەکەشی نووسیوەو بە سەهو نامەی ئەم کەسەی خستووەتە پاکەتی منەوەو ئەوەی منیشی بۆ ئەو ناردووە !. فەرموو نامەکەت بەرەوەو هەرکات ئەوەکەی خۆمم بۆ بهێنی ئەوسا حەقمەن بەسەرچاو فەورەن وەڵامی دەنووسمەوەو دەتدەمێ بۆی بەریەوە.

دوا قسەی مەلا شکوری کە من بیستومن، دوو جار لە تەلەڤیزیۆنی حکومەتی هەولێرەوە بوون . هەر دوو جار یەك دنیا هەلپەرستیی سیاسی بوون . جاری یەکەم زۆر دیپلۆماسیانە رەخنە توندەکانی مسعوود محەممەدی لە ئاست هەوای سیاسیی رۆژدا بەرپەرچ دانەوەو پێداویستیی بەرگریکردن لە کابینەی نێچیرڤان بارزانیی باس کرد. جاری دووەمیش، لە یادکردنەوەی هەژاردا بوو، بە شێوەیەکی زۆر سەیری کۆمیدیایی، هەژاری تێکەڵ بە خودا کرد ،هانای بردە بەر شیعرێکی تورکیی ئازەری (ی نەسیمی) کە هەژاری پێ بناسێنێ، لەپێشدا

کردووە بە سـەرۆکی کوردستان و تـەرەماش و گووی سەگ و نازانم چی ! ؛ جەلال دوو قاپی برنج و
شلەی لەپێش بوو ، گەرم- گەرم تازە بۆی بانگ کرابوو ، هەڵیگرتن و بە سـەر تەپڵی سەریدا کردم !،
ئیدی رامکرد ، گوتی جا مەلاشکوری سەگباب تۆ لەدەستی من بۆ کوێ دەچی، بۆم راوەستـە .
کاکە بە حەقی خودا دەمکوژێ، چیم لێ دەکەی .
- ناوەڵڵا برا خودا هەلناگرێ زۆر ناحەقیی لەگەڵدا کردووی، ئەوە لەجیاتی ئەوەی کە سوپاست بکا
و ماچت بکا کە وا چووی لەبەرچاوی خەڵك یەخەت گرتووەو جنێوت پێداوە، چۆن وا بێ لوتفیی
لەگەڵدا کردووی ؟
- گاڵتەم پێ دەکەی کاك هەژار ؟
- ئـەی بڵێم چی، ئاخر کە تۆ ناتەوێ شەر بکەی ئەو سەرسەرێتیەت لە چیە؟ ئەتۆ بچی هەروا لە
خۆڕایی یەخەی کەسێك بگری و جنێوی پێ بدەی بەتەمای چی ؟ دە بخۆ دەی .

جەلال تاڵەبانی پێشتر هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مـەلا شـکوردا نـەبوو، تەنانەت جێی برواشی بوو . مەلا شکور دەیگوت جارێك جەلال تاڵەبانی نامەیەکی بۆ کەسێك( ئەو ناوەکەی دەگوت) لە شام (دیمەشق) و پارەیەکی بۆ هەقی رێگا و مەسرەف و مانەوەمی دامێ،گوتی ئەو نامەیەم بۆ بگەیەنەو پێیی بڵێ - من خۆشم بۆم نووسیوە- کە بە نامە وەڵامم بداتەوە . چوومە شام و نامەکەم دا دەست کابرا . کابرا کردیەوەو هێندێك پێکەنی و گوتی برازا گەلێك بەخێرهاتی، بەڵام ئەم نامەیە بۆ من نیە!، بۆ کەسێکی ترەو خراوەتە ئەم پاکەتەوەو ناوی منی لە سەر نووسراوە، وادیارە هەڤاڵ جەلال دوونامەی نووسیون و لەسەر دووپاکەتەکەشی نووسیوەو بە سەهو نامەی ئەم کەسەی خستووەتە پاکەتی منەوەو ئەوەی منیشی بۆ ئەو ناردووە !. فەرموو نامەکەت بەرەوەو هەرکات ئەوەکەی خۆمم بۆ بهێنی ئەوسا حەقمن بەسەرچاو فەورەن وەڵامی دەنووسمەوەو دەتدەمێ بۆی بەریەوە.

دوا قسەی مەلا شکوری کە من بیستوومن، دوو جار لە تەلەڤیزیۆنی حکومەتی هەولێرەوە بوون . هەر دوو جار یەك دنیا هەلپەرستیی سیاسی بوون . جاری یـەکەم زۆر دیپلۆماسیانە رەخنە توندەکانی مەسعوود محەممەدی لە ئاست هەوای سیاسیی رۆژدا بەرپەرچ دانەوەو پێداویستیی بەرگریکردن لە کابینەی نێچیرڤان بـارزانیی باس کرد. جاری دووەمیش، لە یادکردنەوەی هـەژاردا بوو، بە شێوەیەکی زۆر سـەیری کۆمیدیایی، هەژاری تێکەڵ بە خودا کرد ،هانای بردە بەر شیعرێکی تورکیی ئازەری (ی نەسیمی) کە هەژاری پێ بناسێنێ، لەپێشدا

تورکیەکەی گوت :

" منده صغار ایکی جهان، من بوجهانە صغمازم

گـوهـرلامکان منم، کـون و مـکـانە صغمازم

و ئەوجا کوردیەکەی بەم جۆرە وەرگێڕا ( کە وەرگێڕانێکی بێ هەڵەی گەورە نیە ) :

" هەر دوو دنیا جێی دە مندا دەبێتەوە، ئەمن لە هەر دوو دنیادا جێم نابێتەوە

کەون و مەکان ئەمنم، گەوهەری لامەکان منم "

( دەبوو بڵێ : " دوو جیهان جێیان دە مندا دەبێتەوە، من دە ئەم جیهانەدا (بوجهانە) جێم نابێتەوە

گەوهەری بێ جێ منم، دە گێتیدا جێم نابێتەوە "

ئەینا بە ئەو شێوەیەی کە ئەو وەریگێڕا هەژار دەبرێتە سەرووی خوداوە ) .

ئـەگەر نەسیمی (ی کە ساڵی ١٤١٧ وەکو بزن کەوڵ کراوە) ئاگای لەوەبوایە کە ئاوا مەلاشکور ئەو شیعرەی بۆ وەسفی هەژار بەکاردێنێ، تۆ بڵێی دە دڵی خۆیدا نەیگوتایە : " دە فەرموو دەی، ئەمانە چۆن من کەوڵ دەکەن و کەسێکی کە بوختانی وا بۆ هەژار هەڵدەبەستێ بە کەوڵەکەیەوە دەسووڕێتەوەو خۆی تێ ناگەیەنن ". مەلاشکور دوای چەند دێڕێکی کەم ئەوجا هاتە سەر جەرگەی مەبەست و، چنگێکی لـەسەداسەد درۆی پەتیی هەڵڕشت :

" مام هەژار کەسێك بوو کە بۆ یەکەم جار فێرە زمانی کوردیی کردم ! ، هەر بە دەم ئەوەشەوە فێری ڕێی ڕاستیکوردایەتیی بارزانیی نەمری کردم . هەروەکو ئوستادێك، وەکو مامۆستایەك فێریکردم کە تەنها سەرکردایەتیەك هەبێ لەو عەسرەدا، لەو چەرخەدا، تـەنها بـارزانییە کورد بێنێتە چەند پلەیەك لە کوردایەتیدا . (..)

هـەر مرۆڤێك، یا - وەك قەدیمیەکان دەڵێن - "عەبدی بەشەر لە دنیادا"، چی مـەلا شکور، چی من و چی هەر کەسێکی تر لە " بو جهانە"دا! بێت و بڵێت ڕۆژێك لە ڕۆژان هەژار لەرووی سیاسی، قـەومی، عەقیدەیی، یا هەر شتێکی تری لەو بابەتانە تاقە یەك ئامۆژگاریی کردووم و دوور لە باسی قوون و تڕو کیری سێ ڕەنگ و کێ کێی چۆن گاوەو...دیارە پارەش، ئەوا حەقمن هێندە- هێندە درۆ دەکا هـەتا- هەژارگوتەنی - چاوی بابی دە قەبردا سپی دەبێ . ئـاخر هـەی مەلا شکوری سـاختەچی و - بەغداییگوتەنی- کەللەچی!، شـەرمێك لە حـەقیقـەت، حـەیایەك،- وەك لە سلێمانی دەڵێن - " ئاخر خوات هەبێ، ئەفرێ ..." ئەفرێ، مردووت نەمرێ، چۆن بزنە ؟ .

پێم سەیر بوو کە مەلاشکور، بە ئەو هەمووە زیرەکیەی، لێرەشدا دوو شتی یەکجار زۆر گرنگی بۆ معاشەکەی

لەبیر چوون : یەکەمیان " کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو" و دووەمەکەشیان " کابینەی پێنجەمی نێچیرڤان بارزانی "، کە ئیتر ئەوانە بەشێکن لە پرۆتۆکۆلی ئەم قۆناغە و خۆ لێبواردنیان ناکرێ مرۆڤ لای حکومەتی کورد خۆشەویست بکا . دیارە ئەو ئەگەر ئەو پرۆتۆکۆلانەشی ڕێز لێ بگرتایە، هەر شەقێکیان تێ هەڵدەدا، چونکە ئیتر ئەزموونی میرانیکورد لە سیاسەتدا زۆر لەوە پترە کە سەر رووتێکی چاکەت و پاتۆڵدەبەر ڕێ بدەن وای لێبێت شوێنی سەربەخۆی خۆی بگرێت . مەلاشکور سفرەی بوونە دەوڵەمەندی قەبەی لەبەردەم راخرا و قۆڵیشی لێهەڵکرد، بەڵام نەیزانی چۆن پاروو لێبدا، ئیتر تێیانهەڵداو ئەمە ، لە سکرتێرایەتیی ئاکادیمیاو هێنانەسەرتەلەڤیزیۆن بۆ درۆکردن کەوت، بە هەزار تکاو رجاو واسیتەش مەرحەبایەکی وەلینیعمەتی وەدەست نەدەهێنا. بەتەواوی فتکرا .

مەلا شکور هەمیشە مرۆڤێکی زۆرهەلپەرست و گوڵەبەڕۆژەی تەواو بوو و ئەو پەستیە رووحیەی بۆخۆی بە ئەو بێحەیایی و بێ ئەدەبیە تۆڵەدەکردەوە کە باسمکرد، کۆیلەی بەرژەوەند بەڵام فیرعەون لە ئاست کەسێکدا کە لای وابوایە ئەم خۆی لە مەرکەزی وەهادایە بێئەدەبیەکەی لە ئاست ئەودا بۆ بچێتەسەر، کە لەوەشدا - وەك لە نموونەی ئەزموونەکەی لەگەڵ تاڵەبانیدا - وادەبوو پیس بەهەڵە دەچوو . جارێك بەهەمان شێوە بەدەست زمانی " سەعید ناکام"ـەوە(کەهەژار هەر پێی دەگوت" سەعید نۆکاو"!) دامابوو، وەکو سواڵکەر لێیدەپەڕایەوە کە :

- من کردم و گووم خواردو تۆ بەگەورەیی خۆتم ببەخشە

- باش بوو زوو فریای خۆت کەوتیت، دەنا وەڵڵاهی مەلا شکور ئەو دنیایەم لێ پڕ دەکردی،کوڕە ئەتۆ چۆن دەڵێی " ئەو پێشمەرگەو مێشمەرگە جروجانەوەرە تەڕەماشانە ...".

- من هەر خۆم وا قسەدەکەم، جەناب، وەڵڵاهی هیچم مەبەست نیە، من پێشمەرگەم خۆش دەوێ، چی بکەم زمانم وایە! وەڵڵاهی من لە رووی خۆشەویستیەوە وام گوتووە، خۆ تۆ من دەناسی ...

ئیتر ئەوە مەلا شکور بوو، هەمیشە لە ئەوپەڕیدا، یا کۆیلە یا ئاغای قۆڕە دەماغ، ئەو ناوەندیەی کە ئەریستۆ (ئاریستۆتێلێیس) لێی دواوە لە قامووسی رووحی مەلاشکوردا نەبوو . لە رووی عەقڵییشەوە هەروابوو، یان -هەژار گوتەنی- لە ددانی ماریش زیرەکتربوو، یان تەپۆیەکی کەم وێنە . هەژار لە چێشتی مجێوردا ( ل٢١١) باسێکی خۆی و مەلاشکورو پۆرتۆیانی ئەرمەنی زۆر بەکورتی دەگێڕێتەوە، لای من بەشێوەکیکەمێك جیاوازو هێندێك درێژتری گێڕایەوە :

" کوتم مەلاشکور، پیتاقە (بلێت)یەکی قەتارت بۆ دەکرم و روبعە دینارێکیشت دەدەمێ،

بچۆ کەرکووك، بچۆ دووکانی پۆرتۆیان و پێی بڵێ کە ئەگەر دەیەوێ پێم‌خۆشە بچم ببمەوە بە شاگردی . چوو . هاتەوەو کوتی تەواوە دەڵێ زۆر باشە ومانگێ هەژدە دیناری دەدەمێ .

چوومە کەرکووك . پۆرتۆیان کوتی :

- کوڕە ئەوە چی بوو ئەتۆ ناردبووت ؟

- بۆ چی بووە، مەلاشکور پیاوێکی زۆر فەقیرو چاکە و زۆر دۆستمە، چی کردووە ؟

- چی کردووە؟ کوڕە ئەوە هاتە ئێرە کوتی عەزیز ناردوومی بمکەی بە شاگردت، کوتم جا تۆ کاری ستۆدیۆ دەزانی؟،کوتی بەڵێ ئەوەی ئەو دەیزانێ منیش دەیزانم، کوتم باشە هەر ئێستا بڕۆ ژووری تاریك ئەو چەند رەسمانە تەبع بکە بزانم کارەکەت چۆنە . چووە ژوورەوە و زۆری پێچوو و نەهاتە دەرێ، چووم سەیردەکەم هەروا راوەستاوەو هیچی نەکردووە . ها بۆچی کار ناکەی ؟ کوتی ئاخر وەڵلا نایزانم ! عەزیز ناردمی کە بڵێم ئەو خۆی دەیەوێ بێتەوە کارت لا بکا ، ئیدی کوتم بەڵکو بۆخۆم بێ، ئەگەر فێرم بکەی ئەمن خۆم کارت بۆ دەکەم . کوتم رۆڵە ئەتۆ بە ئەو عەقڵەی کە درۆیەکی ئاوای پێ بکەی فێری چی دەبی کەرە؟ بڕۆ پێی بڵێ با بێ، بڵێ زۆرم پێ‌خۆشە بێتەوە لام و مانگێ هەژدە دیناری دەدەمێ .

ئیتر ئاوابوو ، مەلا شکوری ئەوەندە زیرەك وادەبوو درۆیەکی ئاوای دەکرد کە بێ عەقڵترین کەسیش دەزانێ ئەو درۆیە تەمەنی لە ئەزموونی نیو سەعات پتر نابێ .

<u>چەند دێرێکی شەخسی بۆ گیانی مەلاشکور</u> :

من کە لە نووسیندا ، دەربارەی هەرکەسێك و هەر شتێك، بە موو لەوەی کە بە حەقیقەتی دەزانم لانادەم، ناچارم ئاوا دەربارەی مامۆستا مەلاشکور بنووسم . خۆزیا مەلاشکور ئەو کەماسیانەی نەدەبوون . مەلا شکور لەگەڵ مندا یەکجار زۆر چاك بوو . ئەو - وەك پێشتر باس‌کرا- ماوەیەك سەرۆکی من بوو لە دیوانی وەزارەتدا ( کە سامی رەحمانی وەزیر بوو ) و دوای ئەوە گواستیەوە بۆ ئیدارەی خوێندنی کوردی و لەوێ وەزیفەی " باحث علمي"ی درایێ، منیش بەدوویدا ، هەر بە هەمان وەزیفەی " کاتب"ێکی خوارترین پلە چوومە ئەو ئیدارەیە . رەفتاری مەلاشکور لەگەڵ مندا لەوەی لەگەڵ خەڵکی تری ئەوێدا جیاواز بوو. زۆر رێزمان لەنێواندا هەبوو ،لەگەڵ یەکتردا راستگۆ بووین و من زۆرکەڵکم لە خوێندەواری و زانیاری و ئاگاداریی ئەو وەرگرت . مەلاشکور زۆر

هانی دەدام کە بنووسم و - بەتایبەتی - خەریکی وەرگێڕان بم، بە راشکاوی زۆر کەسی نـاسراوی بەوە لە خۆی نـارەحەت دەکرد کە دەیگوت " ئێوە نـازانن وەرگێڕان چیە، ( رووی دەکردە من و دەیگوت : ) ئەمە دەیزانێ، سەیری وەرگێڕانی بکەن و فێرببن" . جا وەرە شتی وا بە" نووری‌عەلی ئەمین"ی بەڕێوەبەری بەشی پرۆگرامانی خوێندنی کوردی لە ئیدارە بڵێ، نووری( کەمەهۆی شەیتانی و پیلانگێڕیەکانیەوە من و چەند هاوکارێك لەنێوان خۆماندا ناومان نابوو" جۆن فۆستەر دالاس") ئیدی بەتەواوی تووڕەدەبوو و لەگەڵیدا دەکەوتە شەڕەقسە . هەر کارێکی وەرگێڕان یا پێداهاتنەوەی کە چەند کەسێك وێکڕا کردبێتیان و منیشی تێدابووبم،مەلاشکور بەبێ ئەوە پرسیاری هیچ وردەکاریەکی کارەکەی کردبێ یان تـەنانەت بە باشی سەیری هەمموو ناوەکانی کردبێ، گوتوویە " مادام ئەمی تێدایە، تەواو، دەبێ هەموو لە سەر ئوسلووبی ئەم بێ و ئەم بە هی هەمووانـدا بێتەوەو وەکو هی خۆی لێ بکا و لێی رازی بێ، ئەم پێی باش بێ باشە". ئێستا من هەموو کەس دەربارەی زانیاریم یا کردارم یا هەرچی، هەرچی بیڵێ یا نەیڵێ تۆزقاڵێك کار نـاکاتە سەر هەست و بیرکردنەوەی خۆم دەربارەی خۆم، هەرچی بیڵێن یا نەیڵێن لە حـەقیقەتی من ناگۆڕێ، مـەگەر من بۆخۆم هـەر ئەوە نیم کە هـەم ؟ ئەو دنیایەش هەرچی دەیڵێ مەگەر ئەوە قسەی خـۆی نیە ؟ ئیتر چ فڕی بەسەر منەوە هەیە ؟ هیچ . بەڵام ئەوساو لەو هەلومەرجەدا، بە پێچەوانەی - بە نموونە- هەژاری کە دەیویست هەمموو بڕوایەکم بەخۆم تێکوپێك بشکێنێ، مەلاشکور ئاوا بوو لەگەڵمدا، نەدەکرا مەگەرهەر زۆری پێ شادببم . من مەلا شکورم، بە ئەو رەوشتانەشیەوە کە باسم‌کردن و پێم باش نەبوون، زۆر خۆشدەویست و ئێستاش خۆم زۆر بە قەرزداری ئەو دەزانم. هیوادارم گیانی پاکی بێ‌حەیای! ئەو- زۆرجار لەگەڵ خەڵکی تردا - ساختەچیە، ئەم راستگۆییەی منی لێرەدا قەبووڵ بێت، کە من لە ژیانیشی و لە مردنیشیدا لە ئاستیدا راستگۆ بووم و قەت یەك درۆم لەگەڵدا نەکرد .

## ٣٨- کۆمیدیای بحەننەس

هەژار دووساڵ کەم دە رۆژ( ١٩٤٨/١١/٢٣- ١٩٥٠/١١/١٣) بە نەخۆشییسیل لە خەستەخانەی بحەننەس لە لوبنان ماوەتەوە ( مامۆستای کورد ، ژمارە ١١-١٢، هاوینی ١٩٩١ ، ل ٧٨)، لە چێشتەکەیدا بە هەڵە نووسیویە دووساڵ و دە رۆژ . لەوێ هەم هەلی خوێندنەوەی زۆرکتێبی بۆ رەخساوە، تەنانەت هێندێك فێری زمانی ئینگلیسییش بووە، هەم بۆ جاری یەکەم چەندکوردی ناوداری لەوێ ناسیون کە چوون سەریان داوە : جەلادەت بەدرخان، رەوشەن خانم، قەدری جان، جگەرخوێن، ئۆسمان سەبری، وێرای کەسانێکی تریش کە ناویان نابا و هەر دەڵێ :" زۆر لە کوردەکانی شام و جزیرە و دانشجوی کورد لە لوبنان دەهاتن سەریان دەدام و کتێب و میوەیان دێنا" .

ناوی هێندێك لە نووسەران دەبا کە بەرهەمیانی خوێندوونەوە، بەڵام لەوە پتر ناڵێ : کامە لەوانەی پێ چۆن بوو ، چ لە ناوەرۆك و چ لە شکڵدا ، کام تەئسیری بە سەرهەستیدا هەبوو، چۆن و لە چ روویەکەوە، کامەیانی پتر پەسند بوو ، ئاسۆی بیرو ژیان بە ئەو خوێندنەوانە چۆنی لێهات... ئیدی،کە - بۆ من - ئەمە مانای ئەوە دەدا تەئسیرێکی رووحیی ئەوتۆیان بەسەردا نەبووبێ . یەکەم دیداری هەر یەك لەو کوردە ناودارانە، دەبوو چاوەڕوانیمان لێ هەبوایە کە بەلای کەم سەرو نیو لاپەڕەیەك لێ بدوێ . بەڵام نایکا ، هەر بە ئەوەندەی دەبڕێتەوە :

" جەلادەت عالی بەدرخان" و " رەوشەن خانم" و " قەدری جان" ی شاعیرو " جەگەرخون" و
" عوسمان سەبری"م لەوێ ناسین " . چێشتی ل ١٦٥ .

ئیدی تەواو . ئەوە دەبێ چی بگەیەنێ ؟

کاتێك قازی ئەحمەد ( کە لە نووسینێکیدا هەژار بە" فەیلەسووف" ناودەبا )، داوای لە هەژار کردووە کە شتێك بۆ پێشەکیی" دیوانی سیف القضات" بنووسێ، هەژار سێ لاپەڕەی بۆ نووسیوە، کە نیوەی بریتیە لە بیرەوەریی یەکەم دیداری سەیف، بەشێکی بە هەمان رێنووسی ئەسڵەکە :

جارێك پیاوێکی زۆرماقوڵ هاتە زیارەتی خانەقا. کەوای شۆڕی مەلایانەی دەبەردابو. مێزەرەکەی ئاخوندانە لە دەوری سەر هەڵپێچابو، عەبایەکی سورمەیی بەسەر شانەوە، قوڵەگۆچانێکی جوانی حەیزەرانی بەدەستەوە . تا خوا حەزکا جوان و بە سەروسیما بو، پێیان دەگوت " سیف القضات " (..) سەیف پرسیبوی کێ لێرە شاعیرە (..) فەرموبوی هەرکەم ( = هەردووك هەژارو هێمن ـم ) بۆ بانکەن(= بانگ بکەن) با بیانبینم.

لە نزیك خۆیەوە دایناین، تەواو روی خۆشی نیشان داین . (..)

عەرزم کرد شیعرێکت هەیە حەزدەکەم خۆت بیفەرموی و بی‌نوسمەوە . فەرموی کامە ؟ لە دوای تۆزێك مینگەمینگ و سەرخوراندن گوتم : شیعری" هەڵێ مەڵێ " . زۆر پێکەنی، فەرموی " سەیرە لەو غەزەلە نازدارەدا هەر هەڵێ مەڵێت لە بیربێ". (دیوانی سیف القضات، گردەوەکۆیی قازی ئەحمەد ، چاپخانە سبز( تاران؟)، ١٣٦١ (١٩٨٣-١٩٨٤)، ل ٩-١٠) .

شیعری " تفلی دڵ"ی کە پێنج دێرە، دووەمیان :

تفڵی دڵم گروی شەکەری لێوی گرتوە        بەو دو هەنارە ژێری‌کەوە بیخە باغەڵێ

دوامینیان دەڵێ :

ئەو قافیەت بە سانی دڵی موددەعی حەسەن        تەنگە، درەنگە، مەیلی بەجەنگە، هەڵێ مەڵێ

ئێ،دە بێ قەزابیت هەژار، چی دەبوو چەند دێڕێکت دەربارەی یەکەم قسەکردنت لەگەڵ ئەو کوردانەدا کە ناوت هێنان لێرەدا بنووسیایە، سەروشکڵی جەلادەت بەدرخان و باسی بەدرخانیەکان ( کە چاوەڕوانیمان هەیە هاتبێ) و بە چۆن میرێك هاتە بەرچاوت . قەدری جان چیی دەربارەی شیعر گوت، ئایا پێش ئەوە هیچ ئاگاداری شیعری یەکتر بیوون، کە تۆ هێشتا کرمانجیی باکووریشت نەدەزانی ئایا هەر بە کوردی قسەتان دەکردو ئایا باش لە یەکتر دەگەیشتن، پرسیار هێندە زۆرن کە هەر ریزکردنیان دەکرێ بۆ هەر کامەیان چەند دێڕێك بگرێ، چ جای بە وەڵام و روونکردنەوە-یان دەگات . هەر ئەوەندە " جەلادەت عالی بەدرخان" و" رەوشەن خانم" و" قەدری جان" ی شاعیرو" جەگەرخون" و " عوسمان سەبری"م لەوێ ناسین " و تەواو ؟ دە توخوا ئەمەش بوو بە کار ؟! .

ئەی لەجیاتی ئەوانە،چی باسێکی‌گرنگ لە بحەننەس راستەوخۆ بە بەندی دڵتەوە نووساوەو بیرەوەریی هەرماوەتەوە و دەتەوێ لێرەدا بۆ جگەرگۆشەکەتی بە میرات تۆماربکەی؟ زۆر باس، لە راستیدا چەندین لاپەڕەی زۆرقسەی بۆ کۆمیدیای‌گەڵ و ئاودەستی هەژار زۆرگرنگ، میری چی و شاعیری چی و کوردی چی وکوردستانی چی و پاکستانی چی ؟ فەرموو بڕوانە چەندین لاپەڕەی باسی بحەننەس لە چێشتی مجێوردا کە" قسەخۆشەکان"ی نەخۆشان و خەڵکی تری دەوروبەری تێدا تۆمار دەکا، وەك :

کیری سێ رەنگ :

* ژنە لادێییەکی سادەی زۆر جوان خزمەتی‌کلیساو ئۆدەی کەشیشی دەکرد. رۆژێك دیتی کەشیش نوستوە، ئەسپابەکەی دەرکەوتوە : لەسەرەوە زەرد ، لە ناوەڕاست شین، لە بنەبانەوە سورە ! بۆ

مێردەکەی گێڕایەوە، گوتی : هەرچۆنێك بێ ئەو سوڕە ( سر= نهێنی) بپرسە .

لە دەرفەتێکدا بە شەرمەوە پرسی

- بابی روحانی، ئی تۆ بۆچی وایە ؟

- کچم ئەوە نهێنیەکە تەنیا لای تۆی دەدرکێنم . هەر ژنێ لە بەشە زەردەکە ئاوس بێ، "کەشە" ی دەبێ، لە زەردو شینەکە "مەتران"، لە هەر سێ رەنگ "ئەسقەفی گەورە" !

ژن و مێردەکە پێکەوە لەبەری پاڕانەوە کە روحمێکیان پێ بکا، بە هەزار دەبێ و نابێ کەشە رازی بو مەترانێکیان بداتێ! لە جەنگەی ژەنین کابرا لە پشتەوە لەپڕ پاڵێکی توندی بە قنگی کەشەوە نا

- دە ئەگەر ئەسقەفێکمان بدەیەی ماڵت وێران دەبێ ؟! (چێشتی ل ١٦٨)

پێوانەیەکی تری درێژی :

* کەشیشێك لە وەعزی خۆیدا گوتی :

" کلکی ئەسپی مارئەلیاس لە حێفاوە دەگەیشتە بێروت .

کابرایەك لە گوێگران گوتی : ئای لەو درۆیە !

کەشە گوتی : لە حەوشەوە تا ناوشاری بێروت دەبو .

- بە خوا جێی باوەڕ نیە !

کەشە بە تورەییەوە :

- لەم هینەی منەوە تا ناوگەڵی دایکت چۆنە ؟!

- بەڵێ ئەوە رێی تێ دەچێ ! ( چێشتی ل ١٦٧)

تەواوکردنی خانەوادە :

* کەشیشێك رۆژێ نەخۆش بو . کەشەیەکی تری "تۆماس" ناوی لە بریکاری خۆی نـارد . گوێی لە ئیعتیرافات بگرێ و لەپشت پەردەوە دانیشت . لاوێك هات و هەر لای وابو کەشەی خۆیانە :

- باوکی موحتەرەم گوناهم کرد، ژنی کەشە تۆماسم وا لێکرد ،

- دەی چیدی ؟

- بەخوا کچەکەی و کڵفەتەکەشی !

- دەی چیدی ؟

- بەخوا خوشك و کوڕەکەشی !

- تۆماس قونی روتی لە پەردە دەرخست :

- سەی کوڕی سەی، وەرە خانەوادەکەمان تەواو کە ! چێشتی ل ١٦٧)

بەخشین :

* لاوێك لای کەشە گوتی بمبەخشە کچەکەم ماچ کردوە .

- کوڕە جا ئەمە چیە؟ من سەد جار دایکتم ئیلاقەکردوەو ناشڵێم بمبەخشە ! ( چێشتی ل ١٦٨)

هەژار موحیتێکی وەهای تەنانەت لەگەڵ سەرتاشیدا پێکهێناوە کە سەرتاش ئەم شتەی بۆ باسکردووە :

* پیاوێك بە لیرەیەك بەری لەلای دەلاکێك تاشیبو . هات ژنەکەشی بردو دەلاك بەری تاشی .

گوتی : هەقم پێنج لیرەیە .

- چۆن بەری من لیرەیەك و هی خانم بە پێنج ؟

- قوربان ئی تۆ دەسگیرەی هەبو، ئی خانم زۆری زەحمەت دام ! ( چێشتی ل ١٦٨ )

گەوواد :

* حاجیەکی نەخۆشی کوێتی هاتە بەرانبەرم لە ژورەکەدا . ناوی حاجی عەبدول لەتیف بو . زۆر زو بوینە ئاشنا . جارێك گوتم : تۆ کە حاجیت چۆنە نوێژناکەی ؟! گوتی (..) من گەوادی شەرعیم !

( تا بە حەوت دێڕی تر ئەوجا باسی ئەو گەووادە تەواو دەبێ کە چۆن بازرگانیی قەحبە دەکاو لەکوێوەو چۆن دەیانباتە عارەبستانی سعوودی ) . ( چێشتی ل ١٦٨-١٦٩ )

ئەوانە زۆرتر نموونەی دەربارەی " گەڵ" بوون، بەڵام پایەکەی تریش دەکۆمیدیای هەژاردا: " ئاودەست" شوێنی شایانی خۆی دراوەتێ :

* دو ژن چوبونه لای حەکیم . بە یەکیانی گوت " میزت بێنە و دە لیرەش بدە تا بزانم چیتە " .
ژنەکەی تر پیلی ئەمەی راکێشا :
- خوشکم ئەم حەکیمە زۆر گرانجانە . من یەکێ دەناسم بە چوار لیرەی دەکا و میزیش لەخۆی !
( چێشتی ل ١٦٦-١٦٧ )

* حەسەنعەسکەرو حەسەن غەریب دو تورکمانی دەوریکەرکوك و شیعە بون(..) حەسەن(..) باسی خەیبەری دەکرد کە دەروازەکەی شەش هەزار تۆن ئاسن بو، ئیمامی عەلی لەسەر دەستی دانابو، کردبویە مەتالی شەڕ .
- کاکە حەسەن خۆ ئەو زەمانە کیلۆ و تۆن نەبوون !
ئەوجار دەیگوت دوسەد هەزار رەتڵی بەغدایی بو .
- ئەوسا نە رەتڵ هەبو نە بەغدا .
- سەرم گێژ بو ناهێڵن قسەکەم بکەم، ئەدی چەند بار گو بو؟! ( چێشتی ل ١٧٠ )

ئەوە جارێ هەر چەند نموونەیەکن لەوانەی کە دەڵێ " کەمم لەبیر ماون " . ( چێشتی ل ١٦٨ )
هەژار زۆر خۆشی لە سەیدێك هاتوە کە زۆر بە گرانی و موحتەرەمی هاتووەتە ناو ئەو لۆتیانە، زۆر دوور لە دنیای حەیاتی کۆمیدیای هەژار، بەڵام لە ناو ئەوانەدا یەك ئینقیلابی فەرهەنگیی بەسەر دێ :
" سەید مڕو مۆچ، تەسبیح بەدەستەوە، دەستی بە ورتە ورتی بن لێوان کرد. حاڵ تاڵ بو،(..) کەس بە لایدا نەدەچو . سەید کە دیتی (..) گورجێ خۆی کردەوە بنیادەمی خۆمانە و لە هەمو هەرزەکارانیشی تێپەڕاند ، شاڵ و مێزەری دانا ، چەقەنەی لێ دەدا ، قونی بادەدا ، جنێوی پیسی بەم و بەو دەدا تا جوێنی پێ بدەنەوە . دەستیان بۆ قونی دەبرد دەیگوت قدیلکەم دێ! تەواو ببوە کەللە شەکر " . (چێشتی ل١٦٨-١٦٩، خەتی ژێر وشە لەمنەوە)
من دواتر لەبەشی تردا دێمە سەرلایەنی سیاسیی ژیانیهەژار کە ئەو بەدبەختە چۆن خۆی لە ژیاندا وا دیتەوە کە دەبوو بە شایەری بە دنیایەك هەڵبڵێ کە قەت و بەهیچ شێوەیەك فەری بەسەر ئەوەوە نەبوو، خۆشی لێنەدەهات، رقی لێ بوو،

زۆر بە حەرفی " قـوون بـادان" ی" سـەیدی کـەللە شـەکر"ی هەزار جار پێ لە سەرتاسەری شۆڕشانی مرۆڤ و فکرو فـەلسەفەو ئـەخلاق و ئـەدەبیات و هەر " هـەموو" شتێکی دەرەوەی کۆمیدیا ئـەوپـەڕی گـرنـگترو خۆشـەویستترو بـەڕێزترو هـەمووشتی بـاشتر بوو، داخی گرانی هەژار چۆن تووشی دەردی ئەم دنیایە ببوو، کە دەبوو تێدا لە جیاتی " قدیلکەدانی قوونی کەللەشەکر"، گواستنەوە لە لێنینیەتەوە بۆ ستالینیەت شی بکاتەوە :

لینین مرد بە مەرگێکی پڕ ئیفتیخار ستالینی دانا لەسەر کار و بار
بە ساکاری ئەو پارچەکەی کردە کار ستالین پڕی کرد لە نەقش و نیگار

## ٣٩- تاهیر تەوفیق و رەسووڵ گەردی

هەژار لە باسی تاهیر تەوفیقدا دەڵێ :

"« تاهیر» بە ناو گۆرانی بێژە، بەڵام نابێ وەك هیچ گۆرانی بێژێك حیساب بکرێ ".

ئێ بۆچی ؟ چونکە تاهیر تەوفیق

" زۆر پیاوێکی مەردو رەندو شەرم بەخۆیە " - چێشتی ل٥٧١

ئەمە یانی چی ؟ هەموو گۆرانیبێژانی تری جگە لە تاهیر تەوفیق نامەردو نارەندو بێ شەرم بەخۆن ؟ ئیتر ئەوە دنیای فەرهەنگیی هەژارە، کە باسی شاعیر بکرێ، ئەو گورج ئەم دیمەنە دەبینێ کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە ( ل٦٠)دا لە چێشتی مجێورمان وەرگرت :

" سەد شاعیر هەریەك چەندشەو خۆی جیرەبابە داوە ، قەسیدەی پڕ لە درۆی گەورەی بە قەدو باڵای نافەساڵی خەلیفە یان پادشا هەڵگوتوە،پرسیویانە : ـ ئەمڕۆ خەلیفە یان شا روی خۆشە؟ تورە نیە؟ ئیجازە هەیە بچینە خزمەتی؟؛ ـ بەڵێ فەرمون ...دەی شیعر بخوێننەوە! . شاوخەلیفە لە کەر کەرتر، لەو ناوەدا شیعری یەکێکیانی پەسندکردوە، خەڵات بەو دراوەو ئەوانی تر دەم لە پوش دەرکراون . نیزامی،کە خودای شیعرە (!)، بە حاکمی وەخت دەڵێ : من سەگێکی دەرکی تۆم، چاوم لە ئێسکێکە بۆم باوێژی . فیردەوسی،خاوەنی شانامە وەها خۆی لەبەرانبەرمەحمودغەزنەویدا بە سواڵکەر نیشان دەدا ،پیاو بەزەی پێدا دێت" (چێشتی...ل٢-٣،ئیشارەتی(!) لە منەوە) .

ئاخر ئەی هاوار،هەی مەردی حیسابی، بۆچی چاوی تۆ هەر ئەو سواڵکەرانە ببینێ ؟ ئەو هەمووە شاعیروگۆرانیبێژە پێغەمبەرانە، ئەو هەمووە شاعیروگۆرانیبێژە شۆڕشگێڕانەی مێژووی مرۆڤایەتی چۆنە بە بیری تۆدا نایەن ؟

من ساڵی ١٩٧٩ لە ماڵی هەژار یەکەم ژمارەی گۆڤارێکی ئێرانیم دیت: کتاب جمعە،کە"احمد شاملو" سەرنووسەری بوو ، گۆڤارێکی هەتا بڵێی بەرز ، لە لاپەڕەیەکیدا رەسمێکی کاریکاتۆریی نایاب و ئەم دەنگوباسەی ویڕابوو کە رەسمەکەی شیدەکردەوە :

" ڤیکتۆر خارا"، گیتارژەن و شاعیرو ئاهەنگسازو گۆرانیبێژی شیلی، لە کۆدێتای ١٩٧٣ی سیای ئەمریکادا لە شیلی،گیرا و وێڕای پەنجاهەزار گیراوی تر لە ستادیۆمی سانتیاگۆ زیندانی بوو . سەرۆکی زیندان چووە بەردەمی

و پێی گوت :

ــ ها ئێستا دەڵێی چی، دەتەوێ گۆرانی بۆ هاوزیندانەکانت بڵێی ؟

ــ حەتمەن بەڵێ دەمەوێ گۆرانی بڵێم

سەرۆکی زیندان بە یەکێك لە سەربازەکانی گوت : ئادەی بڕۆ گیتارەکەی بۆ بهێنە . سەرباز چوو تەورێکی هێنا و هەردوو دەستی خارایان پەڕاند و ئەوجا بە مەسخەرەوە پێی گوت

ــ دە بڵێ دەی ، بۆ نایڵێی ؟

خارا لەکاتێکدا کە دوو مەچەکی خوێنیان لێ دەچوو بە ئەوپەڕی بەرزیی دەنگی دوا گۆرانیی ژیانی گوت :

" گەلێك یەك دڵ و یەك دەنگ بێت قەت شکست نـاهێنێ" و

بە هەزاران دەنگ لە ستادیۆم بەرزبۆوەو لەگەڵیاندا گوت .

ڕەسمە کاریکاتۆرەکە، بـەرهـەمی هونەرمەندی فەرەنسی " پلانتۆ" یە، کە تێدا خارا بە کۆڵەکەیەکەوە بەستراوەتەوەو گۆرانی دەڵێ، حەرفە موسیقیەکان لە دەمی دەردەچن و بەرزدەبنەوە، سەرۆکی سەربازان زەندەقی چووەو و هاوار لە سەربازەکان دەکا کە حەرفەکان بکوژن، سەربازان بە ترس و لەرزەوە ڕووی تفەنگیان لەحەرفەکان کردووەو بێهوودە تەقەیان لێ دەکەن .

ئەوە شتێکە لە گۆڤارێکدا کە من لای هەژارم دیتووە، ئـاخر ئەی هاوار بۆچی ئەوە دە بیری تۆدا شوێنێك نـاگرێ، بۆچی گۆرانیبێژ لای تۆ هەر ئەو شایەرانەن کە بۆ جائیزە بە درۆو دەلەسەو قسەی قۆڕ بە دیوەخانان هـەڵبڵێن ؟ خۆ تۆ کتێبی پیرۆزی ئاینی جووت لە بحەننەس خوێندووەتەوە کە ناوی یەکێك لە جزمەکانی بریتیە لە" گـۆرانیی گـۆرانییان "، کە سولەیمانی کوڕی داود وێڕای ژەنینی ئـامێری موسیقا گوتوونی . بە هـەمان شێوە، جزمێکی تریشی بریتیە لە گۆرانیەکانی باوکی ( تهالیم،المزامیر، زەبوور) . چەندین گۆرانی بە سـەدان و تـەنانەت هـەزاران ساڵە بوون بە " حەقیقەتی موتڵەق" لای ملیۆنان مرۆڤانی سەر بە ئەو ئاینانە، تۆ هەر یەك تاهیر تەوفیقت لێ جیا- کردنەوەو ئەوانی تر هیچ ؟

ئەوجا نهێنیی ئەو پێوەندیەی تاهیر تەوفیق و هەژار چیە ؟ نهێنیەکە لە یەك " جڕت"دایە !

هەژار خۆی دەست پێ کردنی دۆستایەتیی لەگەڵ تاهیر تەوفیقدا بەم جۆرە بۆ من و بۆ خەڵکی تریش گێڕاوەتەوە :

« قسەی گۆرانیەکانی تاهیرتەوفیق چاپ کرابوون و لە سەری نووسرابوو " گـۆرانیەکانی مامۆستا

تاهیر تەوفیق"، تاهیر لە دووکانی بەشیرمشیر کتێبەکەی بەدەستەوە گرتبوو و بەرگەکەی دەخوێندەوە و دەگەڵ کەلیمەی " مامۆستا"دا (مامۆستا تاهیر تەوفیق) یەك جرتی بۆخۆی دەکێشا ، ئیدی چووە دڵمەوە، ئینسانێکی ئەوەندە قسەخۆش و رووح سووك کە ئاوا جرت بۆ خۆی دەکێشێ !".

بەڵام ئاخر، ئەی هەژار، بۆچی" پیاوێك بە ئەوەندە کە جرت بۆ خۆی بکێشێ " پێی بگوترێ " زۆر پیاوێکی مەردو رەندو شەرم بەخۆ "، شەرمی چی ؟ جرت کێشان" شەرم بەخۆ" یيە ؟، ئایا ئەمە قانوونێکی کۆمیدیایی تـۆیە منی کە وەجاخم کوێرکردوویەوە تێیناگەم ؟

ئیدی هەژار لەو جرتەوە تاهیرتەوفیقی چووە دڵەوە . کە هەژار دەچووە هـەولێر، وادەبوو مـەم ( محەمەدمەولود)یشی لەگەڵ خۆی کێش دەکرد، دەچووە لای تاهیر تەوفیق، دەی با رەسووڵ گەردیی درۆزن پەیداکەین و هێندێکی پێ-رابوێرین . من چەندجارێك کە تووشی تاهیرتەوفیق بووم،کە منی دیتووە داویەتە پێکەنێنێکی زۆر سەیرو سەرلە-نوێ هەمان ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە :

> « بەلای مزگەوتەکیدا چووین کە خەریك بوون خەرایان دەکرد، رەسوول گۆتی" ئەوە ئەو مزگەوتەی خەرا دەکەن، چی لە جێگای دروست دەکەنەوە ؟ مزگەوت "؛ هەژاریش گۆتی " ئێ خۆ ئینشاڵڵا نایکەن بە بار ( مەیخانە) " »

تاهیر بەوەیەوە گرتبوو، ئـەو قسـەیەی یەکجار زۆر پێسەیر بوو و لە پێکەنینان دەتگوت ها بوورایەوە .

کە لە مارتی ١٩٧٤دا خەڵك چوونە دەرەوە( زۆر کورد شاریان جێهێشت و چوونە مەڵبەندی دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتی بەغدا)، رەسـووڵ گەردیش یەکێك بوو لەوانە . تاهیرتەوفیق نەچوو و دووربەدوور گاڵتەی بە رەسووڵ گەردی دەکرد : " پێی برێن بیستیتمەوە لە ترسی تەیارە چوویتە ئەشکەوتەکی ناوێری سەری دەرکاتن !". من لەو سەروبەندەدا رۆژێکیان لەئۆتۆمبیلێکدا بووم دەچوومە حاجیئۆمەران،خێوەتێکم لە سـەرەتای حاجی ئۆمەران،لەپەنا جادەکەوەو بەشێکی هەرلەسەر ئەسفاڵتی جادەکە بوو دیت، پێم وابوو کۆنترۆڵی پێشمەرگەیە، شۆفێرەکە نەوەستاو هەر سـەیریشی نـەکرد، لێم پرسی کە مەگەر ئەوە نوختەی سەیتەرەی پێشمەرگە نەبوو ؟، گوتی: " نـەخێر نـەوەڵڵا سەیتەرەی چی، ئەوە خێوەتی رەسـووڵ گـەردییە، لە داخی قسەی تاهیر تەوفیق خێوەتەکەی لێرە داکـوتاوەو هـەر سایقێکی بێرەدا بێ و دەستیکەوێ یەخەدەگرێ کە" ئەگەر چوویە هەولێر بە تاهیرتەوفیق برێ کێیە دەترسێتن ؟ " .

یەکێك لەگرنگترین رەوشتەکانی چێشتی مجێور ئەوەیە کە هەژار لە رێی درۆ لەگەڵ خۆداکردن درۆ لەگەڵ خوێنەریدا

دەکا. شتێکی‌کە خۆش لێهات،خۆی ناوێکی لێدەنێ کە بە بیروڕای خۆی وانیە! و بەوجۆرە بە خوێنەری دەفرۆشێ . هەرچەندە ئەو چێشتی مجێوری هەر بۆ خانیی کوری نووسیوە، ئیتر نە کوردو نە تاجیك، و حەقەن- حەقەن هەمیشە لەگەڵ ئەولادیدا درۆزنی دەرەجە یەك بووە، بەڵام دیسان،مادام کە ویستوویە چێشتەکەی چاپ بکرێ،بەرپرسیاریی ئەخلاقیی ئەوکارەی لە ئاستێکی گشتیشدا یەخەی دەگرێتەوە .

بڵێین، کورێکی لووسی بەدڵ بووەو لە رووی جنسییەوە بەکاریهێناوە، کە من بەسەریدا چووم و بە چاوی خۆم دیتوومە،لاوێکی وەها کە رێگابدا پیاوێك لە رووی جنسییەوە بەکاری بهێنێ، ناکرێ چاوەڕوانیمان هەبێ کە هەژار ئەوەی" لە سیستمی سنفبەندیی کۆمەڵایەتی"یدا بە" تا خوا حەزکا نەجیب و بە ئەخلاق " پێناسەکردبێ . کە هەژار دەربارەی ئەولاوە لووسە وا دەنووسێ ، ئەوا درۆ لەگەڵ خۆیدا و لەو رێیەوە درۆ لەگەڵ خوێنەریدا دەکا. ئەمە هەر نموونەیەك لە زۆر شتی وەها لە چێشتەکەیدا .

تاهیر تەوفیق لە هەر رووی‌یەکەوە هەرچی بووە یا نەبووە، هەژار بە هۆی " جرت"ێکەوە خۆشی لێ هاتووە، ئەوجا پێکەوە مەجلیسی ئارەق خواردنەوەو کردنی ژنی‌گەرمی زەلامی چاوشووشەو... شتانێکی کە لە یەك دێری بچووکدا جێ دەبنەوە : " من خۆشم لەو زەلامە دێ" ، بەڵام وەهای ناڵێ، لەجیاتی ئەوە دەیکا بە " مەردو رەندو شەرم بەخۆ" . ئەگەر بیگوتا من خۆشم لێ دێ و، بیشیگوتا بۆچی خۆشی لێ دێ و، بۆ خوێنەری لێ بگەڕایە بە پێوانەی خۆی حوکمی خۆی بدا ،ئەوسا دەستبڕینی تێدا نەدەبوو ،بەڵام ئەو لێرەدا حوکمێکی ساختەی خۆیمان بۆ لەسەرمەسەلەیەك دەردەکا کە دەکرێ ئێمە بەتەواوی حوکمی ئەخلاقیی جیاوازمان دەربارەی هەبێ .

سەیر نیە، ئەو جرتکێشانەی تاهیر تەوفیق، یەك‌جارو لە قۆناغێکی ژیانیدا روویدابێ و دوایی رووی نەدابێتەوە، پێکەوە کردنی ژنێکیش ( کە هەژار حەزی لە سێکسی گرووپ دەکرد) دەکرێ شتێکی زۆر تایبەتی بە ئەوو تاهیر نەبێ، پێکەوە ئارەق نۆشینیش شتێکی ئەوپەڕی ئاساییە، بەڵام شت دەبێ بە ناوی خۆیەوە ناوبرێ تا تێی بگەین، خوێنەری بەدبەخت چۆن بزانێ کە" مەردو رەندو شەرم بەخۆ" لە ئەو کتێبەدا واتا ئەو شتانە ؟ ، یا " تا خوا حەزکا نەجیب و بەئەخلاق" واتا" زۆر خۆشم دەکرد"، خۆ خوێنەرغەیبزان نیە . ئەگەر وەزیفەی کتێبی بیرەوەری،گەیاندنی زانیاریەك بێت، ئەوا ئەو کتێبە ئەوە بە ئەو جۆرە ناگەیەنێ .

ئەوجا ، هیچ سەیر نیە، ئەو جرتەش هەر بە تەئسیری هەژارەوە روویدابێ . هەژار تەئسیرێکی یەکجار زۆر سەیری بەسەر دەوروبەریدا هەبوو و دەیتوانی راکێشی ئەو دنیا جلفەی خۆیان بکات . پێشتر نموونەی تەئسیرێکی بە سەر هێمن و زەبیحیدا باسکرا . تەنانەت لای سەرۆك مستەفا بارزانی‌یش ( بڕوانە ل٥٩ ی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە) .

نموونەی تری وەها کەم نین، ئەمەش یەکی تر :

هەژار لای دوو مرۆڤی زۆر بەرێز، حەسەنئاغای حاجۆ( کە هەژارو زەبیحی لە نێوان خۆیاندا ناویان نابوو" شـکڵـە شـەمچە" ! ) و شێخ برایم حەققی دەبێت، کە ئەو دووانە لە تەمەنی پیری دەدوێن،کە لە چ تـەمەنێکدا پیاو بە پیر دادەنرێ . هـەژار، بە بێ ئەوە کە کەس قسەی لەگەڵ ئەودا کردبێ، داوا دەکا کە رێی بدەن ئەویش لەوەدا بیروڕای خۆی بڵێ، دەڵێ :

" پیاو هەروەخت کە لە خەو هەستا و ئەسپابەکەی پێش خۆی هەڵنەستابو، ئەوە پیری گەیوەتێ!،

ئیتر نە بە عومرە، نە بە مو سپی بونە !

شێخ خۆی بە ویقار کرد و تۆزێك نێوچاوانی تێکنا . لەپڕ لە پرمەی پێکەنینی دا (..)

ئەوجار ببوە مێژو دیتنەوە : " تۆ لە کام ساڵەوە ملت لە پیری ناوە ؟!" (چێشتی ل ٢٣٣)

هەژار ئاوا دەیتوانی، بە بلیمەتیی کۆمیدیایی خۆی، " ئینقیلابی فەرهەنگی" تەنانەت بگەیەنێتە ئەو شێخەش .

هەر ئەوەشە کە کێش کردنی مەم( محەممەد مەولوودی چیرۆکنووس) روون دەکاتەوە، کە لەگەڵیدا بۆ گاڵتەو فشقیات چووەتە لای تاهیر تەوفیق و رەسووڵ گەردی، ئەگینا مەم لەو تیپانە نەبوو .

هەژار، لەگەڵ هەموو موحیتێکدا - بە رواڵەت - خۆی دەگونجاند ، بەڵام هێندێك بەنداوی لەپێش بوون لە ژیاندا کە قەت دە رۆستیان نەهات، یەکێ لەوانە" مەسعوود محەممەد" بوو . مەسعوود زۆرقسەی خۆش و سـەیرو سـەمەرەی لابوو، کە هێمن دەربارەی دەڵێ زمانی سیحراوی بوو، بە مانای ئەوپەڕی دڵڕفێن و جوان، بە بیری من، هیچ زێدە-ڕۆیی نەکردووە،بەڵام زۆر ئاریستۆکراتانە، زۆر گران و لە دنیای جلفی جرتکێشان و تڕ لێدان و شەڕە جنێو وکێ کێ چۆن دەگێ و کیری چەند رەنگەو... ئەو دەریا پڕ لە شڵپ و هوڕەی گەڵ و ئاودەستی هەژار زۆر دوور بوو، زمانی زۆر پاك و لە باسی جنسیدا زۆر محافەزەکار بوو. هەژار لەمەجلیسیدا هەر زۆر زوو زۆرماندوو دەبوو،هەناسەبڕکەی پێدەکەوت، کە لە لای ئەو دەردەچوو، یەك راست بەرەو دووکانی" مخزن آوارە" تا هێندێك هەناسە بدا( تڕ لێدان و شەڕەجنێو و منداڵ بازی و ئیدی، بڕوانە فسڵی ١٢ی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە) .

بەهەرحاڵ، تاهیر تەوفیق بەهۆی تەئسیری هەژارەوە بووبێ یا هەرچی، ئەوا کاتێك کە لەگەڵ هەژاردا دەبوو، ئا لەو کاتەدا ، بەتەواوی تیپی هەژار بوو . هەردوولا زۆر فیزیان بە سەر رەسووڵگەردیدا لێ دەدا ، ئەویان پێ زۆر لەخوار ئاستی خۆیانەوە بوو،بەڵام ئیتر بۆ رابواردن دۆزیبوویانەوە . هەژار ئەگەر تاهیرتەوفیقی لا بوایە، زۆر چاك هەناسەی دەداو پێویستی بە تێراپیی " مخزن آوارە" نـەدەبوو .

هەژار دەڵێ (لە کوردستانی ژێردەستی سووریا) : " بڕیارم دا بە ماڵەوە بچمە میسرو حەولی شاگرد عەکاسی بدەم و هەژاری خۆم بکەم و کەس نەمناسێ" (چێشتی ل ٢٧٩) . بەڵام ئیتر رژێمیعیراق گۆڕا و گەڕایەوە بەغدا. ئەی ئەگەر ئەو گۆڕانە رووینەدایە و چووبایەتە میسر، چی دەبوو؟ . پێشتر باسی ئەوە کرا که جارێك ویستوویە ببێ بە پیاوی شێخێکیعارەب و بچێتە سەحرایعارەبستان و لەوێ لە خێوەتێکدا لە خزمەتی شێخیخۆیدا بژی . ئەی ئەمجارەیان لە میسر چۆن دەبوو ؟ هەروا دەبوو بە شاگرد عەکاسێك و تەواو ؟ هەژار لە وڵاتی " ئیسماعیل یاسین "دا چیی لە ئیسماعیل یاسین کەمترە ؟ بۆچی نابێ بە بازیگەرێکی کۆمیدیایی بەناوبانگ . ئەو ئێرەیی بە بۆب هۆپ دەبرد کە ئەمریکایی بووە ئەینا هیچی لەو پتر نەبووە، ئێ ئەوەتا میسریش پلەیەکی نزمترە بەڵام دیسان دنیایەکی گەورەی سینەمای هەیە . هەژار خۆی - وەکو من - زۆرهۆگری" نجیب الریحانی"ی میسری بوو، بەڵام هەمیشە بە رێکوپێکی سەیری هەموو جۆرە فیلمی عارەبیی دەکردو ناوی بازیگەرانی دەزانین و تەنانەت چیرۆکی ژیانی هێندێکیشیان ئاگادار بوو و قسەی خۆشی لەو رووەوە هەبوون، دیارە ئیسماعیل یاسین شوێنێکی تایبەتیی لا هەبوو . ئەو ئەگەر ئامادەبووبێت کە لە خێوەتێکدا بە جلوبەرگیعارەبی لە سەحرا پیاوی شێخێکیعارەب بێت، نازانم بۆچی دەبێ لە میسر هەوڵی دنیای کۆمیدیا نەدا؟ . هەژار نەیدەویست لە ئەوروپا بژی، ترس و سامێکی سەیری لە ئەوروپا هەبوو، بەڵام شاریگەورەی رۆژهەڵاتیناوەڕاستی بەتەواوی بەدڵ بوون، زۆر لەوانەیە قاهیرەی پێ لە بەغداش خۆشتر بوایە .

چارلزدیکنزی چیرۆکنووسی بلیمەتی ئینگلیس،گەورەترین سامانی کەرەستەی نووسینی بریتی بووە لە بیرەوەریی . هەر لە تەمەنی سێ ساڵیەوەی دەبیرداماوە، چەندەها کەسایەتیی سەیروسەمەرە و چۆن بوون و چۆنیان قسەکردووە و رەفتاریان چۆن بووە و... هەمووی دە مێشکیدا هەڵگرتووە، ئیدی هەرئەوەندەی بۆ ماوەتەوە دڵۆپیان لەوانە، لە ئەو دەریایەی بیرەوەریی هەڵێنجێ و لەلای یەکتریان دابنێ ، هونەری ئەوەی هەبووە کە پێکەوەیان بلکێنێ . بە تایبەتی بیرەوەریی ئەو هەمووە چەوسانەوەیە، ئەو هەمووە چیرۆکە نەمرانەی بۆ تۆمارکردنی ژیانی چەوساوانی سەردەمی خۆی بۆ رەخساندووە . بیرەوەریی هەژاری کۆمیدیاییش یەکجار زۆر تیژ بوو، شتی یەکجار زۆری دەبیردا مابوو، ئەو هەمووە قسانەی کە رۆژانە لە دەمی ئەو هەمووە خەڵکە سەیرو سەمەرەیەی کشتیی نووح دەرچوون، هەمووی دەبیردا مابوون و هەمیشە زۆر بەهاسانی لە هەر هەلومەرجێکداو بۆ هەر مناسەبەیەك، دەستی دەبرد بزانێ کامە دڵۆپ لە ئەو دەریایەی بیرەوەریی بۆ ئەوکات و شوێن و باسە لەبارە،قەت کەرەستەی لێ نەدەبڕا. من قەت نەمدیوە

میوانێکی جارێك شتێك بڵێ و هەژار قسەیەکی کۆمیدیای لەسەداسەد گونجاوی باسی ئەو قسەیەی میوانی نەبووبێت . بەڵام بێ لەوەش، هەموو لەحزەیەکی ئەو مرۆڤە خەڵلاقیەتێکی عەفەویەتی کۆمیدیای تێدا بوو .

ــ جارێك چەندکەسێك لە شوێنێك باسی لەشکری شای ئێرانیان دەکرد ، کە ئەو لەشکرە شەڕی کوردی پێناکرێ، هەژار باسەکەی پێ بڕین و ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە :

" فلان کەس(موکریانیەك کە ئەو ناوەکەی دەگوت) بۆی گێڕامەوە، کوتی :

" ئەمن سەرباز بووم . جارێك لە سەربازیدا لە هێزێکی گەورەی لەشکری ئێرانێدا بووم کە دەبوو بچینە جێگایەك . فەرماندەکەمان زۆری نوتق ( وتار،خوتبە) بۆ دەداین کە چۆن هیچ هێزێك لە دنیادا دە رۆست لەشکری شاهەنشاهیی ئێران نایەو... لەو قسانە . لە ڕێگا دوو- سێ چەتەی کورد پێشیان پێگرتین و دایانینە بەر تەقە . فەرماندە فەرمانێکی دەرکرد کە ئیدی هەموو سەربازەکان تێیانتەقاندو هەریەکە بەلایەکدا هەڵات، ئەمن لە فەرمانەکە نەگەیشتم، هەر بەتەواوی سەرم لێ شێوابوو نەمدەزانی ئەوانە بۆ کوێ چوون و ئەمن دەبوو چبکەم، چونکە تا ئەو دەقیقەیە ئەو فەرمانەم لە سەربازیدا نەبیستبوو و نەمدەزانی یانی چی، ئێ کە تێینەگەم چی بەجێبێنم ؟ ... "

ئەمنیش لێرەدا لێم پرسی :

ـ باشە ئەو فەرمانە چ بوو ؟

ـ فەرمانەکە هەرئەوەندە بوو : " هەرکەسە فریای قوونی خۆی بکەوێ "! .

ــ جارێك، کەسێك باسی سەرداری سابڵاغی کرد . هەژار هەڵیدایە :

" بەڵێ - بەڵێ، ئەوە سێکەس لە دێیەکەوە دەچنە سابڵاغ، دوای بەجێ هێنانی کاروباریان، دەیانەوێ بگەڕێنەوە،لەوکاتەدا دەبیسن کە ئەوشەوە سەرداری سابڵاغ دێتە مزگەوتی سوور . یەکێك لەو سێیانە دەڵێ وەڵڵاهی دەمەوێ سەردار ببینم، ئەمن قەت نەمدیوە، ئەو شەوەش لەبەرخاتری من بمێننەوە . ئیدی ئەوانی دیکەش کە دەبینن ئەو ئەوەندە تینووی دیتنی سەردارە، لە بەرخاتری ئەو دەڵێن باشە، شەوێکی دیش بۆ خاتری تۆ . شەو کە دەچنە مزگەوت، هێشتا

سـەردار نـەهاتووە، ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵك لەوێ چاوەڕێ دەکەن، مزگەوت جمەی دێ . ئیدی ئەوانیش لەوێ رادەوەستن و هـەمـوو چاو دەبڕنە دەرگاوە کەی تەشریفی سـەردار پەیدا بێ . لەپڕێکدا غەڵبەغەڵب دەکەوێتە ئەو ناوەوە کە ئەوە سەردار هات . کوا سـەردار ؟ پیشانی دەدەن دەڵێن ئەوەتا ئەوە سەردارە . کابرا کە دەیبینێ،هەروەکو مار پێوەی دابێ زیڕەی لێ هەڵدەستێ و هاواردەکا:

ـ کوڕە خۆ ئەوە سەری گۆشتە !

تۆمەز ئەو بەدبەختە وایزانیوە سەردار کەسێکە کە سەری لە دار/ تەختە یە . "

ـ جارێك کەسێك باسی سەیدعەلی ئەسغەری گۆرانیبێژی کرد، هەژار گوتی :

" من بە منداڵی دیتوومە، عومرم پێم وایە هـەر پێنج - شەش ساڵێك دەبوو کە خزمێکمان لە دێهاتەوە هاتبوو و میوانمان بوو . کوتیان ئێوارێ سەیدعەلی ئەسغەر لە قاوەخانەیەکی سـابڵاغ گۆرانی دەڵێ . خزمەکەمان ئێوارە دەستی گرتم و کوتی وەرە بـا بچین گوێ لە سـەید بگرین . چووین . سەرو دوو چایان لەبەردەم دانان و دوای هێندێك، سەید دەستی کرد بە گۆرانیکوتن، هەرئەوەندەی دەقیقەیەك و، خزم کوتی :

ـ هەستە با بڕۆین، وەڵڵاهی لە ماڵێ بزنێکم هەیە کە گوێی بکێشم ئاوای دەڵێ هاهاهاها هاها ! .

ئیدی هەستاین و هاتینەوە . "

ـ جارێك باسی ئەوە کرا کە حکومەتیئێران هەرمەگەر لە ڕێگای ئاغاوەتیکوردەوە توانیبێتی لە کوردستان بمێنێتەوە، ئەمینا دەسەڵاتێکی راستەوخۆی نەبووە . هەژار ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە :

" قادرئاغای ئیندرقاش (دێیەکی نزیکی مهاباد) لە سەردەمێکدا لەشکرێکی تایبەتی خۆی هەبووە، جلوبەرگی هەموو وەکو یەك رەسمییان هەبووە، کە لە چەند رەنگ پێکهاتووە، چەکمەی سووروکڵاوی سەوزو ئەسپ و زینی رەنگی تایبەتی و ئیدی هەر پارچەی لە رەنگێك و، ئاوا وەکو لەشکرێکی ڕێکو-پێك و جوان و بە سام بە سابڵاغدا ڕێژەیان کردووە . بۆ هاتنی هەرحاکمێکی نوێی دەوڵەت، شـا لە-پێشدا ئەوی ئاگادارکردووەتەوەو ئەو پێشوازیی لێ کردووەو، ئیدی بەوجۆرە حاکم پشت ئەستوور

بە قادرئاغا حوکمیکردووە .

جارێکیان، حاکمی شا لە سابڵاغ، کە سەرسەریەك دەبێ و بەدرەفتاریی دەکا، خەڵك زۆر نــاڕەحەت دەکا، خەڵك لێی رادەپەڕن و بە فیتولێدان و جنێو و هاتوهاوار راوی دەنێن و شــاربەدەری دەکــەن. قادرئاغا دێتـە سابڵاغ و خەڵکی شار کۆدەکاتەوە و دەست دەکا بە هــەڕەشەکردن و زمان درێژی کە ئێوە چۆن لە خۆتانەوە حاکم بەو دەردە دەبەن، ئەدی ئەمن لێرە چیم، ها سەگبابینە!، ئێوە ئەمنتان پێ چیە؟ . خەڵکەکە،هەروەکو زەمانێکی تەواو مەشقیان کردبێ چۆن جوابی بدەنەوە،هەموو وێکڕا و بە یەك دەنگ هاواردەکەن : ئاغا ئێمە تۆمان پێ پنگە ! .

جارێك باسی " حوکمی زیندانیی ئەبەد " کرا، کە لە هەموو وڵاتاندا وەکو یەك نیە . هەژار ئەمەی گێڕایەوە :

" لە موکریان، زەلامێك کەسێکی کوشتبوو و بە بەرتیل وای کردبوو کە ئەمنیە خــەتاکەی بخەنە ئەستۆی زەلامێکی دیکەی بەدبەختی بێ گوناە . کابرای بێگوناە بــە حوکمی زیندانیی ئــەبــەد حوکم دەدرێ، کە ئەوسا لە ئێران دەیکردە ١٠١ ساڵ ! . چەند حــەفتەیــەك زیندانیی دەکێشێ و فەرمانی موسەددیق دەردەچێ کە هەموو دادگاییەکان سەرلەنوێ بکرێنەوە . ئەویش کە سەرلە نوێ ســەیری پــەروەندەی دەکەنەوە، دەبینن هیچی بەســەرهیچیەوە نیە و زۆر ئــاشــکرایــە کــە کــابرا بێگوناهە، ئیدی بەری دەدەن . ئەمن دیتم و پرسیاری حاڵیم لێکرد، دەیکوت :

- کاکە ئەحمەدولیللا کە رزگارم بوو، دەنا ئەمن چۆن تاقەتی ١٠١ ساڵ زیندانیم دەبوو، (لەو بەینەشدا پەیتا- پەیتا چیرۆکەکەی دەبڕی و دەیگوت : ) خوڵا هــەڵناگرێ با ئــەوەش بڵێم وەنەبێ هیچم لەوە تەواو نەکردبێ، ئەمن ٢٧ رۆژم لێ تەواو کردبوو، ئــا، پیاو ئەوەش بڵێ، بەڵام بەخوڵای هێشتا زۆری لێ مابوو !

- کوڕە مردووت نەمرێ، ٢٧ رۆژی چی و تاقەتی چی و ... تڕەماشی چی ؟ بۆچی ئەتۆ بەتەما بووی ١٠١ ساڵ بە تاقەت تەواوکەی و دڵیشت خۆشە کە ٢٧ رۆژت لێ تەواوکردووە ؟ خۆزگەم بە عەقڵت ! . "

زۆرتر وایە، لەهەر شوێنێك باسی هەژار بێت، دەست بەجێ پێکەنین و گێڕانەوەی کۆمیدیایەکی دێتە ئاراوە .

من ساڵی **١٩٧٣**،لە بەغداوە چوومە بەرلین دکتۆر جەمال نەبەزم دیت، دکتۆر نەبەز ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە :

" جارێکیان، بەشیر مشیر چیرۆکێکی سەردەمی عەسکەریی خۆی گێڕایەوە وتی فەرماندەکەمان چەند عەسکەرێکی ئینگلیسی دا دەستم و وتی : بەشیر ئۆغلم ئەم ئینگلیسانە ببە بیانکوژە . ئەمین ( من ) عەسکەرە ئینگلیسەکانم بردن و سەرو شمشێرێکم دایە دەستیان و وتم ئادەی یەکتر بکوژن، ئیتر کەوتنە شەڕە شمشێرو یەکتریان قەلاچۆکرد تا هەر یەك دانەیان لێ مایەوە، ئەمین ئەو یەکەم ئیعدامکردو ویستم بگەڕێمەوە . لە ڕێگا کچێکم دیت زۆر جوان بوو و دەمانچەیەکی پێبوو . گرتم و دەمانچەکەم لێ سەندو وتم " ئەمین ئەبێ ئەتۆ بگێم" . وتی ئاخر بۆ خاتری خوا وازم لێ بهێنە بڕۆم و چی و چی، وتم : نا، ئەمین ئەبێ ئەتۆ بگێم . وتی : ئەمین کچە ئەرمەنیەکی تێکۆشەرم، بە ئەم دەمانچەیە بۆ قەوم و وڵاتی خۆم شەڕم کردووە، دوایی ناچار رامکردووەو وا کەوتوومەتە دەستی تۆوە . کە وای وت، ئیتر دڵم پێ سووتا و دەمانچەکەم دایەوە... بۆیشم تێخست! .

چەند ساڵ دوای ئەم چیرۆكگێڕانەوەیەی بەشیر مشیر، ڕۆژێکیان لە گەڵ هەژاردا بە شەقامێکدا دەڕۆیشتین، کچێکی جوان لە پێشمانەوە دەڕۆیشت، هەژار گوتی

- جەمال ئەو کچە جوانە ها ؟

- بەڵێ

- جەماڵ کوڕە ئەوە زۆر جوانە

- بەڵێ، ئەرێ وەڵڵا زۆر جوانە

- جەمال ئاخ ئێستا دەمانچەکەمان دابایەوە ! "

سەرۆك مەسعوود بارزانی،کە سەر لە تاران دەدا ، زۆر کورد دەچنە خزمەتی، کە ئاگری (مستەفا)ی کوڕی هەژاریش یەکێکە لەوانە . من ئاگام لە جارێك لەوانە هەیە کە سەرۆك بارزانی کوڕی هەژاری دیتووە، ئەم قسەیەی هەژاری بەپێکەنینەوە گێڕاوەتەوە :

" جارێك کاك هەژار هاتە لای من و کاك ئیدریس، زۆری پێ نەچوو هەستا گوتی دەڕۆم دەچمە لای مەلامستەفا

- ئێ کاك هەژار تۆ هەر ئێستا هاتی، پەلەت چیە، بۆچی دەڕۆی ؟

ـ كە كەسێك لێرە چایەكم بۆ نەهێنێ وا باشە بڕۆم .

لە بـازیگەرانی فیلمدا، زۆر جۆرە رەوشت هەن . هێندێك بە حەرفی دوای ئەو سـیناریۆ و ڕێ نوێنیانە دەكەون كە دەیاندرێتێ، هێندێك وا نـاكەن و لەخۆیانەوە هێندێك شت دەهێننە بازیەوە كە نـە نووسەرو نـە دەرهێنەر هیچ كام بەبیریاندا نەهاتووە . هەبوون چوونە ستودیۆ بەبێ ئەوە بزانن چی بازی دەكەن . هـەن پێشەكی زۆر بە دوورودرێژی لەگەڵ سیناریست و دوای ئەوە لەگەڵ دەرهێنەردا ئامادەكارییان كردووە... ئیدی . ئیسماعیل یاسین ئازادییەكی زۆری درابوویێ كە خۆی لەكاتی بازیدا توانای عەفەویەتیكۆمیدیایی خۆی پیشان بدا . دە لێرەدا، لەو عەفەویەتەی كۆمیدیاییدا،هەژار یەكجار زۆر لە ئیسماعیل یاسین بەتواناتر بوو . من لام وا نیە لە دنیادا كۆمیدیاییەكی وەها هەبووبێ كە لە نزیكەی هەر لەحزەیەكی ژیانی شەخسیی خۆیدا ئاوا بە عەفەویەت ئەو هەمووە توانا كۆمیدیاییەی هەژاری هەبووبێ . عەفەویەتی كۆمیدیایی دە خوێنی هەژاردا بوو، هـەنـاسەدانی بوو، بە غەریزە وا لە كیانیدا بوو، تەنانەت بە گیانی پێكەنین زمانێكی خۆی هەبوو، بەڤوونە : بە پرتەقاڵی دەگوت " فنتەقان"، بە " پیپسی" دەگوت " بیفسی"؛ كە دەیویست بە كوڕێكی منداڵی بڵێ وەرە با بتبەمە لای سەرتاش، قەوانەكەی لە سەر شتێك دەشكا، وەك بڵێ "دەی با بتبەم سەرت بتاشم دەی"، لەسەریەك- لەسەریەك دەیگوتەوە، بەڵام ئەگەر باش گوێت لێ بگرتایە دەتزانی كە شتێكی تری دەگوت ( دەی با بتبەم سەرت بە پاشم دەی"!) .

ـــ جارێك میوانێكی هەژار، هەر كە هاتەژوورەوە، لەجیاتی سڵاوی ئاسایی بە هەژاری گوت : " بەحرول ئاداب سەلام"، هەژاریش دەست بەجێ وەڵامی دایەوە : " مەشكەتول عیلم سەلام" .

ـــ هەژار جارێك كێشەیەكی لەگەڵ ژنێكی عارەبدا لێ پەیدابوو و زۆر تووڕە بوو، ژنەكە گوتی : راستیان گوتووە كورد قوونی باردە و سەری گەرم ! . هەژاریش دەستبەجێ گوتی : ئای بۆیێ عەرەبییش قوونی گەرمەو سەری سارد !

ـــ لەگەڵ كەسێكدا خەریكی یاریی تاوڵە( تەختە) بوو، كابرا دوو جار لەسەریەك كە زاری هاویشت چوارو یەكی بۆ هات كە بە رێكەوت لەو شوێنەدا زۆرخراپی بۆ دەشكایەوە، لە دەمو چاویڕا دیاربوو كە ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، هەژار گوتی :" كـابرایەك جارێك ئاوا وەكو تۆ تاوڵیی دەكردو، لە سـەریەك ئـاوا هـەر چوارو یـەكی بۆ دەهات،

لەداخا زارەکانی فڕی دا، یەکێك هاواری کرد ئەرێ ئەوە کێ فڕێی دا، خۆ ئەوەتا لێرە چوار و یەکە!"، هێنایەوە، کابرا ئەو جارەیان لە پـەنجەرەوە فرێی دانە دەرەوە، لەوێشـەوە کەسێك بانگی کرد ئـەو زارانە ئی کێن خۆ چوارو یەکە !، ئـەویش بۆی هێنانەوە، کـابرا لە داخـان زاری گرتن و خسـتنیە دەمیەوەو قووتی دان، بەڵام دوایی لە ئاودەست کە سەیریکرد: لە گوویەکەشیدا چوارو یەك بوون !"

هەژار دیارە شوێنەواری هونەری گەڵ و ئاودەستی خۆی - زۆر مەنتیقیانە - لە خودی ئاودەستدا تۆمارکردووە، لەسەر دەرگای ئاودەستێك لەناوەوە نووسیویە :

« دەهەستە بیبەدەر بیری فرۆشتن و کڕین          خەڵکی چاوەڕێ دەکەن، نەچیەدەرێ لەخۆدەڕین »

سامانیکۆمیدیای هـەژار، زۆرتری لە شانۆی دێهاتی کوردەوارییەوە بوو، وەك کە نووسینی مارك توێن زۆرتری لە شانۆی ئەمریکاوە بوو . دنیای سەیری ئاغاوەتێکی کورد، سەرچاوەیەکی پڕ لە سامانێکی زۆری کۆمیدیای هەژاری پێك دەهێنا. شەرەف خان لە شوێنێکی شەرەفنامەدا باسی یەکێك لە باپیرە دەرەبەگەکانی دەگێڕێتەوە کە :

" قەفەزێکی بە باڵای خۆی لە ئاسن دروستکردبو رۆژانە دەچوە ناویەوەو لاسای کەوی دەکردەوەو بە قاسپاندنەوە دەیگوت: جێی نێرەکەو ناو رکەیە! " ( شەرەفنامە، وەرگێڕانی هەژار، ل ٧٠٦) .

ئـەو هـەمووە مێژووی ئاغـاوەتەی کە لای هەژار هەبوو، ئەگەر بکرایە بە کتێبێك، رەنگە مێژوویەکی ئـاغـاوەتێکی کوردی پێکبهێنایە کە زۆر لە شەرەفنامە بچووکتر نەبوایە! بەڵام بەشی هەرە زۆری ئـاودەست تێدا مەرکەزی بوو .

هەر بە نموونە لە زۆر چیرۆکان :

چۆن فڵانە ئاغا دووکەسی بە دەهۆڵ و زوڕناوە لە بەردەمی ئاودەستی راگرتوون، هەرکاتێك بچووبایەتە ئـاودەست دەبوو ئەوانە دەهۆڵ و زوڕنا لێبدەن تاکو دەنگی تڕەکانی ئاغا لە دەرەوەی ئاودەست نەبیسـترێ .

فیسارە ئاغا لە ئاودەستی مزگەوت بە گژ دێهاتییەکدا چووە کە لە چاوەیەکی تری ئاودەستی پەنای بووە :

- تڕێکت کەند قسەم نەکرد، دووەم تڕ هەر قسەم نەکرد، ئەوە سێیەم تڕە دەیکەنی، ئەوە تڕی غەرەزەو دەگەڵ منتە !

- ئاخر ئاغا ئەمن تڕێ خۆ دەکەم ئەوهە چ کارێی بە تۆ داوە ؟! .

یا ئاغا جارێك چاوەڕێ دەکا کە چاوەیەکی ئاودەستی مزگەوت بۆ چوونی ئەو بەتاڵ بێت، زۆر چاوەڕێ دەکا، دوای ماوەیەکی زۆر، یەکێك دەنگی تڕی دێت، ئاغا زۆر تووڕە دەبێ و هاواردەکا : ئای - ئای تازە لەبۆم دەتڕی !

يا فلانە ئاغاى تر لە ئاودەست زۆر تووڕە بووەو بە دەنگى زۆر بەرز هاوارى كردووە :" وەرە دەر، سەگباب وەرە دەر، بۆ نايە دەر؟ " . تۆمەز ئاغا قەبز بووەو بۆى نەهاتووەتەدەر .

دەكرێ پياو بڵێ ئايا ئەو هونەرەى ئەو لە ميسرو بۆ سينەما يا شانۆى ميسرى دەڕۆيشت ؟

بەڵام من لامەوايە ئەوە نەك هەركۆسپێك نەدەبوو، بگرە دەكرا نوختەيەكى زێدە بە قازانجى ئەو بوايە . هەژار لە ميسر بە زوويى رووحى ميسرى دەخواردەوە ( هەروەك كە لە بەغدا زۆر چاك رووحى بەغداى خواردبۆوە ) و ئەو سامانە زۆرەى بە شێوەيەكى تر هەڵدەخستەوە كە زۆر چاك بگونجايە . هەر ئێستا كە من ئەم دێڕانە دەنووسم، بەشێكى راگەياندنى رۆژئاوا بە باسى كۆميدياييەكەوە خەريكە كە خەڵكى كازاخستانە و لە ئەمريكا ناوبانگى جيهانيى پەيداكردووە، باسەكانيشى زۆرتر هەر بە دەورى" كازاخستان"ـەوە دەسووڕێنەوە . جگەلەوە، هەژار زۆر چيرۆكى لە ئەدەبياتى گەڵ و ئاودەستى عارەبيش دەزانى، يەكجار زۆر چيرۆكى ئەبونواس و سەرسەريەكانى هەڤاڵى كە بە شێوەيەكى دايمى خەريكى يەكترو سێكسى بە گرووپ بوون و زۆرى ترى ئەو سەردەمەى كە پێوەنديان بە گەڵ و ئاودەستەوە هەبوو، بەغوونە لە " البخلاء "ى " الجاحظ "ى دەگێڕايەوە : پيرێژنێك هەبوو قەت ميزكردنەكەى تەواو نەدەكرد، هێنديكى دەكردو دەوەستا و دەيگوت : دەتوخوا چ خودا قەبووڵ دەكا ئەوهەمووە ميزە هەروا بە خۆڕايى برژێنم . گێڕانەوەكەى بەشێوەيەك ئەدا دەكرد كە گياتێكى زۆر لە ئەسڵەكە زيندووترى بەبەردادەكرد .

من لە فەسڵى ١٧دا بەرهەمى كۆميدياييى هەژارم بە مەزەندە بە دەورى ٧٠-٨٠ هەزار سەعات كۆميديا دانا، كە ئەگەرهەر فيلمەى ئيسماعيل ياسين بە ٨٠ دەقيقە دابنێين، ئەوە دەكاتە دەورى ٥٠- ٦٠ هەزار فيلم . بەڵام هيچ يەك لەو هەڵكەوتانەى ژيان بۆ هەژارى بەدبەخت هەڵنەبوون، وەك كاكێشان ئەستێرەى هونەرى كۆميدياى لە وڵاتيدا لە ژێرپێى سياسەتدا ئاوابوو . لێرەشدا ديسان چاردەى تەممووزى١٩٥٨هەلى بوونە كۆميدياييەكى گەورەى ميسرى لە هەژار تێكدا، ئيتر دەبوو ديسان بگەرێتەوەو پێ هەڵبڵێتەوە :

رۆژى چاردەى تەموز، شۆڕش — لە سێ چوار وشەدايە گش
بەڵام ماناى گەلێك زۆرە — پاشاخۆرە زۆريشۆرە (..)
شۆڕشى گەل لە گەلاوێژ — وشەىكورت و ماناى درێژ
يەكبوونى عەرەب و كوردە — رێكبوونى درشت و وردە (..)
پاڵەوان عەبدولكەريمە — چينى هەژار نەڵێ نيمە

( بۆ كوردستان ل ٥٦ )

# پێڕستی بەشێك لە ناوانی ئەم بەرگی یەکەمە

« ئـ » ئاناتۆڵ فرانس ١٣٣؛ ئاناکرێیۆن ٧٢ ؛ ئاوێنە(گۆڤاری)٤١؛ ئل جامووسە(چیرۆکی) ١٠٣-١٠٤؛ ئوستاد( کتێبی) ٥٣-٥٥؛
ئۆسکار وایلد١٦؛ ئۆسمان (عوسمان) سەبری ١٩٣-١٩٤؛ ئەبو نواس ٥٤، ١٤٦، ٢١١؛ ئەحمەد (سەید--ی ماخولیا و ژنی)٩٤-٩٥؛
ئەحمەداغا بڕ- حاجی بایزاغا ؛ ئەحمەدخواجا و رستورانی خەیام ١٤٨، ١٦٥-١٦٨، ١٧٥؛ ئەحمەد(کاك-ی شێخ) ١٣٣، ١٣٥؛
ئەحمەدی( کتێبی)٨٨، ١٠٩؛ ئەریستۆ ١٨، ١٩٠؛ ئەمیری قازی٨٤، ١٠٦؛ ئەیبوبی(د.کەریم) ٩٧، ١٠٢؛ ئیبنول وەردی
( ولامیەتول عەرەب)١٠١؛ ئیسکەندەری مەکەدۆنی ٢٠؛ ئیسماعیل یاسین ٢٠٤، ٢٠٩ ؛ ئیمامی(و ژن و ئەولاد) ٤٠-٤١، ٧٣،
٧٦، ٧٨؛ ئیندرقاش بڕ- قادرئاغا ؛ ئێدگارئاڵان پۆ ٨٦ ؛
« ا » اسناد لانه جاسوسی ٩٠؛
« بـ » باباشەمەل (گۆڤاری) ١٢٥ ؛
بارزانی (مستەفا- سەرۆك) ١٤-١٥، ١٧، ٣٤، ٣٩-٤٠، ٤٨-٤٩، ٥٨-٥٩، ٧٣، ٧٦، ٧٨-٧٩، ٨١، ٨٨، ١١٠، ١٢٧،
١٣٣، ١٣٧، ١٤١، ١٨١-١٨٢، ١٨٤-١٨٥، ١٨٨، (ماڵی ١٩٠)، ٢٠٢، ٢٠٨، ( ئیدریس ٣٥-٣٧، ١٥٠، ١٥٤،
١٩٠، ٢٠٨)، (مەسعوود ٢٠٨)، (نێچیرڤان ١٨٨، ١٩٠)؛
بامەڕنی(وەحید)١٠٧؛ بحەنەس٤٣، ١٩٣-١٩٤، ٢٠٠؛ برایم ئەحمەد ٤٠، ٤٨، ٨٨، ١٨٢،؛ برایم حەقی (شێخ) ٢٠٢ ؛
بطنیە (قەسیدەی)١٠٧، ١٢٢؛ بن الهباریە٦٤، ٦٧، ٧٢؛ بوردیە (قەسیدەی) ١٢٨ ؛ بۆب هۆپ ١١٩ ؛ بەختیارئەمین٣٥؛
بەدرخان ( جەلادەت/رەوشەن ١٩٣- (و بەدرخانیەکان) ١٩٤) ؛ بەدیع باباجان ٣٠ ؛ بەرخی بە دووی دایکیەوە( چیرۆکی)
١٠٩؛ بەرلینی رۆژهەڵات ٤٩؛ بەشیرمشیر ٥٠، ٥٢-٥٤، ١١٥، ٢٠١، ٢٠٨؛ بەعسی٣٢-٣٣، ٣٩، ٥٦، ١٥٣؛
بیداربەخت ١٢٨-١٣٠ ؛ بێتوشی(جەلال نەجیب) ١٥٢ ؛ بێکەس ١٦، ٢٤، ١٣٩-١٤٢؛
« پـ » پاسدار٣٢، ٣٧؛ پ دك ٣٦، ٣٩-٤٠، ٤٣؛ پراڤدا ٧٠؛ پلاتۆ ٢٠٠؛ پوشکین٦٥؛ پۆرتۆیان ١٩١-١٩٢؛ پەژمان(عیسا)
٥٦، ١٨٢؛ پیرۆت ٣٦-٣٧؛ پیرەمێرد ١٣٩؛ پێشەوا ١٤( قازی)، ٨٧-٨٩، ٩١، ٩٣-٩٥، ـ( ژن و ئەولادی٨٩-٩١، ١٤٢) ؛
« تـ » تاڵەبانی( جەلال ) ٤٠، ٥٤-٥٥، ٨٨، ١٤١، ١٨٧-١٨٨، ١٩٠، ( شێخ رەزا ٢٣، ٥٣) ؛ تاهیرتەوفیق٧٣، ٧٦، ١٩٩-٢٠٣؛
تودە٦٩، ٨٨؛ توغرائی ( و لامیەتول عەجەم ) ٩٩-١٠١؛ تۆینبی٦٩؛ تەرەغە٢٩، ٣٤، ٩٩، ١٠٨، ١١٢، ١٢٤، -یی ١٥٠؛
تەوفیق وەهبی٥٨؛
« جـ » جاحظ(الـ)٢١١؛ جاف(حەسەن فەهمی ١٣(وکوڕی)-١٤، ١٧، ١٩؛ جاف(ماڵی داودبەگی جاش)٥٤، ٨٩-٩١؛ جبریل(گونی)
١٣٠؛ جزیری ٣٠، ١٣٣؛ جگەرخوێن٢٤، ٥٣، ٦١-٦٢، ١٧٢، ١٩٣-١٩٤؛ جوو/ جوولەکە ٣٣، ٤٢، ٨٠، ١١١، ١٤٥؛
جەلال بڕ- بێتوشی، تاڵەبانی ؛
« چـ » چالاك(رەفیق) ١٣٩، ١٤١ ؛ چاوشووشە و ژنی‌گەرمی٧٣-٧٦، ٧٨-٧٩، ٢٠٢ ؛ چۆسەر ٨٦، ٢٠٢ ؛
« حـ » حاجۆئاغا ٩٠ ( حوزنی/ماڵی)، ١٢٠(ماڵی)، ٢٠٢ (حەسەن)؛ حاجی بایزاغا و ئەولادی (ئەحمەد/ رەحمان ) ٦٠-٦١، ٦٣-٦٤،
٨١، ١١٢، ١٧٠ ؛ حاجی مەلا رەحمانی شەرەفکەندی ٤٥، ١٢٣؛ حافزمستەفاقازی٤٨؛ ح دك٣٥؛ الحسین بن الضحاك
٥٥؛ ح ش ع ٥٦، ٧٥، ٧٨ ؛ حوسێنی رەعنا ٨٢-٨٦؛ حەسەن زیرەك ٥٧؛ حەسەن عەسکەر١٩٧ ؛ حەسەن غەریب ١٩٧ ؛

حەسەنی (عەبدوررەززاق)٥٠- ٥٢؛ حەماغای کۆیە ١٣٣؛ حەمرەش رەشۆ(حەمدی تورانلی)٩٠؛ حەمەدەڵاڵ (حەمەی عەزەکوێری ساباڵاغی) ٧٣-٧٦،٧٨- ٨٤،٨٦، ( ژن و ئەولادی ٧٣، ٨٠،٨٦)؛ حەمەرەشیدخان٦٢،١٧٠ ؛ حەمەسمێل (محەمەد رەشادیی بێسمێل) ١٤٨-١٥١؛ حەمیدی(مەلاسەیدمحەمەد) ١٠١ ؛

« خ » خارا(ڤیکتۆر) ١٩٩-٢٠٠ ؛ خانەقای شێخی بورهان(و شێخ محەمەد)١٠٥،١٢٢-١٢٤؛ خانی (ئەحمەد) ١٣٣؛ خلف الاحمر ٥٥ ؛ خەزنەدار(د.مارف)٥٣؛ خەییام(رستورانی) بڕ- ئەحمەدخواجا ؛ خەییامی مهابادی(نەوەی وەفاییی؟) ٩٢-٩٥؛

« د » دزەیی(محسن) ٩١ ؛ دوو بژیشك ( چیرۆکی ددانی مارو حوبارایەك لەو دەشتە)٢١-٢٢؛ دۆنکیشۆت و نووسەری ٨٦، ١٧٨-١٧٩ ؛ دەبابە(عومەر)٣٩-٤١؛ دیزراییللی١٥؛ دیکنز٧٧،٢٠٤ ؛ دیۆگێنێیس٢٠؛

« ر » رۆژبەیانی(مەلا جەمیل) ٢٠، ٥٠-٥٩، ٩٠؛ رۆسۆ٣٣،٥٢،٥٤ ؛ رۆمانیا٤٣-٤٤؛ رەحمان بڕ- حاجی بایزئاغا؛ رەحمانی بانەیی(میرزا)١٣٢،١٤٣ ؛ رەحمەت( میرزا--ی ساباڵاغێ) ٦٧؛ ؛رەسوڵ (سەید)٩٠، ١٥٣؛ رەسوڵی قادری٣٥؛ رەشاد باڵەتە٤٨؛ رەشیدی خانەقا(سەید)١٢٣؛ رەفیق حیلمی٥٣؛

« ز » زاکانی(عوبەید) ١٩٠ ؛ زمانناسی٩٧،١٠٣؛ زەبیحی٤٨،٥٣-٥٤،٨٦،٩٣-٩٤،١٥٢،١٨٦-١٨٧،٢٠٢؛ زیاد(کاکە) ٩٠؛ زێوەر١٤٠ ؛

« ژ » ژك ٦٣،١١٢،١١٦،١٢٥؛ ژیر( کامیل ) ٥٣؛

« س » ساد١٥٠-١٥١؛ ساڵح عەبدی ( محمدصالح العبدي)١٨١ ؛ ساڵح یوسفی٥٦ ؛ سامی رەحمانی١٥( وەزیر)،١٩١؛ سان فرانسیسکۆ٦٦؛ ساواك ٣٧،٥٤،٥٦،٩٠،١٨٢؛ ستالین٦٦-٧١،٨١،١٢٧،١٣٧،١٤١،١٥٠،١٥٤،١٧٠،١٩٨؛ سمکۆ٦٨،٧١ ؛ سوقرات ٢٣؛ سەجادی ( عەلادین ) ١٣،١٧،١٩،١٣٩؛ سەددام حوسێن٢٩(ص)،٥٦؛ سەرداری ساباڵاغ ٢٠٥-٢٠٦؛ سەرمابردوو( دەروێش سمایل) ٤٥،٤٧؛ سەعیدی حەمەقالە٩٢ ؛ سەلام(شێخ) ١٤٢؛ سەڵماسی(د. مستەفا) ٣٧؛ سەلیمی(هاشم ) ٤١؛ سەیدعەلی ئەسغەر٢٠٦؛ سیا٩٠(جاسووسی بۆ)٩٠،١٩٩ ؛ سیف االقضات(حەسەن)١٩٣-١٩٤؛

« ش » شام(حەشری)١٤٤ ؛ شاملو(ئەحمەد)١٩٩ ؛ شکور(مەلا-)١٧-١٩،٥١،١٥٢،١٨٣،١٨٦-١٩٢؛ شەرەفی٣٥-٣٦؛ شەمزینی ( سەید عەزیز)٨٨؛ شەممەر(و شێخ غازی و نەسرین بەرواری)١٧٢؛ شیرازی( سەعدی ) ١٠١،١٠٣؛ شیرازی(د. هاشم)٣٧؛ شێخۆی نادۆ١١٠،١١٩( و لەتۆی کوڕی)-١٢٠ ؛

« ع » عبدالعظیم٦٠؛ علي بن الجهم ٩٩ ؛ عەبدوڵلا یاسین(شێخی عارەب)١٦٩-١٧١، ١٧٥؛ عەبدول لەتیف(حاجیی گەوواد) ١٩٦؛ عەلی کەمال٦١؛ عەونی یوسف٥٧-٥٨٣١؛ عیزەدین مستەفا رەسوڵ٥٣-٥٤،٥٦؛

« غ » غەزنەوی(مەحمود)٦٠،١٩٩؛ غەوسی گەیلانی ( تەکیە/ نەقیبی )٤٢-٤٦،١٤٥؛

« ف » فارووق مستەفا رەسوڵ٥٦؛ فازڵ جاف٨٦؛ فروهێر(حوسێن)١١٣؛ فلَتەفلَت ٢٣، ١٦٠؛ فەتووحی(د. نووری)٥٠؛ فەریکەکەر ١٢٤؛ فەیزنەژاد (د. عەزیز)٣٧؛ فیردەوسی٦٠،٩٢،١٩٩؛ فێللینی٨٦؛

« ڤ » ڤۆلتێر٣٣،١٣٣؛

« ق » قاچاغچی/یَتی۳۷؛ قادرئاغای ئیندرقاش ۲۰٦-۲۰۷ ؛ قازی بڕ- پێشەوا ،ئەمیر؛ قازی ئەحمەد ۱۹۳-۱۹٤ ؛
قاسم(کەریم/حکومەتی)٤٨،٦٩،٧٨،١٥٤،٢١١؛ قاسملو٣٢-٣٣،١١٠؛ قالقالی ١٥٢،١٥٤-١٥٦ ؛
قانیع١٦،٢٤،١٨٠-١٨٥؛ قزڵجی(حەسەن) ٤٢،١٣٥،١٤٣-١٤٥؛ قزڵجی(مەلامحەمەد) ٣٧؛ قوبادی(بەهمەن/
بهمنقبادی)٨٦؛ قۆج بەگ (ئاغا)١٢٥؛ قەدری جان١٩٣-١٩٤؛ قەرەنیئاغای مامەش ٦٨،١٠١،١٢٠،١٢٣؛
قەسابی حەڵەبی١٥٧-١٥٨،١٦٠ ؛ قەناتی کوردۆ(و سۆرانی) ١٨-١٩؛

« ک » کانیمارانی (حەمەسەعید١٧٤) ،(عەبدوڵلا٤٠)،(وریا ٤٦،٧٦وسەمیرە خانمی ژنی )؛ کاوەی بەرزنجی١٣٥ ؛
کسینۆفۆون ١٣ ؛ کوردی(مستەفابەگ)١٦٨؛ کولتەپەیی ( مەلا عەلی)٤٨ -٤٩،١١٥؛ کولیجی(سەیدعەبدوڵلاو
باپیری)١١١؛ کۆکی ( مەلا مارف) ٦٣-٧٢؛ کۆماری کوردستان ٩١-٩٣،١١٠،١١٤،١٢٨،١٣٧،١٤٣؛
کۆیی ( مەلا محەممەدی )١٠٥، ١٠٩؛ کەر(زمانی) ١٤٤ ؛ کەرەناچی(حوسێن و ئامینەی ژنی) ٤٢-٤٧،٤٩،٧٧،١١٥،
١٤٥،١٦٧ ؛ کەریم(مام)١٥٥،١٥٨-١٦٠ ؛ کەریم ئەلەکە ١٨٠ ؛ کەمالی شێخ غەریب ١٨٢ ؛ کەنداڵ ٣٦؛
کیارستمی(عەباس)٨٦؛

« گ » گۆران ١٦، ٥٣،٦٨؛ گەردی(رەسووڵ) ١٩٩،٢٠١،٢٠٣ ؛ گیوی موکریانی٥٣،٥٧-٥٨،٨٧؛ ١٠٦،١٦١-١٦٢،
١٦٤-١٦٥،١٦٨،١٧١؛

« ل » لامیە بڕ- ئیبنولوەردی،توغرایی؛ لۆرێل و هاردی ١٧٨ ؛ لەتیف ( شێخ) ١٣٢-١٣٧،١٣٩،١٤١( کوڕی پادشا)،
١٤٣-١٤٤،١٤٩ ؛ لێنین ١٥،٦٦-٧٠،٧٥،١٥٤،(١٨٢ -یست)،١٩٨ ؛

« م » مار(چیرۆکی نووسینی)١٠٣؛ مارك توێن ١٢٦، ٢١٠؛ مارکس٣٣؛ ماوماو٦٩؛ محمدو آله صلواة ٦٦؛ محەممەدی مەلا
کەریم١٤-١٥، ٢٥،٢٨؛ مستەفا خۆشناو وهەڤاڵانی٥٨؛ مفتی توتنچی ١٣٢ ؛ منشێ ١٤٥؛ مویەششیرەی مەسیحی٨٧،
٨٩؛ مهابادی بەرزنجی ١٣٤-١٣٥ ؛ مەجدی ،١٠١ ١٢٢؛ مەجیدی کاکە١٨٣ ؛ مەحموود( شێخ، پادشای کوردستان)
١٣٥،١٨٠ و بڕ- لەتیف( شێخ) ؛ مەسعوود محەممەد ١٠٥،١٣٣،١٨٨،٢٠٣؛ مەم(محەممەد مەولوود) ١٠٦،٢٠١،
٢٠٣؛ مەولەویی تاوەگۆزی ١٧؛ میرانی(حەبیب)٥٣؛ میکائیل(فریشتە) ١٨٠ ؛

« ن » ناش ١٦٣؛ نافیع مەزهەر١٢٩ ؛ ناکام(سەعید) ١٥، ١٩٠؛ نجیب الریحانی ٢٠٤؛ نوری عەلی ئەمین ١٩٢؛ نەبەز(د.
جەمال) ٥٣،٢٠٨؛ نەتڕی(عیلمی/ نەفس) ٢٣؛ نەسرین بڕ- شەممەر ؛ نەسیمی ١٨٨-١٨٩؛ نەقشبەندی ( شێخ خالیدی
کارمەند)١٤٠ ؛ نیزامی٦٠،١٩٩؛ نیعمەتپوور(فەڕوخ)٢٥،٢٨ ؛

« و » والبه بن الحباب٥٥؛ وان(وڵاتی تورکان!) ١٣١؛ وردی(محەممەد تەوفیق)٤٨-٤٩،٥٣،١١٥؛ ورهرام٩٤-٩٥؛
وەستاترە( وەستا برایمی وێنەگر/گەردالیی تیلەکۆیی)٧٣،٨٣،١٥٢-١٥٥،١٨٦-١٨٧؛ وەفایی٩٢ ؛

« هـ » هاشمی سابڵاغی٨٠؛ هەمزە عەبدوڵلا١٣٧ ؛ هەمزەی سلێمان ئاغا١٤٤ ؛ هێمن ١٤،١٦،٥٦،٦١،٩٤،١٠٦،١٢٤،
١٢٧،٢٠٢-٢٠٣؛

« ی (/ێ) » یەرمیا(/ ێیرمیا)٤٢، ٨٠،١٤٥،١٧٣؛ یەزیدیەکان٥٢؛

هـەرچی کتێبی چاپی منە، من خۆم تایپی دەکەم و، بە ژمارەیەکی زۆرکـەم بەچاپی دەدەم( ژمارەی پترم بۆ هەڵناسووڕێ) و، ئەوانە بە سەر چەند کتێبخانە و کەسانێکدا دەبەشمەوە . کەواتە :

هیچ کتێبێکی چـاپی من لای منەوە بۆ فرۆشـتن نیـە، بـەڵام ئـەگـەر هـەر کەسێك بیەوێ بۆخۆی چاپ بکاتەوەو بفرۆشێ، دیارە ئەو نرخی چاپکردنەوەی خۆی بۆخۆی لە سەر دادەنێ، ئەوە مـافی ڕەوای خۆیەتی و هیچ کـارێکی بە من نەداوە، بەڵام دیارە دەبێ لێرەدا لە جیاتی هەر" نرخ " لە سەری بنووسێ " نرخی چاپ کردنەوە " .

شێرکۆ هەژار

# *Hejarî Mirov*
# *u*
# *Dewruberî*

## *Ya Karesatî Komîdyayyek*

*Nûsînî : Şêrko Hejar*

*Bergî Yekem*

*2620/2008*